# نوێبوون

بەهاری 2008

ژمارە سێ

گۆڤارێکی سیاسی و ڕووناکبیری وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز
مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر :ئەنوەر صاڵح
جێگری سەرنووسەر :ئازاد تۆفیق

ڕاوێژکاران
ئەکرەمی میهرداد
نووسەرو ڕووناکبیر
ڕێبوار کریم
مامۆستای زانکۆ
کامەران محمد
مامۆستای زانکۆ
هیوا عزیز
مامۆستای زانکۆ

سەرپەرشتیاری هونەری
ئالان قادر



ناونشان : سلێمانی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

بۆ پەیوەندی کردنی:
nuebwnm1@yahoo.com

tel.o533127591



تـــایـــپ:هەردی ئەنوەر

تــیـــراژ: 1000دانــــە


هەواڵنامەی کتێب

## لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ❖ بیرۆکەی چەپکە گوڵ .. | سەرنووسەر | ٥ - ١٠ |


## فیـکر


| | | |
|---|---|---|
| ❖ ماسی مارکسیزم لە ئاوی سەدەی بیستەمدا مەلە ناکات. | ئازاد تۆفیق | ١٣ - ٥٠ |
| ❖ جان راوڵز و تیۆری عەدالەت | ئەکرەمی میهرداد | ٥١ - ٧٨ |
| ❖ لە بارەی لیبراڵیزمەوە ... | ن.بیتر لاندری و.دلشاد مەحمود | ٧٩ - ٩٢ |
| ❖ (رودنسون) وەڵامی پرسیارێکی قورس دەداتەوە .. | ن.هاشم ساڵح و. گەیلان محمد | ٩٣ - ١٠٠ |
| ❖سۆکرات‌وکێشەی ئیمان | رحیم سابیر | ١٠١ - ١١٤ |
| ❖ تۆتالیتاری‌و ئازادی لە فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا. | و.ئومێد رەفیق | ١١٥ - ١٧٠ |


## سـیاسەت


| | | |
|---|---|---|
| ❖ پێگەی کورد..لە سیستەمی نوێی جیهانیدا | د.کەیوان ئازاد | ١٧٣- ١٨٦ |
| ❖ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان .. لە سەردەمەی شەڕی سارددا | یوسف محمد | ١٨٧-٢١٨ |
| ❖ رووە بنیادنانی حکومەتێکی مۆدێرن | عەلی کەریم | ٢١٩-٢٣٤ |


## سۆسیۆلۆجیا


| | | |
|---|---|---|
| ❖ ڕامانێك لە سیستمی خێڵایەتی و سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا | کامەران محمد | ٢٣٧-٢٥٤ |


## مێژوو


| | | |
|---|---|---|
| ❖ جینۆسایدی کورد لە باکوری کوردستان لە ماوەی سەدەیەکدا | خ.سەلام عبدالکریم | ٢٥٧-٢٧٨ |
| ❖ هێرشی ناپلیۆن بۆ سـەر میسر و لە دەستگرتنی دەسەڵاتی فەرەنسا | ئا.هیوا عەزیز | ٢٧٩-٢٩٠ |


## القسم العربي


| | | |
|---|---|---|
| ❖ فكرةُ باقة الورد أم التعددية السياسية. | رئيس التحرير | ٢٩٢-٢٩٦ |
| ❖ قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية. | احسان عبدالهادي | ٢٩٧-٣٥٤ |
| ❖ الأستغراب ... وهل هو ممكن ؟. | د.محسن محمد | ٣٥٥-٣٦٨ |
| ❖ الثقافة السياسية | د. رشيد عمارة | ٣٦٩-٣٨١ |

# بیرۆکەی چە پکە گوڵ یان پلورالیزمی سیاسی

**(جیاوازی مانای بەردەوامی ژیانە، بەڵام وەک یەکبوون بەمانای مردنە)**

**بینامین کونستان**

(ی.ن.ك) هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، بەکۆمەڵێك بیروڕاو بۆچونی جیاوازەوە هاتە مەیدانی خەباتو تێکۆشان. ئەمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێزو حزبو ناوەندە تاك ڕەهەندانەی پێش خۆی بوو، کە هەموویان لەهەوڵی چوونیەککردنی بیروڕا جیاوازەکاندا بوون لەبۆتەی پارتێکداوکۆکردنەوەیان لەدەوری یەك سەرکردایەتیو ناوەندێکی لێوانلێو لە دیسپلیندا. دیارە ئەم ستایلە نوێیەی حزبایەتی لەو سەردەمەدا هێماو بەڵگەی سیاسی خۆی هەبوو. بۆیە پێکهاتنو دامەزراندنی (ی.ن.ك) ماڵێك بوو بۆ کۆکردنەوەی بیروڕای جیاوازو فیکرو میتیۆدی جیاواز، کە خۆی لە چەند ڕێکخراوێکدا بینییەوە، وەکو: (کۆڕەك، هێڵی گشتی، بزوتنەوە) کە سەرکردایەتیو ئۆرگانی ڕێکخستنو ڕاگەیاندنو پێشمەرگەی خۆیان ، لەچوارچێوەی (ی.ن.ك)دا هەبوو. دواجار ئەم شێوازوهەلومەرجە بووە بنەمایەکی دیموکراتیو پلوڕالیستی بۆ دروست بوونی بەرەیەکی سیاسی نوێ لەکوردستاندا. بۆیە هەردەم سکرتێری گشتی (مام جەلال) لە فیکرو بیرکردنەوەدا ئەو چەمكو بیرۆکەیەی دوپاتدەکردەوە کە ئەویش چەمکی (چەپکە گوڵ) بوو. واتا کۆکردنەوەی سەرجەم بیروڕا جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، کە بڕوایان بەخەباتو تێکۆشانو دادوەری کۆمەڵایەتی هەبوو لەخەباتی سیاسی کوردستاندا.



دروستبوونو بەردەوامی (ی.ن.ك) ئەوەیان سەلماند، کە دەکرێت هێزو میتۆدو بیروڕا جۆراوجۆرەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان پێکەوە کارو خەبات بکەنو لەهەمانکاتیشدا جیاوازیو فرەیی نێوانیشیان بپارێزنو پەرەیپێبدەنوهاوکات پێکەوە خەباتو ستراتیژی هاوبەشو سیستمی کاری هاوبەش بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خەبات دابڕێژنو هەرلەو ڕوانگەیەشەوە ئازادیو فرەیی بکەنە سەرەتاو شێوازێك بۆ خەباتو تێکۆشان.

پلورالیزمی سیاسیو فرەیی، کە یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی مۆدێرنە، بەشێکی دیاروزیندوش لەمێژووی فیکرو فەلسەفەی سیاسی پێکدەهێنێ. دەتوانێ لە سەر هەردوو ئاراستەی ڕێکەوتنو جیاوازی بەردەوام بێتو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زۆرترین خزمەت بەخەڵكو کۆمەڵگا بکات. واتا ئەم چەمکە یان ئەم سەرەتایەی بیرکردنەوە دەتوانێت لە ڕوانگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیەوە (پێکەوەبوون، پێکەوە کارکردن، خوێندنەوەو پەسەندکردنی یەکتر، لێبوردەیی، فەزیلەت، دادپەروەری) بەرهەمبهێننو بەدیوێکی تریشدا لە دژی تاك ناوەندیو تاك رەهەندیو دیکتاتۆریو توانەوەو زاڵبوونو توندوتیژیو ملکەچکردنو دیلێتی خەبات بکات. بۆ ئەمەش لە دەستەبەرکردنی ئازادیو سەلماندنی جیاوازیو فرەیی لە نێوان تاکەکاندا بەردەوام بێت.

چونکە کۆمەڵگای کوردستان، وەك هەرکۆمەڵگایەکی دیکە لە چەندین چینو توێژی جیاوازوبیرکردنەوەی سیاسی جیاواز پێکهاتووە. بۆیە زۆرگرنگە لەم هەلومەرجەدا هێزو تواناکان لەسەر بنەمای ئازادیو دیموکراسی بونیاتبنرێتو ئەم پێکەوە ژیانەش بکرێتە سەرەتاو میتۆدی چارەسەری ناکۆکیو جیاوازیەکان. بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کاربکەینو بڕیاربدەینو پێکیشەوە لە بەشداری سیاسیو ئیداری ئەم وڵاتەدا بەشدار بین، تا بتوانین خۆشبەختیو گەشەپێدانو بە هەموو ڕەهەندە مادیومەعنەویەکانیەوە بۆ کوردستان بەرهەمبهێنین.

گەر سەیری نەخشەی سیاسی عێراق بکەین، ئەوا گرنگی ئەم چەمکە لەئاستی ئەم وڵاتەدا بەجوانی هەست پێدەکەین.چونکە ئەمڕۆ لە عێراقدا پێکەوە ژیانی کەلتورو ئایینو نەتەوە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە، تەنها لە ڕێگای بەرجەستە بوونی ئەم چەمکەوە دێتە دی. چونکە بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق بەهەموو جیاوازیوپێکهاتەکانیەوە، هەر دەبێ پەنا ببرێت بۆ قبوڵکردنی چەمکی چەپکە گوڵ. دیارە لەئاستی کوردستانیشدا ئەم چەمکە دەتوانێت گیانێکی نوێو کوردستانێکی نوێ بێنێتە ئاراوە، ئەویش بەوەی سەرەڕای هەر جیاوازیومیتۆدێ کە لەبیر کردنەوەدا هەمانە، بەڵام دەکرێ بەرنامەی هاوبەش بکەینە ڕێنمایی کارمان. لەم بوارەشدا زیادە ڕۆیی نییە گەر بڵێین بەڕێز (مام جەلال) لە ڕووی پراکتیکەوە کاری تەواوی بۆ کردووەوکارەکەشی تائێستا بۆ مەسەلە گشتییەکانی نەتەوەی کورد بەرهەمدارە. چونکە گەر ئەو گیانی لێبوردەییو بڕوابوونە بە یەکترو‌بیروبۆچونە جیاوازەکان نەبوایە, ڕەنگە بە دەیان ساڵی تر نەگەیشتینایەتە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ، یان شەڕی ناوخۆ چەندین ساڵی تری بخایاندایەوبەمەش ئایندەو چارەنووسی کوردستان بگەیشتایەتە دۆخێکی خراپ.

بۆیە ئەمڕۆ زیندووکردنەوەی ئەم چەمکە بۆ خودی (ی.ن.ك)وبۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوخۆی زۆر گرنگە. بەتایبەت ئەگەر بەگیانێکی واقعیانەو سەردەمیانە هەنگاوی پراکتیکی بۆ بنرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆر لە کێشەکانی ناو (ی.ن.ك) بە جێبەجێکردنی ئەم چەمکە چارەسەر دەکرێت، هەرچەندە جیاوازیەکانی ناو (ی.ن.ك)، جیاوازی بیروبۆچوونو فیکری نییە، بەڵکو کێبڕکێی پاراستنی بەرژەوەندیو دەسەڵاتو قبوڵنەکردنی یەکترییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەموومان بڕوامان بە بەرجەستە بوونی ئەم چەمکە هەبێت، حەتمەن دەتوانین زۆر کۆسپ لەبەردەم (ی.ن.ك)دا لابەرین.

بەڵام بەداخەوە دامودەزگا فیکریو ڕاگەیاندنەکانی



(ی.ن.ك)ومیدیاوسەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی زانستی، تا ئێستا وەکو پێویست نەیانتوانیوە ئەم چەمکی پێکەوەییو قبوڵکردنی یەکترییە لەناو ئەم بیروبۆچونە جیاوازانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەسەر کادرو ئەندامانی خۆیدا گشتگیربکات. هەرچەندە دەکرێت ئەم چەمکە لە ئەمڕۆی خەباتدا بکرێتە ئەلقەی خەباتو هەموومان بە شێوەیەکی مەبدەئیانە کاری جدی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی نەریتێکی ئەخلاقیوسیاسیانەی وا دروستبێت کە بڕوابوونێکی بەهێز بۆ بەستنەوەی هەموومان بە بەرژەوەندیە گشتییەکانی میللەتەکەمانەوە دروستبکات. بەمەش حیزبەکەمان کاراتر بکەین بۆ بەدیهێنانی گشت ئامانجەکانمان.

گرنگی ئەم چەمکە بۆ (ی.ن.ك) وەك هێزێك لە کۆمەڵگادا، کە بانگەشەی دیموکراسیو عەدالەتخوازی دەکاتودەیەوێت ئەم کۆمەڵگایە بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی شارستانی بەرێت. پێویستە چەمکی (چەپکە گوڵ) چەمکی هەموو بیرو بۆچوونەکان بێتو بەشێوەیەکی واقعیانە بکرێتە پرەنسیپی گشتی، تا بتوانرێت مۆدێلێکی نوێی حیزبایەتی لە کوردستاندا بەرهەم بهێنرێوهاوکات ئایندەیەکی گەشیش بۆ پرۆسەی دیموکراسی بەدی بهێنرێت. دیارە ئەم حاڵەتەش نایەتەبوون هەتا هەموو لایەکمان بە شێوەیەکی زانستی لە هەموو بنەماکانی ئەم چەمکە تێنەگەینو بڕوایەکی تەواومان پێینەبێت، بە چەشنێك لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە دەبێت ئامادەکاری تەواوی بۆ بکرێتو کاراکتەرە دیارەکانی ناو (ی.ن.ك) بەوپەڕی لێبوردەییەوە هەنگاوی بۆ بنێن.ئەمەش بەوەی تاکەکان هۆشیاربکرێنەوەوئازادیو مافو بوونی بەرامبەر بسەلمێنین. دیارە ئەو کاتە پەیوەندیو کاریگەری دێتەبوونوکارلێكو جەدەلو پێشنیار خۆی بەیان دەکات. بەم کارەش بناغەی ئامانجە هاوبەشەکان دروستوبەرجەستە دەبێتو سەرەنجام ژینگەیەکی تەندروست بۆ ڕێککەوتنو فرەییو جیاوازییەکان دەسازێنرێت.

چونکە ئەمڕۆ یەکێك لە سەرەتا گرنگەکانی ئازادیو دیموکراسی (بەشداریو بەهرەمەندی)یە، واتە دەبێت ژینگەیەکی یاساییو دەستوریو سیاسیو کۆمەلأیەتیو ئابوری سازبدرێت کە بنەمای بەشداری بۆ هەمووانو سەرەتای بەهرەمەندبوونی هەموانیش برەخسێنێت. لەبەرئەوەی (ی.ن.ك) هێزێکی کاریگەرو خاوەن دەستپێشکەرییەو هێزو توانای وەهای هەیە کە گۆڕانکاری دروستبکات، هاوکات خۆی بە نوێنەری ڕەنجدەرانی بیرو بازوو زۆربەی خەڵکی کوردستان دەزانێ، بۆیە دەبێت سەرەتای پلورالیزمی سیاسیو فرەییو لەخۆیدا تازە بکاتەوەو پرەنسیپی گفتوگۆی نێوان بیروباوەڕەکان بکاتە میتۆدی بیرکردنەوەی سیاسیو خەباتو تێکۆشان. ئەمەش بەوە دەبێت کە سیستەمێك بۆ ئەو پلورالیزمە لەرەهەندی سیاسیو فکرییدا بەمەبەستی خوێندنەوەو ئازادی جیاوازەکان لە رێورەسم و سیستەمی یاساییودەستوریدا بەرهەمبهێنێ، واتە دەبێت بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ئایندە بکاتە بەرنامەو پەیڕەوێکی وەها کە ڕێگا بەبوونی جیاوازیو تەنانەت بونی فراکسیۆنی فیکریو سیاسیو گفتوگۆی نێوانیان لە ئۆرگانو دامەزراوەکاندا ئازادبکرێتو ڕێگای پێبدرێت.

هەموو ئەمانەش لە پێناوی ئەوەدایە کە (ی.ن.ك) خۆی بەنوێنەرانی خەڵکی ئازادیخوازو زەحمەتکێشو خوازیاری گۆڕان دەزانێ، ئەم خەڵکانەش تەنها لە ئازادیو پلورالیزمدا دەتوانن بە چەپکە گوڵی ئازادیو بەختەوەری بگەن، نەك بە سەپاندنو سڕینەوەو نەبوونی ئازادیو جیاوازی.

ئێستا ئیتر پێشنیاز دەکەین ئەم چەمکە لەلایەن پسپۆڕو شارەزایانی سیاسیو فیکریی ناو (ی.ن.ك)و دەرەوەی یەکێتی، بەشێوەی زانستیو میتۆدیو پسپۆڕی شیبکرێتەوەو نوسینو لێکۆڵینەوەو سیمینارو مێزگردی بۆ سازبکرێت. هاوکات هەوڵبدرێت بکرێتە فەرهەنگو دیدگای گشتی لەبیرکردنەوەدا. چونکە زەمینەی کۆمەلأیەتیو سیاسیو مێژوویی ئەم ڕوانگەیە لەکوردستان بەگشتیو لەناو (ی.ن.ك)دا بەتایبەتی بوونێکی مێژوویی هەیە، بۆیە دەبێت بەکاری هۆشیارانەو



بەرنامەدار بکرێتە شێوازو میتۆدی بیرکردنەوەی تێکۆشەران. بۆ ئەوەی لەئایندەدا بیکەنە فەرهەنگو نەریتی باو بۆ نەوەکانی دیکە. تا ببێتە سەرچاوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژیو چەوسانەوەو سڕینەوەو چەپاندن.

سەرنووسەر



هەواڵنامەی کتێب

# فـــيكـر

❖ ماسى ماركسيزم لە ئاوى سەدەى بيستەمدا مەلە ناكات.

❖ جــان راولــــــز و تــيـــــۆرى عــــــــەدالــــەت.

❖ لە بارەى ليبراڵيزمەوە ...لەبارەى ئازادى تاكەوە.

❖ ( رودنسون ) وەڵامـــى پرسيـــارێكى قورس دەداتـــەوە.

❖ سۆكرات وكێشەى ئيمان.

❖ تۆتــاليتـــارىو..
ئازادى لە فەلسەفەى سياسى هاوچەرخدا.

هەوالنامەی کتێب

# ماسی مارکسیزم له ئاوی سەدەی بیستەمدا مەله ناکات[١]

ئازاد تۆفیق

## بەرایی :

لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە جێگیر بووە، بەردەوام کێشەو ململانێ دەست لەملی ژیانی مرۆڤ بووە. بە چەشنێ لە هیچ قۆناغو کۆمەڵگایەکدا تا ئەمرۆ مرۆڤ بێ کێشه نەبووەو نەژیاوە. گەر ئەو کێشەو ململانێیانە جگە لە کێشەی نێوان تاکەکان خۆیان، ململانێی نێوان مرۆڤو سروشت بوو بێ لە پێناو بەردەوامی ژیاندا.واته کێشەی نێوان مرۆڤو ئەو پانتاییە گەورەبێ کە بە سروشت یان گەردوون ناسراوە، ئەوا بەردەوام ململانێ سەرباری ژیانی مرۆڤ بووە. هەرچەندە بەلای فەیلەسوفێکیوەك (کارل مارکس - ١٨١٨-١٨٨٣)و ئەو کەسانەی بڕوایان بە فیکری ئەرسەدۆکسی مارکسیزم هەیەو لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوییەوە بۆ قۆناغەکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا دەڕوانن، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتاییدا هیچ جۆرە کێشەو ململانێیەکی ناوخۆی تیا نەبووە. ئەویش بەهۆی ئەوەوە لەلایەك هۆیەکانی بەرهەمهێنان هێشتا گەشەی نەکردووەو لە شێوەیەکی سەرەتایدا بووە، لەلایەکی ترەوە تاکەکانی کۆمەڵگا خاوەنی هیچ هۆیەکی بەرهەمهێنان نەبوون.[٢]
هەرچەندە ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە قۆناغی کۆمۆنەدا لای زۆر لەو بیرمەندانەی کە تێڕوانینێکی نوێیان بۆ کۆمەڵو مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنی کۆمەڵگا هەیە ناسەلمێت. چونکە زۆر بیرمەند پێیوایە چاوچنۆکی هەستێکە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەروونی مرۆڤ نەك سروشتی خاوەندارێتی تایبەتی،وەك ئەوەی زۆرێ لە سۆسیالیستەکان بانگەشەی





بۆ دەکەن.[٣] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هیچ لەو ڕاستی یە ناگۆڕێ، کە خودی ململانێ لەناو کۆمەڵگاوەك دیاردەیەکیواقعی فۆرمێکی یەك لایەنی یاخود (أحادي) نییەو بە تەنها بە یەك فیگەر ئەو هاوکێشەیە پێکنایەتو دروست نابێ. چونکە هەموو جۆرە ململانێیەك چ لە سروشتدا بێت یان لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، کە ئەمەیان مەبەستی باسەکەی ئێمەیە هەمیشە لە هاوکێشەیەك پێك دێت کە دوو توخم لە خۆدەگرێو ئەو دوو توخمەش پێکەوە بەشدارن لە خوڵقاندنی ئەو پرۆسەیەدا، کەخۆی لە چەوساوەو چەوسێنەر یان دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتدا دەبینێتەوەو سەرەنجام ئەم دوو فیگەرەش پێکەوە لە ئەنجامی کارلێکردنیاندا لەگەڵ یەك، ناوکی ئەو شتە یان ئەو جومگە پێك دەهێنن کە پێی دەوترێ ململانێو ڕۆژانە لەسەر شانۆی ژیان خۆی بەیان دەکات.

دیارە مرۆڤیشوەك بونەوەرێکی ئەقڵانی لەبەرامبەر ئەم کێشەو ململانێیەدا دەستەوسان نەبووەو هەمیشە ویستویەتی لانی کەم باری کێشەکان بەلای خۆیدا پارسەنگ بکات. بۆیە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ لە پاڵ ئەو کێشەو ململانێیەدا هەوڵدان بۆ یەکسانی تاکەکانو نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیەو کار کردن بۆ چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی، کاری ئەو مرۆ دۆستو بیرمەندو پەیامبەرانە بووە کە هەمیشە خوازیاری پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی خۆش گوزەرانو بەختەوەربوون، تا تیایدا تاکەکان ئاسودەو سەرفراز دوور لە هەر نایەکسانیو چەوساندنەوەیەك ژیان بەسەر بەرن. دیارە بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونەش مێژوی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە ناوی چەندین فەیلەسوفو بیرمەند کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە تەرخان کردووە.بە چەشنێك ئەتوانین بڵێین هیچ قۆناغو سەردەمێك نەبووە بیرمەندێك یان پیاو چاکێکی تیا هەڵنەکەوتبێ، کە هەوڵی بۆ یەکسانیو چەسپاندنی دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکاندا نەدابێت. بۆ نموونە هەر لە (کۆمار)ەکەی (ئەفلاتۆنەوە - ٤٢٧-٣٢٥ پ ز)و (مدینة فاضلة)ی (فارابی -

٢٦٠-٣٣٩ ز)و (یۆتۆبیا)کەی سۆسیالیستی ئینگلیزی (تۆماس مۆر – ١٤٧٧-١٥٣٥ ز)[٤] تا دەگاتە هەر یەکە لە دانراوە ئاسمانیەکانیوەك (تەوراتو ئینجیلو قورئان) ئەوا ئەمانە هەموو خەمی یەکسانیو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران تەوەری بنچینەی ئەو نووسراوو دانراوە زەویو ئاسمانیانە بووە کە مرۆڤ خوازیاری بووە. ئەمەش مانایوایە (چەوساندنەوەو یەکسانی – بێدادیو دادپەروەری)وەك دوو توخمی دیالێکتیکی ناو ژیان بەشدارن لە بەرجەستە بوونی ئەو پرۆسەیەداو بوونی هەر یەکەیان بەندە بە بوونی ئەوی تریانەوەو هاوکات مێژوی هەر یەکەیان بە تەواوکەری مێژوی ئەوی تریان دادەنرێو ئەم فاکتانە هەرگیز لە یەکدی دابڕاوو جیا نین. چونکە ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەر چۆن ململانێو جیاوازی نێوان تاکەکان مێژویەکی ئەزەلی هەیە، ئاواش خەونی مرۆڤ بۆ یەکسانیو دادپەروەری خەونێکی ئەزەلییە. کە لە ئەنجامی پێویستی بوونی مرۆڤ بۆگەیشتن بەو خەونە لەواقیعدا سەری هەڵداوەو دواجار بەپێی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانو بەرهەم هێنانی فیکری بیرمەندان گەشەی کردوەو بەرەو پێشەوە چوە، تاسەرئەنجام لەخەونو یۆتۆبیاوە بوەتە تێڕوانینێکیواقعی گەورەی مرۆڤ، کە لێرەدا چەندین ڕێبازو قوتابخانەی فیکری تایبەت بەم مەسەلەیە لە دایك بوونو بەشداریان لە بنیاتنانی ئەو جیهانەدا کردووە کە خوازیارە مرۆڤ بەختەوەرو یەکسانو خۆش گوزەران بێت.

دیارە سەرهەڵدانی (سۆسیالیزم)وەك ڕێبازێکی (فیکری – ئابووریی – سیاسی) هەر لە فۆڕمە خەیاڵیو ئایدیالستەکەیەوە تا ئەو سۆسیالیزمەی کە بەلای فەیلەسوفێکیوەك (مارکس)ەوە بە (سۆسیالیزمی زانستی) ناسراوە، بە یەکێك لەو قوتابخانەو ڕێبازە فیکریە گرنگانە دەژمێردرێ کە چەندین فەیلەسوفو بیرمەندی گەورە بەشداریان لەسەر هەڵدانو گەشەکردنیدا کردوەو پانتاییەکی گەورەی لە سۆسۆلۆژیای سیاسیدا لە مێژوی فیکری مرۆڤایەتیدا





بۆخۆی داگیر کردووەو بەردەوامیش لە گەشەکردنو گۆڕاندایە. بۆیە ئەم ئایدیایە لە هەر سەردەمو قۆناغێکدا بە خوێندنەوەیەکی ترەوە هاتۆتە مەیدانو بە خستنەسەرو تێڕوانینی نوێوە مامەڵەی لەتەکدا کراوەو واقعیانەتر هەوڵی بەرجەستە بوونی دراوە لەسەر ئەرزیواقیع. بەچەشنێ زۆرمان نەوتوە گەر بڵێین (سۆسیالیزم) چونکە خەونی مرۆڤ بووە بۆ یەکسانیو خۆشگوزەرانیو هاوکات پەیوەندیەکی زیندوی بەژیانی مرۆڤو کۆمەڵگاوە هەیە، ئەوا لە هەموو قوتابخانەو ڕێبازە فیکریە هیومانیستیەکانی تر خوێندەوەو تێڕوانینی جیاوازی بۆ کراوە، تا ئەو ڕادەیە کە مێژوی هزری سیاسی دەڵێت... بیرمەندانی پەیوەست بە بنەماکانی فەلسەفەی مارکسیزمەوە لە بواری داهێنانە هزریەکادا، هەستاون بە نوێکاریو پێداچونەوەی بەرچاو لەم بوارەدا، تا ئەو جێیەی لە چەند ڕوویەکەوە زۆر لە بنەماکانی دوور کەوتوونەتەوە.[٥]

ئەمەش مانایوایە لای هەر بیرمەندێكو بەپێی هەر سەردەمو قۆناغێك ڕێچکەو ڕێبازێکی نوێتری ئەم قوتابخانەیە لە ژێر چەندین ناوی جۆراوجۆردا پەیدا بووەو سەری هەڵداوەو خەونی یەکسانی مرۆڤەکانی کردۆتە ئامانجی خۆی. دیارە هەر ئەمەیشە وایکردووە کە مێژوی فیکری سیاسی بە گەلێك نموونەو ناوی جۆراوجۆری سۆسیالیستی بمانناسێنێ، لەوانە... سۆسیالیزمی ئایدیالیستی... سۆسیالیزمی خەیاڵی... سۆسیال دیموکرات.... سۆسیالیزمی نەتەوەیی....فابی.... سۆسیالیزمو دیموکراتی... سۆسیالیزمی شۆرشگێڕ... سۆسیالیزمی ماوی – ئەزمونی چین.... مارکسی ئەرسەدۆکسی... مارکسیزم لینینزم.... هتد. کەدیارە ئەم ڕێچکەو ڕێبازانە هەموو پێکەوە بە تۆباویو واقیعیانەوە، بە کلاسیکیو مۆدێرنیانەوە، بە ڕیڤیژینستو ڕیالیستیانەوە، بریتین لەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کە بە کلتوری سۆسیالیستی ناوزەدە دەکرێنو مێژویەکی دێرینو دیاریان لەناو فیکری سیاسی مۆدێرندا هەیە.



هەواڵنامەی کتێب

## سۆسیالیزم... خەونێك لە سەدەكانی ڕابردوودا

وەك لە بەرایی ئەم باسەداوتمان، سۆسیالیزم یەكێكە لەو ڕێچكە هیومانستیانەی كە هەر لەسەرەتاوە خەونی بەیەكسانییەوە دیوە لە نێو مرۆڤەكانداو خوازیاری بەرجەستەبوونی دادپەروەری بووە لە نێو كۆمەڵگادا. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین سۆسیالیزم‌وەك هەر قوتابخانەو ڕێچكەیەكی فیكری دی، نە لەخۆڕا دروستبووەو نە لەئاسمانیشەوە داباریوەتە خوارەوە. بەڵكووەك هەر پێداویستییەكی بابەتی تر، هەڵقوڵاوی‌واقیعەو لە ئەنجامی پێویستییە كۆمەڵایەتی‌و ئابورییەكانی نێوكۆمەڵگای ئەوروپی لە دایك بووەو هاتۆتە مەیدان.واتا سۆسیالیزم‌وەڵامدەرەوەیەكی ڕاستەقینەی قۆناغو سەردەمەكەی خۆی بووەو هاوكات پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بەو زەمینە مادی‌و فەرهەنگییەی ناو كۆمەڵگا هەبووە، كە تیایدا سەری هەڵداوە. بۆیە پێبەپێی گەشەكردن‌و پێشكەوتنی كۆمەڵگا ئەمیش زیاتر بەرەو پێشەوەچووەو ڕیالیستی تربووە. ئەمەش مانای‌وایە هەرچۆن لە مێژووی دێریندا دەوڵەتە میسالییەكەی ناو (كۆمار)ی ئەفلاتون بە سۆسیالیستی ئایدیالیستی ناوزەدە دەكرێ[٦]. چونكە سیستمی فەلسەفی ئەفلاتون كە بەیەكەمین سیستمی فەلسەفی ئایدیالیستی دەژمێدرێ، زادەی كۆمەڵگای یۆنان‌و سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەیە لە گریكی پێش زایندا، ئاوەهاش هەرچی خەونی سۆسیالیستی‌و بەدی هێنانی كۆمەڵگایەكی یەكسان هەیە لای (تۆماس مۆر) ئەوا لەفەرهەنگی فیكری سۆسیالیستیدا بە (یۆتۆبیا) یان بە سۆسیالیزمی خەیاڵی ناسراوە. چونكە سەربای ئەوەی كە (مۆر) خۆی دەیزانی ئەوەی كە لە دانراوەكەیدا خستویەتیە ڕوو خەیاڵەو مەحاڵە لەسەر عەرزی‌واقیع جێ بەجێ بكرێت، لەهەمان كاتدا (یۆتۆبیا) خۆیشی مانای خۆی بە خۆیەوەیەتی كە لە دووشەی لێكدراوی لاتینی پێكهاتووەو بەسەریەكەوە مانای (ئەو شوێنەی كە نییە) دەگەیەنێ‌و (مۆر) لە ڕێی (یۆتۆبیا)وە ویستویەتی‌وێنەی كۆمەڵگایەكی بەختەوەری بێ كێشەمان بۆ





بكێشێت، كە كتومت ڕەنگدانەوەی ئەو چەوسادنەوەو بێ مافی‌و دەسەڵاتە ڕەهایەی پاشایەتی بوو، كە خەڵكی لەواقعی گۆمەڵگای بەریتانیادا، لەسەردەمی (هینری هەشتەم) دا دەیانگوزەراند. بەچەشنێك نەداری‌و نەخۆشی‌و كاری كرێگرتەیی زۆرو بێمافی‌و جیاوازی نێوان مرۆڤەكان، لە خەسڵەت‌و سیما دیارەكانی ئەو سەردەمەی زۆرینەی ئەندامانی كۆمەڵگابوون. دیارە (مۆر) یش خوازیاری بەدیهێنانی كۆمەڵگایەكی پێچەوانەی ئەوواقیعەبووە. بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی لەپاڵ ئەو ژیان‌و گوزەرانە تاڵ‌و سەختەی كە خەڵكی لە بەریتانیای ئەوسا دەیانگوزەراند. نمونەیەك لە ژیان‌و گوزەرانی خەڵك لە (یۆتۆبیا) خەیاڵییەكەی (تۆماس مۆر) یشدا، بۆ خوێنەران بخەینەڕوو. تابزانین هیوای خەڵك بۆ چەسپاندنی یەكسانی‌و دادپەروەری كۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا گەر بە خەون‌و خەیاڵیش بێت، چەند خواستی خوازراوی خەڵك بووە.

(یۆتۆبیا، دورگەیەكی ڕازاوەیە كەوتۆتە ئەو پەڕی دونیاوەو دانیشتوانی گیرۆدەی هیچ كێشەیەك نین، كەس زۆر لە كەس ناكات‌و كەس ناچەوسێتەوە. لە (یۆتۆبیا) دا، نە خاوەنداریێتی تاكە كەس هەیەو نە چەوساندنەوە. دوكان‌و عەمبارەكان بۆ هەموانەو هەركەس چی پێویست بێ بەخۆڕایی‌وەریدەگرێت. هەرماڵێك دوو دەرگای هەیەو هەمیشە بۆ خەڵكی لەسەر پشتن، هەموو كەسێك لەناو (یۆتۆبیا) دا، دەبێ ئیش بكات. بەمەرجێك ماوەی ئیشكردن لە ڕۆژێك دا لە شەش سەعات زیاتر نەبێ. ئافرەت مافی تەواوی هەیە لەگەڵ پیاوداو بەیەك چاو تەماشادەكرێ، تەنانەت بۆی هەیە ببێتە مەلاو پێش نوێژ. لەناو ئەو كۆمەڵگایەدا ئاستی هۆشیاری خەڵك لە ڕادەیەكدایە، خەڵك ڕقیان لە ئاڵتون‌و زێڕ دەبێتەوە. یاسای (یۆتۆبیا) مافی تەواوی سەربەستی ئاینی بۆ هەمووان پاراستووە، تەنانەت خوا نەپەرستانیش ئازادن. خێزانی (یۆتۆبیا) نموونەی تەبایی‌و بەرزییە. چونكە بەر لە هەژدە ساڵ كەس نابێ شوبكات‌و كوڕیش بەر لە بیست‌و سێ ساڵ نابێ ژن بهێنێ. بۆیە بەر لە مارەبرین دەبێ باش یەكتر بناسن. چونكە دوایی جیابونەوە كارێكی ئاسان نییە. ڕێگەی جیابونەوە هەر ئەو

کاتە دەدرێت کە هەردوولا دوای بیرکردنەوە هاتبنە سەر ئەو ڕایەی کە پێکەوە دانویان ناکولێ، یان داوێن پیسی لایەك دەبێتەهۆی جیابونەوە. بەڵام قوربەسەر داوێن پیس، چونکە لەبەرچاوی هەموان ڕسوادەکرێ)[٧].

گەر لێرەدا سەیری بنەماکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە (یۆتۆبیا) دا بکەین و داواتر لەو مژدانەوردبینەوە کە (مارکس) لە قۆناغی کۆمۆنیزما داویەتی، ئەوەمان بۆ دەسەلمێت زۆرێ لە مژدەکانی (مارکس)وەرگیراوی یۆتۆبیان. چونکە لای (مارکس) یش هەروەك (مۆر) خاوەندارێتی تایبەتی نییەو مرۆڤەکان یەکسانن و هەموو شت بۆ هەموو کەسەو کارکردن دەبێ وەك یەك بێت. هەروەها هەرچۆن لە (یۆتۆبیا) دا، ئاماژە بەنەمانی (دراو) دراوەو خەڵك هەرچی بوێ دەتوانێ بێ بەرامبەر بەدەستی بهێنێ، ئەوا بەهەمان شێوەش بەبڕوای مارکسییە ئەرسەدۆکسییەکان لە قۆناغی کۆمۆنیزم دا، نە دراو دەمێنێ و نە سنورو نەخێزان. ئەمەش مانایوایە هەرچی سۆسیالیستە زانستییەکەی مارکسیشە بە سودوەرگرتن لە کەلەپوری (تراث)ی سۆسیالیستی پێش خۆی هاتوتە بون و لەدایك بووە. بەمەش سۆسیالیستە زانستییەکەی مارکس لە زۆر برگەو بنەمایدا قەرزاری شۆسیالیزمی ئایدیالیستی و سۆسیالیزمی خەیاڵی و هەرسێ قوتابخانە ئابوریە سەرەکییەکەی (سان سیمۆن ١٧٦٠- ١٨٢٥)و (شارڵ فۆریە ١٧٧٢- ١٨٢٥)و (ڕۆبەرت ئۆینە ١٧٧١- ١٨٥١)[٨] چونکە هەرچۆن (سان سیمۆن) دەڵێ (ڕەوتی سروشتی کۆکردنەوەی سامان و کەڵەکەبوونی سەرمایە، نا بەرابەری لێدەکەوێتەوە)[٩] ئاواش دەبینین (مارکس) لە دارشتنی ئەم تیۆرەدا قەرزاری سیمۆنە و هەمان شتیوتووە کە دەڵێ (پێشکەوتنی پیشەسازی دەبێتە مایەی کەڵەکە بون و چەق بەستنی سەرمایەو هەژاری و نەداری زیاتری کرێکاران).[١٠] دیارە هەر لەبەر ئەوەیشە کە (مارکس) لە هەردوو دانراوە گرنگو پڕ بایەخەکەی خۆیدا (مانفێستو سەرمایە) باسی سیمۆنی کردووە. بۆنمونە لە مانفێستدا دەڵێ (سروشتییە لەوڵاتێکی وەك فرانسە





کە زۆربەی دانیشتوانی لە جوتیاران پێکهاتووە، چەند نوسەرێك پەیدابن کە لایەنگری پرۆلیتاریا بکەن دژی سەرمایەداری و بەگوێرەی شێوەی بیرکردنەوەی تایبەتی وردە سەرمایەدارو جوتیارەکان بکەونە ڕەخنەگرتن لە سەرمایەداری و پارێزگاری کردن لە کرێکاران. سیمۆن نەك هەر لە فرانسە بەڵکو لە ئینگلستانیش بووە بە ڕابەری ئەم چەشنە خیتابە).[١١]

هەرچی (فۆرییە) ی فرانسیشە، ئەوا لە تێزەکانیدا لەمەڕ سۆسیالیزم باوەڕی بەسێ بنەما هەیە. یەکەمیان بنەمای (تاودان)و دووەم (گۆڕان)و سێهەم (پێشکەوتنە) کەبەلای هەندێ بیرمەندەوە پێدەچێت مارکس تێڕوانینی پێشکەوتن و زەرورەتی شۆڕشی لە فەلسەفەکەی خۆیدا لەم سێ بنەمایەوەرگرتبێ.[١٢] (ئۆین) یشوەك خاوەن سێیەمین قوتابخانەی ئابوری سۆسیالیستی ئایدیالی، مارکس بۆ تێزە نوێیەکەی (سۆسیالیستی زانستی) سودی لێوەرگرتووە. چونکە ئۆین پێیوابوو (سەرمایەداری بەو پێیەی باس لەبەرژەوەندی تایبەتی و ململانێی ئازاد دەکات، ئەوا ناکۆکە لەتەك دۆخی سروشتی)[١٣]. دیارە لای (مارکس) یش هەمان شتە. چونکە هەرچی بەرژەوەندی تایبەتییە وابەستەی خاوەندارێتییە. بۆیە دەبێ هەرچی زوترە ئەو خاوەندارێتییە وەلابنرێ و بسڕێتەوە. ئەگینا تا خاوەندارێتی تایبەتی لە کۆمەڵگا پایەداربێ، چەوساندنەوەو نایەکسانی دەبنە بەشێك لە ژیانی ئاسایی کەسانی ناو کۆمەڵگاو ڕۆژانە خۆیان دوبارە دەکەنەوە.

سەرەنجام هەموو ئەم تێزانە پێکەوەوەك کەلەپوری فیکری سۆسیالیستی، سودێکی زۆریان بە دانراوەکانی مارکس بە گشتی و سەرهەڵدانی سۆسیالیزمی زانستی بەتایبەتی گەیاندوە. بەڵام ئەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێ، هەربەتەنها فیکری سۆسیالیستی ئایدیالی و یۆتۆبیایی نەبونە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی (سۆسیالیستی زانستی) لای مارکس. بەڵکو شانبەشانی ئەو قوتابخانە ئابوریانە کە دیارە ڕۆڵی کەمیان لەو بوارەدا نەبووە، چەندین فاکتەری تری وەك

هەواڵنامەی کتێب

گەشەکردنی پیشەسازیو دۆزینەوەی جوگرافیا نوێیەکانو پێشکەوتنی زانستو زانیاری، بەتایبەتی لە هەردوبواری سروشتیو مرۆییدا، هۆکارێکی گەورەبونو رۆڵی بەرچاویان لەسەر پێگەیشتنو پێشکەوتنی تێزەکانی مارکس دانا. کە پێمانوایە لێرەدا جێی ئەوە نییەو هاوکات باس لە زۆر دۆزینەوەی تریوەك یاسای پاراستنی مادە (قانون حفظ المادة)و تیۆری پەرەسەندن (نظرية التطور) بکەین، کە چ کاریگەرییەکیان لەسەر خەملاندنو پێگەیاندنی فیکری مارکیسزمدا هەبووە[14]. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هەموو ئایدیایەك رۆڵەو لەدایکبوی سەردەمەکەی خۆیەتیو پەیوەندییەکی زیندوی بەواقیعی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگی ئەو سەردەمەوە هەیە کە تیایدا لەدایك دەبێو سەرهەڵ ئەدات. بۆیە لە ئەنجامی نەمانی ئەو هەلومەرجە سیاسیو ئابوریو فەرهەنگییە، دەکرێ ئەو فیکرەش بەسەربچێو بخرێتە مۆزەخانەی مێژووەوە.وەك ئەو ستایلە حوکمەی کەلە شێوەی (شار دەوڵەت- city state) ەکانی یۆنانی کۆندا بینیمان. کە دیارە بۆکاتو سەردەمی خۆی چەند شیاوو دروست بووەو بۆئەمرۆش چەند کۆمیدیایە. هەروەهاش دەکرێ لە ئەنجامی گۆڕانی چەند هۆکارێکی بابەتییەوە، ئەو ئایدیایە گەشەبکاتو لەتەك ڕەوتی ڕووداوەکاندا بڕواتو بەشداری لە گۆڕانکارییەکاندا بکات. دیارە بۆئەم حاڵەتە ئایدیای سۆسیالیزم لەناو ئەو گێرمەو کێشەیەی ژیاندا پشکی دووەمی هاوکێشەکەی بەنسیب بووەو چەندین گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە. بۆیە ئەو سیستمی سۆسیالیزمەی کە ئەمرۆ لەدەسەڵاتوواقیعی سیاسیوڵاتانی ئەورووپادا پیادە دەکرێ، زۆردورە لەو ئەدەبیاتە کلاسیکییەی کە (مارکس) لە پرانسیپە بنچینەییەکانی سۆسیالیزمدا بۆی بەیان کردوینو بنەماکانی لەسەر داڕشتووە.

## ئەورووپا لانکەی سەرهەڵدانی ئایدیا جیاوازەکان

کیشوەری ئەورووپا یەکێکە لە شەش کیشوەرە گەورەکەی جیهانو ڕووبەرەکەی ١٠٠٠،٣٥٥کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی یەك ملیارمرۆڤەو زیاتر لە چلو یەك دەوڵەتو سێ ئەمارەتی بچوكو دەوڵەتی ئاینی (ڤاتیکان)ی لەخۆگرتووە١٥.





ئەم کیشوەرە هەر لە سەدەکانی پێش زاینەوە تا ئەمڕۆ یەکێك بووە لەو پانتاییانەی مێژوویەکی دێرینی لە بەرهەمهێنانی سەرجەم ئەو فەلسەفەو ئایدیایانەدا هەبووە کە مێژووی هزری مرۆڤایەتی پێکهێناوە. بۆنموونە یەکەمجارو یەکەمین تێڕامانی مرۆڤ بۆ سروشتو بونو کۆمەڵ لە سەردەستی سێ فەیلەسوفە مەزنەکەی یۆناندا کە فەلسەفەی لێ کەوتەوە، لەکیشوەری ئەورووپابوو. هەرچی زانستی دەوڵەتو فەلسەفەی حوکمڕانیشە، ئەوا (دەوڵەتشارەکانی- city state) گریکی کۆن، کە بەیەکەمین نموونەی سادەو سەرەتایی بەرجەستەبوونی دیموکراسییەت دەژمێدرێ لە مێژووی بیری سیاسی دا پراکتیکە کرابێ، لانکەی سەرهەڵدانو گەشەکردنی هەر کیشوەی ئەورووپابووە. هەرچەندە ئەم نێوەندە گەورەیەی فیکرو فەلسەفە ماوەیەکی زەمەنی زۆر لەژێرباری گرانی دواکەوتوویو تاریکیو نەزانیندا دەیناڵاند. بۆئەمەش تێکڕا مێژوونوسان لەسەرئەوە کۆکن کە ئەو قۆناغە ناوبنێن سەدەکانی ناوەڕاست. کە بەلای بیرمەندانەوە لە ڕوخانی شارستانییەتی ڕۆمانی لە خۆرئاوا لە ساڵی ٤٧٦ز دەست پێدەکاتو بەهەرەس هێنانی شارستانییەتی بیزەنتی لە ساڵی ١٤٥٣دا کۆتایی دێت[16]. بەڵام ئەم دۆخە لای تاکی ئەورووپی قەدەرێك نەبوو کەلەلایەن هێزێکی میتافیزیکییەوە ئاراستەکرابێو دەرچوون لێی مەحاڵو کارێکی نامومکین بێت. بۆیە دەبینین دوابەدوای سەدە تاریکەکانووردتر هەر لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا بوو، ئەورووپا بەردی بناغەی یەکەم گۆڕانکاریو یەکەمین شۆڕشی فیکری دانا. کەبەلای زۆرێ لە فەیلەسوفەکانو مێژوونوسانەوە مێژووی مرۆڤایەتی تا ئەورۆژگارە ڕووداویوا گەورەیوەك (ڕینیسانس)ی بەخۆیەوە نەدیوە. یەکەمین پزیسکی ئەم شۆڕشەش لەسەر دەستی شاعیرو نوسەرو هونەرمەندانیوەك (دانتی ١٢٦٥-١٣٢١)و (پۆکاشیۆ ١٣١٣-١٣٧٥)و (داڤینشی١٤٥٢-١٥١٩) لە ئیتالیای ئەورووپا چەخماخەی دا[17].

دوابەدوای ڕێنسانس بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیو دۆزینەوەی جوگرافیا

نوێیەکانەوە دۆخێکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی نوێ هاتەکایەوەو پێویستییە ڕۆحی‌و فەرهەنگییەکان‌وایدەخواست، کە هەندێ چەمك هەبوو پێشتر نەبوبونە مایەی پرسیارکردن لای تاکی ئەوروپی، ئەوا لەم هەلومەرجە نوێیەدا بوونە خەم‌و پرسی سەرەکی بیرمەندان. بۆیە ئەم هەلومەرجە نوێیە سەرباری ئەوەی پرسیارەکانی بەرامبەر هەریەکە لە چەمکی ئازادی‌و یەکسانی‌و مافی هاوڵاتی بوون گۆڕی، ئەوا ئەم پرسیارانە مانایەکی قوڵتر و بەرینتریشیان لەخۆگرت. بەمەش فەلسەفەی مۆدێرن‌وەك‌وەڵامدەرەوەیەکی‌واقیعی لەدایکبووی ئەو قۆناغەنوێیەی ئەوروپابوو. جا ئەگەر لەو چەمکانەوردبینەوە لای هەریەکێك لە فەیلەسوفەکانی مۆدێرنە، ئەوکاتە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێت کە هەر لە (دیکارتەوە ١٤٩٦-١٥٦٠ تا هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦) هەوڵیانداوە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گێتی بگۆڕن. ئەمەش مانای‌وایە (مرۆڤ‌و ئەقڵ‌و ئازادی) لەو قۆناغەدا بوونە سێ بابەتی تایبەتی و هەرە گرنگی فیکری مۆدێرن.١٨ دیارە ئەو جوگرافیایەی ئەم ئایدیاو ئەم بیرمەندانەی بەرهەم هێناوە، فەرەنسەو ئەلمانیاو هۆڵنداو ئیتالیای ئەوروپایە، نەك شوێنێکی دی. ئەمەش مانای‌وایە هەر لە فەلسەفەی گریکەوە تا ڕێنسانس‌و ڕۆشنگەری و ئەقلانیەت و مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە، کەبە فەلسەفەی خۆرئاوا لە قەڵەم دەدرێن. ئەوا جوگرافیاکەی بە پلەی یەکەم ئەوروپایەو لەمدوایەیشدا ئەمریکای دێتەسەر. بێگومان ئەم ڕاستییە مێژوویییە بۆ قوتابخانەی سۆسیالیزمیش‌وەك هەر ڕێچکەیەکی تری فیکری‌و فەلسەفی هەمان شتە.واتە ئەوە کیشوەری ئەوروپایە کە (تۆماس مۆر، سان سیمۆن، فۆرییە، مارکس، ئەنجلس، لاسال، کاوتسکی، برنشتاین) بەرهەم دەهێنێ، نەك ناوچەو جوگرافیای کیشوەرێکی تر، لەمەڕ ئەم ڕاستییە (هانتینگتۆن) لە کتێبی (پێکدادانی شارستانییەکاندا) دەڵێت: تەنانەت ئایدۆلۆژیا سیاسیە گەورەکانی سەدەی بیستەم لیبڕالیزم، سۆسیالیزم، ئەنارشیزم، مارکسیزم، کۆمۆنیزم، دیموکراتی، فاشیزم‌و دیموکراسی مەسیحی‌و......هتد. هەرهەمویان یەك ڕوخساری هاوبەشیان هەیە، کە تێکڕا دروستکراوی شارستانێتی خۆرئاوان١٩. گومانیشی تیانییە ئەوروپا بەشی شێری لە مێژووی دروستبوونی ئەم شارستانێتەدا هەیە.





## مارکسیزم و زەمینەی سەرهەڵدانی

دیارە ئەوە ڕاستییەکی زانستییە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، چ جای دوێنێ،وڵاتانی ئەوروپا بەیەك شێوەو لەسەر یەك ڕیتم‌ووەك یەك نەگەشەیانکردووەو نەبەرەو پێشەوە چوون.واتە هەرچۆن ئەمڕۆ جیاوازییەکی گەورە لە ڕووی ئابووری‌و تەکنەلۆژی‌و تەنانەتە کلتورییەوە لە نێوان‌وڵاتانی ئەوروپا هەستپێدەکەین، ئەوا لە دوێنێشدا هەمان شت بووە. بۆنموونە گەر سەیری دووەڵاتی گەورەی وەك بەریتتانیاو فەرەنسای دوێنێ‌و ئەمڕۆی ئەوروپا بکەین، بەئاشکرا هەست بەو جیاوازییە کلتوری‌و ئابورییە گەورەیە دەکەین کەلەنێوان ئەم دووەڵاتە گەورەیەدا هەیە. هەرچی فەرەنسایەوڵاتێکە لە مێژووی خۆیدا هەمیشە گرنگییەکی تایبەتی بە شۆڕش‌و هێزی سەربازی داوەو تاڕادەیەکی بەرچاویش مێژوویەکی خوێناوی لەمبوارەدا هەبووە. ئەویش بەوحوکمەی کە ئەم‌وڵاتە لە مێژووی ژیانی دا چەندین جار توشی داگیرکاری‌و شەڕوشۆڕی گەورە بووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی. با ئەوەش لەولاوە بووەستێ کۆمەڵگای فەرەنسی بەو حوکمەی کە زیاتر کۆمەڵگایەکی جوتیاری بووە[20]، ئەوا زاڵکردنی باڵی شۆڕش بەسەر باڵی ڕیفۆرم‌و دیالۆگ دا لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا، شتێکی نامۆ نییە بە کلتوری جوتیاری. هەر بۆیە دەبینین توندوتیژی‌و شۆڕش پانتاییەکی دیاری لە نێو کلتوری کۆمەڵگای فەرەنسی دا پێکهێناوە. لە کاتێکدا ئەم دیاردەیەواتە دیاردەی شۆڕش لەوڵاتێکی‌وەك بەریتانیا، بەهیچ جۆرێك نە لە دوێنێدا بوونی هەبووەو نەلە ئەمڕۆشدا بەدی دەکرێت. ئەمەش بۆخۆی جیاوازییەکی گەورەی کلتوری لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیەی ئەوروپا پێکهێناوە.

گەر زیاتر شۆڕبینەوەو بەراوردێ لە نێوان دەستوری ئەم دووەڵاتەدا بکەین، هەرچەندە مێژووی مرۆڤایەتی خۆی بەقەرزاری ئەو دەسکەوتە فیکری‌و مەعریفییە دەزانێ کە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا لەگەڵ خۆیدا

هێناویەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (دەستور) کە گەورەترین وەسیقەی دیکۆمێنتییەو دەکرێ لێیەوە مۆدێلە دیموکراسیو تۆتالیتارییەکانی فەرمانڕەواییانی پێ لەیەك جیابکرێتەوە. کەچی دەبینین بەهۆی هوشیارییەکی بێوێنەی کۆمەڵگای ئینگلیزییەوە تا ئەمڕۆش دەستوور لەو وڵاتەدا عورفییەو نەنوسراوە. لە کاتێکدا لە فەرەنساوانییە. ئەمەو چەندین جیاوازی ژیاریو کلتوری تر، کە لێرەدا جێی ئەو بەراورد کارییە نییە لە نێوان ئەم دووولاتەدا بەدی دەکرێت. جا ئێستا مەبەستمان لەم خستنەڕووە ئەوەیە، کاتێك ئێمە باس لەواقعی سیاسیو ئابوری ئەوروپا دەکەین، دیارە مەبەستمان وڵاتانی گەورەیوەك بەریتانیاو فەرەنسەو ئەڵمانیاو هۆڵەندای ئەو سەردەمەیە، نەك خوانەخواستە بولگاریاووڵاتانی ئەسکەندنافی ئەمڕۆ. ئەمەش مانایوایە گەر سەیری باردودۆخی کرێکاران لەوڵاتێکی گەورەیوەك بەریتانیا لەو ڕۆژگارەدا بکەین، بەو پێیەی کرێکاران جومگەیەکی سەرەکی ناو فیکری سۆسیالیزم پێکدەهێننو سەرجەم تێزە سۆسیالیستەکانیش قورسایی خۆیان لەسەر ئەو جومگەیە بنیات ناوەو هاوکات لەو پێشکەوتنە زانستیو تەکنۆلۆژیە ڕابمێنین کە هەر لەسەردەمی نوسینی مانفێستەوە تا مەرگی مارکس لە ئەوروپا بەرهەم هاتووە. ئەوا ئەتوانین بڵێین شۆڕشی پیشەسازی کەلەسەرەتاوە لە ئینگلتەراوە دەستی پێکردو دواتر گوازرایەوە بۆ فەرەنسەو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئەمریکا[٢١].
چەندین هۆکاری مادیو مەعنەوی وایهێنایە ئاراوە کە توانیی بنەما ئابوریو کۆمەڵایەتییەکان لەووڵاتانەدا بگۆڕێو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نوێیوای دروستکرد، کە مایەی تێڕامانو لەسەروەستانی بیرمەندان بێ. بۆیە دەبینین کرێکاران لەو سەردەمەدا لەکاتێکدا کە زۆرترین قورسایی پرۆسەی بەرهەم هێنانیان کەوتبووە سەرشان. کەچی ژیانێکی کولەمەرگییان لە کوخە تاریكو نسرمەکاندا بەسەر دەبردو هاوکات بەهۆی زۆری ژمارەیانو کەمیی هەلی کارکردنەوە ڕێژەیەکی زۆر لە بێکاریو نەخۆشی لە ناویاندا بڵاو ببویەوە. بەمەش باری گرانی ژیانو پێداویستی فرۆشتنی زیاتری هێزی کار بۆ بژێوی





ڕۆژانەی خێزانەکان کاریگەی کردبوو، کە کرێکاران جگە لەخودی خۆیان ژنو منداڵیشیان بنێنە بەر کارو کاریان پێبکەن. ئەمە لەکاتێکدا سەرباری خواستی کرێکاران خۆیان کە بەناچاریو لە پێناو بەدەستهێنانی قووتی ڕۆژانەی ماڵو منداڵیان ئەو کارەیان دەکرد، ئەوا لەلایەن سەرمایەدارانو خاوەن کارگەو پیشەسازییە گەورەکانیشەوە بەگەرمی پێشوازی لە هاتنی ئەم لێشاوەی کرێکاران دەکرا. چونکە لەو سەردەمەدا کرێی کرێکارانی ژنو منداڵ کەمتر لەسەر سەرمایەدارو خاوەن کارگەکان دەکەوت. ئەمەش لە ئەنجامدا قازانجێکی زیاترو مفتتری لێ دەکەوتەوە بۆ سەرمایەداران. کە ئەمانە هەموو نائارامییەکی زۆری لە سیستمی ئابوری ئەو وڵاتانەدا دروست کردو بووە مایەی جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی گەورە لە نێوان چینە دەوڵەمەندو هەژارەکاندا.[٢٢]

بۆیە دەبینین کرێکاران لەو سەردەمەدا سەرباری ئەوەی لەهەفتەیەك دا نزیکەی ١٠٠سەعات کاریان دەکرد، بێئەوەی هیچ پشویەکی فەرمییان هەبێ. ئەوا هیچ بیمەو یارمەتییەك کەلە کاتی پەك کەوتن یان بێ کاریو نەخۆشی یا هەر مەترسییەکی تر کەلەکاتی کارکردن دا ڕووبەڕوویان دەبویەوە بۆ دابین نەدەکرا. بۆ نمونە لەمەناجیمەکانی بەریتانیای ئەوسادا ڕۆژ نەبوو چەندین کرێکار لە ئەنجامی مەترسی کاردا گیان لەدەست نەدات.وێنەی خەڵکی ڕەشو ڕوتو پرزە لێبڕاوی کرێکاران لەو مەناجیمانەی ئەوسادا، هەرلەو فلیمە دیکۆمێنتیانەدا دەتوانرێ هەستی پێبکرێ کە ئەمڕۆ لەڕێی شاشەکانەوە ئەو مێژووەمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەبەر ئەوەی پیشەسازیو کاری ناوکارخانە پێویستی بە هێزی کار هەبوو، تەکنۆلۆژیای پیشەسازیش لەو سەردەمەدا سەرباری ئەوەی هێندە پێشکەوتو نەبوو، ئەوا هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش سادەوساکاربوون. بەمەش پرۆسەی بەرهەمهێنان بە پلەی یەکەم پشتی بە توانای فیزیکی کرێکاران لەڕووی جەستیەوە دەبەست. بۆیە کرێکاران لەو نێوەندەدا سەرباری ئەوەی لەڕووی چەندایەتییەوە ژمارەیەکی گەورەو بەرچاوی نێو کۆمەڵگای پێك دەهێنا. ئەوا لەڕوی چۆنایەتیشەوە گرنگترین جومگەی کۆمەڵگای پیشەسازی بووەو هەموو مەینەتییەکانی بەرهەم هێنانیان لەسەر شان بووە.

بەمەش شۆڕشی پیشەسازی جیاوازییەکی گەورەی لە داهاتی نێوان کەسێكو کەسێکی تردا دروستکرد. یان ڕونتر بڵێین سودو قازانجی زۆری شۆڕشی پیشەسازی بۆ چینێکی دیاری کراوی بەژمارە کەم بوو، بەڵام لەبەرامبەردا چینێکی هەژارو نەداری دروستکرد کە توێژێکی بەرفراوان بوون لە کرێکاران. بۆیە لەو هاوکێشەیەدا کە لەنێوان چەوساوەو چەوسێنەردا بەرجەستە دەبوو، هەمیشە کرێکاران بەشە گەورەو گرنگەکەی هاوکێشەکی پێك دەهێنا کە چینی چەوساوە بوو. مارکس لە مانفێست دا لەمەڕ ئەم دیاردەیە دەڵێ: ئەوەی کە ئەم سەردەمەی لەسەردەمەکانی پێشوو جیاکردۆتەوە ئەوەیە، کە کۆمەڵگا دابەش بووە بەسەر دوو چینی گەورەی دوژمن بەیەکتر، بە دووچینی گەورە کە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون.[٢٣] دیارە ئەم پۆلێنکردنەو ئەم ڕۆڵە گرنگو گرانەی کرێکاران (پرۆلیتاریا) لەو سەردەمەدا بووە جێی تێڕامانو سەرنجی زۆر لە بیرمەندانو ناوکی لە دایکبوونی چەندین قوتابخانەی فیکری، کە خەمی ئەم چینەیان لە کۆڵ نابوو لێرەوە سەری هەڵدا. بەمەش سیستمی سەرمایەداری دەریخست کۆمەڵگا بەسەر دوو چینی دژ بەیەك دابەش بووەو ململانێی نێوانیان شتێکی حەتمییە. بۆ ئەمەش مارکس پێی‌وا بوو ئەم سیستمە هەرەس دێنێ و سیستمی کۆمۆنیزم شوێنی دەگرێتەوە.دواجار بەلای فەیلەسوفێکی‌وەك مارکسەوە سەرباری ئەوەی کرێکاران هەر دەبێ خۆیان، خۆیان ڕزگاربکەن. ئەوا ئەو پەیامە مێژووییەشیان لەسەر شانە کە گۆڕینی جیهانە لە کۆمەڵگای مشەخۆری سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگای بێ چینی کۆمۆنیستی. ئەمەش مانای‌وایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵو نەخشی کرێکاران لە نێو سەرجەم قوتابخانەو ڕێچکە سۆسیالیستەکان دا زیادی دەکرد.

مارکس سیستمی بەر هەم هێنانو کەرەسە مادییەکانی ژیانی بە هۆکاری سەرەکی جوڵێنەری مێژوو داناوەو پێیوابوو کە مێژووی مرۆڤایەتی هیچ نییە، جگە لە ململانێی چینایەتی.[٢٤] بۆیە گەر بەوردی بە نێو مێژوی فیکری





سۆسیالیستیدا ڕۆبچین لەسەدەی نۆزدەدا، ئەوا ئەوەمان بۆ دەسەلمێ کە چەندین ڕێبازی فیکری بە ناوی سۆسیالیزمەوە پەیدا بوون، کە هەر هەموویان خۆیان بە نوێنەری بەرژەوەندی کرێکاران دادەنا.

سەرەنجام فرە ڕێبازو فرە ناوی سۆسیالیزم کارێکی‌وایکردبوو کە (سۆسیالیزم) چەندین مانا لەخۆ بگرێو بە چەندین فۆڕمی جیا خۆی بەیان بکات. بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو چەمکە سەرەکیانەی‌سۆسیالیزم دەکەینە سەرچاوە کە (مارکس‌و ئینجلس) لە دانراوەکانیاندا باسیانکردووەو پڕانسیپەکانیان لەسەر داڕشتووە. کە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی سیاسی مارکس لەمەڕ سۆسیالیزمو کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هەر لە دانراوێکی مانفێستەوە تا دەگاتە سەرمایە، بریتییە لەم جیهان بینییەو پێداگرتنە لەسەر ئەم پڕانسیپانەی خوارەوە....

- ❖ مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچ نییە، جگە لە ململانێی چینایەتی.
- ❖ پڕۆلیتاریا، شۆڕشگێڕترین چینن وخاوەنی ئەو پەیامە مێژوویی‌و حەتمییەن، کە بەشۆڕشی سۆسیالیستی‌و بنیاتنانی کۆمەڵگای بێ چینی کۆمۆنیستی ناسراوە.
- ❖ هەموو چەشنە نابەرامبەری‌و چەوساندنەوەیەك، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خاوەندارێتی تایبەتی.
- ❖ هەلومەرجی ئابوری‌و ماددی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، نەك بە پێچەوانەوە. ئەمەش مانای‌وایە (ئەدەب، هونەر، ئەخلاق، یاسا، فەلسەفە، کلتور، سیاسەت، ترادیسۆن.... هتد) سەرخانی کۆمەڵن‌و ڕەنگدانەوەی ئەو ژێرخانەن کە چۆنێتی سیستمی ئابوریی کۆمەڵگایە.
- ❖ کرێکاران نیشتمانیان نییەو ناکرێ ئەوەی کە نیانە لێیان بسەنرێتەوە.
- ❖ ئایین، ئەفیونی گەلانە. ئەمەش مانای‌وایە عیلمانییەت لای مارکسیزم ڕویەکی ئیلحادی‌و لایەنگیری هەیە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمانە بەگشتی بریتین لەو پرانسیپە بنەڕەتیانەی کە مارکسو ئەنجلس لە تێزو دانراوەکانیاندا تەرحیان کردووەو پێیان لەسەر داگرتووە. جا ئەگەر هەر بۆچونێکی فیکریو سیاسی تر هەبێ، ئەم دوو هیومانیستە خستبێتیانە ڕوو وەك چەشنێ لە جیاوازی لە تەك ئەو پرانسیپە بنەڕەتیانەی سەرەوەدا دەرکەوێ. ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو بۆچونانە بە هێندوەرنەگیراون یان بە ئەنقەست پەراوێزخراون، نەخێر. هێندە نەبێ ئێمە مامەڵەمان لەتەك ئەو چەمکە بنەڕەتیانەدا کردووە کە ناوەڕۆكو نەواتی فیکری مارکسیزم پێك دەهێننو لەسەر ئەو پرانسیپە بنەڕەتییانە هەڵوێستەمان کردووە، کە بەردی بناغە فیکری کۆمۆنیزمیان پێك هێناوەو بەس. جا بەڕای ئێمە بۆ زیاتر تێگەشتن لەو فیکرەو زەمینەی سەرهەڵدانو گەشەکردنی، ئەوا جێی خۆیەتی زۆر بەکورتی لایەك لەواقیعی ئەوروپا لەڕووی پێشکەوتنو ئاستی زانستیو داهێنراوە نوێیەکانی ئەو سەردەمە بکەینەوە کە فیکری مارکسیزم تیایدا سەری هەڵداوە و خەملاوەو هاتۆتە بوون. تا بزانین لەو ساڵانەدا کە مارکس تێیدا ژیاوە، زانست و داهێنراوی نوێ لە بوارەکانی تەکنیكو تەکنۆلۆژیادا لە چ ئاستێکدا بووەو زانستە سروشتیو مرۆییەکان تا چ ئاستێ گەشەیانکردووە. چونکە هەر بەپێی ئەو میتۆدە دیالێکتیکییەی کە مارکسو ئەنجلس خۆیان بڕوایان پێیەتی، فیکر بەهەموو شێوەکانیەوە ڕەنگدانەوەیواقیعەو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەو سەردەمەوە هەیە کە دەبێتە مامانی لە دایك بوونی. بۆیە لە تەك نەمانی ئەو هەلومەرجەو گۆڕان یان پێشکەوتنی زیاتری زانستو زانیاری دا، ئەوا فیکریش گۆڕانی بەسەردا دێو دەبێ خۆی نوێ بکاتەوە. جا ئێستا بیرهێنانەوەی ئەم تێزە، بۆخۆی مانای پرسیارکردنە لە شوێنو جێگەی فیکری مارکسیزم لەمڕۆدا کە هیچی لە دوێنێ ناچێ،واتە لەمڕۆی گۆڕانکارییە تیژڕەوو باڵادەستیی زانستو زانیاریدا، مارکسیزم چۆنوەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.





## وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزنەوە..!

نەسپاردنی سەرجەم پرسە چارەنوس سازەکان بە پرسیارو پەراوێزخستنی ڕەخنە لە ئاست ئایدیا هیومانیستەکانداو دانانی ئەو تێزانە لە سەروی ڕەخنەو لە ڕیزی ئاینە ئاسمانییەکان دا بە بیانوی پیرۆزییەوە، دۆگما بەرهەم دەهێنێو ئاوەز کلۆم ئەدا. جا بۆئەوەی ئێمەش بەر نەفرەتی دۆگمابوون نەکەوین، ئەوا فەلسەفەی مارکسیزم بە پرسیار دەسپێرینو لە گومانەوە بۆ شتەکان دەنوارین.

١. ئایا دەزانرێ لەو سەردەمەدا کە (مارکس) تیایدا ژیاوە، داهێنراوێکیوەك کارەبا کە ئەمڕۆ بە گەورەترین پێداویستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو هاوکات بە شادەماری ئابوریی جیهان دەژمێدرێو بەرزیو نزمی ئاستی ئابوریی کۆمەڵگای پێوەبەندە، بەچەشنێ سادەو ساکاربوو دەشێ خوێنەر بڕوانەکات گەر بڵێین چوارساڵ پێش مەرگی مارکسواتە لەساڵی ١٨٧٩دا بۆیەکەمجار گڵۆپ داهاتووە. لەکاتێکدا ئەمڕۆهەموو بەرهەم هێنانێکی ئابوری گەورەو تەکنۆلۆژیای نوێ هەر لە ڕوناکی گڵۆپێکی سەر شەقامەکان تا دەگاتە ئەو زانستە باڵایەی کە (کۆپی مرۆڤ)ی پێ ئەنجام دەدرێ، بەبێ تەزوی کارەبا نایەتەبوون. هەروەها ئەو تەکنۆلۆژیا سەربازییەی کە ئەمڕۆ لە ئاستێکی هێندە باڵادایە هەموو مرۆڤایەتی لە ئاستیدا توشی شۆك بووە. گەروزەی کارەبای لێدا بڕین، ڕۆڵی ڕمێکی کۆمەڵگای سەرەتایی نابینێ. با ئەوەش لەولاوە بوەستێ کە تا مارکس لە ژیاندابوو ئەم داهێنراوە سادەو ساکارانە کە هەندێکیان دەکرێ هەر نەخرێنە بواری داهێنانەوە، هێشتا نەدۆزرابونەوە. (فلیمی جولاو، ڕادیۆ، تیشکی X، تەنانەت تایەی لاستیکی ئۆتۆمبیلو فلتەری جگەرە)ش لەسەردەمی مارکس دا نەبووە[٢٥]. با هەندێ دانراوی تری بوارەکانی فیزیاییو بایۆلۆجی بووەستێ، کە هەندێکیان بە سەد ساڵ دوای مانفێست دۆزراونەتەوە. بەڵام داهێنانیوا گەورەیان پێشکەش بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە، گەر مارکس بە چاوی خۆی بیدیایە، ئەوا سەرلەبەری تێزەکانی ڕەنگێکی تری لە خۆ دەگرت. جا

ئێستا خوێنەری هوشیار بۆی دەردەکەوێ کە ئاستی دۆزراوە نوێیەکانو تەکنۆلۆژیای زانیاری لەو سەردەمەدا لە چ ئاستێکدا بووە کە مارکسیزم تیایدا خەملاوەوهاتۆتەبوون.

٢. داهێنراوو دۆزراوەیەکی دی کە پێی دەوترێت (نەوت) هەرچەندە مێژووی دۆزینەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین. بەڵام یەکێکە لەپێداویستییە هەرەگرنگەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیو لە نێو هاوکێشە سیاسیەکانی جیهاندا گەورەترین ڕۆڵی هەیە. بە چەشنێ نەخشی نەوت لە سەر بچوکترین دیاردەی (سیاسی، ئابوری، کلتوری)و نێودەوڵەتیوەك پەیوەندی دۆستانەی نێوان دووولات، تا ئەوەی پێی دەوترێ شەڕو ئاشتی یان دەوڵەمەندیو هەژاری یاری دەکاتو هەردەم وەك تیغێکی دوودەم چ لە ناوخۆیوڵاتانو چ لە ناو ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ سیستەمی نوێی جیهان ڕۆڵی هەیە. بۆ ئەم ڕاستییە خوێنەر دەتوانێ بەراورد لەسەر ڕۆڵو کاریگەری نەوت لەوڵاتێکی وەك عێراقی سەردەمی سەدامووڵاتێکی بچوکی کەنداودا بکات، تا بزانێ نەوت لەوڵاتی یەکەم بووە بە چ بەڵایەکی ڕەشو لەوڵاتی دووەمیش بووە بە چ نیعمەتێکی سپی. کەچی بەهیچ شێوەیەكو دور تا نزیك لەناو ئەدەبیاتی کلاسیکی مارکسیزم دا نەباسی هەیەو نەئاماژەشی پێ دراوە. ئەویش لەبەر ئەوەی نەك ڕۆڵی سیاسیانەی نەوت هەر لەو سەردەمەدا نەبووە، بگرە یەکەمین بیری نەوت لە جیهاندا یەك ساڵ دوای نوسینی مانفێستواتە لە ساڵی ١٨٤٩دا لێدراوە. لە کاتێك دا هەموو دەزانین لەماوەی ئەم سەدوپەنجا ساڵەی دوای (مانفێست)دا نەوت چ ڕۆڵێکی چاوەنوس سازی لە ژیانی گەلانو تەنانەت کاریگەریی لەسەر دروستبوونو پێکهاتنی کلتورێکی نوێیش کردووە لە دونیادا.

گەر خوێنەر بەراورد بکات لەنێوان سیستەمی سیاسیو تەنانەت کلتوری ئەووڵاتە عەرەبیانەی کە خاوەنی نەوتن، لەگەڵ هەمانوڵاتانی عەرەبی تر کە بێ نەوتن. ئەوا بە ئاشکرا ئەو جیاوازییە دەبینێو هەست بەدوو فۆڕمی جیا لە





کلتور دەکات، کە هەر لە ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانەوە تا دەگاتە مەیلی شۆڤێنی و تۆتالیتاری سیستەمە سیاسیەکانی ئەووڵاتانە ڕەنگی داوەتەوە. بۆ ئەم ڕاستیە ڕوناکبیرو ڕۆماننوسی گەورەی عەرەب (عەبدول ڕەحمان مونیف) ئەوواقیعەی زۆر جوان لە ڕۆمانی (مدن الملح) دا، بۆ بەیانکردوین، کە باس لە کلتورێکی جودایوڵاتانی کەنداوی خاوەن نەوت لەوڵاتە عەرەبییەکانی تر دەکات.

٣. یەکێك لە زانستە سروشتییەکان، کە زانستی جیۆپۆلۆتیکەو پەیوەندییەکی زیندوی بە دەسەڵاتی سیاسیو تەنانەت چۆنێتی فەلسەفەی حوکمیشەوە هەیەو (وێنەی دوارۆژی دەوڵەت دیاری دەکاتو گرنگی بە پەرەپێدانو جولانەوە دەداتووا لە دیاردە جوگرافییەکان دەکات کەلە خزمەتی دەوڵەتدا بێت.)[٢٦] کەچی نەك هەر لە ئەدەبیاتی کلاسیکی مارکسیزم دا، بەڵکو لای یەکەمین دەوڵەتی بەناو سۆسیالیستیش کە یەکێتی سۆڤیەتی جارانە نەبوونی هەبووەو نە بڕوای پێ بووە. لەکاتێك دا هەموو دەزانین کە جیۆپۆلەتیکی لەبار بۆ هەروڵاتێك کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سەربەخۆییوڵاتانو دیاردەی کۆلۆنیالیو بگرە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران هەیە لە ڕووی ئابورییەوە. بۆنمونە هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی دەوڵەتی ئەردەن لە کێشەی نێوان عەرەب-ئیسرائیل دا بۆ خۆشگوزەرانی، باشترین نموونەیە. لە کاتێك دا هەڵکەوتەی شوێنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێو کێشە ناوچەییەکاندا بۆ سەربەخۆیی، خراپترین نموونەیە. کە ئەتوانین بڵێین نالەباری شوێنی هەرێم لە ڕوی جیۆپۆلەتیکەوە لەناوچەکەدا، کارێکی کردووە بوار بۆ سەربەخۆیی یەکجاری کەمترین چانسی هەبێ.واتە شەقی جوگرافیا لەم هەرێمە لە شەقی شۆڤێنی عەرەبو فارسو تورك کەمتر نییە. دیارە ئەم دیاردەیەش بۆخۆی لە دەرەوەی سیستەمی سیاسیەوەیەو بگرە هیچ پەیوەندییەکی نەبەسیستەمی سۆسیالیستی یان سەرمایەدارییەوە نییە.

٤. لەمێژە کۆمەڵناسەکان ئەوەیان بۆ سەلماندوین جگە لە باری ئابوریو

چۆنێتی بەرهەم هێنان لە هەر سیستمێکی ئابوری دا، ئەوا پێکهاتەیوڵات لەڕوی شوێنو دەوروبەرو تۆبۆگرافیەوە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هزری مرۆڤ، ترادیسۆنی کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوەی تاك، چۆنێتی ئاخاوتن، مەیلی شەڕانگێزی و ڕقو لێبوردەیو تەنانەت ئارەزووی هونەرووەرزشو پۆشینی جلوبەرگو دروسبوونی ئیدیۆمی ناو کۆمەڵگاش هەیە. ئەمەش مانایوایە ئەوە کەشو دەوروبەرە، نەك سیستمی ئابوری سۆسیالیستی یان سەرمایەداری، کەکارێکی کردووە کلتوری کۆمەڵگا شاخاوییەکان لە کلتوری دەشتەنییەکان نەچێو هەردوو ئەو کلتورەش جیابن لە کلتوری ئەو کۆمەڵگایانەی کەلە قەراغ دەریاو ڕووبارەکاندا نیشتەجێن. هاوکات ئەوە کەشو جوگرافیا جیاوازەکانە کە هەر لە ترادیسۆنی کۆمەڵایەتییەوە تا دەگاتە مومارەسەکردنی ئەو سروتە ئاینییانەی دانیشتوانی ناوچە گەرمەکان دەیگرنەبەر،وەك ئەو ترادیسۆنە نەبێ کە لەنێو دانیشتوانی بەستەڵەکەکانی باشورو باکوردا دەبینرێن. هەرچەندە کوردوتەنی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ، بەڵام ئێمە تەنها لێرەدا بەم چەند پرسیارە ئەو ڕووەواقیعیانەی ژیان دەخەینە ڕوو کە هەر لەسەردەمی (ئیبن خەلدون ١٣٣٢-١٤٠٦ تا دەگاتە ئۆگست کۆنت......) پێیان لەسەر داگرتووە. کە پێمانوایە بەهیچ جۆرێ نە پەیوەندی بە خاوەنداریێتی تایبەتییەوە هەیەو نەخاوەنداریێتی سۆسیالیستییەوە. بۆ نموونە دەپرسین........

أ- ئەو هۆیە چییەوایکردووە، کە یاری تۆپی پێ لەوڵاتانی بەڕازیلو ئەرجەنتین لە پێشتربێ لەوڵاتانی دراوسێیان لە هەمان کیشوەردا...!؟

ب- ئاخۆ بۆ هەرسێ ئاینە ئاسمانییەکە شوێنی سەرهەڵدانیان لەوڵاتی شام تێپەڕناکا...!؟ لەکاتێکدا گەر ئاین بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە نێوان زۆرترین کەسی ناو کۆمەڵگا هاتبێ، ئەوا ئەو ناوچەیە کە ئەو ئاینانە سەریان تیا هەڵداوە لاوازترین ئەڵقەی ئەم ڕاستییە پێك دەهێنن.

ج- بۆ مرۆڤی نێو دارستانە چڕەکانی ئەمازۆن هەستی بیستنیان لە هەستی





بینینیان تیژترە...!؟ ئاخۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە جوگرافیاو شوێن کاریگەری لەسەر پێکهاتەی فسیۆلۆجیش هەیە.

د- ئەوە چ هۆکارێکە کەوای کردووە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کەلە ڕووبارو دەریاکانەوە نزیکن، زیاتر مەلەوانی بزانن تا خەڵکانی ناوچە دەشتاییەکان....!؟

ە- تۆ بڵێی لەخۆڕابێ لە هەورامانداا ئیدیۆمێ باوە کە دەڵێ: هەورامیو ڕم بازییان نەوتووە. دیارە ئەم ئیدیۆمە پەیوەندی بەو ناوچەیەوە، لە ڕووی تۆبۆگرافیای زەویو بەرزیونزمی شاخو داخەوە هەیە. کە ئەم شێوەیەش لە جوگرافیا بۆ پیادەکردنی ئەو جۆرەوەرزشە دەست نادا.

و- چ قەدەرێکەوای کردووە، خێڵ لە ناوچە شاخاوییەکاندا بوونی نەبێو لەنێو دانیشتوانی دەشتاییەکانیش دا باڵادەست بێ...!؟

ز- بۆ ئەوروپییەکان سورو سپیو هەندێ لە ئەفریقییەکان ڕەش پێستن...!

ح- خەڵکی ناوچەکانی ناوەندی ئەفریقیا، باڵایان کورتە. کەچی خەڵکانی ئەوروپیو ئەسکەندناڤی باڵابەرزن...!

ط- ئاستی داهێنان بۆ لەجوگرافیا ساردەکاندا، باڵاترە لە ناوچەگەرمەکان...!؟

ئەمانەو چەندین پرسیاری تر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ لەدەرەوەی ژێرخانی کۆمەڵو سیستمی ئابوریو هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەدەر لە زۆرانبازی چینایەتی شتێکی تر هەیە، کە کاریگەری گەورە لەسەر شێوەو ناوەرۆکی مرۆڤ جێدەهێڵێو هەڵسوکەوتو هزرو بیرکردنەوەی دیاری دەکاتو ڕێوشوێنێکی تایبەتیشی لەناو ژیاروشارستانیەتدا پێ دەبەخشێ کەهیچ پەیوەندییەکی بەفاکتەری ئابووری ڕووتەوە نییەو ئەو پەیوەندییە میکانیزمییەش قبوڵ ناکات، کەلە ژێرخانو سەرخاندا پۆلێن کراوە. چونکە سیستمی بەرهەمهێنان لە جیهاندا نەك سەرمایەداری، بگرە سوپەر کۆمۆنیستیش بێ، نیۆرکییەکان لە بەڕازیلییەکان یاریزانترو شارەزورییەکان لە دەربەندیخانییەکان مەلەوانترو یابانییەکان لە ئەسکەندنافییەکان باڵابەرزترو

ئەفریقییەکان لە ئەوروپاییەکان سپی پێستترو ڕێژەی داهێنان لە ناوچە گەرمەکاندا لەناوچە ساردەکاندا بەرزتر ناکات...!؟

## وەهمەکانی چارەسەری ڕەها

ئێمە پێشتر لەم باسەماندا ئاماژەمان بە هەندێ جیاوازیدا، کە خۆی لە فۆڕمو ئاکاری مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، بێ ئەوەی سیستمی ئابوری ڕۆڵی سەرەکی لە سەرهەڵدانو گەشەکردندا هەبێ. ئێستاش جێی خۆیەتی لەڕوی فیکریو ئەو پێداویستیە ڕۆحیو ژیانیانەی مرۆڤەوەو دور لە پێداویستییە فیسیۆلۆجییەکان ئاماژە بەهەندێ لایەنی تر بدەین، کەبەهەڵەدا ناچین گەر بڵێین مارکسیزم لە ئاستی دا تاڕادەیەك کورتی هێناوە.

بۆنمونە گەر مۆدێرن بریتی بێت لەو قۆناغەی کە تیایدا مرۆڤ لە پلەی یەکەمی گرنگی پێداندابێتو (مرۆڤو ئەقڵو ئازادی) سێ تەوەری بنچینەیی ئەو فەلسەفەیە بنو هەموو هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی بەهای مرۆڤایەتی بێ بۆ مرۆڤو قۆناغێکی جیابێ لەسەرجەم قۆناغەکانی ڕابردوو. ئایا (مارکس)وەك فەیلەسوفێکی مۆدێرنو هەم وەك سۆسیۆلۆجیاو ئابوری ناسێکی گەورە تا چەند تێزەکانی ئەو بیرمەندە لەتەك ئەو سێ تەوەرەی سەرەوەدا دێتەوە.واتە ئەو سێ چەمکە لەدەرەوەی پرۆسەی بەرهەم هێناندا چ شوێنێکیان هەیە. بۆنمونە ئازادیو ئەقڵوەك دوو ئیرادەو زەرورەتی ڕۆحیو مەعنەوی کەلە ڕێنسانسەوە تا ئەمڕۆ جێی باسو مشتومڕی بیرمەندانە، لەکوێی دانراوەکانی مارکسیزم دا جێیان بۆ کراوەتەوە. یان لەسەرجەم تێزەکانی ئەو بیرمەندەدا، هەر لە مانفێستەوە تا سەرمایە (مرۆڤ)وەك یەکەمینو دواهەمین بونەوەری (کۆمەڵایەتی، سروشتی، بگۆ) بەپێی پێناسەی زۆربەی فەیلەسوفەکان بە خودی مارکس خۆشییەوە، لەکوێی ئەو گەورەییو گرنگی پێدانەدایە.

ڕاستە مارکس هەموو تێزەکانی خۆی لە خزمەتی مرۆڤو ئاسودەیی





کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا پێشکەش کردووەو لەو پێناوەش دا چەندین نەهامەتیو دەربەدەری بینیوەو تەنانەت هێندە نەبونیو برسێتی چەشتووە کەوەك خۆی دەڵێ... هەموو تەندروستی خۆمو ژیانو بگرە خێزانو منداڵەکانیشم لە پێناو نوسینی کتێبی سەرمایەدا لەدەست دا. [27] بەڵام میتۆدی زانستیانە پێیوایە ئەوە بەتەنها بەس نییەو ئەو هەڵوێستە زاتییانە لە لێکۆڵینەوەی زانستی دا نابنە تەزکییەی هیچ ئایدیایەكو وامان لێناکاتوەك ئاین سەیری فەلسەفەی مارکسیزم بکەینو هەرجۆرە ڕەخنەو سەرنجێك لەسەری مەحاڵو نامەعقول بێت. چونکە تێگەشتن لە هەر دەقێ وەك بونیادێکی نەگۆڕو دەست لێنەدراو، جگە لە تێڕوانینی میتافیزیکانە هیچی دی نییە، ئەمە تا ئێرەوەك فەلسەفەی مۆدێرن.

هەرچی بە نسبەت پۆسمۆدێرنەیشەوەیەوەك نوێترین تێڕوانین، کە یەکێکە لە بەرچاوترین ئەو چەمکانەی لە دوا دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردودا هاتە مەیدانو بانگەشەی تێپەڕاندنی مۆدێرنە دەکات، چووەك ماناو چووەك سەردەم.وە پێیوایە ئەو شتەی کەلەسەردەمی مۆدێرنەدا جێی باوەڕو متمانەی خەڵك بوون، ئەوا لە پۆسمۆدێرنەدا بەرەو لاوازیو کۆتایی دەچن[28]. بۆئەمەش هەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەکان بە پرسیار دەسپێرێتو تەنانەت خودی عەقڵیش بەڕەها نازانێو بەچاوی شكو گومانەوە لێیان دەڕوانێو دەڵێت: هیچ تیۆرو ئایدیایەك ڕەهانییە. بۆیە هەمیشە پێ لەسەر فرەلایەنی لە کلتورو فیکرو فەلسەفەدا دادەگرێو ڕاستیو حەقیقەتی هەموو تێزەکان بە نیسبییەت دەسپێرێتو پێیوایە هیچ ئایدیاو بیرمەندێ بۆی نییە خۆیوانیشانبدات کە دوا قسەی کردووە. ئاخۆ چۆن دەڕوانێتە مارکسیزمو لە تێزەکانی وردەبێتەوە. لە کاتێکدا ئێمە دەزانین لەفیکری مارکسیزم دا یەك چین هەیە کە گوێی لێ بگیرێو خواستو ئامانجی بە هێندوەربگیرێ، کە چینی پرۆلیتاریایە. ماباقی مرۆڤەکانی تری دەرەوەی چینی کرێکار خۆیانو کلتورو بیرکردنەوەیان خراونەتە دەرەوەی مێژووەوە، هاوکات یەك حەقیقەتی حەتمیش هەیە کە ئەرکی بەرجەستەبونی مژدە گەورەکەی لە ئەستۆدایە، ئەویش پێکهێنانی دونیای بێ

چین‌و شۆڕشی سۆسیالیستییە بە ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا. ئەمە لەکاتێکدا لە فیکری پۆستمۆدێرنەدا دەمێکە سەردەمی حیکایەت‌و مژدە گەورەکان بەسەرچووەو نەك هەر ئەقڵ، بگرە بڕوای بە باڵادەستی زانستیش نییە بەو شێوە ڕەهایە.

مارکسیزم‌وەك ئایدیایەکی پێویست کەلە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لەدایك بووەو بە پێی میتۆدی (مارکس) خۆیشی فیکر ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی مادیی‌وواقعی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری سەردەمەکەیەتی. بۆئەمەش‌وتەیەکی بەناوبانگی مارکس خۆی هەیە کەدەڵێ... ئاشی دەستی بۆ مرۆڤ، کۆمەڵگای کۆیلەدارو ئاشی هەوایش کۆمەڵگای فیودالّ‌و ئاشی هەڵمیش کۆمەڵگای پیشسازی دروست کردووە[٢٩]. ئەمەش مانای‌وایە بۆ هەرواقیعێکی ئابوری سیستمێکی سیاسی پێویستە، کەڕەنگدانەوەی ژێرخانەکەیە. ئایا ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی دوا گۆڕانکارییە ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەکانداو لەبەردەم داهێنراوە نوێیەکانی تەکنۆلۆژیای زانستی‌و لەبەردەم ئەو دەبڵیوانەی (www) کۆمەڵگای (net work)ی پێکهێناوەو دونیای کردۆتە گوندێکی جیهانی‌و لەبەردەم ئەو خوێندنەوە فیکریانەی کەوەك‌وتمان پێ لەسەر فرە کلتوری‌و فرە ڕەهەندی لە هەموو ژیاندا دادەگرێ‌و هەموو دیاردەکان بە پرسیار دەسپێرێ‌و پێیوایە تەنانەت پرسیارەکانی زانستی بیرکاریش بەیەك‌وەڵام شیکارناکرێ. چ کۆمەڵگایەك‌و چ سیستمێکی ئابوری پێویستە. واتە دەکرێ بۆواقعی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کۆتایی سەدەی نۆزدە، کە هێشتا ڕادیۆ دانەهاتبوو شۆڕشی سۆسیالیستی‌وەڵامدەرو پێویست بێت‌و بۆئەمڕۆش کە مرۆڤ کۆپی دەکرێ، هەمان‌وەڵام پێویست بێ...! جا بۆ ئەم مەبەستە پێمان باشە چەند پرسیارێ ئاڕاستەی ئەو پرانسیپە بنچینەییانەی فیکری مارکسیزم بکەین‌و ئەو بنەمایانەی کە تەلاری فیکری مارکسیزمی لەسەر بەندە، بە پرسیار بسپێرین، تا بزانین ماسی مارکسیزم کە لەدایکبووی سەدەی نۆزدەیە لە دەریایی ئەمڕۆدا مەلە دەکات، یان نا...!





هەرچەندە ئاگاداری ئەوەشین، کە چ مارکس‌و چ ئەنگلسی هاوڕێیشی لە چەند نوسینێکدا باسیان لەوە کردوە و پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە، کە ئەو تێزانەی ئەوان نە ئاین‌و نەمەزهەبە تا گۆڕانکاری تیایدا بقەو حەرام بێ.وەنە تیۆرێکی‌وشکی بێ گیانیشە کە هیچ خستنە سەرێ قبوڵ نەکات.[٣٠] تەنانەت خودی مارکس خۆی جارێ ڕوودەکاتە (لاسال)و پێی دەڵێ: ئەوە براوەتەوە کەمن مارکسی نیم.[٣١] بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی هیچ یەکێك لەو بنەمایانەی کە ئێمەوەك پرانسیپی بنچینەیی مارکسیزم ئاماژەمان پێ داوە، ئەوا لای مارکس جێی شك بێت‌و بە گومانەوە لێیڕوانیبێ. یان لە فیکری مارکسیزم دا شوێنێکی بچوك‌و پلەدووی گرتبێ، نەخێر.

بۆیە دەتوانین بڵێین هەریەکە لە پرانسیپی (مێژوو جگە لە ململانێی چینایەتی هیچی دی نییەو... کرێکاران ئەرکی حەتمی پێکهێنانی کۆمەڵگای بێ چینیان لەسەر شانەو... ماکی هەموو چەوساندنەوەو نابەرابەرییەك دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنداریێتی تایبەتی‌و... هۆکاری ئابوری فاکتەری ئەوەڵ‌و ئاخیری هەموو گۆڕانکارییەکانەو... پرۆلیتاریا بێ نیشتیمانن‌و... ئاین‌و هەموو سروتێکی ئاینی کە مرۆڤ مووممارەسەی دەکات، جگە لە بەنج‌و ئەفیون هیچی دی نییە.) چەند جومگەیەکی جێگیرو نەگۆڕن لە فیکری مارکسیزم داو هەردوو پیرە بیرمەند بە تەواوی لەسەری هاوڕاو تەبان. جا ئەو چەمکانە گەر لە هەر فۆرم‌و بەرگێکدابن یان بە هەر ستایل‌و شێوازێ گوزارشتی پێ بکرێ، هیچ لەوە ناگۆڕێ کە لەدەوری یەك حەقیقەتی ڕەها دەسوڕێتەوەو یەك هۆکاریش خاڵی هاوبەش‌و ناوکۆیی سەرجەم ئەو چەمکانە پێك دەهێنێ، کە ئەویش هۆکاری ئابوری‌و خاوەنداریێتی تایبەتی‌و ململانێی چینایەتییە. بۆیە ئێستا جێی خۆیەتی ئێمەش قورسایی پرسیارەکانمان بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی ئەو چەمك گەلە بکەینەوەو سەرنجەکانیشمان لەسەر هەریەکە لەو چەمکانە لەنگەر بگرێ.وەك ئەوەی ئایا چینی کرێکاران ئەو چینەن کە ئەرکی هەموو گۆڕانکارییەکان‌و ئایندەی کۆمەڵگایان لەسەرشانە.

دیاره لای (مارکس) کرێکاران سەرباری شۆڕشگێڕییان ئەویش بەو حوکمەی مادام هیچیان نییە لە هیچ ناترسن. ئەوا ئەرکی گۆڕانکارییەکی گەورەشیان لەسەرشانە، ئەویش مژدەی گەیاندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بە دوا ڕۆژێکی ئاسودەو بەختیارو بێ چەوساندنەوە.

بە بڕوای ئێمە بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی یەك چین یان یەك توێژ لە دونیاو پەراویزخستنی یان پێدانی ڕۆڵێکی کەمترو سانەوی بە چینو توێژەکانی تر، خولقاندنی مرۆڤی سوپرمانەو بچووککردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی بونیادی کۆمەڵگایەو قەتیس کردنی کێشەکانییەتی لە جوغزێکی تەسکی بچوك دا. بۆئەمەش کۆمەڵناسە نوێیەکان دەمێکە ئەوەیان سەلماندووە کەنەك تەنها هۆکاری ئابوری بەڵکو پێگەی جوگرافیاو ئاینو کلتوری کۆمەڵگا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شێوەی ژیانو زمانو بیرکردنەوەو تەنانەت سیستمی حکوکمڕانی دەوڵەتیش هەیە. بۆیە سەیرکردنی مرۆڤی کرێکار وەك (کرێکار لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنان)داو هیچی دی، کەتەنها خاوەنی خەسڵەتی چینایەتییەو هاوکات داماڵینی لە هەر کاریگەرییەکی تری کۆمەڵایەتیو سڕینەوەی سیمای ڕۆحیو ئاینیو نیشتمانی لێی، بەڕای ئێمە بە (ئامێر)کردنی مرۆڤەو دابڕانێتی لەو بەهایەی کە مرۆڤی لە هەموو شتێکی تر پێ جیادەکرێتەوە. چونکە مرۆڤ هەر تەنها ژمارە نییە تا پابەندی ڕێسایەکی نەگۆڕی چەندایەتی بێتو بەس، بەڵکو مرۆڤ لەتەك هەموو پێگەیەکی لەناو پرۆسەی بەرهەم هێناندا، ئەوا لەهەمان کاتدا جۆرەو خاوەنی ڕۆحو ئیدراكو هەستو سۆزەو ئەستەمەوەك شتێکیوشکی بێ گیان مامەڵەی لەتەکدا بکریو کۆنترۆڵ بکری.[٣٢] بۆیە تێڕوانینی ئابوریانەی ڕووت بۆ کرێکارو مامەڵەکردن لەتەکیداوەك هەر هۆیەکی تری کار لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، بەڕای ئێمە نەزەرێکی کورت بینانەیەو کرێکاریوەك (مرۆڤ) لە شوێنی خۆی هەڵکەندووە.





دوای ئەوە ئەو بارودۆخە ئابوریو کۆمەڵایەتییەی کە ئەمڕۆ کرێکاران تێیدا دەژین، بەهیچ چەشنێ ناتوانرێ لە تەك کرێکارانی مەناجیمەکانی بەریتانیای ئەوسا یان ئەوروپا بەراورد بکرێ. بۆنموونە ئەو پرۆلیتارەی کە ئەمڕۆ لە کارگەکاندا کاردەکات، گەر بەمانا کلاسیکییەکەی (مارکس) بڵێین هێزی کاری خۆیان دەفرۆشن، هیچی لەو کرێکارانەی دوێنێ ناچێ نەلە شێوەی کارکردنیو نەلەشێوەی ژیانیدا. چونکە پرۆلیتاریای ئەمڕۆ لانی کەم خوێنەوارەو خاوەن بڕوانامەیەو لە هەفتەیەکدا دووڕۆژ پشوی هەیەو تێکڕا ڕۆژی لە هەشت سەعات کەمتر کاردەکاتو بیمەو خانە نشینی هەیەو دەوڵەت لە پەککەوتنیو لە حاڵەتی تەندروستیی بەرپرسەو شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابینکراوەو هەموو ئازادییەکی ڕێپێوانو مانگرتنو ناڕەزاییەکی هەیە. لە کاتێکدا ئەمانە هیچی لە سەردەمی (مارکس)دا، نەك هەر نەبووە بگرە هەر داواکردنو خەباتکردنێك بۆی بە کوشتنو زیندانیو نان بڕینوەڵام دەدرایەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پرۆلیتاریای ئەمڕۆ بێبەش نییە لە خاوەنداریێتی تایبەتیو بۆ خۆی کەم تا زۆر خاوەنی سەرمایەو شتێك لە هۆیەکانی بەرهەم هێنانە، گەر لانی کەم ئەو ئۆتۆمبیلەش بێ کە ڕۆژانە پێی دەچێتە سەرکار. با ئەوەش لەولاوە بۆستێ کە ئەمڕۆ داهێنراوەکانی تەکنەلۆژیای زانستی لە بواری بەرهەم هێناندا چەندە کۆمەڵگای بەرەو پیشەسازی بردووەو بەرهەمی زیاتری بردۆتە بازاڕەوە، ئەوا هێندەش پرۆلیتاریایوەك هێزی کار لەڕووی چەندایەتییەوە کەمتر کردۆتەوە. لە کاتێکدا کە مارکس پێیوابوو کاتێك پیشەسازی بەرەوپێشەوە دەچێت ژمارەی کرێکاران زیاد دەکات.[٣٣] بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ پێچەوانەکەی دەبینین، ئەمەش مانایوایە کرێکارو پرۆسەی بەرهەم هێنان لە سەر ستایلە کلاسیکییەکەی جاران نەماوە. بۆیە گەر ئەمڕۆ هەر ئامێرێکی تەکنۆلۆژی نوێ بگرین کەلە پرۆسەی بەرهەم هێنان دا بەشدارە، ئەوا هێندەی دەیان کرێکار کاردەکاتو بەرهەم دێنێ، بێ ئەوەی پێویستی بە هێزی جەستەو فیزیکی قورسی کرێکاران بێ. ئەمەش مانایوایە کرێکاران هێندە جەستەیان نەڕەتێنن بەو شێوەیەی کە لە کارخانەکانی سەدەکانی ڕابردودا دەبینران.

دیاردەیەکی تر کە ئەمرۆ هەموو مرۆڤایەتی لە ئاستی دا توشی شۆك بووەو لە هەموو جوڵەیەك و تەنانەت لە پۆشینی جلوبەرگەوە تا کۆپی کردنی مرۆڤ ڕۆڵی هەیە. ئەویش ئەو شۆڕشە زانستییەیە کە پێشکەوتنێکی هێندە بەرچاوی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەخۆیەوە دیوە، کە زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێین پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا پەنجا ساڵ لەمەوبەر هێندەی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی دەسکەوتی بەخۆیەوە نەدیوە. بۆیە دەڵێین شۆڕشی زانیاری ئەمرۆ مەرجەکانی کارو شێوەکانی بەکاربردنیشی گۆڕیوە[٣٤]. ئەمەش مانای‌وایە ئەوە تەنها پرۆلیتاریا یان سەرمایەو کار نییە کە بەشداری لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا دەکات. بەڵکو زانستو تەکنیکیشە[٣٥]. دیارە ئەمەش‌واقیعێکی خەملاندووە کە کار خۆی لەناو یەکەیەکی ئاڵۆزی گلۆباڵی نێتۆرك دا دەبینێتەوەو (کار)وەك چالاکییەکی مرۆڤ لە مرۆدا لە (کار)ی سەردەمی مارکس ناچێ. چونکە ئەمرۆ کار لە ژێر کاریگەری تەکنۆلۆژیای زانیاری نوێدا خەریکە ناسنامەی کۆلێکتیفی خۆی لەدەست دەدات.[٣٦] بۆیە ئاشکرایە بڵاوبونەوەی تەکنیك کاریگەری خۆی نەك هەرلەسەر باری کۆمەڵایەتی، بگرە لەسەر چۆنێتی ئابوریش بەجێ هێشتووەو فۆرمێکی کۆمەڵایەتی نوێی خولقاندووە.[٣٧] ئەمەش مانای‌وایە ئەمرۆ ململانێی چینایەتی لەسەر ئەو ستایل‌و فۆرمەی کە (مارکس) لەکاتی خۆیدا لێی دواوە نەماوەوواتای خۆی لەدەست داوە.

### ئابوریی ژێرخان‌و فیکرو کلتوری سەرخان

مارکس لە سەرجەم تێزەکانی دا دەیەوەێ ئەوەما بۆ بسەلمێنێ کە فیکرو هەستو هەموو ترادیسۆنێکی کۆمەڵایەتی پاشکۆی ژیانی ماتریالین‌و هەمیشە ئەم چەمکانە دوای هۆکارە ئابورییەکان دێن. لەڕاستی دا کەس ناتوانێ نکوڵی لە هۆکاری ئابوری بکات کە چ نەخشێکی لەسەر ژیانی کۆمەڵگاو هۆشیاری‌و پێشکەوتنی مرۆڤ هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە. بەڵام گەر پێمان‌وابێ تاکە هۆکارێکە کە جڵەوی ژیانی مرۆڤایەتی لەدەستدایەو لە دەرەوەی سیستمی





ئابوری‌و پەیوەندییە ئابورییەکان بوار بۆ هیچ ترادیسۆن‌و کلتورێکی تر نییە، ئەوە بەهەڵەدا دەچین. چونکە گەرواباوایەو بەتەنها بنەمای ئابوری‌و هەلومەرجی بەرهەم هێنان هوشیاری مرۆ دیاری بکات، ئەی بۆ لەم سەردەمەدا کە مرۆڤ کۆپی دەکرێ‌و زانستی بۆماوە (الوراثة) هێندە پێشکەوتووە کە دەسکاری (D.N.A) دەکات‌و جیناتەکان دەگۆڕێ‌و دەتوانێ تەحەکوم بەڕەگەزی کۆرپەلەو ئاستی زیرەکی‌و هەتا سیفەتەکانی کەسێتیشەوە بکات، کەچی تازە گەڕانەوە بۆ ئاین‌و بایەخدان بە ناسنامە کلتوری‌و کۆمەڵایەتییەکان‌وەك فێندەمینتالیزمی ئاینی ئیسلامی‌و مەسیحی‌و یەهودی سەرهەڵدەدات. یان ئەو کێشە ئەتنیکیانەی کەبەلای مارکسەوە ئەرکی بۆرژوازی نیشتمانی‌و سەرەتای پێگەیشتنی کۆمەڵگای بۆرژوازییە، بەڵام ئەمرۆ کە لەسەردەمی باڵابوونی بۆرژوازییەت‌و بگرە ئیمپریالییەتی ئابوری‌و جیهانی داین، کەچی زیاتر خۆیان نمایش دەکەن. لەم ڕووەوە هاندکنتۆن لەپێکدادانی شارستانییەتەکاندا جوانی پێکاوە کە ئەڵێ: لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە گرنگترین ڕوخساری جیاوازییەکان، جیاوازی ئایدۆلۆژی یان ئابوری نەبوو، بەڵکو جیاوازی کلتوری بوو.[٣٨] دیارە یانزەی سیپتێمبەر بەرهەمی ئەو بەریەککەوتنەیە کە ئاین‌وەك گەورەترین جومگەی ناو هەموو کلتورێك پێگەی بنچینەیی تێدا هەبووە. لە کاتێکدا لە فیکری مارکسیزم دا، ئاین هێندەی پەیوەندی بە قۆناغی فیودالەوە هەیەو لەتەك پرۆسەی بەرهەم هێنانی جووتیارانەدا تەباو کۆکە، ئەوا لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا وردە وردە ئەو ڕۆڵە لەدەست دەدات. بەڵام ئەمرۆ ئێمە لە کۆمەڵگای میتا پیشەسازی داین‌و کەچی ئاین‌و کلتوری ناسنامە نەتەوەییەکان لە پێشەوەی کێشەو ململانێ نێودەوڵەتییەکاندان. بۆنموونە بە پێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی (١٩٨٩ تا ساڵی ١٩٩٢) هەشتاودوو دانە کۆنفلێکتی چەکدارانە لە جیهاندا تۆمارکراوە، کە حەفتاونۆ دانەیان لەسەر ناسنامەو کێشەی نەتەوایەتیی‌و کلتورە جیاوازەکان بووە.[٣٩] (ئۆکبێرن) لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە ئەڵێ لایەنی ماتریالی کۆمەڵگە زۆر خێراتر دەگۆڕێ لە بەرانبەر

درەنگتر گۆڕانی لایەنی ئایدیالی کۆمەڵگا.[40] واتە سەرخان و ژێرخان گەر پەیوەندیشیان هەبێت، ئەوا ئەو پەیوەندییە بەو شێوە میکانیکییە نییە کەلە فیکری مارکسیزم دارەنگی بۆ ڕێژراوە. دیارە هەر ئەو بروابونە میکانیکییە بوو، کەوای لە کەسێکیوەك مارکس کرد لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا چاوەڕوانی شۆڕشێکی سۆسیالیستی دەکرد لە ئەوروپا بێتەدی. کەچی شۆڕش نەك هەر لە ئەورووپاو بەتایبەتی لەوڵاتێکیوەك بەریتانیا کە ئەو مەزەندەی بۆ دەکرد، نەهاتەدی. بەڵکو لەوڵاتێکدا ئەو شۆڕشە ڕویدا، کە پێگەی بۆرژوازییەت تێیدا لە چاووڵاتانی تری ئەوروپا لەوپەڕی لاوازی دابوو. کەسێکیوەك (لینین) ناهەقی نەبوو کەلەساڵی ١٩١٦دا، دەیوت بڵێی بەتەمەنی خۆم لە ڕوسیا چاوم بەڕوەدانی شۆڕش بکەوێ.[41]

ئەمانە هەموو ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنن ناکرێ مرۆڤوەك گەورەترین و هۆشیارترین بونەوەری سەر زەوی تەنها بە پێوەندی هۆکاری ئابوری پێوانە بکرێ و بکرێتە شتێکی ماتریالی ڕووت. دوای ئەوە دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەمرۆ زانست و زانیاری بۆ یەکەمین جار لە مێژوی مرۆڤایەتی دا بووە بە توخمێکی بنچینەی لە توخمەکانی بەرهەمهێناندا و دەخرێتە سەر سەرمایە و کارو سەرچاوە سروشتییەکانی تر. چونکە تەکنۆلۆژیا بارودۆخی ژیانی مرۆڤایەتی بەتەواوی گۆڕیوە[42]. بۆیە ناکرێ ئەمرۆ تەنها لە چاوی پرۆلیتاریاوە سەیری کۆمەڵ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بکەین و وانیشانبدەین لە دەرەوەی ئەم چینە و پرۆلیتاریا، نەئەرك هەیە و نەماف. نەهۆکار هەیە بۆ گۆڕانکاری و نە دەکرێ شوێنێك هەبێ بۆ خەڵکی تر. ئەم تاك ڕەهەندییە لە بیرکردنەوە و لە پێدانی ئەرك و ماف بەیەك چین، سەرەتای دروستبوونی فیکری شمولی و لەدایکبونی دیکتاتۆرییەتە و هیچی دی.ئەمەش مانای وایە لە فیکری مارکسیزم دا زاراوەی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) لە خۆڕاو بێ بنەما نەهاتۆتە دی. بۆیە کاتێ مارکس باس لە (دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا) دەکات و بەرگری لێ دەکاتئەوا ئەم چەمکە لای کەسێکی لیبراڵ هیچ مانایەکی نییە.





چونکە گەر ئەو (دیکتاتۆریەتە) دیکتاتۆرییەتی زۆربەی کەسانی کۆمەڵگاش بێت، ئەوا لەگوتاری سیاسی ئەمرۆدا جێی نابێتەوەوشتێکی نا پەسەندە. لە فیکری مارکسی و کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا یەك حزب هەیە و یەك ئایدۆلۆژیاو یەك چین هەیە. ئەمەش بۆخۆی ئەوپەڕی تاك ڕەهەندییە و پێدانی پیرۆزییە بە تاکە فیگەرێکی نێو کۆمەڵگا. لە کاتێکدا هەموو دەزانین کۆمەڵگا پانتاییەکی گەورەیە و هەموو جومگەکانی ناوی پێکەوە بەشدارن لە پێکهاتەی ژیاری و شارستانێتی کۆمەڵگاداو هاوکات ئاراستەشی دەکەن بۆ ئایندە. بۆیە ناکرێ تەنها یەك ڕەنگ گشگیرکرێ و تەنها یەك دەنگ گوێی لێڕاگیرێ. چونکە ئەم جۆرە ستایلە لە دەسەڵات، بۆخۆی دەبێتە مراندنی ڕۆحی کێبڕکێ و بوار بۆ دیالۆگ و قبوڵ کردنی بۆچونی جیاواز ناهێڵێتەوە. چونکە لە کۆمەڵگایەك دا جگە لە پرۆلیتاریاو بیرکردنەوەی پرۆلیتاریانە هیچی تر نەبێ، ئیتر چۆن دەکرێ قسەو بەرنامەی تر هەبێ. دیارە هەر ئەم تێڕوانینەشە کەوای کردووە بەرنامەی ترو قسەی تر لەم سیستمەدا بەنەیارو دوژمن و بیرکردنەوەی بۆرژوازیانە لە قەڵەم بدرێ و بە مۆزەخانەی مێژوو بسپێرێت.

## مارکسیزم، کارکردن لەسەر گروپ نەك لەسەر تاك

جومگەو فیگەرێکی تری نێو کۆمەڵگا کە پێیدەوترێ تاك، ئەوا لە فیکری مارکسیزم دا پەراوێز خراوەو بگرە قسەکردن لەسەری بە نەرجسیەت و نەهلیستییەت دەدرێ لە قەڵەم. ئەمرۆ لە ڕوانگەی مارکسیزم دا (ناوەڕاست یان میانڕەو) چوەك چین و چوەك فیکر هیچ بایەخێکی نییە و لە دەرەوەی پەیامە مێژووییەکەی مارکسیزمن. بۆیە نواڕینەکان لە فیکری مارکسیزم دا هەمیشە حەدین و تەنانەت مارکس پێیوایە ئەو یەکلاکەرەوەییە هەر دەبێت لەڕێی کاری شۆڕشگێڕانەو توندوتیژییەوە بێتەدی. لەکاتێکدا گەر ئەمرۆ سەیری پێکهاتەی کۆمەڵگای سەرمایەداری بکەین لە ڕوی ئابورییەوە، ئەوا هەست بەبونی چینێکی نوێ دەکەین کەبە (چینی ناوەند- الطبقة الوسطي) ناسراوەو ئەم چینەش

سەرباری ڕۆڵیان لەڕوی چۆنایەتییەوە کەلەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هاتۆتە ئاراوەو خاوەنی نواڕینی فیکریو فەلسەفی تایبەتین. ئەوا لەڕووی چەندایەتیشەوە ژمارەیەکی بەرچاوی نێو ئەو کۆمەڵگا نوێیە پێك دەهێنێتو ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پڕۆسەی بەرهەم هێناندا هەیە. کەچی جێگای ئەم چینە بە کوللی لە فیکری مارکسیزم دا بونی نییە. بۆیە دەبینین سەرەنجام ئەم تاك ڕەهەندییە بووە بەهۆی دروست بوون و سەرهەڵدانی تۆتالیتارییەت چوەك فیکرو چوەك پڕاکتیك.

جا گەر ئەمڕۆ سەیری هەردوو ئایدیای نازیزمو کۆمۆنیزم بکەین،وەك دوو دیاردەی سەرەتاکانو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. ئەوا ئەو دوو ئایدیایە چەند لە پانتایی ئیشکردنیاندا لەیەك جیاواز بنو جومگە بنەڕەتییەکانی هەریەکەیان تا چەند لەیەك دوربێت.هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە هەردوو ئایدیاکە بڕوایان بە یەك سیستمی سیاسی تاك ڕەهەندی تۆتالیتار هەیەو هەردوکیان لە جیهانبینیو پیرۆزکردنی نەتەوەو پڕۆلیتاریا خۆی دەبینێەوە. بۆیە لای هیچ یەکێك لەم ئایدیایانە تاكوەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ، نەبوونی هەیەو نەگرنگی پێ دەدرێت. چونکە هەرچۆن تاك لە فیکری مارکسیزم دا هیچ نییە جگە لە جومگەیەکی ناو پڕۆسەی بەرهەم هێنانو لە دەرەوەی ئەو پڕۆسەیەش هیچ پێگەیەکی فیکریو سیاسی نییە، ئاوەهاش لە فیکری نازیزم دا تاك بونی خۆی لەناو پیرۆزی نەتەوەدا دەبینێتەوەو هیچی دی.واتە لەدەرەوەی نەتەوەوەك فاکتێكو بونەوەرێکی گرنگ هیچ بونێ بۆ تاكو بۆ ئازادی تاك نییە. ئەمەش مانایوایە خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو سیستمەکەدا نەبونی ئازادی تاك و مافی هەڵبژاردنو ئازادی سیاسیو دامو دەزگای پەڕلەمانیو مافەکانی مرۆڤو مافە مەدەنییەکانە. ئەمانەش هەموو خەسڵەتو سیمای سەرەکی سیستمە تۆتالیتاریەکانە لەم پەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی ڕاست.

مەسەلەیەکی تر کە تا ئەمڕۆ شوێنێکی تایبەتیو گەورەی لە هزری تاكو





لەناو ستراکتۆری ئەتنیکی هەر پێکهاتەو نەتەوەیەك دا هەیە، ئیلمامو هەستو سۆزی نەتەوایەتییە. هەرچەندە ئەمڕۆ کاڵبونەوەی سنورەکان بەهۆی هۆیەکانی گەیاندنەوەو بچوکبونەوەی جیهان بەشێوەیەك کە مرۆڤ دەتوانێ لەماوەی بیستو چوار کاتژمێردا بەیانییەکی لە کوێتو نیوەڕۆکەی لە ڕیستۆرانتێکی فرەنساو شەوەکەشی لە یەکێك لە هۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکانی ئەمریکا ڕۆژبکاتەوە. بەڵام گەڕان بەدوای ناسنامەی نەتەوایەتیو هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی زات لە ڕێی نەتەوەوە، یەکێکە لە کێشە سیاسیە گەرمەکانی ئەمڕۆ. لە کاتێك دا هەموو دەزانین بە پێی سەرەتاکانی فیکری مارکسیزمو تەنانەت لە مانفێستیش دا مارکس پێی لەسەر نانیشتمانی کرێکارو سڕینەوەی ئەو بەها کلتوریو ڕۆحییەی مرۆڤ دادەگرێو هەر مەیلو خواستێکی نەتەوەییانە بە مەیلی بۆرژوازیانە لە دوێنێداو بە نواڕینێکی کۆنەپەرستانە لەمڕۆی گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداری دا دەزانێ. ئەویش بەوحوکمەی مادەم کرێکاران پێگەو شوێنیان لە سیستمی سەرمایەداریدا هەیەو ڕۆژانە جگە لە هێزی کاری خۆیان هیچ شك نابەن بیفرۆشن. ئەوا بەهەر دەنگێكو بەهەر ڕەنگێك بن، هاوڕێو هاوخەباتی یەکترنو باشترین ڕێگەش بۆ ڕزگاربونیان لەو چەوساندنەوەو بێ مافییە هاوخەباتییانە لەگەڵ یەکدی، بەبێ گوێدانە هیچ مەیلو ئینتیمایەکی نیشتمانیو نەتەوەیی.واتە دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکگرنگ) لەخۆڕا نەهاتووەو بەڵکو یەکێکە لەو چەمکە گرنگەی کە گوزارشت لە پێکەوە گرێدانی خەمی کرێکاران، گەر نەڵێین هەموو جیهان لانی کەم یەكوڵات دەکات لەیەك حزبو یەك ڕێکخراوی سەرتاسەری کرێکاری دا، بۆ گەیاندنی پەیامە مێژووییەکە بەوتەی مارکس. کە ئەویش پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئاسودەو خۆشگوزەرانو بێ چەوساندنەوەیە. بەڵام ئەمڕۆ ئەو نێونەتەوەییە لە بەردەم کاریگەری بیری نەتەوایەتییو ئەتنیکی دا، خەریکە بەتەواوی کاڵ دەبێتەوە.

ئێستا ئیتر ڕەوایە مرۆڤ دان بەو ڕاستییەدا بنێ کەوەهمەکانی سۆسیالیزم

تەنها لەتەرحکردنی تێزەکان دا بەدی ناکرێ. بەڵکو بەدانانی ئەڵتەرناتیفو چارەسەری گونجاوو دروست بۆ هەموو گرفتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو نیشتمانییەکان، ئەو وەهمە زیاتر خۆی بەیان دەکات. بۆیە بەلای مارکسیە ئەرسەدۆکسییەکانەوە تەنها بە شۆڕشی سۆسیالیستیو بنیاتنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، چەوساندنەوەی چینایەتیو خاوەنداریێتی تایبەتو خەمە نیشتمانییەکان، کۆتاییان دێتو یەکسانیو خۆشگوزەرانی یەکجاری ڕودەکاتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بەکورتی شۆڕشی سۆسیالیستی سەرباری ئەوەی ڕەچەتەو دەرمانە بۆ چارەسەری هەموو نەخۆشییەکان، ئەوا کۆتایی بەناکۆکییەکان دەهێنێو سەرەنجام هەموو مەینەتییەکانی سەرشانی مرۆڤیش هەڵدەگرێ.[٤٣]

بەلام پاش تێپەڕاندنی سەدوپەنجاساڵ بەسەر نوسینی مانفێستدا کە دەڵێ کرێکاران نیشتمانیان نییەو ئەوەی کەنیانە ناکرێ لێیان بسەنرێتەوە. کەچی تازە بەتازە نەك لە ڕۆژهەلاتو ئاسیا، نەك لەو جوگرافیایەی کە بەجیهانی سێهەم دەژمێرێ، بەڵکو لە ئەوروپای پاش مۆدێرنەو ڕۆشنگەریو ئەوروپای ڕۆژئاواو شارستانییەتدا، ئەو کێشەیە لە چەندین وڵاتدا ماوەتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی لەم بیست ساڵەی دواییەدا،واتە لەدوای نەمانی بلۆکی شورەویەوە چەندین دەوڵەتی نوێ سەربەخۆیی تەواویانوەرگرتووە، کە دواهەمینیان کۆزۆڤۆبوو. کە ئەگەر بە پێی پێشبینییەکانی فیکری مارکسیزم بوایە، دەبوو ئەمڕۆ ئەو کێشانە هێندە نەبونایەتە خەمی تاکەکانی ئەو نەتەوانەو پرۆلیتاریای نێو ئەو نەتەوە بندەستانە هێندەی خۆیان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە چینایەتییەکانیان لەتەك سەرمایەداریدا خەریك کردایە، نیو هێندە نەکەوتنایەتە ژێر کاریگەریو مەیلی نەتەوەیی چینی بۆرژواو شوێن خەمە نیشتمانییەکان نەکەوتنایە. دیارە ئەم تێڕوانینە ئەمڕۆ لەسەر ئەرزیواقیع پێچەوانەکەی دەبینینین. ئەویش بەوەی گەڕانەوە بۆ بایەخدان بە ناسنامە نەتەوەییو کلتورییەکان تا دێ زیاترو بە بەهاتر دەبێ.





لە کۆتایدا دەڵێین ئێمە تا ئێرە جگە لەوروژاندنی چەند مەسەلەیەکی هەستیار، کە پەیوەندییان بە سیستمی ئابوری لەسەر ژیانی تاكو کۆمەڵگاوە هەیەو قسەمان لەسەر هەندێ فیگەری گرنگیوەك شوێنو جوگرافیا، یان ڕۆڵی ئاینو کلتورو مەسەلە نیشتمانییەکان لەمڕۆی مۆدێرنەدا کردووە. ئەوا قسەمان لەسەر هیچ مەسەلەیەکی تر نەکردووەو هیچ فاکتێکی ترمان نەوروژاندووە. کە دەکرێ قسەمان لەسەر هەندێ لایەنی گرنگی تری وەك (توندوتیژیو بەهای کارو کەڵەکەبوونی سەرمایەو حەتمییەتی شۆڕش) لە فیکری مارکسیزم دا بکردایە. چونکە ئەم فیگەرانە سەرباری ئەوەی کە شوێنێکی گەورەیان ناو فەلسەفەی مارکسیزم دا بۆخۆی داگیر کردوە، هاوکات بونەتە ناسنامەو خەسڵەتی هەرە دیاری ناسینەوەی ئەو ئایدیایە. بەلام من پێموایە نەك بەموتارە، بگرە بەچەندین کتێبیش نەماندەتوانی مافی خۆی بدەینێ، ئەوەیش بالەولاوە بۆستێ گەر بڵێم من بۆخۆم دەرەقەتی نەهاتم، پێموایە لەسەر لەبەری ئەموتارەمدا تەنها ئەم ڕستەیەم بەو ڕەهاییە لێوەربگرنو هیچی دی.

******************

سەرچاوەکان:


١- لاپەڕە پەرشەکان - کۆمەڵەوتارێکیوەرگێڕاو —و. ئازاد بەرزنجی — ل١٩

٢- ن. ف. پۆدۆسیتنیك - فەلسەفەی مارکسیزم —و. جەلال دەباخ — ل٢٠٠

٣- د. موسا ئیبراهیم — فیکری سیاسی خۆرئاوا —و. شوان ئەحمەد — ل٣٢٦

٤- د. أحسان محمد الحسن - موسوعه علم الاجتماع — ص ٨٣

٥- د. کەمال پۆلادی - مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا-ب.سێیەم-و. ئازادوەڵەدبەگیو سیروان زەندی — ل١٣

٦- ئەریك فرۆم- چەمکی مرۆڤ لای مارکس —و. ئارام جەمال - ل٣٤

٧- د. کەمال مەزهەر — ڕێنسانس —و. فواد مەجید میسری — ل١٨٥

٨- موسوعه الهلال الاشتراکییه — مجموعه من الکتاب — ص ١١-٢٥٧-٣٦٩

٩- د. مستەفا ڕەحیمی- سۆسیالیستەکان پێش مارکس —و. کەمال ڕەشید شەریف- ل١١

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو —ل١٢

١١- كارل ماركس‌و فریدریك ئینگلیس – مانیفێستی حزبی كۆمۆنیست‌-و. م. أ. ڕەوەند-
لا١٠٢

١٢- د. مستەفا ڕەحیمی- سۆسیالیستەكان پێش ماركس –و. كەمال ڕەشید شەریف- لا١٩

١٣- د. موسا ئیبراهیم – فیكری سیاسی خۆرئاوا –و. شوان ئەحمەد – لا٢٩٢

١٤- ڤ. پۆدۆسیتنیك‌و یاخوت – فەلسەفەی ماركسیزم –و. جەلال دەباغ – لا٢٤

١٥- دائیرە تول مەعاریف – خەسرەوجاف -لا ١٨٢

١٦- هاشم سالح – ڕۆشنگەری –و. شوان ئەحمەد –لا٢٠

١٧- د. كەمال مەزهەر – ڕێنسانس –و. فواد مەجید میسری – لا٦٥

١٨- فیلۆسۆفەكانی مۆدێرنە – بێرتران ڤێرژۆلی –و. محمد ڕەحیم ئەحمەدی –لا٩

١٩- سامۆیل. پ. هانتینگتۆن – پێكدادانی شارستانییەكان –و. مامەند ڕۆژە – لا٤٨

٢٠- كارل ماركس‌و فریدریك ئینگلیس – مانیفێستی حزبی كۆمۆنیست‌-و. م. أ. ڕەوەند-
لا١٠٢

٢١- موسوعه الهلال الاشتراكیه – مجموعه من الكتاب – ص ٢٢٢

٢٢- د. موسا ئیبراهیم – فیكری سیاسی خۆرئاوا –و. شوان ئەحمەد – ل٢٨٧

٢٣- كارل ماركس‌و فریدریك ئینگلیس – مانیفێستی حزبی كۆمۆنیست‌-و. م. أ. ڕەوەند-
لا٥٤

٢٤- د. كەمال پۆلادی - مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا-و. ئازادوەڵەدبەگی‌و سیروان
زەندی – لا١٩١

٢٥- دائیرە تول مەعاریف – خەسرەوجاف -لا ١٠٠

٢٦- د. جەزا تۆفیق تالب – جیۆپۆلێتیك چییە – لا٩

٢٧- ف. س. فیجودسكی - كیف كتب ماركس رأس المال- ت. فخری لبیب – ص ٢٣٤

٢٨- ڕۆژنامەی هاوڵاتی – ژ.٢٦١ – ٢٠٠٦/٢/١٥ – برگەو بنەماكانی پۆستمۆدێرنە – ئا.
حەمە كاكەڕەش

٢٩- ف. س. فیجودسكی - كیف كتب ماركس رأس المال- ت. فخری لبیب – ص ١٧

٣٠- لاپەڕە پەرشەكان - كۆمەڵەوتارێكی‌وەرگێڕاو –و. ئازاد بەرزنجی – لا٣٧

٣١- موسا ئیبراهیم – فیكری سیاسی خۆرئاوا –و. شوان ئەحمەد – لا٣٢٢

٣٢- د. كەمال پۆلادی - مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا-و. ئازادوەڵەدبەگی‌و سیروان
زەندی – لا٢٣

٣٣- كارل ماركس‌و فریدریك ئینگلیس مانیفێستی حزبی كۆمۆنیست‌-و. م. أ. ڕەوەند- لا٧٠







٣٤- ئازاد حەمە – چاخی زانیاری، گەشەی كۆمەڵگای نێتۆرك – لا٥٦

٣٥- ئازاد حەمە – چاخی زانیاری، گەشەی كۆمەڵگای نێتۆرك – لا٦٢

٣٦- ئازاد حەمە – چاخی زانیاری، گەشەی كۆمەڵگای نێتۆرك – لا١٢٤

٣٧- ئازاد حەمە – چاخی زانیاری، گەشەی كۆمەڵگای نێتۆرك – لا٥٩

٣٨- سامۆیل. پ. هانتینگتۆن – پێكدادانی شارستانییەكان –و. مامەند ڕۆژە – لا١٩

٣٩- ئازاد حەمە – چاخی زانیاری، گەشەی كۆمەڵگای نێتۆرك – لا١١٥

٤٠- گۆڤاری نما – ژ. ٢١- فاكتەرێكی گۆڕانی كۆمەڵگە فشاری شتەبچوكەكانە- توێژینەوەی
ستارباقی – لا٨٩

٤١- ئایندەی سۆسیالیزم- كۆمەڵێ نوسەر –و. مامەند ڕۆژە- لا٢٢٤

٤٢- ئەلسەید یاسین – جیهانێتی‌و جیهانگیری –و. ئەحمەد قادر سەعید – لا٤٢٠

٤٣- ئایندەی سۆسیالیزم- كۆمەڵێ نوسەر –و. مامەند ڕۆژە- لا٢٢




هەواڵنامەی كتێب

# جان راوڵز و تیۆری عەدالەت

ئەکرەمی میهرداد

جان راوڵز بیرمەند و فەیلەسوفی سیاسی ناوداری ئەمریکا و خاوەنی بەناوبانگترین تیۆری عەدالەت لە بیر و فەلسەفەی لیبرالیزمی ڕۆژئاوادا لە ٢٦ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠٠٢ ژیانی کۆتایی هات و لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا گیانی سپارد. ئەو لە ساڵی ١٩٤٦ تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بوو لە نووسین و کاری مامۆستایی و دەرسدان لە زانکۆکانی هارفارد، ئۆکسفۆرد، پرینستۆن و کۆرنێل.

جان بوردن راوڵز لە ٢١ی فۆریەی ساڵی ١٩٢١ لە شاری بالتیمۆری ویلایەتی میریلاند لە دایك بووە. باوکی یاساناس بووە و لە کاروباری باجەکاندا کاری کردووە و دایکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ژنانی بالتیمۆری لە ئەستۆ بووە. راوڵز خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە بالتیمۆر تەواو کردووە و پاشان چووەتە خوێندنی ئامادەیی پەیڕەوی ئایینی و کانتکیت خوێندویەتی. لە ساڵی ١٩٣٩ دەچێتە زانکۆی پرینستۆن و بەشی فەلسەفە دەخوێنێ و لە ساڵی ١٩٤٣ لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی فەلسەفە لەو زانکۆیە دەبێ بچێتە خزمەتی سەربازی و ڕەوانەی هێزی زەمینی دەکرێت بۆ ناوچەی ئۆقیانووسی ئارام. لە ساڵی ١٩٤٦ لەدوای تەواوبوونی سەربازی دەگەڕێتەوە بۆ نووسین و فەلسەفەو دەست دەکات بە نووسینی نامەی دکتۆراکەی لە بابەتی (فەلسەفەی ئەخلاق) و لە ساڵی ١٩٥٠ بەسەرکەوتوویی دکتۆرا بەدەست دەهێنێ و تا ساڵی ١٩٥٢ لە زانکۆی پرینستۆن خەریکی دەرسدانەوەی فەلسەفەی ئەخلاق دەبێ. پاشان دەچێتە زانکۆی کۆرنێل و سەرئەنجام دوای چەند ساڵێك دەبێتە مامۆستای تەواو لە زانکۆی هارفارد و دەست دەکات بە دەرسدانی فەلسەفەی سیاسی.





جان راوڵز لە ساڵی ١٩٧١ کتێبە بەناوبانگ و ناسراوەکەی خۆی بە ناونیشانی (تیۆری عەدالەت) یان (تیۆرێك دەربارەی عەدالەت) نووسی و ئەم کتێبە تا ئێستا بە (٢٣) زمان تەرجومە کراوە و زیاتر لە ٢٥٠ هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. تا ئەم کاتەی ئێمە نزیکەی ٥٠٠٠ کتێب و وتاری لایەنگری و نەیاری دەربارەی ئەم کتێبەی جان راوڵز نووسراوە. [١]

بە وتەی خودی راوڵز ئامانجی ئەو لە نووسینی (تیۆری عەدالەت) خستنە ڕووی یان شیکردنەوەی تیۆری نەریتی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)یە لەلای بیرمەندانی کلاسیکی وەکو جۆن لۆك، ڕۆسۆ و کانت و هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی دادپەروەرانە لە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا. گومانی تێدا نییە کە راوڵز لە کتێبەکەی خۆیدا دەیەوێت بگەڕێ بە شوێن بونیادی فەلسەفەی نوێدا بۆ ئەندێشەی سیاسی و لیبرالی سەدەی بیستەم. ئالێرەدا نەیاری راوڵز لەگەڵ نەریتی ئەندێشەی سیاسی مارکسیزم کە یەکسانی و بەرامبەری تەواوە، یان لەگەڵ بیروباوەڕی سوود گەرانەی لیبرالیزمی جێرمی بنتام و جۆن ستیوارت میل (کە ئەوان بڕوایان بە زۆرترین بەختەوەری بۆ هەندێك نەك بۆ هەمووان هەبوو) وای پێویست دەکرد کە ئەو پایە و بونیادی ئەندێشەی لیبرالیزم و مارکسیزم هاوکات لەگەڵ هەردوو بیرۆکەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافە فەردییەکاندا پایە ڕێژ بکات. واتە راوڵز هەوڵەکەی بۆ ئەوەبوو کە تیۆری دادپەروەری بە هەردوو لایەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یان دادپەروەری دابەشکردن و ماف و ئازادییەکانی تاك بگات، یان هەروەکو خۆی دەڵێت هەردوو بنەمای (یەکسانی و جیاوازی) لەو تیۆرەدا جێ بکاتەوە. بە بڕوای راوڵز ئەنجامی بوونی عەدالەت لە کۆکردنەوەی دوو شتدایە : "یەکەم خستنەڕووی ئازادییەکانی تاك تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگر نەبێت لە ئازادی ئەوانی دیکە و دووەم دڵنیا کردنەوە لەو کارەی کە جیاوازی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو کۆمەڵگای دیموکراتیك تەنها دەبێت وەکو سەرچاوەی پێشکەوتنی ئازادی و کۆمەڵگا پەسەند و ئاراستە بکرێت". [٢] بەم

شێوەیە دیدگای راوڵز لە کۆمەڵگایەکدا کە عەدالەت دەبێتە بونیادی هەموو لایەنەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئازادی بۆ هەمووان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی وڵات دەبنە دوو پایەی سەرەکی کۆمەڵگا. سەرئەنجام، ئامانجی راوڵز لە نووسینی تیۆری دادپەروەری خستنەڕووی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وەهایە کە زەمانەتی ویژدان (Fairness) و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بکات و هەلومەرجی یەکسانیش بۆ هەموو تاك و هاووڵاتیان فەراهەم بکات.

لەبەر ئەوەی بە وتەی خودی راوڵز تیۆری دادپەروەری بە شێکە لە زەمینەی تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ناو بیروباوەڕی ڕۆشنگەری و کۆمەڵگای مۆدێرنە، هەر لەبەر ئەوە باشترین کار ئەوەیە کە بزانین زەمینە و هەلومەرجی بیرۆکەی عەدالەت لەو پێشینە مێژوویی و بیرارییەدا چۆن بووە!

## پێشینە و زەمینەی چەمکی عەدالەت

یەکێك لە وتە ناودارەکانی خودی جان راوڵز دەربارەی عەدالەت ئەوەیە کە دەڵێت: "عەدالەت یەکەمین فەزیلەتی نیهاد و سیستەمی فەلسەفی و مەعریفییە"[٢] هەر لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دێرینی و کۆنی چەمك و بیرۆکەی عەدالەت بەڕادەی دێرینی و کۆنی بیرکردنەوەی فەلسەفییە. ئەوەی کە لەلای زۆربەی بیرمەندان گرنگ و شایانی باسە، ئەوەیە کە گرنگترین مەسەلەی ناو باسی عەدالەت پرسی نایەکسانی و نابەرامبەرییە لە ژیان و ئابووری و پەیوەندی و دەسەڵاتدا و بە تایبەتیش نایەکسانییە لە ئابووری و دەسەڵاتدا. نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیدا، سەرەڕای نزیکی و لەیەك چوونی تاکەکان لە تواناییاندا، بەڵام یەکێکە لە پرس و مەسەلە سەرەکییەکانی ناو هەموو کۆمەڵگاکانی ئێستا و ڕابردوو. سەرەڕای ئەمەش بەڵام هیچ پەیوەندیەکی مانادار لە نێوان نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات دا و نایەکسانی لە توانا سروشتییەکانی مرۆڤدا نییە. بەم جۆرە داکۆکی کردن لەم نایەکسانییانە یان نەفی کردنەوەیان دەبێتە بابەتی سەرەکی بۆ تیۆرەکانی دادپەروەری.





عەدالەت لە فەلسەفەی سیاسیدا پرسێکە کە لە زەمینە و ئاستی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەخرێتە ڕوو. لەلایەنی حقوقی و مافدانیدا، پرسی سەرەکی عەدالەت دەبێتە بڕیاردانی عادلانە یان بڕیار و یاسای دادپەروەر ئەو بڕیار و یاسایانەیە بە بێلایەنی حوکم دەکات و هەمووان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان دەبینێ لە سزا و پاداشتدا. شیکردنەوەی یاسای دادپەروەری لە فەلسەفەی سیاسیدا ئەوەیە کە عادلانە بوونی سیاسەت کە لەخودی یاسادایە، ئەی یاسای عادل یان دادپەروەری بۆ خۆی چییە و چۆنە؟ یان چۆن بەدەست دێت؟ وەڵامی فەلسەفەی سیاسی تەنها لەو کاتانەدا پەیدا دەبێت کە بزانین نیهاد و بونیاد و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو شوێنەدا چۆن بنیات نراوە کە ئەو یاسایانەی تیا جێبەجێ دەکرێت. هەرچەندە یاسا لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرندا هۆکار و ناوەڕۆکی جێبەجێ کردن یان نەکردنی دادپەروەرییە. بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیدا ئەو هۆکار و ناوەڕۆکەی دابڕاو نییە لە نیهاد و سیستەمی سیاسی کۆمەڵایەتی و (ئابووری بە دەربڕینی مارکسیزم) و سەرئەنجام فەلسەفەی سیاسی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت بونیاد و سیستەمی گشتی دادپەروەرانەبێت و ئینجا دەتوانێت یاسا و بڕیاری عەدالەت بەرهەم بهێنێ یان پیادەی بکات. بڕیاری کۆتایی یان پەیگیری فەلسەفەی سیاسی تایبەت بە پرسی عەدالەت ئەوەیە کە دادپەروەری بەشێکە لە بونیاد و سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتی، نەك تەنها سیفەتێکی ئینسانی. مەبەست لە دادپەروەری سیستەمی گشتی ئەوەیە کە ماف و ئەرکەکان، دەسەڵات و هەڵبژاردنەکان، بەهرەمەندی و هەلەکان دەبێت بە شێوەی یاسایی و یەکسانی بۆ هەمووان فەراهەم بکرێت یان بە شێوەی یەکسانی و بەپێی یاسا دابەش بکرێت. لێرەشدا پرسێکی زۆر گرنگتر دێتە پێشەوە کە خودی فەراهەم کردن یان دابەشکردنی عادلانە چییە و چۆنە؟ یان چ پێوەر و دیدگایەکی گشتی دەبێتە زەمینە و سەرچاوەی ئەو دادپەروەرییە.

وەڵامی ئەم پرسیارە لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا بە دوو جۆر وەڵام

دراوەتەوە : "یەکەم، عەدالەت بەمانای بەدەستهێنانی بەرژەوەندی هەموو لایەك (یان بەرژەوەندی بەرامبەرەکان) لەسەر بنەمای ڕێکەوتن و بڕیاردانی هاوبەش کە لەو زەمینەیەدا زەمانەت کردنی بەرژەوەندی درێژماوەی تاکەکان دەبێتە بەردی بناغە، و دووەم، عەدالەت بەمانای بێ لایەنی، واتا کە بتوانین داکۆکی لە ڕەفتاری خۆمان بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی"[٤]

لە فەلسەفەی دێرینی یۆناندا وتراوە کە دەبێت هەموو فەزیلەتێك بۆ خاوەنەکەی سوودمەند بێت، بەڵام عەدالەت ئەو فەزیلەتەیە کە لە سوودی هەمواندا یان ئەوانی دیکەشدا دەبێت، نەك لە بەرژەوەندی خاوەنەکەی. بەم پێیە لە ئەندێشەی یۆنانیدا بە شێوەی گشتی عەدالەت وەکو بنەمای سازش و ڕێکەوتن نەفی کراوە و بەڵکو عەدالەت وەکو بیرۆکەی هاوتابوون (تعادل) باسی لێکراوە. لەلای یۆنانەکان کۆمەڵگای هاوتا (متعادل) کۆمەڵگایەکی خاوەن پلە و پایە و ئاستی ئاڵۆزە، وەکو هەر تاکێك کە لە هێزی دەروونی خۆیدا بە هاوتابوون دەگات. لە ڕووی پرانسیپەوە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لە عەدالەت لە مێژووی ئەندێشەی سیاسیدا بە نەزۆکی مایەوە و لە باس و خواسی سەرەکی عەدالەت لە سەدەکانی دواییدا کاریگەری نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەلسەفەی ئەفلاتون بیرۆکەی ئەندێشەی عەدالەتی وەکو ڕێکەوتن و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی بەرامبەر سەیرکردووە. بڕوای ئەفلاتون وابوو کە لێبوردن یان چاوپۆشین لە بەرژەوەندی تایبەتی کە مەرجی سەرەکییە بۆ عەدالەت و دەبێتە هۆکارێکی سوودمەند، چونکە بەهایەکە کە دەبێت بکرێتە هەمان ڕەفتاری لایەنەکانی دیکەش بۆ هێنانەدی عەدالەت.

تیۆری ڕێکەوتن و سوود پەرستانەی عەدالەت لە سەدەی هەڤدەهەم بەدواوە لە ڕۆژئاوادا باوبوو. لەم دیدگایەدا عەدالەت بڕوایەکی دووربین و کارێکی عەقڵانی دەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاك کە بێگومان دەبێت ئاگا و زانیاری لە بەرژەوەندی ئەوانی دیکەش بێت، یان پێویستی بە ناسینی





پێناسەکردنی بەرژەوەندییەکانی گشتیش هەیە. عەدالەت سنووردار بوونێکە کە تاکی هاوبەرژەوەندی عاقل پێوەی پابەند دەبێت بۆ ئەوەی هاوکاری ئەوانی دیکەش بەدەست بهێنێ. تاکەکان بیانەوێ یان نەیانەوێ لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا هەوڵ دەدەن، و کاری عادلانەش نابێت و ناکرێت ناکۆك و جیاوازبێت لەگەڵ بەرژەوەندی تاکەکان و ئەگەر واش بێت عەدالەت بێ بەرهەم و ئەنجام دەبێت. عەدالەتی سەدەی هەڤدە یان عەدالەتی نێو زەمینەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) هەم بەسوودی کەسی خاوەن مەبەستە و هەم لە سوودی گشتیشدایە و ئەمەش دەبێتە یەکێك لە پایەکانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی). لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدە هۆبزو هیوم گرنگترین نوێنەری ئەم تیۆرەیە بوون. بەبڕوای هۆبز عەدالەت بریتییە لە کارکردن بەو بەڵێن و پەیمانانەی کە تاك لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خوازی خۆیەوە جێبەجێیان دەکات، هەر بۆیە بنەمای عەدالەت دەبێتە ڕێکەوتن یان پەیمان. هیومیش کە کاریگەری هۆبزی لەسەر بووە و دەبێتە ئیلهام بەخشی مەکتەب یان پەیڕەوی (سوود گەرایی) کە عەدالەت لە دابینکردنی بەرژەوەندی لایەنەکانی بەرامبەردا دەبینێ، و پرسی عەدالەت لەو جێگایە پەیدا دەبێ کە بەرژەوەندی و جیاوازی لایەنەکان دەبێتە بابەت. لەم ڕوەوە خەڵك دەتوانن دەربارەی کاری عادلانە بە ڕێکەوتن و پەیمان بگەن، کە ئەم ڕێکەوتنە بێگومان بەبێ بەرژەوەندی تاکەکان نابێت.

بەڵام تیۆری دووەم، واتە عەدالەت بەمانای بێلایەنی، لەوانەیە هەلومەرجێك بێت بە سوودی لایەنە بەرامبەرەکان، بەڵام عادلانە یان دادپەروەرانە سەیرنەکرێت یان حساب نەکرێت. عەدالەت بە مانای بێلایەنی و لەسەر بنەمای نادیدەگرتنی بەرژەوەندی کەسانی دەرگیر و لە دیدگای چاودێرێکی میسالی کە لەو نێوەدا هیچ بەرژەوەندییەکی نییە، دەبێتە پرسێك کە مرۆڤ تیایدا بەرژەوەندی خۆی نابێ لەبەر چاو بگرێ. بە شێوەیەکی گشتیتر ئەم شێوەیە لە عەدالەت ناوەڕۆکی ڕێکەوتنی بیرمەندان و کەسە عاقڵەکانە کە توانا و هەلومەرجی خۆیان لە ڕێکەوتنی نێوانیاندا ڕەنگ ناداتەوە. زەمینەی کاری

عادلانە لێرەدا دابینکردنی بەرژەوەندی هاوتاکان نییە، بەڵکو کارکردنە بە پرانسیپێك کە خەڵك لە ڕووی عەقڵەوە (نەك لە ڕووی بەرژەوەندی) پەسەندی دەکەن. کاری دادپەروەری لە ڕووی سوودەوە نا، بەڵکو لە ڕووی بەڵگەی عەقڵانی و جێبەجێکردنی فەزیلەتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم شێوە (ئامانج خوازییە) (Teleological) لە عەدالەت، لەبەرامبەر تێگەیشتنی (ئامێرخوازی) هۆبزو هیوم، لەلایەن ئیما نوێل کانتەوە بۆ یەکەم جار باسکرا. بە بڕوای کانت لە تیۆری دادپەروەریدا نابێت تاك لە ڕوانگەی بەرژەوەندی بڕوانێ، بەڵکو دەبێت بگەڕێ بەدوای خاڵێکی هاوبەشدا کە جێگای ڕێکەوتنی هەموو دیدەکان بێت. تاك دەبێت خۆی لە هەموو ئەو تایبەتمەندی و سیفاتانەی کە زۆربەیان بە ڕێکەوت تیایەیدا بوون (دەسەڵات، سامان، هەلومەرجی ژیان و پلەوپایە کە هەموویان بەرهەمی ڕێکەوتن) بەتاڵ بکات بۆ ئەوەی بتوانێت دەربارەی عەدالەت بیربکاتەوە. هەندێك لەم تێگەیشتنە لە عەدالەت بە غەیرە عەقڵانی دائەنێن، هەرچەندە لە دیدگای دیکەدا بێ لایەنی خاوەن عەقڵانیەتی زیاتر دەبێتە پێوەر بۆ جێبەجێ کردنی عەدالەت. لە ڕوانگەی عەدالەتی ئامانج خوازی، هۆکاری عەدالەت لە بنەڕەتدا هۆکارێکی ئەخلاقییە، نەك ئابووری و بەرژەوەندی خوازی، لەم تیۆرەدا مرۆڤەکان تەنها بەرژەوەندی خۆیان هەڵنابژێرن، بەڵکو دیدگا و ئایدیای عەدالەت لە هەمووان باڵاتر و دڵخوازتر دەبێت. گەورەترین ڕەخنەی واقعی کە لە دیدگای کانتی بۆ عەدالەت گیراوە ئەوەیە کە ئەم تیۆرەیە زەمینەی پەیوەندی دەسەڵات و سامان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو ناگرێ و تەنها پێوەر بۆ ئامانجی ئایدیالی خۆیەتی کە جێبەجێ کردنی عەدالەتە. بەڵام عەدالەت لە کوێ و چۆن و لە چ زەمینەیەکدا جێبەجێ دەکرێ، لەم تیۆرەیەدا گرنگی شایانی باس نییە و ئەمەش ئەو شتەیە کە جان راوڵز ناوی ناوە (پەردەی نەزانین)[٥] و دەبێتە یەکەمین هەلومەرج یان زەمینەی دەست پێکردن بۆ پیادە کردنی عەدالەت، یان وەکو راوڵز دەڵێت (عەدالەتی ویژدانی) لە کام زەمینە و پێشینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا پەیدا دەبێ.





## مارکسیزم و مەسەلەی عەدالەت

ئامانجی عەدالەت و بزاڤەکانی دادپەروەری کە خاوەنی بەرنامە و پەیڕەوی کۆمەڵایەتی - ئابووری یەکسانی خواز و ئازادی خوازین، بەرهەم و ڕەنگدانەوەی زوڵم و ستەمی چینایەتی کە لە نێوان ستەمکاران و ستەمدیدەکاندا لە تەواوی مێژوودا لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا بوون و دەبن. ئەم خەبات و نەبەردە کە لە ئێستا و ئایندە شێوە و شێوازی جیاوازتری بە خۆوە گرتووە و تا ئەو سەردەمەی کە چەوسانەوە و جیاوازی و ئیمتیازی چینایەتی هەبێت ئەم خەباتە بەردەوام دەبێت. لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بزاڤ و سەرهەڵدانەکانی عەدالەت خوازی کە دەبێت لایەنی یەکسانی خوازی بگرێتەوە لە ئەسڵدا کۆکردنەوەی نێوان هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییە لە ئامانجی عەدالەتدا.

ڕوانگەی سەرەکی مارکسیزم بۆ تیۆری عەدالەت، سەرەڕای ئەوەی کە بە توندی گرێدراوە بە عەدالەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەشی لەبیرناچێ کە ناوەڕۆك و ماهیەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مێژوویی و سیاسی ئەو تیۆر و چەمکە شی بکاتەوە و سەبارەت بە ناوەڕۆکی چینایەتی و ئامانجی یەکسانی خوازی تیۆرەکان داوەری دەکات. یەکەمین شتیش کە مارکسیزم لێی دەکۆڵێتەوە پرسی پەیوەندی و ناسنامەی چینایەتی و هۆشیاری چینایەتی ئەو کەس و تیۆرمەندانەیە کە باس لە دیدگا و بەرژەوەندی چینەکان دەکەن لە ناو یان بەناوی تیۆری عەدالەتەوە. دووەمین لایەنی هەڵوێستی مارکسیزم ئەوەیە کە عەدالەت خوازی و لە نێوبردنی ستەم و ئارەزووی ئازادی و ڕزگار بوون خواستو ئەندێشەیەکە کە لەسەردەمی دێرینەوە تا ئێستا چینە چەوساوە و ستەم دیدەکان بۆی تێکۆشاون. سەرئەنجام دیدگای مارکسیزم سەبارەت بە عەدالەت و عەدالەت خوازی لە ماهیەت و ناوەڕۆکی چینایەتی لەلایەك و بەدەستهێنانی ئامانجی یەکسانی خوازانەی عەدالەت لەلایەکی دیکەوە، مانا پەیدا دەکات. خاڵی هاوبەش و لە هەمان کاتدا خاڵی لاوازی هاوبەشی تەواوی تیۆرەکانی عەدالەت

(لە ڕوانگەی مارکسیزمدا) ئەوەیە کە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پرس و چەمکەکانی کۆمەڵایەتی (وەکو ئازادی و عەدالەت) ئەوەیە کە زۆربەیان لە بازنەی گشتی و زەمینەی فەرهەنگ و سیاسەت دوور ناکەونەوە و ناچنە ناو بونیادی گشتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی و پەیوەندی ئەو چەمك و تیۆریانە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و ئابووری خەڵك زۆر لاوازە و ناتوانن چارەسەری کێشەی ژیانێکی دادپەروەر و یەکسان بۆ هەمووان بکەن. کێشەی زۆربەی تیۆرەکانی عەدالەت هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا ئێستا و لەناوانیشاندا تیۆرەکەی راولز ئەوەیە کە سنوورەکانی کۆمەڵگای چینایەتی نابەزێنن و پەیوەندییە چینایەتییەکان دەستکاری ناکەن.

مارکسییەکان بڕوایان وایە کە جان راولز پرسی ئازادی و عەدالەت و مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی پەسەندکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بۆرژوازی و، بوونی چینە باڵادەست و کەمدەستەکاندا دەخاتە ڕوو. جان راولز، بە بڕوای مارکسیزم، هەوڵدەدات کە لە ڕێگای ڕستێك گریمانەی خەیاڵی، کە پەیوەندی بە راستی و واقعییەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی نییە و تەنها لە بیر و زهنی خۆیدا بەدەستی هێناون، تیۆرێك دەربارەی عەدالەت بەیان بکات، کە لەڕاستیدا نەفی کردنەوەی عەدالەتە. چونکە جان راولز پایەکانی سیستەمی چەوسانەوە و ئیمتیازی چینایەتی وەکو خۆی دەهێڵێتەوە.

عەدالەتی یاسایی، یان لایەنی یاسایی عەدالەت کە پرسێکی گرنگی زۆربەی دیدگا و تیۆرەکانی عەدالەتە لە ڕوانگەی مارکسیزمدا مایەی ڕەخنە و شیکردنەوەی ڕەخنەییە. عەدالەتی یاسایی کە بریتییە لە یەکسانی هەمووان لەبەرامبەر یاسادا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە پایگای سەرەکی بوون و پیادەکردنی عەدالەتی یاسایی، بوون و پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە لەزەمینەکانی دەسەڵات و ساماندا و ئەگەر ئەم پایگایە بوونی نەبێت ئەو کاتە یاسا دەبێتە بەیانکەری خواست و بەرژەوەندییەکانی کەمایەتییەکی حاکم و





خاوەندار. دووبارەکردنەوە و ڕەواجدانی تیۆرەکانی لیبرالی و نیولیبرالستی دەربارەی عەدالەت کە تائێستا باون و هێز و تینیان هەیە و بەشێکن لە سەرخانی سیاسی سەرمایەداری و ئیمپریالزمی سەرمایەداری بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بزاڤ و شەپۆلەکانی نارەزایی عەدالەت خوازی و ماف پەروەرانەی خەڵکی ستەم دیدەیە لە تەواوی جیهاندا. بە دەست هێنانی تیۆر و ناوەڕۆکی نوێ بۆ عەدالەت کە بەوهۆیەوە بتوانرێت چەوسانەوە و نایەکسانی چینایەتی لەنێو ببرێت، تەنها لەڕوانگەی ئەو بزاڤە ماف پەروەر و یەکسانی خواز و دادپەروەرانەوە دەبێت کە لەدژی جیاوازی و ئیمتیازی چینایەتی سەرمایەدای و ئیمپریالزم وەدەنگ هاتوون، کە بێگومان سەرچاوەکەی لە تیۆری عەدالەتی مارکسیستیدایە، کە ئەویش عەدالەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان عەدالەتە لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان و دەسەڵاتدا بە شێوەی یەکسان و بەرامبەر.[٦]

## تیۆری عەدالەت لای راولز

جان راولز لە کتێبی "تیۆرێك دەربارەی عەدالەت" تێدەکۆشێ کە چەمك و تێگەیشتنێك لە عەدالەت پیشان بدات کە هەمان تیۆری ناسراوی "پەیمانی کۆمەڵایەتی"یە لەلای جۆن لۆك، جان جاك رۆسۆ و ئیمانوێل کانت، بەڵام لەئاستێکی باڵاتر و تایبەتمەندتردا. ئەو بە تایبەتی لە هەوڵیدایە، ئەوە ڕۆشن بکاتەوە کە کام بنەما و پرانسیپ دەبێت هەبێت"کە کەسانی ئازاد و عاقڵ پەیڕەوی لێدەکەن بۆ پەیداکردن و بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان لە هەلومەرج یان زەمینەی سەرەتایی یەکساندا -کە هەلومەرجی بونیادنانی پێکهێنانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن، وە ئەو زەمینە و سەرچاوەیە ناو دەنێت هەلومەرجی سەرەتایی بۆ بەدیهێنانی عەدالەت."[٧] یەکەمین کاری جان راولز کە ناوی دەنێت "هەلومەرجی سەرەتایی" بۆ ئەوەیە کە ئەو زەمینە و پێشینەیە ڕۆشنبکاتەوە کە دەبێت لە کۆمەڵگا و یاسا و دەستوردا هەبێت بۆ پەیداکردنی بنیاتنانی عەدالەت، واتە هەلومەرجێك کە بە شێوەی ڕەسمی و کۆمەڵگایی ئامادەکرابێت لەزهن و بیرکردنەوە و ویژدانی تاك و کۆمەڵدا بۆ بەدەستهێنانی



هەواڵنامەی کتێب

عەدالەت. ئەو دەپرسێ کە سیستەمی مەنتقی بەها سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵ و ڕێساکانی ڕەفتاری کە سیستەمی سیاسی لەسەر ئازادی عەقڵانی تیایدا دیاریکراو دەبێت، کامانەن؟ پاشان دەیەوێت ئەوە پیشانبدات کە کام بەرنامەی سیاسی گشتی دەبنە مەنتیق و پابەندبوونی سەرەتایی بۆ ڕێسای زەمینەیی و ژێرخانی دڵخوازی بەدەستهێنانی ئامانجەکان. ئەم دوانە لەلای ڕاوڵز (واتە سیستەمی مەنتقی بەها سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵ و بەرنامەی سیاسی گشتی) لەگەڵ یەك و بەهاوبەشی کۆمەڵگای دادپەروەر پێناسە و دورست دەکەن.

ئامانجی ڕاوڵز لەم شیکردنەوەیەی سەرەتا، یان لەم زەمینە سازییە خستنە ڕووی ڕێگایەکی زیندووترە لە بیروباوەڕ و ئامۆژگاریەکانی لیبرالیزمی سوودگەرا کە سەردەمێکی زۆربوو سایەی خۆی بەسەر نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوادا پەخش کردبوو، کە عەدالەتی بە زۆرترین هاوسەنگی و ڕازیکردنی نیاز و قازانجەکان پێناسە دەکرد. ڕاوڵز دەیەویست تیۆرێك بۆ عەدالەت پیشان بدات کە بنەمای ئازادی و کۆمەڵگا بە پیرۆز ڕابگرێت و لەجیاتی ئەوەی بەرژەوەندی و ڕەزامەندی تاك و کۆمەڵ بینابکات. چەمکی هەق و ڕەوای دەکردە پێوەری گشتی (ئەو تێدەکۆشێ ئەوە نیشان بدات کە دیدگای ئەو لەگەڵ پێداویستی و داواکاری هەموو کەسێکی عاقڵ و خێرخواز سازگار و هاوتایە لەگەڵ نیاز و بەرژەوەندیەکانی). ڕاوڵز تیۆرەکەی خۆی لەسەر بۆچوون و گریمانەی ئەخلاقی پێناسە دەکات کە دەڵێ : یا خێر سەربەخۆ و دابڕاو نییە لە هەقی دیاریکراو یان هەق وەکو هۆکاری زیادکردنی خێر ناناسێ، چەمکی هەق دەبێت بالاتر بێت لە چەمکی خێرکردن و ئەو کارەکەی خۆی لەم زەمینەیەدا بە دەستکەوتێك دەزانێ لە تیۆری هەڵبژاردنی عەقلانیدا و تیۆری عەدالەت بەم شێوەیە لەلای ڕاوڵز گرنگترین بەشی تیۆری هەڵبژاردنی عەقلانییە.





## بەشەکانی تیۆری عەدالەت لای ڕاوڵز

### ١. هەلومەرجی سەرەتایی Original or Initial Position

هەلومەرجی سەرەتایی یان زەمینەی یەکەمین کە ڕاوڵز تیۆرەکەی بەوە دەست پێدەکات و دیدگا سەرەکیەکانی لەوێوە ڕۆشن دەکاتەوە، هەمان نەخشی هەیە کە "هەلومەرجی سروشتی" لە تیۆری "پەیمانی کۆمەڵایەتی"دا دەیبینێ. ڕاوڵز بە پەیڕەوی لە کانت و بە ڕۆشنی ئەم هەلومەرجە یان زەمینەیە وەکو هەلومەرجی پێویست -نەك مێژوویی- دەناسێنێ. واتە تیۆری عەدالەت، یان سیاسەت و پەیڕەوی عەدالەت دەبێت لەو هەلومەرج و زەمینەیە سەرەتاییە بەهرەمەند بێت، ئەگەر نا ئەوسا باسێك لە عەدالەت و عەدالەت خوازی نابێت! هەر بۆ ئەو مەبەستە بۆ خۆی لە پێشەکی "تیۆری عەدالەت"دا دەڵێت : "لەجیاتی چەند بنەما، دوو بنەمای گرنگم هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بیانکەمە هەلومەرجی سەرەتایی، یەکەمیان، بنەمای یەکسانییە لە دیاریکردنی ماف و ئازادی و ئەرکەکاندا و دووەمیان، بنەمای نا یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە واتە نایەکسانی لە سامان و دەسەڵاتدا تەنها ئەو کاتانە عادلانەیە کە بۆ کەسانی هەژار و بێبەش لە کۆمەڵگا مایەی دەردەسەری نەبێت و بەڵکو دەبێت مایەی بەهرەمەندی و بەرزبوونەوەی ئەوان بێت بۆ ئاستی چینی ناوەند. واتە دەبێت سیستەم و نیهادەکانی کۆمەڵگا بە جۆرێك سازمان بدرێن کە خۆشی یەکێك لەگەڵ کەسێکی دیکە، هێندە زۆر نەبێت کە تەحمول نەکرێن، واتە دەبێت خۆشییەکان لە ڕەنجەکان زۆرتربن ، یان ئەگەر هەندێك لە بەرژەوەندی زۆر بەهرەمەندبن و هەلومەرجی بێبەشانیش لەو ڕێگایەوە باشتر بکرێت، ئەوسا نا عەدالەتی لە کاردا نابێت. "

ئەو دوو فۆرمۆل یان دوو بنەمای سەرەکی دەکاتە بەندە سەرەکییەکانی تیۆرە عەدالەتییەکەی : یەکەم، ئەوەیە کە هەموو کەسێك دەبێت بەهرەمەند



هەواڵنامەی کتێب

بێت لە مافی یەکسان لە ئازادییە سیاسییەکان، دووەم، دەبێت نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەجۆرێك ڕێك بخرێت کە هەم (أ) بەشێوەی گونجاو لە بەرژەوەندی هەموو تاکێکدا بێت و (ب) لەگەڵ پلە و هەلومەرجی گشتی بۆ هەمووان کراوە بێتو هەمووان سوودی لێ وەربگرن. لەم دیدگایەدا راوڵز دەیەوێ ئەوە نیشان بدات کە یەکسانی لەناو ئازادییدا بە تەواوی لەگەڵ بنەمای کارایی ئابووریدا سازگارە. لە دووەمین بنەمادا، عیبارەتی "بە قازانجی هەر کەسێك" لە ڕاستیدا بەمانای خۆشبینی بۆ هەمووانە و ئەم فۆرمۆل و دیدگایە بە جۆرێك دەبێت ڕێك بخرێت کە باشتر بوونی هەلومەرجی تاکەکان و (تەنانەت یەك کەسیش) نابێت ببێتە هۆکاری خراپتر بوونی هەلومەرجی ئەوانی دیکە (ئەگەر لانی کەم یەك کەسیش)بێت. ڕستەی "کەکراوە بێت بەڕووی هەمواندا" ئەو خاڵە زەمانەت دەکات کە کار و فرسەتەکانی ژیان دەبێت بە ڕووی هەموو ئامادەیی و تواناکاندا کراوەبێت و یەکسانی فرسەت و هەلی عادلانە زیاتر بکرێت. کە باس لە "نایەکسانی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری" دەکات هەر بەو شێوەیە هەقی بۆ دەکاتەوە. نایەکسانی و سنووردارکردنی نا یەکسانی لە توانا و ئامادەیی سروشتیدا تا ئەوکاتە ڕێگا پێدراوە کە بێبەش ترین کەسەکان بتوانن لێی بەهرەمەند بن.

### ٢. عەدالەت و یەکسانی لە دەوڵەتی ڕەفادا

راوڵز لەسەر بنەمای ڕێکەوتن یان پەیمانی کۆمەڵایەتی تا ئەو جێگایە دەچێتە پێشەوە کە تیۆری عەدالەتی تیا بخاتە ڕوو، ئەم تیۆرەیە لە دیدگای سیاسی نیهاد و سیستەمی دیموکراسیدا لە دەستووردا مانا پەیدا دەکات و لە ڕوانگەی ئابووریشدا پشت بەو سیاسەتانە ئەبەستێ کە یەکسانی ڕێژەیی دابەشکردن لە سامان و پلە و پایەدا بەدی دەهێنێ. راوڵز یەکەمین و سەرەتایی ترین دیدگای خۆی دەربارەی عەدالەت ناودەنێ "عەدالەت وەکو ویژدان / یا عەدالەت و ویژدان" ئەمەش دەکاتە دووەمین بەشی تیۆرەکەی لە دوای بەشی یەکەم کە (هەلومەرجی سەرەتایی)بوو. ئامانجی راوڵز لە پێکەوە بەستنی





عەدالەت و ویژدان ئەوەیە کە بنەما و دیدگاکانی دەوڵەتی ڕەفا شیبکاتەوە و ئاراستەیان بکات، کە ئەم دەوڵەتە لە دەیەی ١٩٣٠ بەدواوە لە فەرهەنگی سیاسی ئەمریکادا ڕوو لە پێشە. راوڵز بۆخۆی دەڵێت کە لە "نووسین و خستنەڕووی بنەماکانی هەلومەرجی سەرەتادا، کاری بە دیدگای ناوەکی و شاراوەی بابەتەکان نییە، بەڵکو دەیەوێ قووڵترین بیروباوەڕی کۆمەڵگا پێناسە بکات و بیانخاتەڕوو. هەر بە وتەی خۆی یەکێك لەو ڕێگایانە ئەوەیە کە ئاراستە کردن و ناسینی هەلومەرج یان زەمینەی گشتی و سەرەتاییە بۆ عەدالەت. . . . ئەوەیە کە ببینین کە بنەمای هەڵبژاردن لەگەڵ بیروباوەڕی عەدالەت خوازانەی ئێمە بە شێوەی گشتی بخرێنەڕوو و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. ناسین و پیادەکردنی ئەو بنەما گشتییانە ئێمە بەرەو ئەو حوکمانە ڕێنمایی دەکات کە پەیوەندارن بە بونیاد و پێکهێنانی کۆمەڵگاوە کە ئێستا بە ئاشکرا بوونەتە بەها و ئەحکامی گشتی، کە ئێمە یان بە تەواوی پشتیان پێ دەبەستین، یان هەندێك گومانمان هەیە دەربارەیان. ئەم بنەمایانە دەربارەی عەدالەت دەمانگەیەنێتە ڕێگا چارەیەك کە دەبێتە مایەی بڕواکردن و تێڕامان دەربارەی بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵگا".

لە کاتێکدا، سەرەڕای دیدگای گشتی وبونیادی کۆمەڵگایی، کە مەسەلەی جیاوازی چینایەتی و هەڵاواردنی نەژادی و موداراتی سیاسی لە کاردایە و لە باسوخواسی گشتیدا کەلێنی دروستکردووە، بڕوای راوڵز بەوجۆرەیە کە هێشتا دەربارەی دابەشکردنی دروست و عادیلانە سامان و دەسەڵات دڵنیایی زۆر یان شایانی باسمان نییە و سەرئەنجام راوڵز لە زەمینەی عەدالەتی دابەشکردندا پەنا دەباتە بەر ئامۆژگاری و ڕێنماییە فەلسەفییەکان.

### کاریگەری فەلسەفی کانت

چەمکی (هەلومەرجی سەرەتایی) کە بەردی بناغەی دەوڵەتی ڕەفای راوڵز پێکدەهێنێ، لە هەمان کاتدا دەبێتە دڵ و مێشکی تیۆرەکەشی. خراپ نابێت ئەگەر ئەوە بزانین کە هەندێك توخمی فەلسەفی تیۆرەکانی کانت دەربارەی

ئازادی مرۆڤ و دیدگا و هۆکاری ئەخلاقی کاریگەری قورسی دەبێت لەسەر تیۆرەی راولز. راولز قەرزباری خۆی بۆ کانت لە سەرەتای کتێبەکەیدا رادەگەیەنێ و دەڵێت : "لەوانەیە هەلومەرجی سەرەتایی بە ناونیشانی شیکردنەوەی دیدگاکانی خودسامانی و بۆچوونی ڕەها لە فەلسەفەی کانتدا ببینرێت. بەڵام دەبێت ئێمە لەو دیدگا و بۆچوونە فەلسەفییانەدا بنەمای سیستەم بەخش و قەڵەمڕەوی ئامانجەکان لەو هەلومەرجانەدا بەدەست بهێنین و پێناسەی ئەم هەلومەرجە ئێمە بە توانا دەکات کە ئەو هەست و بۆچوونانە بناسین و بەدەستی بهێنین کە لەو بنەمایانە پەیدادەبن و بەیانگەری سروشتی ئێمە دەبن وەکو کەسانی ئازاد و لە ڕوانگەی عەقلانیدا یەکسان". [8]

راولز چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کەسانی دیگەش بنەمای عەدالەت لە هەلومەرج و زەمینەی یەکەمیندا پەسەند بکەن و ئەم پەسەندکردنەش نابێت لەسەر ئەژمارکردنی بەرژەوەندی بێت، بەڵکو دەبێت پشت بەستووبێت بە هەست و بڕواکردن بە عەدالەت. بە بڕوای ئەو مەبەست لە هەلومەرج و ڕێساکان"بەدەستهێنانی یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان وەکو کەسانی ئەخلاقی، یان ئەو بوونەوەرانەی کە خێری خۆیان دەناسن و هەست و بڕوای عەدالەت خوازیان هەیە". هەر بۆیە دەڵێت : "هەرکەسێك کاتێك دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو دەتوانێ لە هەلومەرج و زەمینەی ئاساییدا خاوەن هەستی عەدالەت بێت" و بە بڕوای ئەو ئەزموونی ژیان لەو کۆمەڵگایەدا کە ئەو بە عەدالەتی دەزانێ، ئەم هەستەی عەدالەت خوازییە بەرەوپێش دەبات.

لەو جێگایەوە کە بنەمای ڕێکەوتن لە جیاتی ئەوەی لەسەر بناغەی بەرژەوەندی بێت، دەبێت لەسەر چەمکی هەق بڕیاری لەسەر درابێت، راولز (پەردەی بێ خەبەری) یان (پەردەی نەزانین) Veil of ignorance [9] بەرووی ئەو کەسانەدا دەهێنێ کە خۆناسین یان خۆویستن لە حاڵەتی تێڕامان لە بنەماکانی ئەو لە زەمینەی سەرەتاییدا وێڵ دەکەن. ئەم پەردەیە تەواوی





زانینەکانی تایبەت بە هەلومەرج و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەوکەسە، ئامادەیی و کەمایەتی سروشتی لەزهن و توانای ئەودا پاك دەکاتەوە. یەکێك لەلایەنە قورس و سەختەکانی تیۆری راولز ئەم پەردەی نەزانین و بێ خەبەرییە، کە هیچ کەس لە چەمکی خێر لەلای راولز شتێکی وەها نازانێ. تایبەتمەندی خستنەڕووی ژیانی عەقڵانی و تەنانەت سیفاتە تایبەتییەکانی دەروونی کەسەکان، وەکو خۆ دەربازکردن لە مەترسی یا بەدبینی و خۆشبینییەکان هەموویان نادیارن. زانیاری دەربارەی هەموو ئەمانە پەیوەندی بە سنوور و قەڵەمڕەوی (خود)ەوە هەیە، بەڵام (خود) نماییش پێویستی بە شارەزایی و ئاراستەی ئازادی و عەقڵانیەتی ئەخلاقی ئەوکەسە هەیە. وێنا و باسکردنی (هەلومەرجی سەرەتایی) لە شیکردنەوەی دیدگای (خودەکان)دا دەبێ، ئەو خودانەی کە هەمان بوونی ئازاد و لە دیدگای عەقڵانیدا یەکسانن. لەم دیدگا ئازاد و عەقڵانی و یەکسانییەوە راولز دەڵێت : بەڵگەی زۆرمان بەدەستەوە نییە کە بخوازین دابەشکردنی دەرامەت و سامان، لەجیاتی ئەوەی لەسەر بناغەی بەهرەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مەیسەر بێت، بە پێی دابەشکردنی تواناکانی سروشتی پیادەیان بکەین. نایەکسانییەکانی تایبەت بە لەدایك بوون و تواناکانی سروشتی، ئەو نایەکسانییانەن کە شایستە نین بکرێنە پێوەر.

لێرەوە هەڵوێستی کانت دەربارەی یەکسانی و عەدالەتی ئەخلاقی دەبێتە بەردی بناغەی تیۆری راولز کە لە دەستووری کاری خۆیدا دەیکاتە دیدگای یەکسانی ڕێژەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. واتە جەوهەری دەوڵەتی رەفای لیبرالی بەو ئامۆژگارییانە ئاراستە دەکات. هەرچەندە ئەو ئامۆژگاری و دەلالەتەکانی دیدگای کانت دەربارەی سروشتی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، بەڵام لەو ئەنجامانەی کە کانت پێی دەگات فراوانتر دەڕوات، چونکە ئەنجامگیرییەکانی کانت تەنها لە زەمینەی سیاسی و دەستووریدایە و سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ چەمکی خاوەنداریتی و دارایی، کانت بە تەواوی هەقی خاوەنداریتی تایبەتی پەسەند دەکات و لە هەلومەرجی سیاسیشدا بەهانە بۆ پەسەندن کردن



هەواڵنامەی کتێب

و ڕەوایی ئەو هەقە دەهێنێتەوە. كانت لە میتافیزیكی توخمەكانی عەدالەتدا دەیەوێت باس لە سیاسەتی كاركردەكانی ڕەفاهی دەسەڵاتی سیاسی بكات و لەم زەمینەیەشدا كانت بۆ داكۆكی كردن لە هەژاران و بێبەشان لە دیدگای یەكسانی خوازی راوڵز نزیك دەبێتەوە. دیدگای كانت دەربارەی كەمكردنەوەی هەژاری لە دابەشكردنی سنووورداری سامان لە ڕێگای سیستەمی باجەكان فراوانتر ناڕوات.

### ٣. عەدالەت وەكو یەكسانی یان عەدالەت وەكو ویژدان

زۆربەی تیۆرەكانی عەدالەت دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفییە بدەنەوە كە (عەدالەت چییە؟) و چەمكی عەدالەتیش بەشی هەرە زۆری بونیادی ئەخلاقی تیۆری دیموكراسی بەدەست دەهێنێ. بە تایبەتی دیدگا و بیروباوەڕی عەدالەتی كۆمەڵایەتی یان (عەدالەتی دابەشكردن) كە ڕێگایەكی گونجاوە بۆ دابەشكردنی بەرژەوەندی و پلەوپایە و هاوكاری كۆمەڵایەتی لە سیستەمەكانی دیموكراسیدا. [١٠] پەیوەندی نزیكی نێوان چەمكەكانی دیموكراسی و عەدالەت لە پەیوەندی و نزیكایەتی هەردوكیان لەگەڵ بنەمای یەكسانی پەیدادەبێت. لە سەردەمی ئەرستۆ لە سەدەی چوارەمی پێش زایین و لە كتێبی (سیاسەت)دا كە دەربارەی عەدالەت دەنووسێ و دەڵێ بە شێوەی گشتی كە پەسەندكردنی عەدالەت دەبێت پێناسە و دابینكردنی یەكسانی لەخۆ بگرێ. هەر بەو شێوەیەش یەكێك لە بەڵگە و سەرچاوەكانی پەسەندكردنی دیموكراسی بڕواكردنە بە یەكسانی وەكو مەرجی سەرەكی بۆ بوونی دیموكراسی. بە هەمانشێوە كە تیۆرمەندی سیاسی فەرەنسی (ئەلكسی دوتو كڤویل) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە كتێبی (دیموكراسی لە ئەمریكا)دا دەڵێت : نیاز و خۆشەویستی خەڵك بۆ دیموكراسی و لە سەردەمی دیموكراسیدا، عەشقە بۆ یەكسانی خوازی.

چەمكی عەدالەت هەر لە زەمانی سوكرات و لە كتێبی (كۆمار)ەوە هەتا سەردەمی جان راوڵز، بەهرەمەند بووە لە گرنگیدانی فەلسەفەی ئەخلاقی و فەلسەفەی سیاسی و سوكرات دەڵێت : عەدالەت بۆ هەرجۆرێك و دیدگایەك لە





ژیانی باش نەخشی بونیادی هەیە و ژیان كردن بە پێی عەدالەت لە ناوەڕۆكدا چاكە و فەزیلەتە. راوڵز باس لەوە دەكات كە عەدالەت یەكەمین فەزیلەتە بۆ نیهاد و سیستەمی كۆمەڵایەتی.

پەیوەندی نێوان بەهاكانی (ئازادی و یەكسانی و عەدالەت) یەكێكە لە پرسە سەرەكییەكانی ناو سیستەمی دیموكراسی و زۆربەی بیرمەند و فەیلەسوفەكانیش لەم زەمینەیەدا بڕوایان هەیە و "هەرچەندە ئازادی بەبێگومان یەكێكە لە بەهاكانی دیموكراسی و لە سەرەتای سەردەمی ڕێنسانسەوە توانیویەتی سەردەمێكی نوێ لە تاك گەرایی دەستپێبكات، بەڵام لە هەمانكاتدا و لە سیستەمەكانی دیموكراتیدا، ئازادی بە تەنها وەكو بەهایەك شایانی باوەڕ كردن نییە. بە شێوەیەكی ڕۆشنتر، ئازادی یەكێكە لە بەهاكان و لەگەڵ بەهاكانی دیكەدا ڕەوایی هەیە و یەكێكی دیكە لە و بەهایانەی كە گرنگی و ڕەواییەكەی لە ئازادی كەمتر نییە، چەمكی عەدالەت و یەكسانی خوازییە".[١١]

هیچ سەردەمێك وەكو ئێستا كە سەردەمی جیهانگیری و دەسەڵاتی بێ ئەملاولای سەرمایەدارییە نایەكسانی نێوان وڵاتانی هەژار و وڵاتانی دەوڵەمەند (باشوور و باكوو)، و لەناو وڵاتەكانیشدا نایەكسانی نێوان خەڵكی (بەدەسەڵات) و جەماوەری (بێبەش) بەم خێراییە زیادی نەكردووە و كاریگەری نەبووە. هیچكات بێكاری و هەژاری و مەرگی منداڵان و نەخۆشان و لاوازان لە تەواوی گۆشەكانی جیهاندا بەم شێوەیەی ئێستا، ڕوو لە بڵاوبوونی نییە. "هەر لەبەر هەمان هۆكارە كە تارمایی (یەكسانی خوازی) لە ساڵی ١٨٤٨ (بەوتەی یەكەمین بەیاننامەی ماركس) تا ئێستا دنیای داگیركردووە. لە كۆتایی جەنگی ساردەوە (تارمایی) خودی ماركس وەكو تیۆرمەندی یەكسانی خوازی (تارمایی ماركس ناوی یەكێكە لە دواهەمین كتێبەكانی فەیلەسوفی فەرەنسی ناودار (جاك دریدا) تا ئێستا تەواو نەبووە. هەرچەندە لەو نێوانەدا و لە مێژوویەكی دیاریكراودا شكستی یەك ئەزموونی مەزنی مێژوویی یەكسانی خوازیمان بینی، كە دیسان وا

پێویست دەکات جارێکی دیکە (تازەکاری) دەردناك و خەمئامێز لەو تیۆرەدا بکەینەوە کە ناوی مارکسیزم یان کۆمۆنیزمە". [12]

بە کورتی هەرچەندە تا ئێستا ئەو دیدگایە بە ناواقعی لەقەڵەم ئەدرێ، ئەگەر ئێمە داوای جیهانێك بکەین کە بەتەواوی یەکسان بێت و خاوەندارێتی تایبەتی تیا نەمێنێ و هیچ کەس بە شێوەی گشتی حەز لەوە ناکات کە هەمووماں وەکو یەك و چوون یەك بین، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو دیدگایە بە تەواوی ڕاست و ڕەوایە کە هەوڵی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەك بدەین کە لەوێدا هەلومەرجی یەکسان بۆ ژیان و ئابووری و دەسەڵات بۆ هەمووان وەکو یەك بێت. واتە دەبێت خەباتکردن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان کە هاوڕێ بێت لەگەڵ دیدگا و ڕۆحیەتی گشتی یەکسانی خوازی – ببێتە یەکێك لە کارە گرنگەکانی خەبات و بیر و فەلسەفە، مەبەست لە یەکسانیش (لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دابینکردنی سەلامەت و پەروەردە و فەرهەنگ و کاتی پشوودانە بۆ هەمووان). لەم ڕوانگەیەوە دادپەروەرترین دەوڵەت، تەنها ئەو دەوڵەتانە نین کە ئازادی بۆ هەمووان مەیسەر دەکەن، بەڵکو ئەو دەوڵەتەیە کە تێدەکۆشێ خەبات لە دژی بێ عەدالەتی بکات و بڵێت : هەرکەس بە هەژاری لەدایك بێت، نابێت تا مردن بە هەژاری و بێبەشی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم ئامانجەش دەوڵەت قوربانیش بە هەندێك لە ئازادییەکان بدات. سەرئەنجام دەبێت باش ئەوە بزانین کە هەژاری و نەبوونی بەرهەمی میراتی و ڕەسەنی خەڵکان نییە و نابێت وابزانین کە دەست کورتی یەك واقعیەتی جیناتیکە و نەدیاردەی کۆمەڵایەتیشە، بەڵکو هەژاری و نەبوونی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی زاڵ و بەشێکە لە سیستەمی چینایەتی ئابووری.

### عەدالەت وەکو ویژدان

ئەگەر لە ئازادی و بەهای ئەخلاقی عەدالەت خوازانەی دیموکراسییەوە دەست پێ بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئازادی بکەینە هۆکارێك لە





دژی ئەو ستەم و زوڵمانەی کە هەندێك دەیچێژن (وەکو لە دایك بوونی منداڵێك لە خێزانێکی دەست کورت) و دەبێت لە بەرامبەر ئەم هەلومەرجەدا خەبات بکەین و ئەمەش تەنها یەك هیوا و ئارەزووی خێرخوازانە نییە. بەڵکو دەبێت سیستەمێك بۆ ماف و هەق دابمەزرێنین لە دیدگای تایبەتی خێرخوازی فراوانتر بڕوات و هەق بکاتە پێوەر نەك خێر و ناوەڕۆکی تیۆری جان راوڵز کە ناوی دەنێت (عەدالەت وەکو ویژدان) هەق دەخاتە پێش خێرەوە. ئەم سیستەمە هەقانی و هەق خوازە دەبێت لە هەمان کاتدا بڕیار و ئەحکامی ئاشکرا و پەیگیری هەبێت کە بتوانێت شیکردنەوەی عەقڵانی بکات و زەمینەی گشتی و سەرەتایی کۆمەڵگا لە سیستەمی سیاسی و دەستووریدا بەو جۆرە فەراهەم بکات.

بەڵام راوڵز چاوپۆشی دەکات لە دامەزراندنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەواو (بەدەست هێنانی یەکسانی تەواوی کۆمەڵایەتی پێویستی بە نەفی کردنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی هەیە)، بەڵکو پرسێك دەخاتە ڕوو کە ئامانجەکەی بچووکترە لە دیدگای یەکەم. بەڵام لەو کەمتر ئاڵۆزتر نییە. سەرئەنجام مەسەلەکە بەوە دەگات کە لە چ زەمینە و هەلومەرجێکی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی)دا ئەم عەدالەتەی ویژدانی راوڵز دێتەدی، یان دەبێتە پرسێکی گشتی و حەقیقی. بۆ زیاتر شیکردنەوە و ڕۆشن کردنەوەی دیدگای ویژدانی عەدالەت لەلای راوڵز دەبێت بەم جۆرە بدوێین : ئەگەر هەموو مرۆڤەکان ژیانی خۆیان بە بەختی یەکسان دەست پێبکەن، ئەو کاتە عەدالەت بە جۆرێك دەبێت کە لەگەڵ هەمووانداً بە یەك جۆر ڕەفتار بکرێت، واتە بۆ هەر یەکێك هەمان ئەندازە لە (ماف) و (خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی) بدرێت. بەڵام بە داخەوە هەلومەرجی گشتی و جیهان بەو جۆرە نەبووە و ئەگەر لە جیهانی واقعدا دەست پێبکەین، بۆمان دەرئەکەوێ کە بەختی مرۆڤەکان زۆر بە نایەکسانی دابەشکراوە و لەم کاتەدا دەبێت (عەدالەت) لەسەر ئەوە بنیابکرێت کە دەبێت کەمتر بدرێت بەو کەسانەی کە زیاتریان هەیە و زیاتریش بدرێت بەو کەسانەی کە کەمتریان هەیە و سەرئەنجام بۆ بودەستهێنانی ئەم هەلومەرجە

دەبێت لە کۆتاییدا هەندێك نایەکسانی بەکار بهێنین. واتە دەبێت بۆ هێنانەدی عەدالەت بڕێك نا یەکسانی پێویست دەبێت. لێرە بەدواوە تێگەیشتن لە عەدالەت بەشێك نابێت لە بڕی ماتماتیکی یەکسان بۆ هەریەکێك، بەڵکو دەبێت عەدالەت وەکو ویژدان بەیان بکرێت. ئەوەی کە دەمێنێتەوە و هەموو ناڕۆشنی و کێشەکان لەوێدا پەیدا دەبن، ئەوەیە کە چۆن دەتوانین ئەو بڕ و چۆنیەتییە لە عەدالەت بەکار بهێنین؟ واتە ڕێگە چارەی راولز چییە؟

وەڵامی راولز ئەوەیە کە خەڵك شتێك لە چارەنووسی ئایندەی خۆیان لە سیستەمی گشتیدا (یان پەیمانی کۆمەڵایەتی بە دەربڕینی رۆسۆ و کانت) نازانن و لەژێر پەردەی نەزانیندا ژیان بەسەر دەبەن و بەبێ ئەوەی کە بچوکترین بیروباوەڕی فەلسەفی و ئایینی وایان هەبێت کە پێوەری عەدالەت پەسەندبکەن و سەرئەنجام لە ڕێگای بەدوادا گەڕان و ئەژمارکردنی بەرژەوەندی و ژیانیان دەستیان دەگاتە ئەو سەرچاوانەی کە دیدگای گشتی و کۆمەڵایەتییان پێکدەهێنێ کە دەبێت دوو خاڵ و لایەنی گرنگی تێدابێت :

یەکەم، ئەوەی کە دەبێت زۆرترین ئازادی بۆ هەمووان هەبێت.

دووەم، ئەوەی کە دەبێت بالاترین ئەندازەی یەکسانی لە پەیداکردنی ژیان و گوزەران (بەخت یان شانس) بۆ هەمووان فەراهەم بکرێت (بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە لە خێزانە دەست کورتەکاندا لەدایك دەبن).

بەڵام ئەم دوو چاوەڕوانییە یان داواکارییە پێویستی بە دابینکردنی دوو بنەما هەیە ئەو دوو بنەمایە وادەکەن دیدگای عەدالەتی ویژدانی یان(کۆمەڵگای بەویژدان) پێناسە بکەن :

بنەمای یەکەم (واتە بنەمای ئازادی) : هەموو کەسێك دەبێت ئەو مافەی هەبێ کە سیستەمی تەواوی ئازادییە بنەڕەتییەکان و بە یەکسانی بۆ هەمووان دابین کرابێ.





بنەمای دووەم (واتە بنەمای جیاوازی) : نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێت بە جۆرێك بن کە یەکەم، بە قازانجی دەست کورت ترین و بێبەش ترین کەسان بێت و دووەم، ئەم جۆرە نایەکسانیە دەبێت پەیوەندداربێت بەهەڵی کارکردن و بەدەست هێنانی پلەوپایە و بەهرەمەندی و یەکسانی لە بەخت و شانسدا دەبێت بۆ هەمووان دابین بکرێت :

**ئەم دوو بنەمایە دوو ڕێسا بەدی دەهێنن و تەکمیلی دەکەن :**

ڕێسای یەکەم ئەوەیە کە سەرەڕای دیدگای مارکسیستەکان ئەولەویەت یان دەست پێشکەری بۆ بنەمای یەکەمە نەك بۆ دووەم. واتە نابێت ئازادییە بنەڕەتیەکان سنووردار بکرێن، مەگەر تەنها بەناوی ئازادی. ڕێسای دووەمیش ئەوەیە کە ناسازگارە لەگەڵ دیدگای لیبرالیزمی سوودگەرا و دەبێت پرسی عەدالەت بخرێتە پێش مەسەلەی سوود و کارایی لیبرالیستییەوە. ئەم بۆچوونە تازەیە لە عەدالەت دەتوانرێ بەم شێوەیە فۆرمۆلە بکرێت : "هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکانی، ئازادی و تواناکانی تاك، واتە بوون و هەلومەرجی مادی و مەعنەوی دەبێت بە یەکسانی لە نێوان کەسەکاندا دابەش بکرێت، تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە دابەشکردنی یەکسانی یەکێك یان هەموو ئەم بەهایە لە قازانجی هەریەکێك لە مرۆڤەکان نەبێت". [١٣]

## بەرئە نجامەکانی داد پەروەری

داڤید هیوم (١٧١١-١٧٧٦) فەیلەسوفی سکۆتلاندی ئەم بنەمایەی بۆ عەدالەت دارشتووە : کەمبوونی سەرچاوەکانی دارایی یان کەمی و سنوورداربوونی خێرخوازی، دوو مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی کە ئێمە دیدگا و تیۆری بۆ دادپەروەری پەیدا بکەین. ئەگەر سەرچاوەکانی دارایی سنووردار نەبوونایە، یان ئەگەر خەڵك بۆ خۆیان بەخشندە بوونایە پرس و بیروڕای دادپەروەری پێویستی نەدەکرد!

ئەو سەردەمەی کە داڤید هیوم ئەم بنەمایەی بۆ پرسی بوونی عەدالەت دارشتووە، واتە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، بێگومان سەرچاوەکانی سامان و دارایی بەشی بێ عەدالەتی نەدەکرد، کەچی ئێستا لەگەڵ بوونی ئەو هەژمارە زۆر و لەڕادەبەدەری سامان و دارایی دیسان بەشی بێ عەدالەتی ناکات. ئەگەر لەسەردەمی هیوم دا مەسەلەی کەمی و سنوورداری سامان و دارایی زەمینەبوو بۆ ئەوەی ئەو و فەیلەسوف و بیرمەندانی دیکە بیر لە عەدالەت بکەنەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا دزی و گەندەڵی و ئیمتیازاتی لە ڕادەبەدەری دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران دیسان بەشی بێ عەدالەتی ناکات، سەرەڕای زۆری و بێشوماری سامان و دارایی لە ئاستی وڵاتان و لە ئاستی جیهانیشدا. کەواتە پرس و زەمینەی یەکەم بۆ بیرکردنەوە لە عەدالەت، زەمینە و پرسی سامان و دارایی و دابەشکردنی عادیلانەی ئەو سەروەت و سامانەیە و تەواوی بیروباوەڕ و تیۆرەکانیش هەر لە سوکراتەوە هەتا جان راوڵز، دیدگا و بۆ چونیان لەم بارەیەوە هەبووە. زەمینە و پرسی دووەم بۆ بوونی عەدالەت مەسەلەی خێرخوازی یان پرسی ویژدانە لەلای خەڵک، یان هەروەکو داڤید هیوم دەڵێ ئەگەر خەڵک بۆخۆیان بەخشندە بوونایە، بیروڕا و تیۆرەکانی عەدالەت پێویستی نەدەکرد!

هەردوو زەمینە و پرسەکەی عەدالەت، واتە مەسەلەی دابەشکردنی سامان و دارایی (لەلای مارکسیزم و لەلای جان راوڵز سەرەڕای سامان و دارایی، عەدالەت لە دەسەڵات و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیشدا مەسەلەی گرنگن) و بوون یان نەبوونی بیروڕای خێرخوازی و ویژدان و بەخشندەیی. سەرئەنجام لەلای راوڵز پرسی عەدالەت لە هەردوو زەمینەکەدا وەکو تیۆرییەکی گونجاو و هاوئاهەنگ لەگەڵ بیروڕای لیبرالیزمدا دێتەکایەوە و راوڵز هەردوو لایەنی یەکسانی خوازی (لەسامان و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) و عەدالەتی ویژدانی لەناو تیۆرەکەی خۆیدا دێگا دەکاتەوە. راوڵز بڕوای وایە کە دەبێ لە هەردوو ئاراستەکەو لە هەردوو زەمینەی ڕەسمی و خەڵکیدا ئەم پرسە چارەسەر بکرێت.





بۆ زەمینەی ڕەسمی تێدەکۆشێ کە دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵات و بیرکردنەوەی سیاسی گشتی بکاتە بەشێك لە عەدالەت و لە هەمان کاتیشدا ویژدانی دادپەروەری بکاتە بەشێك یان ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگا سیاسییە (دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵات و بیرکردنەوەی سیاسی گشتی) و هەر بەو شێوەیەش تێدەکۆشێ لە ڕێگای ئۆرگانە ڕەسمی و سیاسییەکانەوە زەمینە و سەرەتایەك بۆ بڵاوکردنەوە یان بەهێزکردن و (ڕەسمی کردنی) ویژدانی دادپەروەر فەراهەم بکات. سەرئەنجام راوڵز دەگاتە بەرئەنجامێك کە بە پەیڕەوی لە ڕۆسۆ و کانت دیسان ناوی دەنێ (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یان بەشێوەی خۆی لە تیۆرەکەیدا ناوی دەنێ (هەلومەرجی یەکەمین یان زەمینەی سەرەتایی) و ناوەڕۆکی ئەم زەمینە و پەیمان و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەش دەبێتە پێکەوە بەستنی دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵات و بیرکردنەوەی تیۆری سیاسی لەلایەك لەگەڵ ویژدانی دادپەروەری لەلایەکی دیکە. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە لە ڕێگای دەستوور و یاسا، سیاسەت و دەسەڵاتەوە ویژدانی دادپەروەری بکرێتە هێزی بڕیاردەر و هێزی بڕیاردەریش دەبێ بەهرەمەندبێت لە ناوەڕۆکی دادپەروەرانە.

دیدگا و چارەسەری دەستووریی و یاسایی لە تیۆری عەدالەتی جان راوڵز لە بنەمای یەکەمی ڕۆشنگەری و دیموکراسییەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش بەها و بنەمای ئازادییە و دەڵێ : پرانسیپی یەکەم لە تیۆری عەدالەت، مەسەلەی یەکسانی بوونە لە بەهرەمەندی ماف و ئازادی. واتە دەبێت هەموو کەس یەکسان بێت لە بوون و بەهرەمەندبوونی ئەو ماف و ئازادییانەی کە هەرسێ شۆڕشە گەورەکەی جیهان کردیانە دروشم و ئامانجی سەرەکی (واتە شۆڕشەکانی بەریتانیا ١٦٨٩، ئەمریکا ١٧٧٦ و فەرەنسا لە ١٧٨٩) و ئێستاش بە شێوەی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ (لەدوای ١٩٤٨) بووەتە پێوەر و ستانداری جیهانی بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. پرانسیپی دووەم، لە تیۆری عەدالەت پرسی نایەکسانی و جیاوازییە، واتە دەبێت جیاوازی و لێك نەچوون و نایەکسانییەکان

به جۆرێك ڕێكبخرێن و پیادەبكرێن، كە هەژارترین و بێبەشترین كەسانی ناو كۆمەڵ لێی بەهرەمەندبن و زیانی تیانەكەن. سەرئەنجام دیدگا و بنەمای دووەم ڕوانگە و سەرەتاكەی دەبێتە مەسەلەی دابەشكردنی دارایی، دەسەڵات و پلەوپایەی كۆمەڵایەتی كە بەردی بناغەكەی دەبێتە بەشداری و بەهرەمەندی خەڵكانی هەرە بێبەش و هەژاری هەتائێستا. بۆ ئەم مەبەستە، خودی جان راوڵز لەوە سڵ ناكاتەوە كە سنووری یەكسانی ببەزێنێ و بچێتە سنووری عەدالەتەوە، واتە لەپێناوی ئەوەی كە ویژدانی عەدالەت بكرێتە یاسا و دەسەڵات و پێوەر پێویست دەبێ كە ئەمجارە بەشێوەی نایەكسانی و جیاوازی مامەڵە بكەین. لەم زەمینەیەشدا و سەبارەت بە پرسی باجەكان دەڵێت : ئەوەی زیاتری هەیە، دەبێت زیاتری لێوەربگیرێ و كەمتری بدرێتێ و ئەوانەش كە كەمتریان هەیە، بێگومان كەمتر دەدەن و زیاتر وەردەگرن و بەم شێوەیە هاوسەنگی دارایی، دەسەڵاتی و كۆمەڵایەتی ڕادەگیرێ و دەپارێزرێ و ئەمەش دەبێتە ناوەڕۆكی دادپەروەرانەی (پەیمان و ڕێكەوتنی كۆمەڵایەتی).

دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی تیۆری عەدالەتی راوڵز، بە بڕوای من دەبێتە زەمینە و سەرەتایەكی نوێ بۆ چارەسەری پرسی دادپەروەری لە دیموكراسی نوێ و بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا كە تازە دەچنە ناو ئاستانەی دیموكراسییەوە (نموونەی عێراق و كوردستان) و پابەندبوون و كاركردن بە دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی دەبێتە یەكەمین كاری ئەخلاقی و فەزیلەتی سیاسی ئەو دەسەڵاتانە و بە شێوەیەك كە هەردوو بنەماكەی جان راوڵز دەبێ و دەكرێ بكرێنە بنەما و بناغەی چارەسەری پرسی دادپەروەری (واتە بنەمای یەكسانی و ئازادی و بنەمای دابەشكردن). هەر وڵاتێك، دەسەڵاتێك یان دەستوور و یاسایەك بەو دیدگا و پێوەرە دەستووری و یاساییە دادپەروەرانەیە دەپێورێت كە مرۆڤدۆست و ئازادی خواز و دادپەروەرە و بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر وانەبێت لەو سنوورانە دەرئەچێت و نامۆیە بە بەها و





بنەماكانی دیموكراسی و ڕۆشنگەری و عەدالەت. لەو وڵاتانەدا كە تازە چوونەتە ئاستانەی دیموكراسییەوە، ئەم مەسەلەیە واتە دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی پرسی ئازادی و یەكسانی و عەدالەت بە پلەی یەكەم كار و ئەركی دەسەڵاتەكان و یاساكانە و بەپلەی دووەمیش كار و ئەركی خەڵكە. لەبەرئەوەی كە لەسەرەتای دیموكراسی و لەنەبوونی هێز و توانی خەڵكیدا زۆربەی دەسەڵات و وەرچەرخان و گۆڕانەكان لە ئەستۆی دەسەڵات و دەوڵەتەكاندایە. خۆ هەموومان دەزانین كە ئەم هەلومەرجە (واتە هەلومەرجی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری حكومەتەكان) هەلومەرجێكی تەندروست و دڵخواز نییە، بەڵام چار نییە دەبێت هەلومەرجەكە بناسین و لەوێشەوە چارەسەرەكان دەست نیشان بكرێن. ئێستا لە تەواوی جیهاندا هیچ دەسەڵات و دەوڵەتێك نییە كە ئاگادار نەبێت لە بەیاننامەی مافەكانی مرۆڤ و جاڕی گەردوونی ئەو مافانە، یان هیچ دەوڵەتێك نییە كە بنەماكانی عەدالەت (لیبرالی و ماركسی) نەزانێت. كەوابێ هەر چاوپۆشی و خۆگێل كردن و خۆ دزینەوەیەك لە ئاشكرا كردن و پابەندبوون بەو بەها و بەنەما جیهانیانەوە، دووركەوتنەوەیە لە دیموكراسی و ئازادی و عەدالەت و ئێستاش ئەم سەردەمە زۆر درەنگە بۆ ڕەوایی دان بە دەسەڵات و دەوڵەتەكان لەسەر بناغەی هەڵبژاردن و دەسەڵاتی زۆرینە، بەڵكو ڕەوایی حكومەت و دیموكراسی لەوەدایە كە بتوانێ ئازادی و یەكسانی و عەدالەت بۆ خەڵك دابین بكات و لەو ڕێگایانەوە تاك و كۆمەڵ لە ئاستەنگ و كێشەكانی ژیان و سیاسەت و كۆمەڵگا رزگار بكات.

دیدگا و چارەسەری دەستووری و یاسایی هەر ئەوە نییە كە لەدەستوور و یاساكاندا ئەو بنەما و بەها گرنگانەی دیموكراسی (ئازادی، یەكسانی و عەدالەت) بنووسرێن و ئاشكرا بكرێن (وەكو ئێستا لە دەستووری عێراقدا)، بەڵكو دەبێت سێ بنەمای گرنگی دیكەش هەبن و هێز و ڕەوایی دەستووری و یاسایی یان پێ بدرێت :

**یەكەم**، دەسەڵات و حكومەتی بەرپرس و پەیگیر هەبێت بۆ پاراستنی ئەو

بنەما و بەهایانە و لە هەمان کاتیشدا دابینکردنی بەردەوام و ڕێگاگرتن لە هەر پێشێلکاری و کەم کردنەوە و سنووردارکردنی ئەو ماف و ئازادییانە.

**دووەم**، بە شێوەی دەستووری و یاسایی و بە بوونی ئۆرگان و دامودەزگای تایبەت و پێویست و بەرپرس بۆ هەموو مەیدانەکانی ژیان یاسای تایبەت هەبێت (یاسای ماف و ئازادییەکان، یاسای کار، یاسای ماف و ستانداردی تەندروستی و بیمە کۆمەڵایەتییەکان، یاسای هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پرسی یەکسانی و ئازادی ژن و پیاو، یاسای تایبەت بە ماف و ئازادی لاوان و منداڵان، یاسای تایبەت بە چارەسەری پرس و کێشەی ناسنامەکانی نەتەوەیی، نەژادی، ئایینی و تایەفی، یاسای تایبەت بە بودجە و باج و عەدالەتی دابەشکردنی سامان و دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و. . هتد). و ئەو ئۆرگان و دامەزراوە و لایەنانە بەرپرس بن لە پیادەکردن و زەمانەت کردنی هێنانەدی ئەو یاسایانە.

**سێیەم**، دیسان بە شێوەی دەستووری و یاسایی خەڵك و جەماوەر ماف و ئازادی ئەوەیان هەبێت کە لەکاتی پێویست (پێشێل کردن یان سنووردار کردن و کەمکردنەوەیئەو ماف و ئازادییانە) لە هێزی کۆمەڵایەتی و جەماوەری خۆیان سوود وەربگرن بۆ ڕێگاگرتن لەو خروقاتانە و لە هەر لایەنێکەوەبێت (ڕەسمی یان میللی). واتە خەڵك مافی ئەوەی هەیە و دەتوانێ و دەبێ داکۆکی لەو ماف و ئازادییانە بکات و نەهێڵێت هیچکام لە هێزەکانی حکومەت، حیزبەکان، خێڵەکان، تاکەکان و بیروباوەڕەکان کە ئەو مافانە کەم بکەنەوە یان هێرشی بکەنە سەر.

تەنها بەو شێوەیە دەستووری و یاساییە و لەسەر شانی سیاسەت و دەسەڵات و بە بەشداری جەماوەر و خەڵك سەرەتاکانی دیموکراسی و دابین کردنی بنەما و بەهاکانی دەچەسپێ و زەمینەی گشتی (ڕەسمی و خەڵکی) سازدەبێ بۆ هێنانەدی ڕێکەوتن و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە بەهاکانی ئازادی، یەکسانی و عەدالەتە و هێزی جێبەجێکەری دەستوور و یاسا و دەسەڵاتە و هێزی پاراستن و مانەوەشی جەماوەری بە ئاگا و هۆشیارە لەو ماف و ئازادییانە. ئێمە تەنها لەو



**هەلومەرجەدا کە جان راوڵز ناوی دەنێ (زەمینەی سەرەتایی یان هەلومەرجی یەکەمین) دەتوانین بناغەکانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ئامادە بۆ بوونی بەهاکانی دیموکراسی (ئازادی، یەکسانی و عەدالەت) دابین بکەین و بەرەو پێشەوەی بەرین.**

سەرچاوەکان

[١] - رامین جهانبگلو، بین گذشته و اینده، نشرنی، چاپ اول، تهران ١٣٨٤، ل ل ١٥٤-١٥٥.

[٢] - رابرت بی. تلیس، فلسفەی راولز، ترجمەی خشایار دیهیمی، طرح نو. چاپ اول، تهران ١٣٨٥.

[٣] - ویلیام تی. بلوم، نظریەهای نظام سیاسی، جلد دوم، ترجمەی احمد تدین، نشر آران، تهران ١٣٧٣.

[٤] - حسین بشیریە، لیبرالیسم و محافظەکاری (تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم، ٢)، نشرنی، چاپ ششم، تهران ١٣٨٤، ل ١١٥.

[٥] - کریستیان دولا کامپانی، فلسفەی سیاست در جهان معاصر، ترجمەی بزرگ نادرزاد، انشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٢.

[٦] - دکتر شاپور رواسانی، عدالت چیست، مجلەی اطلاعات سیاسی-اقتصادی شماره ١٩١-١٩٢، مرداد و شهریور ١٣٨٢، ل ل ١٥٠-١٦٠.

[٧] - ویلیام تی. بلوم، نظریەهای نظام سیاسی، جلد دوم، ترجمەی احمد تدین، نشر آران، ل ٧٤٨.

[٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥٣.

[٩] - رامین جهانبگلو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

[١٠] - دایرة المعارف دموکراسی — جلد دوم — زیرنظر سیمور مارتین لیپست، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه ایران، ل ٩٦٣.

[١١] - کریستیان دیلا کامپانی، فلسفەی سیاست در جهان معاصر، ترجمەی بزرگ نادرزاد، انشارات هرمس، چاپ اول، تهران ١٣٨٢.

[١٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٢-١٧٣.

[١٣] - برایان مگی، مردان اندیشه، ترجمه عزت الله فولادونر، انتشارات طرح نو، چاپ سوم، تهران ١٣٨٢ ، ل ل ٤٣٣-٤٣٤.

# له بارەی لیبراڵیزمەوە ...لەبارەی ئازادی تاکەوە

ن. بیتر لاندری
و.دڵشاد مەحمود

"ئازادی هەر کەسێک بە ئازادییە هاوشێوەکانی ئەوانی تر سنوردار دەبێت، ئەمەش ئەو یاسایەیە کە پێویستە کۆمەڵگا بە گوێرەی ڕێکبخرێت". (سپێنسەر)

## پێشەکی :

لە ساڵی (١٩٤١)دا (ئێف. دی. ڕۆزڤێڵت) بە مەبەستی هاندانی سەربازە ئەمریکیەکان کە لەبەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی کاروبارە جەنگیەکان بوون وتەیەکی پێشکەشکرد. ڕۆزڤێڵت لەوتەکەیدا پشتیوانی تەواوی هاونیشتمانیە ئەمریکیەکانی کە لەوکاتەدا لە وڵاتدابوون، بۆ سەربازەکان دەربڕیو پێیووتن کە لە گەڕانەوەیان بۆ ئەمەریکا سەردەمو ژیانێکی باشتر چاوەڕوانی هەمووولایەکیانە.

"لەڕۆژانی ئایندەدا ئێمە دەست لەملانی جیهانێك دەبین کە لەسەر چوار بنەڕەتی ئازادی مرۆیی دادەمەزرێت. یەکەمیان ئازادی قسەکردنودەربڕین. دووەمیش ئازادی پەرستنی خودا لەلایەن هەر کەسێکەوە بەوشێوەی کە خۆی دەیەوێ. سێیەمیش ئازادی لەوەی دەتەوێت. چوارەمیش ئازادی لە ترسوتۆقاندن".

## ١- ئازادی چییە؟

لەوانەیە کەسێك لەودیو دنیای واقعەوە بەجۆرێك تەسەوری ئازادی بکات یان لە ئازادی بڕوانێت کە حاڵەتێکە تیایدا تاك لەدەسەڵاتوهێزی قەدەری





خراپوناچاربوون ئازادە، یان هەرنەبێ کەمتر لەوە، لەوانەیە ئازادی وابیری لێبکرێتەوە کە دەربازبوونە لە کۆیلایەتیوژێردەستەبوون. بەڵام ئازادی لەوە زیاترە. ئازادی شتێکی پەیوەندیدارە بە تاكوخودی مرۆڤەوە، ئازادی بەخشرانورزگاربوونە لە (دڕەندەییودەسەڵاتی تاکڕەوی)، واتە ڕزگاربوونە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمانە، هەر وەك (OED)دایناوە واتە "بوونی هێزودەسەڵاتی خود بڕیاردانودیاریکردنی ئایندە". ئازادی واتە سەربەخۆبوون، ئازادی دۆخێکە کە تیایدا بەبێ هیچ ڕێگروسنوردارییەك دەتوانرێت هەڵسوکەوتوبزاوت بکرێت، ئازادی واتە ئازادودەستکراوە لە کاروچالاکیوهەڵسوڕاندا.

(هۆڵمز) بەجۆرێك باسی ئازادی دەکات کە: ئازادی مافێکی ڕاستوتەواوی جیاکاری وردی کۆمەڵە لە هەمووشتەکانوکەسەکان، ئازادی یەکێکە لە هەرە بەنرخترین جیاووكومافەکان.

لۆك (Locke) دەڵێ: ئازادی لە تواناداربوونمانایە لەهەڵسوڕانوچالاکیکردنونەکردن بە گوێرەی ئەوەی هەڵی دەبژێرینوخواستمان لێیەتی.

(لۆرد ئاکتۆن) دەڵێ: مەبەستی من لەئازادی ئەومتمانەیەیە واتە ئەوگرەنتیانەیە کە هەر کەسێك دەبێت پارێزراووئازاد بێت لەوەی کە دەیکاتوباوەڕی پێیەتی، دەبێتە ئەرکێکی سەرشانی لە بەرامبەر کاریگەری دەسەڵاتوزۆرینەوعادەتوبۆچووندا.

ئازادی وەك ئەوە نییە کە کەسێك لە ئێمە ئەم بەیانییە پەرداخێکی لێ خواردبێتەوە، یان ئەوشتە نییە (واتە وەك ئەوشتە نییە) کە کەسێك لە شوێنێکی نهێنیدا بڕێکی تایبەتی هەبێت. ئازادی شتێکی فیزیکی نییە (واتە بەرجەستە نییە) ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی لێبدرێتوهەستی



هەواڵنامەی کتێب

پێبکرێت. ئەگەر تۆ خۆت لە زیندانێکی شێداردا ببینیتەوە کە تەنها دوودەرگای تێدابێت دانەیەکیان بەشیش تەنرابێتوبەسەر چاڵێکی چەند پێ قوڵی پڕ لەئاودا بڕوانێت، دانەکەی تریشیان دەرگایەکی گەورەی کلۆمدراوی تێدابێت لەدیوی دەرەوە داخرابێت- لەگەڵ ئەمەشدا پیاوێك دڵڕەق و زەبەلاح کە ڕەشاشێکی بەدەستەوە بێت لەدەم دەرگاکەدا دانرابێت- ئەوا تۆ بەخێرایی دەکەویتە دۆخێکی دژوارەوە، بەهەمان شێوە یان بڵێین کەمێك زیاتر. تۆ ئەگەر کەسێك ڕووی تفەنگێکی تێ بکردیتایە بەتایبەتی ڕوویکردبێتە سەرت هەرهەمان پەرچەکردارت دەبوو. لە هەر حاڵەتێکدا تۆ دەگەیتە بارێکی غەمباروناخۆش. لەم دووڕونکردنەوەیەدا لەوانەیە ئەوە لای هەرکەسێك دروستببێت کەبڵێت حاڵەتێکی ئازادی لەئارادایە (حاڵەتێك کە ناتوانرێت بە زاراوەی ڕەها باس بکرێت)، کە ئەگەر بەشێوەیەکی پراکتیکی قسەی لێبکەین لە ئارادا نییە، واتا ئازادی لەئارادا نییە. هیچ شتێك لە ئارادا نییە بۆ مرۆژێکولە ئاییندەشدا ڕوونادات، مەگەر تۆ باوەڕت بەوە هەبێت لە ئاسمان یان شتێك لەدەرەوەی ئەم زەویەیە، کە ئەمەش حاڵەتێکی تەواوە کە بۆ هەر یەکێك لە ئێمە دێتە ئاراوە. ئازادی بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێتە بەشی هەریەکێکمان بەڵام بە پلەی جیاواز. ئازادی شتێکی بنەڕەتییە بۆ خودی ژیان، ئەوەش تا ئەوپەڕی ئاشکرایە کە ئەم ڕاستییە تەنها بە فشار لە فیکری مرۆڤ دوور دەخرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر دوژمنەکەت خاوەن زیندانوچەکی جۆربەجۆر بێت.

من حەزدەکەم قسەکەم تا ئەوڕادەی دەتوانم ڕوونبکەمەوە، لەکاتێکدا ئازادی شتێکی فیزیکی هەژمارکراونییە (بەمشێوەیە، ناتوانرێت بە هیچ پێوەرێکی ماددی ئاماژە بۆ ئازادی بکرێت) کەواتە ئازادی هەبوویەکە بۆ تەواوی مرۆڤەکان هەتا ساتە وەختی مردن، (بۆ چوونی خۆم دووبارە دەکەمەوە کە ئازادی بە پلەی جۆراوجۆرە. واتە: کەسێك لەوانەیە بڕێك لەچوارچێوە نرابێتوژیانی خۆشی تاڕادەیەکی باش بگوزەرێنێ، لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی ئازادی





هەموان پارێزراوبێت لەوانەیە تاڕادەی قاڵبوچوارچێوە دانانی گشتی پێویست بێت (لێرەدا تۆ دەرك بەوە دەکەیت  کە بۆ حکومەت هەیە یان هەبێت). خاڵێك لە ئارادایە، هەرچۆنێك بێت کە بە پێی ئەوخاڵە بونی هەر سنورێك بۆ ئازادی کاردەکاتە باشبوونی ژیانمانوئەگەر ئازادی لە کەسێك بسەندرێ ئەوا ئەوکەسە لە هەمان کاتدا وەك مردووایەودەمرێت. لەبەر ئەم هۆیە کە پاشان زیاتر ڕوونیدەکەمەوە، ئازادی شتێکی بنەڕەتییە بۆ ژیان، بۆ بوونی کەسێك، بە شێوەیەك ئازادی دەتوانێ هاوشێوەی ئەوهەوایە بێت کە ئێمە هەڵیدەمژینوهەناسەی پێدەدەین، بە شێوەیەکی ئاسایی هیچ خۆشییەك لە هەڵسوڕانوممارەسەکردندا نییە، بەڵام نەبوونی ئەوخۆشییە کەئاڵۆزیوگرفتومەرگی دوایین دێنێتە ئاراوە، (بەشێوەیەکی ڕوونتر ئێمە ئازادیمان هەیە، ئێمە تواناى ژیانوبەشداریمان لە دروستکردنی بڕیارە پێویستەکانی ژیانماندا هەیە، کە بە مەبەستەکانی هەر تاکێکمان گونجاووتەریب بێت، (ئازادی حاڵەتێکی گشتییە تیایدا ئێمە هەین واتە هەست بە بوونمان دەکەین؛ ئازادی ڕێگەودەرفەت بە کەسێك دەدات کە چالاکی بکات، کە ئایا هەژماردەکرێت یان نا، خودی خۆی خەیاتودیزاینەر بێت بۆ دانانوبڕیاردانی ئامانجومەبەستەکانی کە هەر کارەکتەرێك یان تاکێك بۆ خودی خۆی دایدەڕێژێت. دواین مەبەستوئامانجی هەمووتاکە تەندروستوتەواوئاساییەکان - بڕێکی زۆر لە ئێمە- لە پێناوی بەرەوپێشبردنی سوودوقازانجەکانی خۆیانوئەندامەکانی خێزانە تایبەتییەکانیاندایە).

### ٢- سروشتی ئازادی

"ڕەگ وڕیشەی هەمووکردەوەوچالاکییەکی کۆمەڵایەتی ڕیَکخراوبوونی سۆزوخۆشەویستی بۆ دادوەری، کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئازادی کەسی پێدادەگرێتوبۆ ئازادییە هاوشێوەکانی ئەوانی تر پەرۆشە، لەم ساتە وەختەدا ئەوسۆزە هەیە بەڵام بڕێکی ئەوەندە نییە بەشبکات".(هێربێرت سپێنسەر)



هەواڵنامەی کتێب

شتێکی پێویستە کە مرۆڤ بەباشی لەمانای ئازادی تێبگات، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر کەسێك بیەوێت تێبگات کە خەریکە چی لەدەستبدات، ئەوا دەبێتە زەروری کەوا لەوبکات تەقدیری ئەوە بکات کە ئەوشتە چییە کە ئەو لەمەترسی لەدەستدانیدایە. ئەوشتە چییە کەسێك لەدەستیدەدات کاتێك ئازادی ئەوکەسە پێشێلدەکرێت یان لێی دەدزرێت یان زەوتدەکرێت. ئاسانە کە پیشانی کەسێکی بدەیت کە ئەوان لە وانەیە هەست بەچی بکەن ئەگەر یەکێك لە کەلوپەلە ماددیەکانیان بەرەوتیاچوون بچێت. وەك پرۆفیسۆر (برۆن‌ولیۆنی) ئاماژەی پێکردووە، هەمیشە تێگەیشتن بۆ بیسەران‌وخوێنەران لەبابەتەکان لەوکاتەدا ئاسانترە کە ئێمە لە بارەی بابەتە ماددییەکانەوە قسەدەکەین یان دەنوسین. "ئێمە ئەوە دەبینینەوە کە گوێگران لێمان تێبگەن، ئەگەر دڵنیابین دروستتبێت سەبارەت بە واتای ئەوەی کە دەیڵێین، هەر ئەمە بەسە، بۆ نەهێشتنی بەدحاڵیبوون، بە ئاسانی ئاماژەکردن بۆ ئەوشتەی ناوی دێنین‌وپێناسەی دەکەین" گرفت‌وزەحمەتی سەرەکی ئەوەیە کە ئازادی (فکرەیە) واتە مەعنەوییەو بەرهەست نییە؛ ئێمە ناتوانین ئاماژە بکەین بۆ ئازادی یان بە دەستلێدانی هەستی پێبکەین.

پاشان با بچینە لای (داڤید هیوم):

"ئێمە دەتوانین مەبەستمان لەئازادی تەنها لەوەدا خۆی ببینێتەوە؛ لەدەسەڵاتمان بۆ هەڵسوڕان‌وکارکردن بە گوێرەی خواست‌وویستمان، ئەمەش واتە: ئەگەر ویستمان هەر لە ئیسراحەت دابین بتوانین ئەوەبکەین، یان ئەگەر ویستمان بجوڵێین‌وکاربکەین هەر بتوانین".

ئێستا بزانین (**جۆن ستوارت میل**) دەڵێ چی:

"تاکە ئازادییەك کە شایانی ئەوە بێت پێی بوترێت ئازادی ئەوەیە کە باشییەکانی خۆمان بە گوێرەی شێوازورێگای خۆمان رێکبخەین‌وبەهیچ جۆرێك هەوڵنەدەین ئەوانی تر لە ئازادییەکانیان مەحروم بکەین‌ولەبەردەم هەوڵەکانیان بۆ دەستخستنی





ئازادی رێگرنەبین".

تێبینی ئەوە بکەن کە ئێمە مەبەستمان لە خاوەنداریێتی تاکە کەسە بۆ مافی بەنرخ‌وگرانبەهای ئازادی: من ئەڵێم تاکە کەس. ئازادی فکرەیەکی رێژەییەوتەنها ئەتوانرێت خاوەنداریێتی لەلایەن تاکە کەسەوە بکرێت، ناتوانرێت ئازادی وەك چەند پارچە زەویەك لەلایەن کۆمەڵێك لەخەڵکەوە بە خاوەن بکرێت. تاکێك، تاکە کەسێکی دیاریکراو، ئازادی هەبێت یان نا. (ئەوە بڕیاری قانونی فەرەنسی -فریدریك باستیان- بووکە پەنجەی خستە سەر ئەم فکرەیە .

### ٣- پێویستی ئازادی

"لیبراڵیزم میکانیزمێك نییە بۆ ئامانجێکی سیاسی بەرزتر. لیبراڵیزم خۆی بەرزترین ئامانجی سیاسییە" (لۆرد ئاکتۆن)

"ئازادی شتێك نییە کە لەرێگەی هەوڵ‌وتێکۆشانی باوباپیرانمانەوە دەستمان کەوتبێت، بەڵام تا رادەیەك شتێکە کە ئێمە لەگەڵیدا لەدایکدەبین، ئازادی هەر لە دەسپێکردنی ژیانەوە دێتە ئاراوە. ئازادی وەك پێشکەوتن، شتێکە کە پێوستیە بۆ هەمووگەشەسەندن‌وبەرەوپێشچونێکمان، هەروەها بۆ گەشەسەندنی بەردەوامامان لە ژیاندا پێویستە.

من وای ئەبینم کە ئەمە حەقیقەتێکی تیۆرییە، بۆ هەر جۆرە پرسیارێك کە لە ژێر قسەلێکردن‌ودانوستاندا بێت، (ئایینی، فەلسەفی، سیاسی یان ئابوری بێت؛ یا پەیوەندیداربێت بە خۆشگوزەرانی، ئاکار، سەرمایە، مووچەوکرێ، باجەکان، دانیشتوان، دارایی یان حکومەت. لەهەچ خاڵێك لەسەر ئاسۆیەکی زانستی من دەستدەکەم بە توێژینەوەکانم، من بە شێوەیەکی نەگۆڕ ئەگەمە ئەم دەرئەنجامە؛ چارەسەر بۆ کێشەوگرفتەکانی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە لیبراڵیزمدا ئەدۆزرێتەوە... هەمووهیواکان پشت بەکاروهەڵسوڕانی ئازادوخۆبەخشانەی کەسەکان لەناوسنورەکانی مافدا دەبەستن" (باستیات).

بەگشتی دەبێت ئەوە لەیاد نەکرێت. کە ئێمە هەموومان دەبێت ملکەچی سستمی سروشتی شتەکان بین. لەیاسای سروشتی قەوارەکاندا، شتێك بەناوی یان وەك ئازادی ڕەها لەئارادا نییە، هەریەکە لە ئێمە ئاغاوسەرۆکی خۆی هەیە.

"ئەو(هەرکەسێك) ئەشێت گەورە (ئاغا)یەکی هەبێت؛ بەڵام ئاغاکە لەوانەیە سروشت بێت یان لەوانەیە کەسێك بێت. کاتێك مرۆڤ لەژێر فشاروهەڕەشەومەترسی غەیرە مرۆیی سروشتدا بێت، ئەوا ئێمە دەڵێین ئەوکەسە ئازادە، کاتێك لەژێر فشاروهەڕەشەی مرۆڤدا بێت (کەسێك کە لەسەروئەوەوە بێت)، ئەوا ئێمە بە گوێرەی ناسەربەخۆیی‌وابەستەییەکەی پێی دەڵێین کۆیلە، وەرزێر یان کرێگرتە". (سپێنسەر)

**٤- دووزلهێزودەسەڵاتە بێ کۆتایی بوونەکەی پێویستی‌وخواست**

"لەهەر جێیەکدا ڕۆحی مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوونیوە گۆوە یەکێکیان روناکی‌وئەوی تریان تاریکییە؛ لەنێوان سنورەکانی دووئیمپراتۆرە بێ کۆتاییەکانی پێویست‌وخواست"دایە. (تۆماس کالیل)

ئازادبوون گرەنتی ژیان نییە، واتە گرەنتی نییە بۆ ژیان. کەسێك ئەشێت یاخود ئەتوانێت بە تەواوی ئازادبێت (وەك دابڕاوێك) لەسەر روی دورگەیەکدا: بە بێ خۆراك‌وئاووپەناگەیەك، ئەوکەسە ئازادە، ڕاستە، بەڵام هەرزوودەمرێت، بەڵام من دەڵێم کەسێك هەر وەك مردووەوایە ئەگەر لەسەر دوورگەیەکی پڕ لەخۆراك‌وئاووپێداویستی بێت، بەڵام دەست‌وپێی بەسترابێت، بە بوونی ئازادی هەر کەسێك دەتوانێت جێ‌وڕێی خۆی دیاریبکات لەجیهاندا. هەر بەوڕێگەوشێوازە ژیانی ئازاد بەرەوفەوتان‌وتیاچوون ملدەنێت.

ئازادی بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەڵبژاردن‌ودیاریکردنی بزاوت یان نەبزاوتنە. بەڵام لە هەر ئەگەرێکیدا هەر کەسێك ملکەچی قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیەتی، کەسێك تەنها هەڵبژاردنێکی بچووك‌وکەمی هەیە بۆ چوونە





پێش‌وپەیداکردنی خۆراك‌وگەڕان بەدوای پەناگەدا.

**٥. مەرجی ئازادی بۆ بوون (وجود)**

یەکێك لەووانانەی کە (دورانتییەکان) بۆ ئێمەیان جێهێشت ئەوە بوو:
"ئازادی تاکەکان لەکۆمەڵدا هەندێ دسپلینی هەڵسوکەوتی هەیە (یەکەم مەرجی ئازادی سنورداریتیەتی) وای لێدەکات رەها بێت‌ولەفەوزادا ئەمرێت"، ئێمە ناتوانین ئازادی هەر کەسێکمان هەبێت، کەبەردەوام بێت‌ولەسەر ئازادی بێ سنوری هەمووان بڕوا بەڕێوە.

**(پرۆفیسۆر فریدریک):**
"پرسەکە ئەوەیە دواجار چۆن گەورەترین ئازادی گونجاوبۆ هەمووان بپارێزین. ئەمەش دەتوانرێت بپارێزرێت بە یەکسانی‌وهاوشێوەیی لەچوارچێوەنانی ئازادی هەمووان بەویاسا مەعنەویانەی کە بەردەگرێت لە بێسەروبەرەیی یان هەڕەشەی جیاکاری خەڵکانی تر، چونکە ڕێگرە لەهەریەکێك لەوەی لەمەوداوبواری ئازادی هەر یەکێکی تر پێشێلکاری‌وسنوربەزاندن بکات. بەکورتی: ئامانجە ماددییە باوەکان بەیاسا مەعنەوییە باوەکان جێیان پێدەگیرێتەوە. حکومەت پێویستە تەنها ئەم یاسا مەعنەوییانە لەپێناوپاراستنی تاك لەبەرامبەر هەڕەشە یان پێشێلکردنی بازنەی ئازادییەکانی لەلایەن ئەوانی ترەوە بەهێزبکات. هەرچەندە (لەگەڵ ئەوەدا) گوێڕایەڵی‌وپابەندنەبوونی تەواوبۆ ئامانجە ماددییە باوەکان ڕێك وەك کۆیلەیەتی وایە. پابەندبوون بەیاسا مەعنەوییە باوەکانەوە مەودایەك لەناناسایترین ئازادی‌وهەمەڕەنگی‌وهەمەچەشنی دەسازێنێت.

هەرچەندە هەندێکجار وادادەنرێت کە فرەڕەنگیەکی لەمشێوەیە، پەشێوی دێنێتە ئاراوەوهەڕەشە لە سستمی پەیوەندی دەکات کە ئێمە بەهەمان شێوە پابەنددەکات بەشارستانییەتەوە. ئەوەش دێنێتە ئاراوە کە فرەڕەنگی زیاتر

سستماتیکترو گەورەتر بەدیدەهێنرێت.

ئامانجی گەورە بەرزکردنەوەی ئازادییە بۆ ئاستێکی باڵا. ئازادی خۆی بۆ خۆی ناتوانێت هەبێت، بەڵکو دەبێت بەیاسا دەستوری‌وجینائییەکان بەهێزوپاڵپشتی بکرێت، ئەم یاسایانە یان "یاسا مەعنەویە باوەکان" وەك (هایك) ناویان دەبات (لەسروشتی یاساکاندا) ئازادی بەهێزییەکەی دەردەهێنن، بەلام "پێویستن بۆ بەرگرتن لە هەرەمەیی‌وپەشێوی‌وهەرەشەی جیاکاری لەلایەن خەڵکانی ترەوە". ئازادی پێویستە بەشێوەیەك بێت رێگەبدات هەر کەسێك ئامانجەکانی ژیانی بەدیبێنێت، بەلام بە پێی ئەوسنورانەی کە ئامانجەکانی ئەوانی تر ئەیخوازن دابینیبکات. بۆ هەمان خاڵ دەچینەوە لای (ستیفن لیکۆکی) کە ئەوی: "زەحمەتی زیاتر دێنێتە ئاراوە ئەوەیە کە هەرکەسێك بە گوێرەی یاسا دەبێت هەڵسوکەوت بکات یاخود هیچ کەس ناتوانێت‌وبۆی نییە. ئەگەر هەمووخەڵك هاوتا بێت‌ووەکیەکبن هەرکەسێك دەبێت ئەوە بزانێت کە ئەوانی تر رۆڵی خۆیان دەبینن‌وهەڵدەسورێن لەبەرامبەر ئەمدا".

### ٦. یاسای جینائی

بەمشێوە ئێمە دێینە سەر یاسای جینائی، یاسا جینائیەکان ئەبێت لەژمارەدا سنورداروکراوە (واتە مفتوح)وئاشکراوجەخت لەسەرکراوبن، تەنها لە فۆرمی سەلبیدا نەبێت وەك لە نەکوشتن‌ونەدزین‌وهێرش نەکردن‌وشتی تر.

یاسای جینائی ئەبێت لەپاراستنی حەزەکانی خەڵکی بەشێوەیەکی وریایانە دانرێت‌وپێناسە بکرێت‌ولەلایەن زۆرینەوەوهەمیشە لەچوارچێوەی یاسای دەستوردا شایانی بەهەند وەرگرتن بێت. ئەوەش بۆ هاوڵاتیان خۆیان جێدەمێنێ کە لەرێگەی کارەکانی یاسا باوەکانەوە دایبنێن. ئەویاسایانەی کە ئیجرائات‌وپێشینە مەدەنییەکان رێکدەخەن.

(یاسای مەدەنی: هاوڵاتی/ هاوڵاتی.. لەبەرامبەر.. یاسای جینائی: هاوڵاتی





/حکومەت)

بە شێوەیەکی روونتر، وەك (بێرترانت روسێل) دایدەنێت:

"رێگایەکی بەهێزکردن‌وتواناداردکردنی مرۆڤەکان بۆ ژیانکردن بەیەکەوە لەجڤاتێکدا لەجیاتی ئەوئەگەرەی کە خواستەکانیان بەریەککەوتنبکات".

ئێمە هەر یەکێکمان کیانێکی سەربەخۆین‌ویەك بە بەرامبەری یەکەوە لەم بوونەدا هەین، لە رێگەی پابەندییە خیزانییەکان‌وبەڵێننامە بازرگانیەکانەوە (جا ئیتر لێی بە ئاگابین یان نا) ئێمە هەموومان بە شێوەی دوولایەنە هاوکاری یەکدەکەین.

لەکۆمەڵگایەکی سستماتیککراوورێکوپێکدا ئێمە کاردەکەین‌وئاڵوگۆڕ دەکەین، چونکە ئێمە سنورە بەچاونەبینراوەکان دەرك پێدەکەین، ئەوسنورانەی کە لە چوارچێوەیاندا تاکەکان هەن‌وکاردەکەن. سنورەکان‌وهەردوویاسا تایبەت‌وگشتییەکان دیاریدەکرێن.

تا بەم شێوەیە ئێمە دەبێت یاسامان هەبێ، بەلام لەراگەیاندراوەکەی (بێنسان)دا ئاوا هاتووە:

"هەمووجۆرێك لەیاسا خراپە، بۆ هەر یاسایەك زەحمەتی‌ومەینەتییەك هەیە بۆ ئازادی. "بەم شێوەیە: لەکاتێکدا ئەگەر یاسا پێویست بێت، ئەوا ئەشێت لەهەمانکاتدا نەهامەتی‌وتێکشکانمان هەبێت، وەك لۆرد (چێستەر فیلر) ئاماژەی بەم لایەنە کردووە بۆ هاوەڵەکانی:

"یەکێك لەگەورەترین نیعمەتەکان کە ئێمە چێژوخۆشی لێوەردەگرین، یەکێك لە گەورەترین نیعمەتەکان کە گەلێك یان نەتەوەیەك یان کۆمەڵێك لە خەڵك چێژوخۆشی لێوەردەگرن ئازادییە. بەلام هەر باشییەك لەم ژیانەدا خاڵی نییە لە لایەنی خراپی خۆی (واتە لایەنی خراپیشی تێدایە)، بەرەڵایی لایەنی

هەواڵنامەی کتێب

سەلبی ئازادییە (لیبراڵیزمە) ئەم بەرەڵلاییە جوانی لیبراڵیزم ئەشێوێنێ، وەك تانە وایە بەسەر چاوی جەستەی سیاسییەوە کە من تەنها بەهێواشی نەبێت هەرگیز ناتوانم دەستی لێبدەم بە دەستێکی لەرزۆك نەوەك بیشێوێنم، نەوەك بریندار بکەم (واتە: چاوەکە بریندار بکەم کە خۆی لە خۆیدا کوڵەوارە). ئا ئەم جۆرە پەیوەندییە هەیە لەنێوان بەرەڵلایی‌وئازادیدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاسان نیە هەوڵی ڕاستکردنەوەی یەکێکیان بدەیت بێئەوەی دووچاری مەترسی بریندارکردنی ئەویتریان نەبیت".

لە کاتێکدا بزانین یاساکانی جینائی دەبێت بۆچی بن؟ ئەوا هەر یەکێك لە ئێمە لیستە دەگمەنەکەی خۆی دادەنێت. زۆربەمان (کوشتن) لەخاڵی یەکەمدا دادەنێین‌ولەوەوە دەسپێدەکەین. من گومانم وایە کە لیستەکەی من کورتتر دەبێت لەهی زۆربەی خەڵك. کاتێك کەسێك خەریکی پێکهێنانی لیستی خۆی دەبێت، ئەوکەسە دەبێت ئەوە بزانێت کە هەر برگەیەك (هەر یاسایەکی جینائی)، دەخرێتە ناولیستەکەوە، ئەوە شوخت‌وکەلێنێکی قوڵ‌وقوڵترە بۆ جەستەی ئازادی.

بۆ ڕێگەدان‌وبواردان بەخەڵکی بۆ پێشبڕکێکردن (لەناوچوارچێوەی سنورەکانی یاسا جینائییەکان) بۆ هەمووئەوشتانەی کە پێویستیانە یان ئەیانەوێت لەم دنیایەدا، واتە: بۆ دابینکردن‌وتەرخانکردنی ئازادی بۆ هەر یەکێك. کاتێك خەڵك لەسەر بنەمانی لێهاتوویی تاکەکەسی وپەیوەندییە خێزانییەکان پێشبڕکێ‌وململانێ دەکەن، پاشان ئەوان کۆمەڵگایەك بەدیدێنن کە تیایدا زۆربەی خەڵك دەتوانن خاوەنی هەستێکی وابن کە ئەوان گونجاون‌ودڵنیان، یان نا، ئەوا هەر خاوەنی شعورێکن کە مافی بزاوت‌وهەڵسوڕانیان هەیە بە شێوەیەکی ئازادانە دووبارە لەناوچوارچێوەی سنورەکانی یاسای جینائی، بەشێوەیەکی بێ مرونەت ناوبراوەوپێناسەکراوە. ئاوەها بۆ بەدەستهێنانی گۆڕان لە بۆچوونی بەدیهێنانی باشکردن لە ژیانیاندا. بە درێژەدان بەئەگەرێك، بۆ مومارەسەکردنی ئارەزووەکان، ئەمانبات بەرەوئەوەی هەرکەسێك شعوری





نەگونجانی بۆ دروستببێت، ئەوەشی کە زۆر ڕوخێنەرە، شعورێکی ئەمێنێتەوە کە هیچ شتێك نییە کە ئەوان (وەك تاکەکان) بتوانن بیکەن لەوبارەیەوە. بۆیە پرسیارەکە لەوانەیە ئەوەبێت ئایا ئێمە خوازیارین کە کۆمەڵگەیەك ببینین کە زۆربەی تاکەکانی گونجاوبن تیایدا (هەندێك باشتر بن لەهەندێکی تر)، یان کۆمەڵگەیەك کە داماووکوڵەواربێت سەر تاخوار، واتە پێکهاتبێت لەوخەڵکانەی کە پێیانوایە ئەوان لەشتێکی باشتر دەرهێنراون، بەڵام هیچ پێناوێك نابینن کە بە هۆیەوە ئەوان کار لەگۆڕان بکەن کەم تێگەیشتن بۆ یەکێك یان زیاتر لەودیماگۆگجیەتانەی کە بڵاوەدەکەن بەژمارەی زۆر لەناوماندا.

**٧. ئازادی‌ویاسا**

"ئازادی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەڵکی بەگوێرەی ئەویاسایانەی کە بە خواست‌وڕەزای خۆیان دانراوە بەڕێوەببرێت".

ئەوە دەرەنجامی ناشرینی تێڕوانینی یۆنانیەکان بوو، کە بەم شێوە باسکراوە، کە تاك هیچ نییە ئەگەر لەهاوشانی حکومەت نەبێت.

ئێمە خۆمان لەدیموکراسی ئازادی هاوچەرخدا، هیچ شتێك زۆر بەرز نابینین هیچ کەس‌وشوێنێك زۆر خانەدان هەژمارناکەین، ئەمە لە کاتێکدا تاك لە پێناوی نیشتماندا خۆی بەفیدا دەکات، دواین خۆفیداکاری بەرزوباڵا. بەڵام تێڕوانینی یۆنانی شتێکی تەواوجیاوازبوو. ئەوەی دەگەیاند کە تاك مافی نەبێت ناتوانێت خۆی فیداکات بۆ ئەوانی تر. بۆ بەرژەوەندی گشتی، ئێمە با بەجۆرێك لەم تێڕوانینە بڕوانین، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع خۆمانی لێلائەدەین. کوشتنی ژمارەیەکی زۆر منالانی کەمئەندام، پالێپۆنانی گەمژەکان (لەسەر ڕێ لابردنیان)، کێشان بەسەری پیرەکاندا وخەفەت بارکردنی ئێمە. تەنانەت کوشتنی بێ ئازاری خەڵك بە شێوەیەکی بێ هیوایانە ئازار، بەخش پێش بە شێوەیەکی بێ دەربازبوون توشی چەواشەیی‌ونائارامیمان دەکات روئیاوتێگەیشتنی ژیان لێمان دەدات". بۆ یۆنانییەکان گرفتێك نەبووبۆ شتانێك

لەم بابەتانە، بەتایبەتی ژیانە سادەکان کە لەگەڵیاندا ژیانی هاوڵاتی ئەکەوێتە بەر بەرداشی ئاسنی دەسەڵاتەوە. ئەوەی کە یۆنانییەکان بە گرنگ گرتبوویان ئەوە ئازادی سەربەخۆیی حکومەتە یەك شارییەکەی خۆیان بوو.

## ٨. تێشکانی ئازادی

بۆقێك بخەرە ناوئاوێکی گەرمەوە بۆقەکە یەکسەر خۆی ئازاد دەکات‌وخۆی دەهاوێتە دەرەوە، بەڵام بۆقەکە، یەکەمجار، بخەرە ناوئاوێکەوە کە پلەی گەرمییەکەی ئاسایی بێتی وردە وردە پلەی گەرمییەکەی زیاد بکە، ئەی بۆ ! پاشان تۆ دەتوانیت بەزیندوی ئەوبۆقە بکوڵێنیت بە بێ ڕێگرییەك. لە وتەیەکدا لەسەر پەیماننامەی (Virginia) لە (١٦/ جونی/١٧٨٨)دا، جەیمس مادیسن (١٧٥١-١٨٣٦) ووتی:

"باوەڕم وایە چەند نمونەوشێوەیەکی زۆرتر هەیە لە بارەی هەوڵی بچوککردنەوەی ئازادی خەڵکی بە هۆی ڕێگرە بێدەنگ‌ووردە وردەولەسەرخۆکانەوە کە لە لایەنی دەسەڵاتدارانەوە زیاتر لە بەکارهێنانی توندوتیژی داگیرکەری کت وپڕ بەکاردەهێنرێت". چەندان مەترسی شاراوە هەیە بۆ ئازادییەکانمان. نەك تەنها بۆ "چەپاندن‌وبەرلێگرتنە لەسەرخۆکان".

"لێرەدا لوتکەی گرفت‌وبابەتەکە لەئارادایە، ئێمە لامان بووخەڵکە شایستەکان لە هەر وڵاتێکدا، کە بەڕێوەدەبرێت لەلایەن خەڵکەوە بەدیموکراسی‌ولەگەڵ یەکسانی وەکیەك ئازادی بۆ هەموان، ئەوا شتەکان بە شێوەیەکی چاك‌وتەواومەیسەرودەستەبەردەبوون. ئێمە ئەوەمان لەیاد دەکرد واتە ئەوتێکۆشان‌وفیداکاری پاڵەوانانەمان لەیاد دەکرد کەئەوان دەیانبەخشی بەژیان. هەمووئەوخوێنڕێژی‌وتوندوتیژییانەی کە ڕوویاندابوولە یادکران لەبەرامبەر شتانێکی کەمی بێ ئەرزشدا.

لێرە بەدواوە جۆرێك لەسەقامگیری دێتە پێشەوە. پشوویەکی کورت، خەوێکی





کەم‌وکەمێك ئارامی بۆ سەرخەوشکاندن. پاشان لەدەستدانی تواناوهەستێك کە ئێمە وا لێدەکات ئازادیمان لەدەستدەرچێت".

(Stephen Leacock) ئەمەی لەساڵی (١٩٤٢)دا نوسی، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەوروپا لە ژێر پۆستاڵی نازییەکاندا بوو. نازییەکان لەپڕ پەیدانەبوون‌وبەخۆیان وبیروبۆچونە ڕەگەزپەرستیەکانیانەوە هەڵنەپەڕینە سەر شانۆی سیاسی، بەڵك‌ونەهامەتییەکانیان لە پێشیانەوە چەند زنجیرە قۆناغێك ڕوویدا بۆ چەند ساڵێکی زۆر، چەند قۆناغێك کە چەند ڕەزامەندییەکی ڕوون‌وئاشکرای خۆش خەوی خەڵکی تێدا بەدیدەکرا کە جیاواز نەبوون لە پاشماوەی خەڵکانی تر.



هەواڵنامەی کتێب

# ( رودنسون ) وەڵامی پرسیارێكی قورس دەداتەوە
# چی ماوەتەوە لە ماركسیەت؟

ن:هاشم سالح
و : گەیلان محمد

لە كاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا (نیكولا ساركوزی) پەیوەندی كرد بە فەیلەسوف (برنار هنری لیفی)یەوەو بەتكاوە پێیووت : ئایا ووتاری (غلوكسمان)ی هاورێت بینیووە لەبارەی (من)ەوە لە رۆژنامەی (ئەلومۆند)دا، ئایا بینیت چۆن ستایشم دەكات؟ كەی ووتارەكەی تۆ دەبینم؟

بەم شێوەیە كاندیدكراوەكان بۆ پۆستی سەرۆكایەتی دەستەودامانی رۆشنبیرەكان دەبن تا متمانەیان بە دەست بهێنن. (مەكسیم رودونسون) دادەنرێ بە یەكێك لە پسپۆرە گەورەكانی لێكۆڵینەوەی عەرەبی ئیسلامیوزمانە سامیەكان. ئەو یەكێكە لە گەورە رۆژهەڵاتناسەكانولە ریزی (جاك بیرك، كلود كاهین، روجیە ئەرنالدیز، مونتمگری وات)ە لە ساڵی (١٩١٥) لە پاریس لە دایك بووەولە تەمەنی نەوەد ساڵیدا لە ساڵی (٢٠٠٤) كۆچی كردووە. پێش مردنی كۆمەڵێك كتێبی دەركردووە لەوانە "سیاسەتوعەقیدە" دواتر كتێبی "لە فیساگۆرسەوە بۆ لینین" هەروەها چەند ووتارێكی نووسیووە لە بارەی بزاڤە ئایدۆلۆجیەكانەوە ئەمە جگە لە كتێبێكی تر كە بە هاوبەشی لەگەڵ توێژەرەوەی لوبنانی (جیرار فوری)دا نوسیویەتی بە ناونیشانی "مەكسیم رودنسون لە نێوان ئیسلاموڕۆژئاوادا" لەم نوسینانەوگەلێك نوسینی تریشدا ئاشكرای دەكات كە ئەو وازی لە ماركسیەت هێناوە دوای ئەوەی كە تەمەنێكی





دورودرێژی بردە سەر وەك یەكێك لە شوێنكەوتوەكانی، ڕاستە ئەو لە ساڵی (١٩٥٨)دا لە حیزبی شیوعی پاشەكشێی كرد یان ڕاستر بڵێین دەركرا. بە هۆی ووتارە ڕەخنەیەكانیودەست بەردار نەبوون لە چەمكی (ئازادی)وڕقلێبوونی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك خۆی دەیووت ماركسیەكی سەربەخۆ بوو. تا ساڵی (١٩٩٣) دوای ئەوە ڕایگەیاند كە ئەو بە هەموو شێوەیەك وازی لە (ماركسیەت) هێناوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە (رودنسون) دان دەنێت بە گرنگی (ماركس)دا وەك زانایەكی كۆمەڵناسیوبیرمەندێكی گەورە. بەڵام لە سۆنگەی (رودنسون)ەوە (ماركس) تەنها بیرمەندێك نییەوهەرئەویش بەس نییە بەڵگەش لەسەر ئەوە (ڤیبەرە) كە ڕاستەوخۆ دوای (ماركس) هاتووەوكۆمەڵێك ئاسۆی نوێی لە زانستی كۆمەڵناسی واڵاكرد كە پێشتر بە خەیاڵی (ماركس)دا نەهاتووە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (ماركسیەت) هەموو شتێك نییەووەك ئەوەی شوێن كەوتوانی گومانیان دەكردوكردبویان بە دینێكی بێ خەوش لە كاتێكدا (ماركسیەت) تیۆرێكی سیسۆلۆجیە وەك تیۆرگەكانی تر. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت (رودنسون) هەموو پەیوەندیەكی لەگەڵ (ماركسیەت)دا دابڕیووە ئەو بەردەوام بوو لە بیركردنەوەونووسین لە بارەی ئەو كێشانەی كە بۆ ماوەیەكی زۆر سەرقاڵی كردبوو مەبەستم لە كێشەی فكرنییە پەیوەندیدارەكان بە (ماركسیەت)ەوە ئەو بانگێشتی كرد بۆ كۆنگرەیەكی زانستی گەورە لەبارەی (ماركسیەت)ەوەو(یونیسكو) بە ڕێكخستنی هەستاوسەرپەرشتی كرد بەڵام (رودنسون) تورە بوو لەوەی فەیلەسوفی ناسراوی ماركسی (هنری لوفیفر)ی هاوڕێیان بانگێشت نەكردبوو. (رودنسون) دەیوت ئەو لە من زۆر بەتواناترە فەیلەسوفی بە ناوبانگ (هربت ماركوز)وچەندین فەیلەسوفوبیرمەندی تر ئامادە بوون لەو كۆنگرەیەدا. (رودنسون) لەو بڕوایەدا بوو كە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینوهەرەسهێنانی "شیوعیەت" زۆرێك لە خەڵك هەتیو كەوتوون مەبەستی ئەو كەسانە بوو كە بڕوایان بە فكری (ماركسیەت)ەوهۆگری توباویەتی ماركسی بوون، ئەوان لەمەودوا چی دەكەن؟

هەواڵنامەی كتێب

له ڕاستیدا ئەو داماوانە لە ئێستادا هەست بە ترس‌ودڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەن، دوای ڕوخانی "شیوعیەت" ئەوان مارکسیەتیان بە (حەقیقەتی نەگۆڕ) دادەنا. ئەم تێڕوانینە بۆ (مارکسیەت) (رودنسون)ی هەراسان دەکرد تەنانەت کاتێك کە هێشتا هەر مارکسی‌وئەندام بوو لە حیزبی شیوعیدا، ئەم جۆرە تێگەیشتنەی بۆ (مارکسیەت) ڕەت دەکردەوەوپێی قبوڵ نەدەکرا. لەسەر ئەمەیش هاوڕێیەکی وەك نموونە دەهێنایەوە کە هەڵگری فکری شیوعیەت بوو, هەروەها مامۆستا بوو لە زانکۆی (نانتیر) کاتێك (رودنسون) لەگەڵیدا گفتوگۆی دەکرد لەسەر پێگەی (مارکسیەت) لەناو فەلسەفەدا وەڵامی دەدایەوەودەیوت باشتر وایە قسەبکەین لەسەر شوێن‌وپلەی (فەلسەفە) لەناو (مارکسیەت)دا، هاوڕێکەی لەو بڕوایەدا بوو کە فکری مارکسیەت هەموو شتێك لەخۆ دەگرێت بە فەلسەفەیشەوە. واتە مارکس لەلایەك‌وفکری مرۆڤایەتی هەمووی لەلایەك بە، بڕوای ئەو (مارکسیەت) لە هەمووی گرنگترە نەك هەر ئەوە بەڵکو (مارکسیەت) وەڵامی پێیە بۆ هەموو پرسیارەکانی پێش خۆی‌ودوای خۆی بێ گومان ئەمەیش قسەی پڕوپوچە لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین خۆشبەختانە (مارکسیەت) هەرەسی هێناوە.

(رودنسون) دەڵێت زۆرجار بانگێشت کراوم‌وبڵاوکراوەم پێگەیشتووەوئامانج لێی گەڕانەوەم بووە بۆ (حیزب) بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە. کەواتە حیزبی (شیوعی)یش وەك هەموو حیزبەکانی تر دەیەوێت زۆرترین ڕێژە لە ڕۆشنبیران لە خۆی کۆبکاتەوە تا شانازیان پێوە بکات، ئەمەش مانای وایە ڕۆشنبیر گرنگی‌وبایەخی لەدەست نەداوە بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێك گومان دەکات، ڕۆڵی ڕۆشنبیران هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە. لێرەدا کەوانەیەك دەکەمەوەودەڵێم بەڵگەیش لەسەر ئەمە (سارکوزی)یە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا پەیوەندی کرد بە (برنار هنری لیفی)یەوە بە تکاوە پێی ووت : ئایا ووتاری هاوڕێکەت (غلوکسمان)ت بینیووە لەبارەی من لە ڕۆژنامەی لومۆندا بڵاوی کردۆتەوە؟ کەی ووتارەکەی تۆ دەبینم؟ لەو کاتەدا فەیلەسوف (غلوکسمان) ویستی هەرچۆنێك بێت خۆی بدزێتەوە لە داواکەی (سارکوزی) لەبەر ئەوەی ئەو





هەڵوێستی خۆی دیاری کردبوو لە بەرژەوەندی کاندیدکراوی حیزبی سۆسیالیزمی (سیگۆلین رویال) کەواتە کاندید کراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دەستەودامانی ڕۆشنبیرەکان دەبن تا بە شێوەیەك لەسەریان بنووسن لە بەرژەوەندیان بێت، بەهەرحاڵ با بگەڕێینەوە بۆ (رودنسون)وتێڕوانینی ئەو بۆ (مارکسیەت) لە هەندێ لە کتێبەکانی ئەم دوایەیدا ئەڵێ.

لە ڕاستیدا ووشەی (مارکسیەت) بە مانای جیاوازوهەندێ جاریش دژ بەیەك بەکار دەهێنرێت، کاتێك لێم دەپرسن ئایا تائێستا مارکسیت من وەڵامیان دەدەمەوە مەبەستیان چییە لە مارکسیەت؟ هەموو بزاڤێکی شیوعی پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە نمایندەی مارکسی ڕاست‌ودروست دەکات‌وتەواوی بزاڤەکانی تر بە لادەروسەرلێشێواو دەزانێت، هەندێ بڕوای وایە (مارکسیەتی دروست) ئەوەیە کە هەموو بیروبۆچونەکانی (مارکس‌وئەنجلز) لە خۆ دەگرێت‌ودەڵێن بیروبۆچونەکانی ئەوان کۆتایی بە هەموو شتێك هێناوەوناکرێت تێپەڕێنرێت، جگە لەوە قابیلی پێداچونەوەوڕاست کردنەوە نییە، هەرکەسێکیش هەوڵ بدات گۆڕانکاری تێدا بکات‌وڕەخنەی لێبگرێت بە لادەروسەرگەردان دادەنرێت‌ولە حزب دەردەکرێ. من لەو بڕوایەدام کە زاراوەی (مارکسیەت) بێ مانا دەبێت ئەگەر مەبەستمان لێی ئەو بزاوتە مێژوویەیە نەبێت کە هەموو ئەو حیزب‌ودەوڵەت‌وڕێکخراوانەیش دەگرێتەوە کە زۆرێکیان یان هەندێك لەوان خۆیان بە شوێن کەوتوی مارکسیەت دەزانن، ووتم هەندێکیان یان زۆریان لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ مارکسیەت، بێ گومان ئەو نوکتەیەتان بیستووە لەسەر (مارکس) لە دواین ڕۆژەکانی ژیانیدا کاتێك کۆمەڵێك لەوانەی خۆیان بە مارکسی دەزانن سەردانیان کرد لە لەندەن‌وچاویان بە (مارکس) کەوت‌وباسی بیروبۆچونی مارکسی فەرەنسایان کردوباس هاتە سەر مشتومڕی توندی نێوان ئەوان (مارکس) توڕە بوو ووتی "ئەگەر بەم شێوەیەبێت ئەوا من مارکسی نیم". بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هەوانتەیە باس لە تاوانەکانی مارکسیەت بکەین وەك ئەوەی هەندێك لە ئێستادا

دوای هەرەسی شیوعیەت کردویانە بە خو، بیروباوەڕ جا هەر بیروباوەڕێك بێت ئەشێ بەکاربهێنرێت لە ڕێگەی باشەدا ئەشێ لە پێناوی خراپەوشەڕیش دا بەکاربهێنرێتودروستیش نییە بە بەرپرسیاری بزانین لە هەڵەکانی، ئەگەر خراپ تێگەیشتن هەبوو بۆ ئەو بیروبۆچوونە بۆ نموونە هەندێك لە مەسیحیەکان لەسەردەمەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵێ دەقی "ئینجیل"یان بەکار دەهێنا بۆ پاساو هێنانەوەی ئەو کردەوە توندوتیژانەی ئەنجامیان دەدا. ئەمە لە کاتێکدا کە حەقیقەتی دەقەکانی "ئینجیل" دژ بوو لەگەڵ ئەوەی ئەوان پێی هەڵدەستان، ئایا "ئینجیل" بەرپرسیارە لە دادگاکانی پشکنینوشەری خاچ پەرستەکان؟ هەمان شت دەتوانرێ لە ئێستادا بوترێ لە بارەی "ئیسلام"ەوە ئایا ئەو بەرپرسە لە (بن لادن)وئەو تەقینەوەوکردەوە تیرۆرستانە وەك ئەوەی هەندێك لە نەزانوتوندڕەوەکان گومان دەکەن؟

**کاتێک پرسیار کرا لە (ڕودنسون) لە بارەی ئەوەی لە ئێستادا چی ماوەتەوە لە مارکسیەت؟ وەڵامی دایەوە :**

ئەوەی ماوەتەوە کە من پێی دەڵێم کۆمەڵناسی مارکسی یان (سیسۆلوجیای مارکس)ی، من تا ئێستا دڵسۆزم بۆ ئەو بەشە لە مارکسیەتوتەواو جیاوازیشە لە ئایدۆلۆجیایی مارکسیودروشمە ئاڵاووالاکانی. لە ساڵی (١٩٦٨)دا لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەو بابەتە بڵاو کردەوە ووتم : سوسولوجیای مارکسی لە کۆمەڵێك بنەمای بنەڕەتی بەڵگە نەویستەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم بنەمایانە تەنانەت پێش (مارکس)یش خۆیان سەپاندووە بەسەر هەموو بیرمەندە واقعیەکاندا لە بواری سیاسەتومێژوودا. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر کۆمەڵگایەك دادەمەزرێت لەسەر کۆمەڵێ ئەرکی بنەڕەتی بە بێ بوونی ئەو بنەمایانە مەحاڵە مرۆڤایەتی بەردەوام بێت ئەو بنەمایانەیش پێمان دەڵێن کۆمەڵگا وەك تاك وایە بەر لە هەر شتێك گرنگیوبایەخ دەدات بە چۆنیەتی مانەوەوبەردەوام بوونی لە ژیاندا. واتە زامنکردنی مەرجە مادیەکان بۆ ژیان ئەمە یەکەم ئەرکیەتی، ئەو یەکەم جار





گرنگی دەدات بە ئەبەدیکردنی بوونی (مادی) پێش ئەوەی گرنگی بدات بە ئەبەدیکردنی جەوهەری رۆحی. واتە بەرهەم هێنانی کەرەستەکانی بوونی مادیودووبارە بەرهەم هێنانەوەیان دوای بەکار بردنیان لەلایەن مرۆڤەوە. بەڵام ئەو بەشەی کۆتایی پێهاتووە لە (مارکسیەت)دا دروشموتێڕوانینە بە سادە کراوەکانە کە زادەی نەزعەی خەباتگێڕیوتێڕوانینیەتی بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی، دواتر من ئەو بیر بۆچونە ڕەت دەکەمەوە کە دەڵێت (مارکسیەت) تیۆرێکی گشتگیرەوهەموو شتێك لەخۆ دەگرێولێکدانەوەوڕاڤەکردنی هەیە بۆ هەموو دیاردەیەك، بەڵام من وەك مێژوو نوسێك دەزانم کە بزاڤێکی مارکسی هەیە بزاڤێك لەگەڵ خودی (مارکس)دا هاتەکایەوەوئاشنای ئەو چارەنووسە مێژوویيە ناسراوە بووەوبەسەر چەند لقوبەشێکدا دابەش بووە، لەوبڕوایەدام نەزعەی خەباتگێڕی یان سیاسی وایکرد لە (مارکسی) دوگماوعەقڵ داخراو بێت نەك هەر ئەوە بەڵکو ڕێگربووە لە نوسینەوەی تیۆرەکانی (مارکسی) هێندەی بیرمەندبووە هێندەش پیاوێکی سیاسیوڕێکخراوەیی بووە. پێویستە ئێمە ئەو خاڵە لەبیر نەکەین بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە شوێن کەوتوانی (مارکس) لەو بڕوایەدان لە قسەکانی ئەودا چارەسەر هەیە بۆ سەرجەم کێشەکانی جیهان هەندێکیش کتێبەکانی دەخوێننەوە وەك ئەوەی پەیامێکی بۆ نێراوی بێ کەموکوڕی بێت، ئەمەیش گەورەترین هەڵەیە مارکسیەکان تێی کەوتون (مارکس) مرۆڤە وەك هەر بیرمەندێکی تر دەشێ هەڵە بکاودەشێ ڕاستیش بکاوبیپێکێت.

**دواتر پرسیار لە (ڕودنسون) دەکەن ئایا ڕەوتێکی سیاسی تر هەیە بتوانێ بەرەنگاری لیبراڵیەتوسەرمایەداری بێتەوە کەوا دێتە بەرچاو سەرکەوتنی بەدیهێنابێت لە هەموو شوێنێکدا؟**

بڕوا ناکەم من وەك خۆم ڕاهاتووم لەگەڵ ئەم سیستەمە سەرمایەداریەدا من دەزانم سەرمایەداری لە بوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی گەورە بەدەر نییە، بەڵام ئەگەر بیگۆڕین بە سیستەم گەلێکی تر کە ئەوانیش بێ گومان لە ستەموجیاوازی بەدەر نابن، ئێمە سیستەمێکی باشتر لە سەرمایەداریمان بۆ

فەراهەم نابێت سیستەمی سەرمایەداری لیبڕاڵی کەم تا زۆر کۆمەڵێ خەسڵەتی باشی هەیەوهەمووی کەموکوڕی نییە گومان لەوەدا نییە کە سەرمایەداری سلبیاتی گەورەی هەیە کێ دەزانێ لەوانەیە سیستەمێکی تر لە ڕێگەی ڕاپەڕینەوە جێگەی بگرێتەوە؟ دواتر پرسیاری لێدەکەن لەو زانستە بنەڕەتیانەی کە پشتی پێدەبەستێت؟

**(ڕودنسون)** / هەر لە سەرەتادا جەختم کردۆتە سەر زانستە مرۆییە فۆرمۆلۆجیەکان، واتە مێژووی مرۆڤایەتیوئەنترۆپۆلۆژیوئەنتۆلۆجیا مەبەستم لەوە لێکۆڵینەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤە، کە جیاوازی هەیە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر. لێکۆڵینەوەم کردووە لەسەر زۆرێك لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییە عەرەبیە ئیسلامیەکان، ئەو بنەمایانەیشم کردووە بە میتۆد بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام کەمتر بایەخم داوە بە فەلسەفەوزانستی دەروونناسیوشیکارکردنی دەرونی مەیلێکی ئەوتۆم نەبووە بۆ ئەو زانستانە. کەواتە من زانایەکی کۆمەڵناسی یاخود ئەنترۆپۆلۆژیم زیاتر وەك لەوەی فەیلەسوف یان شیکارکارێکی دەرونی بم. بێ گومان دەبێ گرنگی دانم بە زانستی مێژوو سەرباربخەم بە تایبەتی مێژووی ئاینەکان.

**پ/ لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا هەروەها لە ووتارە سیاسیەکانیشدا لە بارەی سیاسەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبینی ئەوە دەکەین، زۆر جەخت ناکەیتەسەر گرنگی عەقڵوڕۆڵی لە ڕێگریکردنی گەشەکردندا ئایا لەو بڕوایەدانیت دواخران هەبێت لە عەقڵیەتی هەندێک لە عەرەبوموسوڵمانەکاندا؟**

**(ڕودنسون)** / عەقڵەکان زادەی مەرج لێگیراوەکانن بە هەموو جۆرە جیاوازەکانوئەو بارودۆخوهەلومەرجەی هەیە، عەقڵەکان بەرهەموزادەی بۆشایی نینوفاکتەری یەکەمیش نین.

**پ / من ویستم پرسیارت لێبکەم لەسەر جیاوازی بنەڕەتی لە نێولن عەقڵیەتی ڕۆژئاواوعەقڵیەتی ڕۆژهەڵات، ئایا لەوبڕوایەدانیت کە عەقڵیەتی ڕۆژهەڵات بەربەست بێت لەبەردەم هەڵقوڵانی بیروبۆچونی ڕەخنەگری ئازادا؟**





**(ڕودنسون)** / بەڵێ من لەو بڕوایەدام کە وابێت بەلانی کەمەوە ئەو قسەیە بە نیسبەت ئێستەوە ڕاستە، بەڵام دەکرێ کۆی شتەکان بگۆڕێنوعەقڵە ڕۆژهەڵاتیەکانیش گەشەبکەن، ئەمە کاتێك بە دیهێت کە کۆمەڵێك فەیلەسوف لای ئێوە بێنە مەیدانوپڕکێشی ئەوە بکەن ڕەخنە لە باوەڕە دینییە ڕەگ داکوتاوەکان بگرن. هەروەك ئەوەی ڤۆڵتێرودیرۆوفەیلەسوفانی تری ڕێنسانس لای ئێمە پێی هەستان، شتەکان لە داهاتوودا بەرەو چارەسەر دەڕوات گومان لەوەدا نییە گۆڕانکاری ڕوودەدات، بەڵام ئەمە زیاتر مەسەلەی کاتەو هیچی تر.

**پ / بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت تۆ زیاتر گرنگی دەدەیت بە عەقڵەکان بە پێچەوانەی (جاك بیرك)ەوە ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تۆ مارکسیتوئەو مارکسی نییە؟**

**(ڕودنسون)** / من واینابینم دەور و ڕۆڵی عەقڵەکان یەکلایکەرەوە بێت. شتێك کە بنەڕەتیویەکلایکەرەوە بێت لە گەشەکردنی کۆمەلایەتیدا بنکە کۆمەڵایەتیوئابووریوسیاسی ڕەوشە ناچونیەكودژەکانە، لە کتێبەکەمدا "جازبیەتی ئیسلام" لەسەر ئەو خاڵە قسەم کردووە.

***پ / بەڵام بەرهەمە مێژوویەکان زۆر جەختی کردۆتە سەر لێکۆڵینەوەی عەقڵەکان (جورج دوبی)یش یەکێکە لە پسپۆڕەکانی ئەم بەشە لە زانستەکان، پێت وانییە یارمەتی دەردەبێت لە تێگەیشتنی ناوەخنی شتەکان؟**

**(ڕودنسون)** / گومان لەوەدا نییە کە ئەوە بەژداربووە بە شێوەیەکی بەرچاو لە پێشکەوتنی زانستوشیکارکردنی ناوەخنی هۆشیاری کۆمەڵگا ئەوروپیەکان، بەڵام شتێکی ئەوتۆی پێشکەشنەکردووە لە بارەی بارودۆخی دەرەکییەوە کە مەرج دادەنێت بۆ ئەو هۆشیارییە. ئەمە جگە لەوەی بایەخی نەداوە بەو ڕێگەیەی گوشاری پێدەخرێتە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیوبڕیارە سیاسیەکانومێژوو.

هەواڵنامەی کتێب

# سۆكرات وكێشەی ئیمان

ڕەحیم سابیر

بڕوابوون بە ئەفسانەكان بڕوابوون بوە بە شتێك كە لە هێزی مرۆڤ بەدەر بووە، ئەو هێزانە بوونە جێی سەرنجی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی، تائێستاش ئەو هێزانە كاری خۆیان دەكەن وزۆربەی گەلان بڕوایان بەوەیە شتێك هەیە لە سەرو مرۆڤەوە، كە مرۆڤ ئاراستە دەكات. مرۆڤ ویستی ئەو هێزانە كۆنترۆڵ بكات ولە بەرژەوەندی خۆیدا بەكاری بهێنێ، هەر ئەمەش بوو وایكرد كە كاری سیحر وفاڵچێتی وغەیب زانی وخەون وپێشبینی سەرهەڵدات ودەیان ڕاڤەی تری بۆ بكرێت. ئەم زانستە شاراوانە یان ئەم هێزە نەزانراوانە زادەی مێژوویەكی دێرینن هەر لە مێژووی شارستانیەتەوە بۆمان ماونەتەوە.. هۆكارەكانی ژیانی سەختی پێش مێژوو بوونە هۆی سەرهەڵدانی دەیان چیرۆكی سەیروسەمەرە دەربارەی ئەو هێزە شاراوانەوڕوخساریان، كە دواجار سیماوڕوخساریان گۆڕاو لە خوداوەندەكاندا بەرجەستە بوون وهەریەكە پلەوپایەیەكی ڕۆحی پێدرا. ئەم هێزە شاراوانە تائێستاش كاریان پێ دەكرێت، كاری چاكەكاری وخراپە، بەتایبەتی هێزی سیحر كە گەورەترین كاریگەری لەسەر بیروباوەڕی مرۆڤ بەجێهێشتووە تائێستاش ئەو كاریگەریە بەردەوامە. ڕۆمانیەكان پێش گریكەكان ئەو غەیبەیان ناونابوو (divi)، بەڵام گریكەكان ناویان لێنابوو جنۆكە یان دەست لێوەشاندن، هەروەها لە بواری غەیب زانیندا پێیاندەوت پێشبینی، ئاشوروكلدانیەكان وبابلیەكان ومیسریەكان وفارسە دێرینەكان شارەزای ئەو هێزە شاراوانە بوون ولە سرووتە ئایینی وپەرستگاكانیانداولەكاتی جەنگ وڕێوڕەسمە ئاینەكانیاندا بەكاریان هێناوە، ئەو هێزە وەك هونەری ئایینی وكاهنە بەكار





دەهێنرا، موگەكان لە ڕادەبەدەر ئەم غەیبەیان بەكار دەهێناوخاوەنی سیحرێكی ئایینی بڵاوبوون وخۆشیان توێژێكی تایبەت بوون لە ئایینی ئێرانی دێریندا، تەنانەت ناوی موگەكان زاراوەیەكی (سیحر)ی بوو، ئەو زاراوەیە دواجار بووە فەرهەنگ بۆ ووشەی (سیحر)ی ئینگلیزی، ئەم هونەرە بەهێزە نەك هەر لە نێوان كاهین وموگ وپیاوانی دەوڵەت وساحیربازەكان بەكاردەهێنرا، بەڵكو لە نێو زاناوفەیلەسوفانی دێرین بەكار دەهێنرا، تەنانەت هەندێ لە بیرمەندان وفەیلەسوفانی سەدەی ڕۆشنگەری خاوەنی ئەو هونەرە سیحریە بوون، ژیرترین وسەرسامترین كەس بە خاوەنی جنۆكە یان ئەو هێزە شاراوەیە دادەنران ئەو كەسانەی كە خاوەنی ئەو هێزە شاراوانە بوون لەلایەن خەڵكەوە بە شتێكی سەیروسەرنج ڕاكێش دادەنران وخەڵكان داوای هیواونەمری ودوارۆژیان لێ دەكردن وپرسیاری ئایندەودوارۆژیان لێ دەكردن، فەیلەسوفان وبیرمەندوزانایانی گریك وڕۆماوعەرەب وفارس خاوەنی ئەو هێزانە بوون،كە هەندێكیان بە هۆیەوە دوچاری ڕاوە دوونان بوون وهەندێكیان بوونە هۆی ئەوەی دووچاری كوشتن بێن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەوە. ئەكسانوفان یەكێك بوو لەو فەیلەسوفانەی كە لەو بوارەدا قاڵ بوو، سەرەڕای ئەوەی باوەڕی بە خودا بوو بەڵام نكوڵی لە كاری تەكەهون دەكرد، زۆربەی فەیلەسوفەكان كاری هێزی شاراوەوتەكەهونیان دەكرد، تەنها ئەبیكۆر نەبێت، ئەنتستانس ڕابەری قوتابخانەی سەگانی وئەرستبوس ڕابەری قوتابخانەی قورینائی وئەكلیدس ڕابەری قوتابخانەی میگاری نەدەچوونە سەر بیروباوەڕی ئایینی سۆكرات، باوەڕیان بە بیروباوەڕی ئایینی وبە هونەری غەیب زانی سۆكرات نەدەكرد، بەڵام سۆكرات یەكێك بوو لەوانەی كە باوەڕێكی قوڵی بەو هونەروهێزە شاراوەیە هەبوو، كاری غەیب زانی وغەیب بەكار هێنان پلەوپایەیەكی شكۆداری هەبوو لەنێو دەوڵەتدا، ئەفلاتۆن لە زۆر شوێندا باس لەو هونەروغەیبزانییە دەكات لەڕێی سروشتی خوداوەندەوە،كە بە زمانێكی سۆفیانە دەریدەبڕێ وبەیەكێك لە مەرجە هێورەكانی دەروون دایدەنێت، فیسا گۆرس یەكێك بوو لەو فەیلەسوفانەی كە

حەزی دەکرد ناووناوبانگی وەک ساحیروفاڵچی دەرکەوێ، دیموکریتس زۆربەی بیروباوەڕەکانی دەربارەی پێشبینی بوو، بەڵام دکیارکوس یەکێک بوو لە مەشائیەکان سەرەڕای ئەوەی پێشبینی غەیبی لە ڕێی خەون‌ودەست لێوەشاندنەوە دەکرد، کەچی خۆی نەدەدا بەدەستەوەودانی بە جۆرەکانی کەهەنەشدا نەدەنا، ڕواقیەکان بەرگریان لە هەموو غەیب زانیەک دەکردوبە پرۆسێسێکی هێماگەری ئاوەزیان دادەنا، بەوەی کە خوداوەندەکان مرۆڤیان خۆش دەوێت‌ویاریدەیان دەدەن بۆ زانینی هێزە شاراوەکان لەڕێی خەون بینین‌وروئیاوە، لەو سەردەمە دێرینەی یۆناندا ئەوانەی فەرمانڕەوا بوون‌ودەسەڵاتیان دەگرتە دەست بایەخێکی گەورەیان دەدایە سیحر، لەبەر ئەوەی پێشبینی کردنی غەیب وەک حکیمەت سەیر دەکراو لەگەڵ کەرامەتی پادشاکاندا یەکانگیر بوو، یۆنانیەکان پادشایان هەبوو فێری هونەری سیحر دەکران، (کونتوس) هەندێک لەناوی ئەو پادشایانەمان بۆ دیاری دەکات وەک (Amphiarails)، تەنانەت سپارتەکان پیاوێکی ساحیریان هەڵدەبژراد بۆ ئەوەی ئامۆژگاری پادشاکان بکات وەک ڕاوێژکارێکی قەزائی پادشاکان هەڵدەبژێردراوپادشاکان بڕیاریان دەدا ئەو ساحیرانە لەو کۆبونەوانە ئامادە بێت کە ئەنجومەنی پیران دەیگێڕن، پێشبینی زانان واتە ئەو کەسانەی کە پێش ئەوەی ڕووداوێک ڕووبدات ئەمان دەزانن‌وپێشبینی ڕووداوەکە دەکەن، زۆرجار بە کاهین سەیرنەکراون، بەڵگەش بۆ ئەوە (تالیس) گەورە فەیلەسوفی یۆنان یەکێک بوو لە کەسایەتیە گەورانەی کە پێشبینی گەورەی دەکرد وەک پێشبینی خۆر گیرانی سەردەمی فەرمانڕەوایی (ئەستیاگس)ی ئیمپراتۆری ماد، هیرۆدۆت جەخت لەو پێشبینی یەی تالیس دەکاتەوەودەڵێت (تالیس پێشبینی خۆرگیرانی زانیوەوتەنانەت ساڵی خۆرگیرانەکەشی زانیوە کە چۆن ئەو دیاردە ئاسمانیە ڕوو دەدات)، هەستی پێشبینی غەیب یەکێک بووە لەو هەستانەی کە فەیلەسوف‌وپادشاکانی گرتۆتەوە بەوەی کە لە خەونیاندا دووچاری شتێکی سەیر بوون‌ودواجار بەهۆی ڕاڤەکاری خەونەوە خەونەکانیان لێکدراوەتەوەوبوونەتە ئەو کەسایەتیەی کە لە





خەونەکەدا بینیویانە، وەک (میداس) پادشای (فریچیا) کە لە قۆناغی منداڵی لە خەونیدا مێروو ناو دەمیان پڕ کردووە لە دەنکە گەنم، ساحیروفاڵچیەکان ئەو خەونەی (میداس)یان بەوە لێک دەوەتەوە کە (میداس) لەڕادە بەدەر دەوڵەمەند دەبێت، پێشبینی یەکەشیان هاتەدی، هەروەها ئەفلاتۆن کاتێک لە پرخەی خەودا بوو هەنگێک لەسەر لێوی نیشتۆتەوە، کاهینەکان ئەمەیان بەوە لێک داوەتەوە کە قسەکانی زۆر شیرین دەبن‌ونمونەی نابێت لە قسە شیرینەکانی، واتە ئەفلاتۆن هەر لە منداڵیەوە بە قسە شیرین پێشبینی کراوە، بەهۆی ئەو هەنگەوە کە لەسەر لێوی نیشتۆتەوە، (ئەولیمبیودور) لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی (ژیانی ئەفلاتۆن)ەوەیە دەڵێت (باوک‌ودایکی ئەفلاتۆن هەر لە دوای لەدایک بونیەوە ئەفلاتۆنیان بردۆتە سەر چیای (حییت) وەک ئەوەی ویستبێتیان توانای بیرکردنەوە لە دەرونی ئەفلاتۆندا بوروژێنن)، سۆکراتیش خەونی بە ئەفلاتۆنەوە دیوەولە خەونیدا ئەفلاتۆن قازێکی دەنگ خۆشی فڕیو بووە، جا ئەو کاتەی ئەفلاتۆن بۆ یەکەم جار دەچێتە لای سۆکراتویەکەم جار چاوی دەکەوێ بە سۆکرات، سۆکرات دەڵێت خەونەکەم هاتە دی‌وئەوەش قازەکەیە، واتە ئەفلاتۆن، ئەفلاتۆن ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کاتێک سۆکرات لە بەندینخانە بووە لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ (کریتۆن)دا دەڵێت (چارەنوسێک دێتە ڕێگام، دوای سێ ڕۆژ لە خەونمدا خانمێکی جوانم بینی‌وناوی هێناوبانگی کردو ئەم کۆپلە شیعرەی هومیری بۆ خوێندمەوە،

**ئێوارەی ڕۆژی سێهەم مرۆڤەکان دەڕواننە تۆ**
**تۆش لەسەر ڕۆخی (فپیا)ی.**

مێژوو بۆمانی سەلماندو بۆمانی دەگێڕێتەوە کە کوشتنی سۆکرات هاتەدی‌وخەونەکەی ڕاست دەرچوو،لە ئەلیادەی هۆمیردا هاتوە کە فپیا شارێکە لە تسالیا، لای سۆکرات گوزارشتێکە لەو بارەگایەی لە ئاسمانە، (جارنییە)ی وەرگێر دەڵێت:

(فپیا) (ئەشیل)ی نیشتمانە، دەروونە پاكوبێگەردیەكەی كە سۆكرات هەیبوو، هەروەها ئەو قسە مێژووییەی كە دەدرێتە پاڵ سۆكرات كە زۆر جار قوتابیەكانی سۆكرات لە كتێبەكانیاندا ئاماژەیان پێداوەوسۆكرات دووبارەی دەكردەوەودەیوت (شتێكی خودایی هەیە كە هەمیشە ملكەچی دەكەم، زۆرجار پاڵم پێوە نانێت بۆ كارێكوزۆرجار ڕێم لێدەگرێ لە كارێك) سۆكرات لەكاتی سزادانیدا ئەم قسانە دەكاتودەڵێت (من زۆر بەختەوەرم بەم مردنەم، خودا هیچ ئاماژەیەكی نەدامێوئاگاداری نەكردمەوە لە كاتی هاتنە دەرەوەم لە ماڵ، هەروەها لەم كاتەشدا حودا ئاگاداری نەكردمەوە كە لەسەر ئەم بڵندگۆیە بۆ بەرگری لە كێشەكەم، نەریت وابوو كە هەر كاتێك شەڕ ئێخەم بگرێوهەڕەشەم لێ بكات خوداوەند ئاگادارم بكاتەوە) بڕوانە كتێبی علم الغیب ل١١٧.

كەواتە هەروەك (شیشرون) گەورە فەیلەسوفی ڕۆما دەڵێت (گەر غەیب نەبێت ئەوا خوداوەندەكانیش نابن) بڕوانە كتێبی علم الغیب ل١١٧ شیشرون، كەواتە باوەربوون بە غەیب دەلالەتی بوونی خوداوەندەكانە، ئێمە لەم لێكۆڵینەوە بچوكەدا دەپرسین ئایا سۆكرات فەیلەسوفێكی باوەڕدار بووە یان بێ ئیمان بووە؟ پێش ئەوەی بڕیار بدەین بەسەر سۆكراتدا دەبێ قسەكانی تاوتوێ بكەین بۆ ئەوەی بگەینە مەبەست ئەوجا بڕیار بدەین، دیارە سۆكرات هەروەك فەیلەسوفە هاوەڵەكانی خۆییوسەردەمی خۆی، بەدەر نەبووە لەكاری سیحروپێشبینیوخەونوڕاڤەكردنی خەونەكان، سۆكرات فەیلەسوفێكی ئالهیە بووەوهەستێكی قوڵی ئایینی هەبوە، سۆفیانە بیری نەكردۆتەوەولۆژیكیانە بیری لەو هەستە قوڵە كردۆتەوە، زۆر جار خۆی دەڵێت كەوا لە ژێر كاریگەری سروشتێكی خودایدا قسە دەكات، سۆكرات ئەو كاتە باوەڕی بەهێزی شاراوەی سەرو مرۆڤ بوو یان ئەو دەنگەی كە لە دەرونیەوە دەكەوتە بەر گوێی سۆكرات، یان ئەو ویژدانەی كە سۆكرات هەیبوو، واتە دەنگی ویژدان، سروشتی پەرستگای دلفی بوو كە پێی ڕاگەیاند سۆكرات حەكیم ترین كەسی یۆنانە، یۆنانیەكان





پەرستگای (دلفی)یان بە پیرۆز سەیر دەكرد، كە كەوتبووە چیاكانی باكووری دورگەی كورنیشەوڕێزی سروشوپێشبینی پەرستگای (دلفی)یان دەگرت، بۆیە سۆكرات ئەوەی بە سەیر زانی كە چۆن پەرستگای دلفی كە جێی ڕێزوپیرۆزی خەڵكی یۆنانەوئەمی بە حەكیم ترین كەسی یۆنان داناوە، (برتراند رسل) دەڵێت، بۆچی خەڵك پێیانووت حەكیم؟ لەبەر ئەوەی جارێكیان پەرستگای دلفی پێشبینی ئەوەی كرد كە كەس لە سۆكرات حەكیم تر نیە، سۆكرات هەوڵیدا كە هەڵەی ئەو سروشوپێشبینیەیە بسەلمێنێت، بەو هۆیەوە دوای ئەو كەسانە كەوت وەك حەكیم سەیر دەكرانوپرسیاری لێ دەكردن بەو شێوەیە پرسیاری لە سیاسیوشاعیروپیشەوەران دەكرد، بۆی دەركەوت كە ئەوانە ئەو كارەی دەیكەن هیچی لێنازاننوهیچ كام لەوانەش حەكیم نەبون، كاتێك نەزانینی ئەوانەی بۆ دەركەوت بەمەش دوژمنایەتی بۆ خۆی زۆر كردولەدوایدا بۆی دەركەوت كە ئەو سروشوپێشبینیەی (دلفی) مانایەكی گەیاندووە، تەنها خودا خۆی دەركی پێ كردووە، هەر وەك چۆن سۆكرات خاوەن بۆچونێكی ئیلاهیانە بووەوقوڵ بۆتەوە لەو بۆچونانەی خۆی، بە شێوەیەك لە ساتی مردنیدا داوای لە هاوڕێ فەیلەسوفەكەی كردووە كەڵەشێرێك قەرزارە وەك قوربانی، ئەمەش باوەڕ بوونە بە قوربانی دان بۆ خوداوەندەكان، سۆكرات لە دواهەمین ژیانی خۆیدا دەڵێت (ئەی كریتۆن من قەرزاری ئەسكلۆیسۆسم، ئایا تۆ بیرت ناچێت ئەم قەرزە بدەیتەوە، ئەكریتون دەڵێت، بیرم ناچێت)، هیگڵ لەو بارەیەوە دەڵێت (من بە هۆكارێكی تری دەزانم... ئەویش ئەوەیە مادام ئەمە نەریت بووە، سۆكرات نایەوێت ئەم نەریتە بچوكە فەرامۆش بكات تا لەگەڵ هەستی ئایینی گشتی خەڵكدا تووشی شۆكوپێكدادانی توند نەبێت).. دوای ئەمە بە ساڵێك هیگڵ ڕاڤەیەكی تر لەلای ئەدیبی فەرەنسی (راسین) دەدۆزێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو گوزارشتەی سۆكرات كە قەرزارە بەوەی كەڵەشێرێك بكاتە قوربانی بۆ خوداوەندی چاكبوونەوە لەلای یۆنانیەكان، هیچ نیە جگە لە گوزارشتێكی گاڵتەجاڕیوهەڕەمەكی، كە هەڵگری هیچ پابەند بوونێك نیە بە ئایینەوە)



هەواڵنامەی كتێب

بڕوانە مێژووی فەلسەفەی هیگڵ ل٢٩٠، سۆکرات باوەڕی تەواوی هەبوو کە خوداوەندێکی چاکە کەسانێك ڕێنمایی دەکات لەکاتی کەوتنە گومانی دوا ڕۆژیان، سۆکرات سەرەڕای باوەڕبوونی بە خودا کۆنەکانی یۆنان‌وداب‌ونەریتی یۆنان، کەچی بە بێباوەڕی تۆمەتباری دەکەن، بزانە چۆن سۆکرات بە (زیوس) خودای خوداکانی یۆنان سوێند دەخوات‌وبە پاڵەوانیشی سەیر دەکات، سۆکرات لەگفتوگۆی نێوان خۆیی‌وکالێکلیس دا دەڵێت (چونکە بەهەقی زیوس) بڕوانە گورگیاس، ئەفلاتۆن ل١٣٧، لەلایەکی ترەوە دەڵێت (ناکالێکلیس بەهەقی زیوسی پاڵەوان) بڕوانە گورگیاس، ئەفلاتۆن ل٧٨، سۆکرات بە چوار تاوان تاوانبار کرا کە لەو سەردەمەدا واتە سەردەمی یۆنانی دێریندا.

**خاڵی یەکەم/** باسکردن لە دین‌وخوداوەندەکان کێشەیەکی سیاسی‌وئایینی بوە، کە خاڵی دووەم‌وسێهەم تاوانەکانی کە دراوەتە پاڵی بوەتە هۆی ژەهرخوارد کردنی.

**خاڵی دووەم/** خودا کۆنەکانی کۆمەڵگای ئەسینی ناناسێ‌وبەخوای خۆی، یان شارەکەی نازانێ.

**خاڵی سێهەم/** خوای تازەی خۆی دروست دەکات.

دیار بووە هەروەك مێژوو خۆیی‌وتەنانەت مێژووی شوێنەوار بۆمانی دەسەلمێنێت کە یۆنانیەکان کۆمەڵگایەکی فرە خودایی بووەو دەبوایە هەموو خوداکان وەکیەك ڕێزیان لێ بگیرایە، ئەو خوداوەندانە خوداوەندی دێرینی یۆنان بوون‌وکەسێك لەبری ئەو خوداوەندانە باسی لە خودای (نزو) خودای جیاوازی بکردایە، ئەوا بەبێ بڕوا لە قەڵەم دەدرا، زۆرجار سۆکرات لە گفتوگۆکانیدا باس لەو خوداوەندە دێرینانە دەکات‌ولە پلەو پایەیان کەم دەکاتەوەوتەنانەت باس لە خودایەکی چاکەکار دەکات، لەوانەشە هەر ئەمە بێت وای کردبێت کە سۆکرات بەبێ ئیمان لەقەڵەم بدرێت‌وژەهرخوارد کرابێت، بەڵگەش بۆ ئەوە دوای خوێندنەوەی سزای مەرگ بەسەر سۆکراتدا ئامادەبوان تووشی سەرسامی دەبن،





لاوێك بە ئاوازێکی قۆشمەوە لەژێر لێوەوە بە هاوڕێکەی دەڵێت (بۆیە سۆکرات بە خوانەناس ناودەبەن چونکە تەنیا بڕوای بە یەك خودا هەیە) بڕوانە کتێبی بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا ل١٥، کەواتە باوەڕبوون بەخودایەکی تاك‌وتەنیا قەدەغە بووەوئەوەشی باوەڕی بەیەك خودا هەبوبێ لە نێو ئەو خوداوەندانەی یۆناندا ئەوا بەخوا نەناس دراوەتە قەڵەم، واتە یەکتایی لەسەردەمی فەلسەفەدا، یان لەو سەردەمەی یۆناندا بێ بڕوایی بوە، سۆکرات بەخودای خوداکانی یۆنان سوێندی خواردووە، هەروەك چۆن (پۆلس) سوێندی بە زیوس خواردووە، بەڵام کێشەی سۆکرات لەوەدا دەرکەوت کە باسی لە مەسەلە ئایینیەکان‌وخوداکانی یۆنان کردووە، بەتایبەتی کێشەی ڕۆح‌ومردن‌وئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ (ئیوپیفرۆ)دا کردوویەتی، ئەو مەسەلانە بوون سۆکراتیان خستۆتە نێو بازنەی تاوانەوە، دەنا گفتوگۆی فەلسەفیانەوتیۆلۆژیانە ئەویان نەگەیاندە ئەو چارەنوسە، نوسەری کتێبی (محاكمة سقراط) ل١٦٢-ل١٦٣ دەڵێت (لەبەرگریەکەیدا هیچ ئاماژەیەك نابینین کە سۆکرات هاوسۆزی لەگەڵ سپارتەولاواندا کە لاسایی سۆکراتیان دەکردەوەوەك نموونەیەك سەیریان دەکرد) ئەم قسەیە تاوانی خاڵی یەکەم کە بەرامبەر سۆکرات کراوە وەك بەڵگەیەك دەیسڕێتەوەوبەمەش سۆکرات بێ تاوانە، دەربارەی هەڵخەڵەتاندنی لاوان یان لەڕێلادانی لاوان، بەڵام بیری ئازادی‌وئازادی بیرکردنەوەیان لەو سەردەمەدا خەڵکانی سەرسام کردووە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی زانستی فەلسەفە، هەر لە سەرەتای گفتوگۆی فەلسەفیانەیان باسیان لە تیۆری گەشەکردن‌وپوکانەوەوبڵابوون کردووە، ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەتۆم دەربڕیوە، دەربارەی ڕۆح‌ومردن‌وجوڵەوگەردون‌وسەنتەری گەردوون قسەیان کردووە، کە بەبیرێکی ئازادیانە ئەمانەیان دەربڕیوە، سەرەڕای ئەوەش خوداوەندە دێرینەکانی یۆنان لە شوێن خۆیان بوون‌وکەس دەسکاریانی نەکردووە، فەیلەسوفەکانیش دەستکاریان نەکردون وەك ئەوەی شتێکی دێرین بێت، بەڵام ئەو خوداوەندە دێرینانە چوونە نێو چیرۆکی پڕوپوچ‌وبوونە



هەوالنامەی کتێب

نوێنەری ڕێگە پێدراوەکانی هێزی سروشتیوبیروباوەڕی ئەسبتراکت. بەڵام سۆکرات زیاتر پێی داگرتوە لەسەر ناسینی خوداکانوزۆر جاریش وتویەتی باباس لە گفتوگۆی خوداکان نەکەین، چونکە ئەو مەسەلەیە دەمترسێنێت، واتە ترسێك هەبوە بۆ مەسەلەی خوداکان لەنێو دەوڵەتی یۆنانیدا، بەڵام سۆکرات بەپێداگرتن لەسەر مەسەلەی ناسینی خوداوەندەکانوئاییینەکان سەرنجی خەڵکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەودوژمنی بۆ خۆی پەیدا کردوە، بەوەی ئەم باس لە ئاینوخوداوەندەکان دەکات، ئەوەتا لە گفتوگۆی خۆیو(هێرمۆگینێس)دا دەڵێت (کەواتە لە ڕێی خودادا با واز لە بابەتی خوداوەندەکان بهێنین، چونکە ئاخاوتن دەربارەیان دەمترسێنێت) بڕوانە کتێبی ئەفلاتۆن، کراتیلۆسس ل٥٣،سەرزەنشتی ئەفلاتۆن لەسەر زاری سۆکرات بۆ خەڵکی شار دەڵێت (خەڵکی شارەکەی وا دەزانن کە ئەوانەی لە شتەکانی سەرو هەواوەولە شتەکانی ژێر زەمینەوە ڕادەمێنن بیرمەندانی ئازادن (هیچ شێوەیەك ئیمان بە خوداوەند ناهێنن)، سۆکرات دەڵێت ئەم بۆچونانەی خەڵکی شار ئەوەیان گەیاندە ئەو چارەنوسە، لەسەر ئەم بۆچونانەی خەڵکی شار زۆرینەی فەیلەسوفانی یۆنانیان بەبێ ئیمانی تاوانبار کردووە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەیان باوەڕیان بە دابونەریتوخوداکانی یۆنان هەبووەوئیمانیان پێیبووە لەوانەش فیساگوارسوئەرەستۆ، بەڵام هەمیشە خەڵکی شار بەوانیان وتوە بێ ئیمانولەسەر بێ ئیمانی ڕاوەدونراونودەرکراونوتووشی کێشەی گەورەیانکردوون، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێنماییوئامۆژگاری فەیلەسوفەکان لەگەڵ بۆچونی خوداوەندەکانی یۆناندا ناکۆك نەبوە، کەچی بە بێ ئیمان ناوزەند کراون، (هزرمەندانی سەردەمانی ڕێنیسانس دەڵێن (فەیلەسوفەکانی یۆنان وەك ئەفلاتۆنوئەرەستۆ لەلایەن یەزدانەوە ڕێنمایی کراون بێ ئەوەی خۆشیان بەخۆیان بزانن، ئەوانە ڕاستە بەر لەدایکبوونی مەسیح ژیاونومردوون، بەڵام بۆچوونووتەکانیان لەگەڵ سروشی یەزداندا دێتەوەوناکۆك نیە پێیان، بۆیە سوود وەرگرتن لێیان حەرام نیەوحەڵاڵە) بڕوانە گۆڤاری ڕۆشنگەری ژمارە (١٩،ل٨١، ٢٠٠٧) سۆکرات بە خودای میسریەکانیش سوێندی خواردووە کە سەگ بووەوناوی ئانۆبیس بووە (ئانۆبیس Anubis) کە لە میتۆلۆژیای میسریدا خوداوەندی مەرگ بوە)،ئەوەتا لە گفتوگۆی نێوان خۆیوکاڵێکلیس)دا دەڵێت (ئەوا بەسەگ خوداوەندی میسر)، بڕوانە کتێبی گورگیاس، ئەفلاتۆن ل٦٧، یان لەگەڵ گورگیاسدا بەم شێوەیە سوێند دەخوات (گورگیاس سوێند بە سەگ) بڕوانە کتێبی گورگیاس، ئەفلاتۆن ل٢٩، یان سوێند بە خودای هاوڕێیەتی دەخوات، ئەم سوێندانەلەلای سۆکرات گرنگوبایەخی هەبووەوهاوڕێیەتی زۆر بە قورسوجدی وەرگرتووەوبەشتێکی پیرۆزی سەیر کردووە، سۆکرات لە (کاڵێکلیس) دەپاڕێتەوەودەڵێت (تۆو خودای هاوڕێیەتی دەپاڕێمەوە گاڵتە نەکەیتوواش مەزانە گاڵتەت لەگەڵ دەکەم) بڕوانە کتێبی گورگیاس، ئەفلاتۆن ل٩٦، سۆکرات باوەڕی بە خوداوبە زیندووبوونەوەی ڕۆح هەبووە، هەروەك بیروباوەڕەکانی پێشوو چۆن هەیان بوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سۆکرات وەك کەسانی شاری یۆنان بیری کردۆتەوەولەو دابونەریتە لای نەداوەوبەهەموو هێزی عەقڵیەوە سوێندی بەخودا خواردووەوڕۆحیشی داوەتە دەست ئارەزووی خودا بۆ ڕۆیشتنی بۆ جیهانەکەی تر، واتە جیهانی مردن، ئەو جیهانەی لای سۆکرات کە بەجیهانی ژێرەوە ناوی دەبات، سۆکرات بە (ئایۆن) دەڵێت (بەڵام ئایۆن تو یەزدان هۆی ئەوە چیە....) بڕوانە کتێبی پرۆتۆگوراس، ئایۆن،ل١٢٣، یان سۆکرات بە سێبێس دەڵێت (کاتێك خۆم دەگەمە جیهانەکەی تر ئەگەر خودا بیەوێت) بڕوانە ئەفلاتۆن، فایدۆن،ل٣٣، یان سۆکرات بە سیمیاسوسێبێس دەڵێت (ئەگەر خودا بیەوێت ڕۆحی منیش بەم زوانە دەڕوات) بڕوانە کتێبی ئەفلاتۆن، فایدۆن،ل٥٨، بێ ئیمانی لە یۆناندا شتێکی دەگمەن بوو، هەروەها خەڵکی شاری یۆنان بەتایبەتی خودا پەرستە کۆنەکان نەیان دەزانیولە بێ ئیمانی یان ئیلحاد تێنەدەگەیشتن، بێ ئیمانوبێباوەڕی لە بازنەیەکی بچوکدا مابۆوە، زنیوفانیسوئەفلاتۆنیش دەربارەی ئاین دەدوان، بەڵام ئەوانە نەدرانە دادگا، بەڵام سۆکرات بەوە تاوانبار کرا کە خودایەکی تایبەتی بۆ خۆی هەیە، یان شەیتانێکی خۆی هەیە، هەروەك

چۆن پلوتارك لە نوسینێكدا دەربارەی شەیتانەكەی سۆكرات دەدوێت، یان سۆكرات خاوەنی جنۆكەیە، ئەمانە لای یۆنانیەكان بە سیحروسروش‌وكاری یەزدانی‌ولادان لە خوداوەندەكانی یۆنان لەقەڵەم دەدرا، هینرمۆگینێس زۆر بە ڕوون‌وئاشكرا بە سۆكرات دەڵێت (لەڕاستیدا سۆكرات تۆ بەلای منەوە ڕێك وەكو پەیامبەرێك وایت كە لە پرێكدا لەلایەنی پەرچووی یەزدانیەوە سروشی بۆ هاتوە) بڕوانە ئەفلاتۆن، كراتیلۆس، ل٢٢، زۆر شتی تری سەیروسەمەرە لەلایەن ژیانی سۆكراتەوە دەگێڕنەوە كە تا چەند یەزدانیانەوسروشتانە ژیانی بردۆتە سەروبەو شێوەیە بیری كردۆتەوە، بەڵام زیاتر لەو دەنگوباس‌وقسانە ڕاستیەكانی لەسەر زاری خۆی وەردەگرین كە هەر ئەو ڕاستیانەش بوو بەوە هۆی لەناوبردنی سۆكرات، سۆكرات زۆر بە ڕاشكاوانە باس لە سروش دەكات، كە زۆر جار بۆی هاتوە یان لەكاتی هاتنە دەرەوەی لەماڵ بۆدادگا خودا سروشی پێ نەداوە كە نەچێتە دادگاودەڵێت كە هەموو جارێ لەماڵ دەهاتمە دەرەوە ئەو هەرەشەی لێدەكردم‌وتووشی كێشە دەبووم، خودا ئەوجارە سروشی پێ نەدام، بڕوانە گفتوگۆی نێوان سۆكرات‌وئیوپیفرۆ.

**سۆكرات** : تو ئاسمان، براكەم شتی سەیر دەڵێ، ئەگەر بە لای كەمەوە قسەكانی وەك خۆیان وەرگرین ئەو قاوی ئەوە دەكا كەمن سازندەیەكی (دروسكەرێكی) خواكانم، دەڵێ بۆیە من لە دادگا تاوانبار دەكا چونكە من (خودای تازە دروست دەكەم‌و(خودا كۆنەكان ناناسم).

بەڕێز دكتۆر كەمال میراودەلی دەڵێت (لەم هێمایانە وا دەردەكەوێ كە نیشانەی پیرۆز دەنگێكی ناوەوە بوو كە بە سۆكراتی وتووە خۆی لە هەندێ شت دوورخاتەوە، ئەم دەنگە وەك مرۆڤ یان خودا باس نەكراوە، بەڵكو وەك شتی پیرۆزویەزدانی وەسف كراوە، ئەمەش (دروست كردنی خواكانە) لای (ئیوپیفرۆ)، وەك حاڵەتی هەستی پێغەمبەرایەتی لای سۆكرات لێك دەدرێتەوە) بڕوانە كتێبی بیركردنەوەی ئازادی ل١٠٠، دیاردەی نیشانەی پیرۆز لە لایەن خوداكانەوە





دێن‌وسروش بە مرۆڤ دەدەن‌ووەك پێغەمبەر سەیر دەكرێن، سۆكرات ئەمانەی بە درۆ نەخستۆتەوە. بەڵكو ئەو ڕاستی ئەوانەی دەرخستووە، هەر بۆیە سۆكرات تاوانبار كراوە بەوەی كە نیشانەی پیرۆز دێن بۆلای‌وخاوەن سروشەوشەیتان‌وجنۆكەی هەیە، ئیو پیفرۆ وەڵامی سۆكرات بەم شێوەیە دەداتەوە،

ئیو پیفرۆ (ها تێدەگەم سۆكرات، چونكە ئەو تۆ بەوە تاوانبار دەكا كە تۆ دەڵێی نیشانەی پیرۆز زۆر جار دێن بۆلات، ئەو داوای تاوانبار كردنەی لەسەر ئەو بنەمایە دارشتوە كە تۆ دەتەوێ باشتر لە باسی خواكان بگەیت‌وبۆیە ئەو ڕایكردووە بۆ دادگا تا تۆ بە وێنەیەكی خراپ نیشان بدات، چونكە ئەو دەزانێ كە ئەم جۆرە باس‌وخواسانە زۆر بە ئاسانی‌وبەشێواوی‌ونادروستی پێشكەشی خەڵك دەكرێن) بڕوانە كتێبی بیركردنەوەی ئازادی ل٦٥،سۆكرات بە ڕوون‌وئاشكرایی لە داكۆكی كردنەكەیدا ئەو دەنگە دەباتەوە بۆ یەزدان، بڕوانە سۆكرات لە داكۆكی كردنەكەیدا هەموو ڕاستی ئەو دەنگە ئاشكرا دەكات (ڕەنگە یەكێك بپرسێت بۆچی من ئاوا خۆبەخشانە ئامۆژگاری پێشكەش دەكەم‌وسەری خۆم بەكاری خەڵكەوە دەئێشێنم، كەچی ناوێرم بێمە پێشەوەوئامۆژگاری شارەكەم بكەم، خۆم پێتان دەڵێم بۆچی ئێوە گوێتان لەمن بوو لەكاتی جیاجیادا لە شوێنی جۆراوجۆر باسی سروشێك یان ئاماژەیەكم كردووە كە بۆ من هاتوە، ئەوە لە یەزدانەوە بووە، میلیتۆسیش لە تۆمەتەكەیدا بە گاڵتە پێ كردنیان تاوانبارم دەكات، ئەم ئاماژەیە بریتیە لە دەنگێك كاتێك بۆ یەكەمجار هاتە بەرگوێم منداڵ بووم، ئەو دەنگە هەمیشە ڕێگریم لێدەكات لە كردنی شتێك، بەڵام هەرگیز فەرمانم پێ نادات بە كردنی هیچ شتێك لەو شتانەی دەیانكەم، هەر ئەمەش ڕێی لێگرتم لەوەی ببمە پیاوێكی سیاسی، پێشموایە شتێكی دروست بوو. چونكە ئەی خەڵكی ئەسینا، من دڵنیام ئەگەر تێكەڵاوی سیاسەت بومایە ئەوا زۆر پێش ئێستا لەناوچووبوم،بەوەش هیچ شتێكی باشم نەكردبوو نەبۆ ئێوەونەبۆ خۆم، تورە مەبن لەوەی ڕاستیتان پێدەڵێم) بڕوانە كتێبی ئەفلاتۆن، ئیو پیفرۆ، داكۆكی، كریتۆن ل٩٠-ل٩١،

دیارە ئەو تاوانەی دراوەتە پاڵ سۆکرات هەر ئەو سروشە یەزدانیەوەدەنگی خودایە بووە، دەنا مەسەلەی دینوئاین شتێك نەبووەوزۆربەی فەیلەسوفان باسیان لێوە کردووە، سەرەڕای ئەوەش سۆکرات پیاوێکی سیاسی نەبووەوسەر بەهیچ سیستەمێکی یۆنانی نەبووە، بۆیە تۆمەتەکەی زیاتر گران بوە لەسەری، ئەو دەنگەی سۆکرات کە خۆی دەڵێت لەلایەن یەزدانەوە بۆی هاتووە دەنگێ بوە لای یۆنانیەکان بە خودایەکی تازەونوێ سەیر کراوەوئەمەش وای کردووە کە یۆنانیەکان بەوە تێگەیشتن کە خودا کۆنەکانی ڕەت کردۆتەوەوخودای نوێی دروست کردووە، د. کەمال میراودەلی دەڵێت (ئەم دەنگە ناوەوەییە هیچ کات لای سۆکرات بۆ ناسینی دەنگی خوا، یان پێشەنگی لەدایك بوونی خوای نوێ بەرز نەکراوەتەوە، تەنیا دەنگی ویژدان بووە)) بڕوانە کتێبی بیرکردنەوەی ئازادی ل١١٥، سۆکرات وەك دابونەریتوبیروباوەڕی میتۆلۆژی یۆنانیەکان باوەڕی بە جیهانی ژێرەوەوباوەڕی بەوە هەبووە (کەدوای مردن هەرکەسەوجنۆکەکەی خۆی ڕێبەری دەکات بەرەو شوێنێکی گونجاو، لەوێدا مردووەکان پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ دادگایی کردنولەوێوە دەچن بۆ جیهانی ژێرەوە دوای جنۆکەکەیان دەکەون کە ڕاسپێردراوە بەوەی لەم جیهانەوە بیانبەن بۆ جیهانەکەی تر) بڕوانە کتێبی ئەفلاتۆن، فایدۆن ل١١٢، سۆکرات چاوەڕێی ئەوەی کرد کە خۆی گیانی خۆی لەناونەبات بەڵکو تا ئەو کاتەی خودا بانگی دەکاتوگیانی لێ دەسێنێت، هەروەك خۆی دەڵێت لە گفتوگۆی نێوانیونێوان بۆسێبێس (کەواتە دەبێ ماقوڵییەك هەبێت لەو قسەیەدا کە پێویستە مرۆڤ چاوەڕێی بکات، گیانی خۆی لەناونەبات هەتاکو خودا بانگی دەکات، وەکو ئێستا بانگی من دەکات) بڕوانە کتێبی ئەفلاتۆن، فایدۆن ل١٠٩،





## سەرچاوەکان


١. علم الغیب في العلم القدیم – شیشرون - ترجمە د. توفیق الطویل – لبنان – بێ مێژوول١١٧.

٢. حکمة الغرب – برتراند رسل -١٩٨٢ ل٦٥-ل١٠١.

٣. مێژووی فەلسەفە – هیگڵ – وەرگێڕانی عرفان مستەفا ل٢٩٠، ٢٠٠٥.

٤. محاکمة سقراط –ای. اف. ستون – ترجمە نسیم مجلی، ٢٠٠٢ ل١٦٢،ل١٦٣.

٥. بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا - هێنری توماس - دانالی توماس وەرگێڕانی دڵشاد کازم ٢٠٠٦ ل١٥.

٦. ئەفلاتۆن، فایدۆن – وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد ٢٠٠٢، ل٣٣، ل١٩، ل٥٨،ل١١٢.

٧. ئەفلاتۆن، ئیو پیفرۆ/داکۆکی، کریتۆن - وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد ٢٠٠٤ ل٩٠، ل٩١.

٨. ئەفلاتۆن،کراتیلۆس – وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد ٢٠٠٦، ل٢٢، ل٥٣.

٩. گورگیاس، ئەفلاتۆن-وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد ٢٠٠٤، ل٢٩، ل٦٧، ل٧٨، ل٩٦، ل١٣٧.

١٠. پرۆتۆ گۆراس، ئایۆن، ئەفلاتۆن - وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد ٢٠٠٤، ل١٢٣.

١١. بیرکردنەوەی ئازادی – د. کەمال میراودەلی – ٢٠٠٧، ل٦٥، ل١٠٠،ل١١٥.

گۆڤاری ڕۆشنگەری – ژمارە (١٩) ٢٠٠٧ ل٨١.

# تۆتالیتاری[١] و ئازادی له فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا

و.ئومێد رەفیق

بانگەشه بۆ باسکردنی پرسێکی فرەلایەنو جێگەی ڕای جیاوازی وەکو ئەم باسه، تەنها لایەنی مێژویی ڕۆڵی نیه له فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا، بەڵکو ئەو پرسو کیشه هەنوکەیانەشه کە دەیخاته ڕوو، وەکو ئەو گفتوگۆیەی هەیە لەبارەی گشتگیروجیهانگیری[٢] وبزوتنەوەراسیزمی و ئیسلامیەکانەوە[٣].

لێرەوە، پێداویستی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسه لە ڕوگەیەکی ڕەخنەییەوە، گرەنتی مەعریفەیەکی وردو تازەمان دەداتێ لەسەر چەمکەکانو تیۆرەکانی ئەم پرسه کە لەهەردوو ڕوە مێژوویی و فەلسەفیەکەیدا کورت دەبێتەوە، له پێشنیارکردنی ئەم پرسیارە سەرەکیەدا کەبرییتیه له (بۆچی سەدەی بیست، دوو سیستەمی سیاسی ناسی که وێنەیان له مێژوی مرۆڤایەتیدا نیه ؟) ئەم پرسیاره لەسەدەی بیستەمدا زیاتر له فەیلەسوفێك کە گرنگی دەدات به کاروباری سیاسی کردویەتی، لەسەروی هەمویانەوە (کارل پۆپەر k. popper)و(هانا ئارنت H.Arendet)و(میشل فۆکۆ M. Foucault)، هەروەك چۆن ئەم پرسیاره لەلای زۆر له لێکۆڵەرو توێژەرەکان لەمێژوی فەلسەفەی هاوچەرخدا پەیوەسته به نوێبونەوەی فەلسەفەی سیاسیەوە، ئەمەیه که بۆ نمونه لای فەیلەسوفی فەرەنسی(ئالان ڕینۆ A. Renault) دەیخوێنینەوە [٤].

ئەوەی چاودێری ژیانی کلتوری وڕاگەیاندن بێت، پەی بەوە دەبات بەبێ





ئەوەی توشی زەحمەتی گەورە ببێت، کە ئامادەییەکی چڕ لە چەمکەکانی ئازادیو دیموکراسیو تۆتالیتاری هەن، خەریکە هەر کەس کە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی یان بیانی دەخوێنیتەوە، تێبینی بونی ئەم وشانە دەکات، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگە لە گرینگترینیان ڕوخانی بلۆکی سۆسیالیستیو ئەو تێڕوانینەی کە بە دوایا هات لەبارەی(دوایی ئایدۆلۆژیا) و(کۆتایی مێژوو)و قسەی زۆر لە سەر(سیستەمی نوێی جیهان) کەوا دانراوە لە سەر دیموکراسیو مافی مرۆڤ وەستاوە، لەبەرئەوە بەبەردەوامی دەگەڕێنەوە بۆ وشەی تۆتالیتاری بۆ وەسفکردنی هەموو سیستەمەکان یان هەندێ سیستەمو بیروباوەڕ، کە تاکو ئیستا بەڕێگەیەك لە ڕێگەکان پەیوەندییان بە سیستەمی سۆڤێتی پێشووەوە هەیە یان بە بیروباوەڕە هاوشێوەکانیەوە هەیە، بەتایبەتی دوای ١١ى سێبتەمبەر ئەوەی بوە هۆ ی چاوخشاندنەوە بە نەخشەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، و بانگەشە بۆ پشت بەستن بە دیموکراسیو ڕێگرتنو دژایەتی تیرۆرو ئەوبیروباوەڕانەی کە پشتگیری لێدەکە. لێرەوە هەندێ بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بەوە ناسراوە کە گشتگیرن، هەروەك زانراوە کە بوژانەوەیەکی زۆر هەیە بۆ تەوژمی ڕاسیزمی ڕۆژئاوایی لە ئەوروپاو ئەمریکا ئەمانەش بە سروشتی خۆیان تەوژمگەلێکی تۆتالیتارین.

ڕەنگە لەجیاوازییەکانی مێژویی هاو چەرخ ئەوەبێت، لەوکاتەی کەگریمان دەکرێت کەئازادی ودیموکراسی بڵاودەبێتەوە لەدوای ڕوخانی بلۆکی سۆسیالستیو بوژاندنەوەی سیستەمی لیبرالی لەزۆربەی وڵاتاندا. لەهەمان کاتدا شێوازی تازەی گشتگیری بەدەردەکەوێت، ئەمە ئەگەر لەشێوەی بزوتنەوەی سیاسی یان ئایدیالی بێت، یان لەشێوەی سیستەمی نێو دەوڵەتی جیهانی کەپشت دەبەستێ بەهێزوهەژمونگەرای. ئەوەش ئەوەیە کەکۆی ئەو بزوتنەوە دژ بەجیهانگیریانەدەیڵێنو دژی دەوەستنەوە. خودی جیهانگیری بە گشتگیری ناسراوە لەزۆربەی لێکۆڵینەوەو باسەکاندا. ئەمەش لەبەر ئەو مۆرکە هەژمونگەراییەی کەجیای دەکاتەوە وپشت ئەستوریشی دەکات بەهێزو

بەرەتکردنەوەی جیاوازی. هەموو ئەم هۆکارانە وایان کردوە کە بابەتی گشتگیری لەسەر زیاتر لەئاستێك خۆی دوبارەبکاتەوە. لەپاشان بە سود لەڕوی زانستیی ومێژوییەکەی بەم بابەتەدا بچینەوە، کەلەهیچ بارێك لەبارەکاندا ناکرێت جیابکرێتەوە یان بیری لێ بکریتەوە دوور لەئازادی. بەڵکو دەکرێت ئەو ە بڵێین کەکارکردن لەسەر شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە لەکۆنو نوێدا لەژێر ناوی جیاوازو بیرۆکەی جیاوازدا بەناوی ئازادییەوە ولە پێناوی ئازادیشدا بە شیکردنەوەی گشتگیری لە پێناوی ئازادبووندا بوە لێی. چونکە دۆخێکی دژ وپێچەوانەی ئازادیە. لەبەر ئەوە پێویستە شیکردنەوەی بۆ بکرێت لە پێگەی ئازادبوونەوە تیایدا. ئەمەش هەرچەندە ئەو مانایەی پێ دەبەخشێت یان هەر ئەم مەبەستەی کە لەدوای بەکارهێنانیەوەیە، چونکە دۆخێکی دژو پێچەوانەی ئازادیە. بۆیە پێویستە لە روانگەی رزگار بوون لێی شرۆڤە بکرێت نەك لە رووانگەی بیانو هێنانەوە بۆی، وەکو چۆن دامەزرێنەرانو بانگەشەکەرانو تیۆریستان ئەم کارەیان کردوە، ئازادی بریتیە لە وزەمینەیەی کە ڕێگا دەدات بەشیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی گشتگیری. لەمە زیاتر ڕێگەی دۆزینەوەی دەستنیشان کردوە بۆ رزگار بوون لێی لە پێشکەش کردنیدا بۆ گەرانەوەی فەلسەفەی سیاسی هاو چەرخ و نوێبوونەوەیدا فەیلەسوفی فەرەنسی (ئالان رونۆ) (٥) دانی بەوەدا ناوە کە بابەتی گشتگیری پێگەی تازەبوونەوەی فەلسەفەی سیاسی بووە، لە هەمان کاتدا جەختکردنەوە لەسەر گرنگی بەشداریکردنی فەیلەسوفی ئەڵمانی بە رەگەز شوناسی ئەمریکی (لیۆشتراوس L. strauss) کە بەنوێنەری فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ دادەنرێت لەسەردەمێکدا کە تەوژمی پۆزەتیفیزم زالبو، هەروەها لە ستەمکاریو گشتگیریدا بەرجەستە بوون بەزمانی فەیلەفسوف هەر وەك چۆن (یۆجین مۆللەر) لەباسی (شتراوس رابوونە لە فەلسەفەی سیاسیدا) ئەوەی روونکردۆتەوە کە شتراوس توانیویەتی ئەو پرسیارە دووبارە بکاتەوە لە بارەی سروشتی فەلسەفەی سیاسیەوە هەیە. بەوپێیەی (هەوڵێکی راستەقینەیە بۆ ناسینی سروشتی سیاسی) شتەکان وناسینی سیستەمی سیاسی شکۆمەند(٦). لێرەدا





چەمکی مەعریفە لەبەرامبەر ڕاو گوماندا دێت، هەروەکو چۆن سوقراتو ئەفلاتوون باسیان کردووە (بریتی یە لە هەوڵێکی بەردەوامو هۆشیارانە بەئەندازەی ئەوەی یەکگرتوو یەکلاکەرەوەیە بۆ جێگرتنەوەی مەعریفەت لە شوێنی ڕاو گومان)(٧) لەسەر ئەمەوە فەلسەفەی سیاسی شێوازێکە لە مەعریفە، مەعریفەی سروشتی بابەتە سیاسیەکان وەکو هەوڵێك بۆ گەیشتن بە پێوەری سیستەمی سیاسی شکۆمەند. ئەمە باسکردنی فەلسەفی یە بۆ دیاردە سیاسیەکان، لێرەوە جیاوازە لە زانستی مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتی لە سەر ئەم بنەمایە (لیوشتراوس) بڕوای وایە کە فەلسەفەی سیاسی کلاسیکی هەیەو فەلسەفەی سیاسی نوێ هەیە، کە لە (میکاڤیللی)یەوە دەست پێدەکات بە ڕای ئەو سیستەمی لیبڕالی گونجاوە بۆ گەشەکردنی فەلسەفەی سیاسی، بەڵام کێشەیەك کە لیبڕالیەت هەیەتی ئەوەیە کە بەئاراستەی یەکسانی هاتووە. لەمەشدا بەئاشکرا بە تەوژمی مێژووی کاریگەرە، بەواتەبە نەیاری گەورە بۆ فەلسەفەی سیاسی، لێرەدا بەهەمان شێوەی (کارل پۆپەر) بە جیاوازی شیکردنەوەیان (لیو شتراوس) شیکردنەوەیەکی تازەی هەیە بۆ دیاردەی ستەمکاری، هەروەکو چۆن بەوەش دەناسرێتەوە کەلێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە بۆ مێژووی فەلسەفەی سیاسی کە بەرجەستەبوە (لەجۆرێك لە هەڵساندنەوەی بۆ فەلسەفەی سیاسی، هەڵساندنەوەیەك کە لە بیرو باوەڕماندا بە بێ گومانی بە رابوون ناوی دەبەین)(٨) لێکۆڵینەوەی بۆ ستەمکاری بەئەندازە ی سەرەتایی لێکۆڵینەوەیەتی بۆ دیاردەی تۆتالیتاری، بانگەشەش بۆ ئازادی کە بۆتە پێگەو سەرەتای دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی قوڵ لەبارەی دیاردەی تۆتالیتاری، هەروەها پێشکەشکردنی تیۆری تازە لەسەر ئازادی. هەوەکو چۆن ناسراوە مێژووی سیاسی هاو چەرخ سیستەمی سیاسی وای بەخۆوە بینیوە بە تۆتالیتاری یان ستەمکاری ڕەهاو گشتگیر ناسراون، کە لە دوو شێوەو وێنەی ناسراودا بەدەرکەوتن ئەوانیش سیستەمی نازیو فاشیو سیستەمی ستالینی بوو. هەروەها پاشکۆی ئەم سیستەمە دیکتاتۆریانە کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی وسۆسیالیستی لە جیهانی سێدا

هەواڵنامەی کتێب

دامەزراون. بەڵام تۆتالیتاری پێش هەموو شتێك جۆرێکە لە فکری سیاسی کەلەسەر بنەمای ڕەهایی گشتگیری دادەمەزرێ. بۆیە دەبێت لێرەوە لەسەر کۆمەڵێك چەمك بوەستین بەتایبەت گشتگیری یان ڕەهایەت. هەورەها فەرمانڕەوایی ستەمکاری تۆتالیتار ستەمکارو سیستەمی سیاسی تۆتالیتارو ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری پاشان گفتوگۆی ناوەرۆکی تۆتالیتاری بەپێی شرۆڤەی فەلسەفەی بنەڕەتی نموونەیی بکەین. وامان بەباش زانی کە جەخت لەسەر توێژینەوەکانی هەریەك لە کارل پۆپەرو هانا ئارێنت ومیشل فۆکۆ بکەین لە بەرچەند فاکتەرێك کە خوێنەر لە چوارچێوەی باسەکەدا لەداویدا بۆی ئاشکرا دەبێت. هەروەها لەبەر چۆنێتی دەست نیشانکردنو توێژینەوە ورەخنەیان لەمەزیاتر لەبەرگری ئەم فەیلەسوفانە لە تۆتالیتاریەت، هەروەها چۆن ناکرێت هەڵوێستیان لە بیرۆکەی ئازادیو ئازادبون جیابکرێتەوە، ئەو ئازادیەی کە تۆتالیتاری مەبەستی بوە لەناویبدات ومرۆڤایەتی رزگار کرد شوراکانی تۆتالیتاریەتی هەڵوەشانەوە کەئێستا بووین بەخاوەنی مەعریفیەکی گونجاو لەوبارەیەوە، بەڵام ئێستاش ئامادەیە سەرەرای هەمووشتەکان هەرەشە لە رشتەی پەوەیندییە نێودەوڵەتیەکان دەکات بەتایبەتی لە زەمەنی جیهانگیریدا، رووخسارە جیاوازەکانیش لە زۆربەی بوارە کلتوریو فکریو سیاسیەکاندا کە لەجیهانی سێیەمدا هەیە، لەمەوە چوارچێوەی توێژینەوە بەستراوە بەپرسی تۆتالیتاریو شیکردنەوەی بەگوێرەی تێڕوانینی فەلسەفەی دیاریکراو وپێشکەش کردنی ناوەرۆکی ئازادی بەو پێیەی ئەلتەرناتیڤی سیاسیو ئەخلاقیە.

## یەکەم : دیاریکردنی سەرەتایی بۆچەمکەکان

بێگومان هەمو هەوڵێك بۆدیاریکردنی چەمکەکان لەوەزیاتر نیە کەنزیکردنەوەیەك بێت لەبواری پاکردنەوەو هەڵبژادنو تێڕوانین، سەرەرای ئەمە پشتمان بەستوە بەپێشکەشکردنی لەیەك نزیکردنەوەیەکی پێوەری میتودی بنەرەتی بۆ یەکلایی کردنەوە، بەتایبەتی لایەنی مێژوی ومەدلولی





جیاواز بۆچەمکەکە. چونکە لەم حاڵەتەو لەزوربەی حاڵەتەکان گرانە کەپێناسەیەکی لۆژێکی پێشکەش بکرێت کە گشتگیرو دیاریکراو بێت (جامع مانع)کە ئەوەش بە بەردەوامی ئامانجی باسی زانستیو فەلسەفی پێك دەهێنێت.

تۆتالیتاریەت لەو زاراوانەیە کەدەوڵەمەندە بەئاماژەو مەدلولی جیاواز، بۆیە هەوڵدەدەین هەندێك پێدراوی مێژویو زمانەوانی بۆ وشەکە بخەینەڕوو، پێش ئەوەی شرۆڤەی بیروڕای هەندێك فەیلەسوف لەسەربابەتەکە بکەین. ئەوەش کەکۆسپ زیاد دەکابۆ دیاریکردنی ئەم وشەیە ئەوەیە کەبوەبە وشەیەکی تەقلیدی وەکو لەپێشەوە وتمان لەزمانی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری. لەبەر ئەوە زۆرلایەنی زمانەوانی لەدەستداوە لەوەی پەیوەندی بەراو بۆچونو دورکەتنەوەی لەفیکرو تێگەیشتن. هەروەکو چۆن بەکارهێنانی لەبواری ڕۆژنامەگەری یاخود باسی مێژوییو فەلسەفی وپەروەردەی هیچ جۆرە بێ لایەنێکی تیانیە، پاشان بەبەردەوامی بابەتی گفتوگۆی فکری چڕو پڕە هەرلەسەرەتای بەدەرکەوتنی لەسەدەی بیستەمو گفتوگۆی ئایدۆلۆژی، بەتایبەتی لەسیاقی فکریو سیاسی کەمێژوی هاوچەرخی لەزەمەنێك لەزەمەنەکانی پیادەناسرێتەوە، کەناسراوە بەجەنگی سارد.

ئەم گفتوگۆو ململانێیە لەکۆتایی حەفتاکانو هەشتاکان ئەوگەرم وگوڕییەی نەما، جارێکی ترو بەگۆڕێکی بەهێزتر لەسەرەتای نەوەکاندا بەدەرکەوتەوە، بۆنمونە ئەوەی کەمێژونوس وسیاسی فرانسوافریی لەکتێبەکەیدا (مێژوی وەهم) ئامازەی بۆکردو ە. (٩) یان کورتوا لە کتێبەکەی (کتێبی رەشی شوعیەتدا)(١٠) ئامازەی پێداوە، لێرەوە ئەو پرسیارەی بەهای مەعریفی ئەم چەمکە خۆی دەسەپێنێ، ئایە هەڵگری ماناو مەدلولی وایە کە زاراوە سیاسیەکانی پێش خۆی هەڵیان نەگرتووە کە پەیوەستن بەم بابەتەوە وەکو دیکتاتۆریو ستەمکاری کۆنتڕۆڵکردن؟ ئایا بەهایەکی نەوعی هەیە لە بواری مەعریفیدا وای لێ کردبێت پێویست بێ بۆ لێکۆڵینەوە؟ یاخود گرنگیەکی سیاسی شاردۆتەوە کە



هەواڵنامەی کتێب

لەوەزیاترە دیاریکردنی زمانەوانی سەرەتایی لە خۆیدا حەشاردابێت بەڵام لە چوارچێوەی شرۆڤەی ئەو فەیلەسوفانەی کە ئێمە وەکو (عەینەك)و وەکو هەوڵێك بۆ رونکردنەوەی چەمکەکە لێیان دەکۆڵینەوە. لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ووشەکان بەگوێرەی ئەوەی شرۆڤەی فەلسەفەی زمان پێویستێتی، کە لەرووی پراکتیکیەوە جۆرێك لە هەڵبژاردن لە خۆ دەگرێت. بە شێوەیەکی باشتر جۆرێك لە مەبەست لە ڕاڤەی ڕوداوو تەئویلکردنو پاشان حوکمدان بە سەریدا هەیە. بۆیە دەکرێت لە زۆر ڕوی جیاوازەوە سەیری چەمکەکە بکەین لە گرنگترینیان :

### ١ ـ لە ڕوی مێژووییەوە:

زاراوەی تۆتالیتاری ئەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم، بە دیاریکراوی بۆ بەکارهێنانی وشەی ئیتاڵی totalitario کە مۆسۆلینی بۆ دیاریکردنی سروشتی سیستەمەکەی بە کاریهێنا. [١١]. پاشان گوزرایەوە بۆ ئەڵمانیا لە کتێبەکەی (کارڵ شمێس)کە ناسراوە بە (دەوڵەتی تۆتالیتاری یان گشتگیر)، پاشان کتێبو لێکۆڵینەوەی تری بە دوا دا هات لەسەر بابەتەکە. بۆ نمونە دەرکەوتنی لە کتێبی (فرانز بورکنو) بەناونیشانی (دوژمنەکانی تۆتالیتاری) لەساڵی (١٩٤٠) کە رووخساری تۆتالیتاری بەلشەڤیو فاشیو نازی رونکردۆتەوە، هەورەها زانای سۆسیۆلۆجی فەرەنسی (مارسال موس) لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەکاریهێناوە هەورەکو چۆن لەلای یەکێك لە نووسەرەکان بانگەشەی تازەکردنەوەی زاراوە فەلسەفیەکە ئەبینین، هەروەها پێداویستیو بەڕێکردنی هەردوو سیستەمی بەلشەڤیو نازی بەچەمکی تۆتالیتاری. چونکە رەگەزی تازە لە خۆ دەگرێت وشە کۆنەکانی وەکو دیکتاتۆریو ئەوانی تر ناتوانن لەخۆی بگرن. [١٢] پەیمانێ گرێدرا کە بەپەیمانی (ئەڵمانی - سۆڤێتی) ناسراوە کە لەنێوان هەردوو سیستەمی نازیو ستالین لە ساڵی (١٩٣٩)بەسترا، جۆرێك لە کەمتەرخەمی تیابووە کەبوە هۆی ئەوەی کە توێژەرەکان پێشنیاری بیرۆکەی لێکچواندن بکەن لەنێوانیاندا. لە دوای جەنگی جیهانی دوەم ئەم چەمکە مانای





نوێی وەرگرت لە سیاقی جەنگی ساردا، رووناکبیرانو زانایانی سۆسیۆلۆجیو فەیلەسوفەکان بەشداربون لەم گۆرانەدا، بەتایبەتی (پۆپەر)و (هانا ئارێنت)و پاشان (میشیل فۆکو) هەروەکو چۆن لە دوایدا ئەمە رووندەکەینەوە. هەرچەندە ئەم چەمکە تا نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەم کپ بوونێکی بەخۆوە بینی لە دەرئەنجامی سیاسیەتی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتو هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی سۆسیالیستی لەسەرەتای نەوەدەکاندا ئەم چەمکە بوە بەڕووکاری لێکۆڵینەوەی سیاسیو فکری هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد. ئێستاش ئامادەییەکی چڕی هەیە، بەشێوەیەك ئەم گفتوگۆیە لەسەرەتاوە لە ئەڵمانیاوە دەستی پێکرد لەگەڵ مێژوو نووسانی وەکو (ارنست نولت) هەروەها لە فەرەنسا لەگەڵ دەرکەوتنی کتێبی (فرانسوافریی) کەلە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد. لە گۆڤارە سیاسیو فەلسەفیو سیاسیە بەناوبانگەکاندا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت [١٣] لەگەڵ دانپێنانی زۆرینەی توێژەران بە گەڕانەوەی چەمکی تۆتالیتاری، بەڵام هەندێك بەکارهێنانی رەتدەکەنەوە بەبانگەشەی ئەوەی کە سیمایەکی ململانێیو سۆزداریو ئایدۆلۆژی هەیە، هەروها لەگەڵ بوونی لە خۆگرتنی حوکمی بەهای پێشینەو دژە هەڵوێست. ئەمە سەرەڕای نەبوونی ووردبینی لەهاوتاکردن لە نێوان هەردوو سیستەمی سۆسیالیستی ونازی، سەرەرای هەندێ سازان یان لێکچون لەنێوانیاندا لە هەندێ مومارەسەیاندا. بەتایبەتی لە دامەزراندنی کەمپی گرتوخانە هەرچەندە هەندێ لە نەیارەکان وادەبینین کە لەبەکارهێنانی تۆتالیتاری جۆرێك لە دەست نیشانکردن هەیە لەسەر هەردووسیستەمە دیاریکراوەکان لەکاتو شوێنی دیاریکراودا. بۆیە هەڵگری سیفەتی ئەو چەمکە نیە کە لەسەردیاریدەیەکی نوێ پراکتیك دەبێت [١٤] بەڵام ئەوەی کە نەیارەکان ئاماژەی پێناکەن ئەوەیە کە زۆرینەی چەمکە سیاسیەکان پڕکراونەتەوە بەسۆزو لایەنگری پێشینەو هەڵوێست وەرگرتنی پێش وەخت. [١٥] بۆیە پێویستە واسەیری تۆتالیتاری بکرێت، کە پرۆژەیەکی سیاسی لەوەزیاتر گرنگەو پێویستیشە بەکاربهێنرێ

بۆئاماژەکردن بۆ زیاتر لەوەی کە تەنها ستەمێکی سیاسیەو کۆتایی هاتووە یان لە حوکمی کۆتاییدایە. بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوە بکرێت کە تۆتالیتاری بەهەمان شێوە بریتیە لەتەوژمو ئاراستەی بەردەوام بۆ بەکارهێنانی خراپی (هەڵەکانی دیموکراسی)، هەروەك چۆن تۆتالیتاری بەراورد بە دیکتاتۆری یان ستەمکاری هەندێ تایبەتمەندی گرنگ لە خۆدەگرێت، لەوانە بڕوابونی بەئایندە لە چوارچێوەی راڤەی بۆ مێژوو. دژایەتیکردنی تەواوی بۆ دیموراسیەتی لیبرالی، هەروەها کارکردنی بۆ لە چوارچێوەدانی تەواوی تاك، هەروەها چاودێری تەواوی جۆرەکانی گوزارشتکردن وپاشکۆیەتی ڕەها بۆ سیستەمی پەروەردەیی و پشت بەستن بەدامو دەزگای سەرکوتکردنو تیرۆر، هەروەها برابوون بەسەرکردایەتی (کاریزیمی) ودوژمنایەتی ئازادی بەهەموو جۆرەکانیەوە. لێرەوە بەکارهێنانی لە گفتوگۆی سیاسی هاوچەرخدا نوێ دەبێتەوە بەتایبەتی لەدوای بەکارهێنانو خستنە ناو هەندێ میتۆدو پرۆگرامی خوێندنگە لە ئەوروپا[١٦]

**٢- لەبارەی دەلالەتی چەمکەکەوە:**

کارل فریدریك دادەنرێت [١٧] بەیەکەم نووسەر کە دەست پێشخەری هەیە لەدیاریکردنی تایبەتمەندێتی تەوەرەکانی تۆتالیتاری. ئەمەش لەچوار خاڵی سەرەکیدا روونکراوەتەوە:

أ) پشت بەستن بە ئایدۆلۆژیای پێشبینی، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان تەحوکم بە فەلسەفەی مێژووییەوە دەکات.

ب)پشت بەستن بەیەك حزبی جەماوەری.

ت)قۆرخکردنی دامو دەزگای راگەیاندن.

ث)چاودێری پۆلیسی توندو تیژ.

زۆر لە زانایانی سۆسیۆلۆجی ئەم نموونەیان بەکارهێناوە بۆ وەسفکردن وشیکردنەوە سیستەمی تۆتالیتاری لەوانە (ریمون ئارون) زانای سۆسیۆلۆژیی





فەرەنسی لە کێتێبەکەیدا (دیموکراسیەتو تۆتالیتاری) [١٨] لە ساڵی (١٩٦٥) لەدوای ئەویش (کودلوفور، کورنیلوس، کاستریادس) وزۆرکەسی تر. [١٩]

**لەسەر ئەم بنەمایە:**

**یەکەم:** تۆتالیاری بەواتەی سیستەمی سیاسی.

**دووەم:** تیوری سیاسیو فەلسەفیو ئایدۆلۆژیا کەکاردەکات لەسەر یەکگرتنی یان کۆکردنەوەی ژیانی گشتی ئاینیو ئابوریو سیاسی وهونەری لەجۆرێك لەتاکرەوی دەسەلاتو دونیابینی جیهان ئەمەش بەبەکارهێنانی هەموومیکانیزمێك بەمیکانیزمی سەرکوتکاریو ترسێنەریشەوە. [٢٠]

کەواتە تۆتالیتاری سیستەمێکی گشتگیرە، کە کاردەکات لە پێناوی بەدەستهێنانی یەکلایەنی تەواوەتی بۆ کۆمەڵگە لەسەر بونیادی ئایدۆلۆژییەکی سەپێنراو کە رۆڵی یاسای سروشتی دەبینێ.

بەپێی پێناسەی (ریمون ئارۆن) تۆتالیتاری ئەو کاتە ڕوودەدات، کە سیستەمی سیاسی پشت دەبەستێ بە قۆرخکردنی چالاکی سیاسی، پارتێکی چەکدار بە ئایدۆلۆژیاو دەسەلاتی رەها. کە لەدوایدادەبێت بەحەقیقەتی فەرمی دەوڵەت. بۆئەوەی دەوڵەت داوای ئەم حەقیقەتە فەرمیە بکات، پشت دەبەستێت بە قۆرخکردنی چەندجارەی بۆمیکانیزمی هێزو برواهێنان، بۆ نموونە راگەیاندن. هەروەکو چۆن چالاکی ئابوریش دەبێتە پاشکۆی دەوڵەت، ئەبێتە بەشێکیش لێی وبەرەنگی حەقیقی فەرمی دەوڵەت رەنگیرێژدەکرێ. دەبێت هەرهەڵەیەك لەهەر بوارێك لەبوارەکانی دەوڵەت وئابوریدا بکرێت دابنرێت بەهەڵەیەکی ئایدۆلۆژیش، لەبەرئەوە دەوڵەت هەڵدەستێ بەپرۆسەیەکی چڕ بە سیاسیکردن بۆ ئەمەش هەمومیکانیزمێك بەکار دەهێنێ بەمیکانیزمی تیرۆری پۆلیسیو ئایدۆلۆژیایشەوە. [٢١] لێرەوە دەکرێت بەگشتی بوترێت، تۆتالیتاری رەوانەی واقیعێك یان ڕووداوێکی دیاریکراو دەکرێت کە سیستەمی سیاسیە بە پێناسەی

ئەوەی واقعێکی مێژووییە، هەروەها چەمکێکی سیاسیە کە بریتیە لە دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی بەوەی کە جۆرێکە لە جۆرەکانی دەسەلاتی سیاسی تازە، کە ناکرێت لەناو هەرەمەکانی دەسەلاتو شێوەکانی فەرمانرەوایدا پۆلێن بکرێت، کە فکری سیاسی وفەلسەفەی سیاسی کلاسیکی دروستیان کردوە. هەروها تێۆریش بەو پێیەی نموونەیەکە لە نموونەی هەژموون کە شیکردنەوەی بەراوردکاریە بۆ سیستەمی تۆتالیتاری لە کۆتایدا بەشێوەی جیاواز بەکارهێنراوە بە گوێرەی دانەرانو تیۆرستان وزانایانی سیاسیو فەلسەفی (٢٢)

**٣- لەبارەی ئازادییەوە:**

ئەگەر تۆتالیتاری‌لەروی مێژوویەوە دژ بە لیبراڵیو دیموکراسیو کۆمەلگای لیبراڵ بێت، ئەوا ناوەرۆکی ئەو کۆمەلگەیەی کەنەیاری تۆتالیتاریەیە بریتیە لە کۆمەلگەیەك کەلەسەر ئازادی وەستاوە. یەکێکی وەك مونیك کانتوسبابرر ووتی(ئەگەر لیبراڵیەت نمونەیەکی سیاسی بێت، ئەوەبەپێی قۆناغە مێژوی وکۆمەلایەتیەکان گوزارشتی جیاوازی خۆی هەیە، ئەوە ناوەڕۆکەکەی ئازادیە کەلەوەدا کورت دەبێتەوە کەتاك ئازادە، بەشێوەیەکی تر کۆمەلگەیەکی ئازاد دروست دەکات). ناتوانرێت قسە لەسەر ئازادی بکرێت بەبێ ئاماژەکردن بەئاستە بالآکانی، ئەوەش ئەو ئاستانەیە کەپەیوەستن بەبواری ئەنتۆلۆجی یان میتافیزیکی، هەروەها لایەنی سایکۆلۆژی کەپەیوەستە بە ئیرادەوەولایەنی مۆراڵی وسیاسی کە تەوەری بابەتەکەمانە، لێرەوە ئەو پرسیارەی کە پێویستە لەخۆمانی بکەین لە ڕەگەزدا پەیوەست نیە بەپر سیاری میتافیزیکی ئازادییەوە، سەرەڕای گرنگیە مەعریفیەکەی، هەروەك لەم بوارەدا بڕوامان بە ئازادی هەیە، هەرچەندە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای کلتوری لیبراڵیو تیورەکانی پەیمانی کۆمەلایەتی چڕدەبێتەوە، بەلآم لە کۆتای باسەکەدا شرۆڤەکانمان چڕدەکەینەوە لەسەر چەمکی ئازادی لەلای کانت.





**ئەمەش لەبەر دوو هۆکار :**

**یەکەم :** کانت لەزۆر روی جیاوازی یەکێکە لە تیۆرستەکانی پاشماوەی پەیمانی کۆمەلایەتی، هۆکاری دوەمیش هەوڵمانە بۆ ڕونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە ئالۆزەی فەیلەسوفەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەبابەتی لێکۆڵینەوە بەکانتەوە. (٢٤)گومانی تیانیە کەلێکۆڵینەوە لەسەر ئازادی ئاسان نیە، چونکە هەندێ پرس دەورژێنێ کەتاوەکو ئێستا بەرەو روی فەلسەفە بونەتەوە، ئەم پرسانە وەکو هیوم دەڵێت لەپرسیارە ئالۆزەکانی میتافیزیکان، کانتیش دەڵێت بەردی بناغەن لەفەلسەفەدا، گرانی وئالۆزی چەمکی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی مانای ئازادی، بەنیسبەت بونی مرۆڤ لە دونیادا، پرسیاری ئازادی لێرەدا واخۆی پێشنیار دەکات کەپرسیارێکی یونیڤێرسالیە، لێرەوە پێویستە تایبەتمەندێتی مرۆڤو کردارەکانی بەبەراورد بەسروشت لە سیستەمی جیهانیدا دیاریبکرێت، لەمە زیاتر پرسیاری لەم جۆرە خۆی پێشنیار دەکات. ئایا کرداری مرۆڤ بەپێشینە دیاریکراوە، کەکردارێکی سروشتیە ؟ئایا زانینی هۆکارەکانی کارێکی مومکینە؟ ئەم پرسیارانە شێوازی لاهوتیان وەرگرتوە کاتێ پەیوەندی مرۆڤ بەخواوە دەخرێتە ڕوو، هەروەها تیۆرگەلی جیاواز لەبارەی هەڵبژاردن زۆر لێکردنەوە، هەروەك چۆن پرسیاری ئازادی پەیوەندار بەبواری سایکۆلۆژی مرۆڤەوە خراوەتە ڕوو، چونکە پەیوەستە بەهوشیاری ئیرادەوە. بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەبواری مۆراڵەوە هەیە، بەوەی کەئایا مرۆڤ کائینێکی پاشکۆیە یان سەربەخۆ. کۆیلە یان ئازادە، ئەمەشە کەدەبێتە هۆی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی، هەروەکو چۆن بەستراوە بەسەروەریو یاساوماڤەوە. بۆیە بەپلەی یەکەم پرسێکی سیاسیە. (٢٥)

وەکو زەکەریا ئیبراهیم دەڵێت :(کێشەی ئازادی کێشەیەکی میتافیزیکیە کەڕوبەڕوی مرۆڤی هاوچەرخ دەبێتەوە وەکو چۆن ڕوبەڕوی باب وباپیرانی بوەتەوە، لەهەمو کات وشوێنێکدا. بەلآم مرۆڤی هاوچەرخ لەوان زیاتری لە

تواناداية بۆ ناسینی پەیوەندیەکانی ئازادی بەواقیعی کۆمەڵایەتی وپەیوەندی بە مێژوی سیاسیەوە، پاشان دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی کێشەی ئازادی بە ڕوکارە میتافیزیکیەکەی لە کێشەی ئازادی بە ڕوکارە سیاسیەکەی.(٢٦)

**دووەم:** نموونەی فەلسەفی :بێگومان بابەتی تۆتالیتاری ژمارەیەکی زۆری لە فەیلەسوفو زانایانی کۆمەڵناسیو سیاسی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، لێکۆڵینەوەی زۆریش بەدەرکەوتوون کە گفتوگۆی بابەتەکە دەکەن، بەسەرنجدان لە سیاسەتو ئامانجی باسەکە پێمان باش بوو سێ نموونەی فەلسەفی بخەینە ڕوو، وە گفتوگۆیان لەسەر بکەین، لەبەرئەوەی تۆتالیتاری وئازادی لە شیکردنەوەی فەلسەفیو سیاسی دیاریکراودا بەدەرکەوون ئەمەشو بەپێی بیوروڕای فەیلەسوفەکانو ئاراستە فکریەکانیان.

**١- کارل پۆپەر: تۆتالیتاری وکۆمەڵگەی کراوە.** [٣٠]

ئەگەر لەسیاقی مەعریفەی زانستیو تیۆری مەعریفەوە هەورەها ئەو کارانەی کردوویەتی لە بیروراو تیۆرو چەمکەکانیدا بۆ فەلسەفەی زانستەکان لە (پوپەر) بڕوانین، بە تایبەت ئەوەی کە لەکتێبەکەیدا (لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی)وە بڵاوی کردۆتەوە. ئەوە زۆر بەسودو گرنگترە لە بیروای سیاسی ومۆراڵیەکانی. بەتایبەتی لە هەردوو کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە ودوژمنەکانی)و (نەزۆکی مەزهەبی مێژوویی)ەوە لە چوارچێوەی رەوتی پراگماتیدا، کە هەریەك لە جۆن لۆكو جیرمی بنسامو جۆن ستیوارت میل دەستیان پێکرد.

یەکێك لە لێکۆڵەرەوان وا دەبینێ لەگەڵ دەرچوونی کیتێبە سەرەکیەکەی لە سیاسەتدا (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی) (ڕێرەوی فکری لیبراڵی گۆڕی، بۆ یەکەمجار هەموارکردنی جەوهەری لە تیۆری لیبراڵیدا پێشینیار کرد. ئەو وێنانەی تێپەراندکە میل پێشنیاری کردبوو)[٣١]. چونکە کتێبەکەی وەکو هەوڵێك بو بۆ بەرگریکردن لە ئازادیو هێرشکردن بۆسەر تۆتالیتاری کە لە سیستەمی





فاشیو ستالینیو نازیدا بەرجەستە بو، ئەو دەروازەیەش کە پۆپەر هەڵیبژاردبوو دەروازەی (فەلسەفەی مێژوو بوو نەك فەلسەفەی سیاسی، لەو روانگەیەوە کە ئەو سیما تۆتالیتاریەی کە بیروباروەرەی سیاسی فاشیو شیوعی پێ دەناسرێتەوە لە فەلسەفەی مێژووەوە سەرچاوە دەگرێ. فەلسەفەی سیاسی تۆتالیتاریـیە جگە لەوکاردانەوەی بۆ ئەوو تەزای کە خۆی بەسەرماندا سەپاندووە کە دەبێت لە ئێستاوە دەست پێ بکەین کەژیانی خۆیان بەپێداویستیەکانی قۆناغی ئایندەو دابڕێژین، لەبەر ئەوەی گومانی تێدانیە کە دێت بەمەش ئێمە هەماهەنگیین لەگەڵ لۆژیکی حەتمی مێژوویی) [٣٢]. ئەو وادەبینێ کە دەروازەی لێکۆڵینەوەی تۆتالیتاری بریتیە لە دەروازەی مێژووی یان باشتر بڵێین کەسەر بەفەلسەفەی مێژووەوە. بۆیە پشت دەبەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی بنەما مێژوویەکان (کەسیستەمی تۆتالیتاری لەسەری راوەستاوە لە ڕێگەی شێوە دیموکراسیەتی لیبڕالی ڕەتدەکاتەوەو پاشان بەرگری لە دیموکراسی دەکات لە روانگەی پاڵپشتیە ئەقلانیەکانەوە)[٣٣] لێرەوە هەردوو کتێبەکەی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنی) (نەزۆکی مەزهەبی مێژووی) پێوەی بەستراوە. بۆیە دەبینین یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی بریتیە لە رەخنەی لە تۆتالیتاری بەوەی روکەشە مەعریفەی مرۆیی هۆکارێکی سەرەکیە لە دیاریکردنی ڕێڕەوی مێژوو. لە بەرئەوەش کە ئێمە لە پێشەوە پێشبینی ئەوە ناکەین کە مەعریفەی مرۆیی چی ڕێرەوێك ئەگرێت لەبەرئەوەش کە ناتوانین لەوەوبەر پێشبینی ئەو ئاراستە بکەین کە بزوتنەوەیی مێژووی بە ئاراستەیدا دەروات) [٣٥].

پۆپەر بەشێوەیەکی میکانیکیو راستەوخۆ تێروانینی حەتمی مێژوو دەرکەوتنی تۆتالیتاری بەیەکەوە گرێ نادات، جگە لەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کاتێ کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فەیلەسوفانە دەکات کەبوونەتە باکگراوندی فکری بۆ دەرکەوتنی تۆتالیتاری. ئەوانیش لە تێروانینی ئەوا هەریەك لە (ئەفلاتون)و (هێگڵ)و (مارکس)ن [٣٦] لە تێڕوانینی ئەوا ئەفلاتون بانگەشەی مێژوویش دەکات لە چوارچێوەی پەرەسەندی جۆرەکانی حکومەت کە



هەواڵنامەی کتێب

لە کتێبی هەشتەمی کتێبەکانی کۆمار دا باسی کردووە. کاتی وا دەبینێ کە باشترین سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەوەیە کە لە دەوڵەتی نمونەیدا خۆی بەرجەستە دەکات کە فەیلەسوفەکان فەرمانرەوایی دەکەن، کە بەزویی دەرووخێ بەرەو سیستمی (تیموکراتی) جەنگی دەگوازرێتەوە. پاشان بەرەو سیستەمی تیموکراتی بلوتۆکراتی)، پاشان ئەم رووخانە دەیگەینێ بە ئاستی (دیموکراسی پاشا گەردانی). ئەمەش لە کۆتایدا بوار لەبەردەم ستەمکارە نەزانەکاندا دەکاتەوە بگەنە کورسیەکانی دەسەلات، کە سیستەمی ستەمکاری لەسەر دادەمەزرێ، کە لوتکەی رووخانە بەم رێرەوە نەزعەی مێژویی لای ئەفلاتون دیاری دەکرێت.[٣٧]

بەلام هێزی تۆتالیتاری لای ئەفلاتوون لە پیشاندانی دەوڵەتی نموونەیدا روونی دەکاتەوە، کاتێ کە چینێکی دەستە بژێر دەست گرن بەسەر فەرمانرەوایدا کە خاوەنی هێزو مەعریفەن. هەروەها دیاریکردنی ئەو چینەو رێگەی مومارەسەی فەرمانڕەواییان دیاری دەکات، کە هەموو میکانیزمە جیاوازەکانی بۆ رێکدەکرێت لە درۆکردنو فێلکردنو تەڵەکە بازی هەتاوەکو گەیشتن بە بەدەستهێنانی بەرژوەندیگشتی [٣٨]. ئەو شتەش کە تێروانینی ئەفلاتون لە پۆپەر جیادەکاتەوە لە بارەی تۆتالیتاریەوە بریتیە لە بانگەشەنەکردنی بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی دژ بە خەڵك. ئەفلاتون جەختی لەوەکردتەوە کە هەموو کەسێك ئەو فەرمانەو ئەرکەی کە بە دەستی بهێنێ لە بەکارهێنانیدا بە گوێرەی توانا سروشتیەکانی کە لەگەڵیدا گونجاوە، ئەوەش وای لە ئەفلاتون کردووە بیریارێکی دەسەلات خوازیانە بێت Coutoritaire زیاتر لەوەی بیریارێکی تۆتالیتاری بێت (Totalitaire)[٣٩] ئەوەش پەیوەندی بە هیگڵو مارکسەوە هەیە ئەوەیە کە نەزعەی مێژوی لای ئەوان پێویست بە ئاشکراکردن ناکات، فەلسەفەی ئەوان لەسەر مێژو بە تیوۆرە گەورەکان دەژمێرێت لەڕاڤەکردنی مێژودا. هیگڵ بانگەشەی ئەمانە دەکات:

ا- نەتەوەیی باوەڕبون بە پێویستی ملکەچ بونی تاك بۆ ئیرادەی دەوڵەت،





بەوپێیەی کە قسەی باڵا تەنها قسەی ئەوە.

ب - دوژمنایەتی سروشتی لە نێوان دەوڵەتانو جەخت کردنەوە لە سەر خودێتی نەتەوە لە گۆشەنیگای شەڕەوە.

ج - شکۆمەندی مۆراڵی باڵا بریتیە لە بەرژەوەندی دەوڵەت.

د - نەمری جەنگ.

ه - جەخت کردنەوە لەسەر رۆڵی سەرکردە رەسەنەکان.

و - شکۆمەندیوباڵایی لەپاڵەوانیەتیەوەیە [٤٠].

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە مارکس، ئەوە مارکس جەخت لە سەر بیرۆکەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو رۆڵی ململانێی چینایەتی لەمێژودا داوە، هەروەها دان نانی بە سەرنەکەوتن ونەگونجانی سەرمایەداریوگەشەی هەژاریو بەرپرسیارێتی سەرمایە داران لەمە دەکاتەوە. هەرچەند پێویستە بیروبۆچونەکانی مارکس لەگەڵ زیادکردنی بیروراکانی مارکس لەلینینو ستالینەوە لە یەکتری جیابکرێتەوە.[٤١]

پۆپەر رەخنە لە پێشنیازەکانی مارکس دەگرێتو وا دەبینێ ئەو سەرمایەدارییەی کە مارکس پێناسەی دەکات بونی نیە. ئەوەش دەڵێت کە ئەو باسانە جگە لە ئەفسانەو خەیاڵ هیچی تر نیە، بۆیە ریفۆرمو گونجان لە سەرمایەداریدا شتێکە دەکرێت ئەنجام بدرێت. ئەمەش بە ئەزمونی مێژویی سەلماوە، ئەوەش کەبنەمای سەرەکیە لەبیری مارکسیدا دۆزینەوەی رۆڵی ئابوریە. هەرچەندە لەوەوبەر ژمارەیەك لە زانایان قسەیان لەسەر کردوە، پۆپەر لەهەوڵی بەرگریکردنە لەبەها باڵاکانی لیبراڵیەت، بەتایبەتی ئازادی بۆیە لە هەمو کارە سیاسیەکاندا هەوڵی بۆ داوە. بەڵگە لەسەر بەدەست هێنانی بەها باڵاکانی لیبراڵیەت لە روی پراکتیکەوە کارێکی ئاستەم نیە پێویستی مێژویش بە هیچ شێوەیەك واناکات ئەم بەهایانە بەدەست بێن.

بـەڵکو بەپێچەوانەی ئەمـەوە بەتـەماوی بانگەشـە هەیـە بۆبەدەسـت هـاتنی، بۆیـە لەسـەرمانە کـە هەوڵبـدەین بـۆ سەرخـستنو دامەزرانـدنی [٤٢] بـۆ ئەمـەش پۆپـەر پـشت بـە چـەمکی پراگمـاتی دەبەسـتێت، نـەك بـەخودی چـەمکی مافـە سروشـتیە رۆشـنەکان، وا سـەیری چەمکی پراگمـاتی دەکـات کەلایـەنی نێگەتیڤـە نەك پۆزەتیف. ئەوەش بە گوێرەی ئەو پرەنسیپە زانستیەی لەسـەری وەستاوە کە بریتیـە لـە (توانـا بـۆ درۆکـردن)، سـود لـەلای ئـەو بریتیـە لـە کەمکرنـەوەی نەهامـەتیو ئـازارو زیـادکردنی ئـازادیو کامـەرانی، بۆیـە لـەم روانگەیـەوە وا پێشنیاری بیرورِاکانی‌دەکات، بەوەی کە ئەمانە تـەنها پێشنیارن نـەك شتگەلێکی راستەقینە. هەڵوێستی پۆپەر لەسەر ئازادی بەوە جیادەکرێتەوە کە راوبۆچوونی لەسەر چۆنیەتی رەخنەیە لەسەر وێنا بیری فەیلەسوفەکانو زانایان لەسەر ئازادی کـە وەسـتاوەتە سـەر نارۆشـنیو نادیـاری. لـەم روانگەیـەوە نموونەیـەکی لەسـەر چەمکەکە لای هیگڵ هێناوەتەوە بەوەی کە هیگڵ وا پێناسەی ئازادی دەکات کە بریتیە لە (لەناوبردنی تاك بۆ خودی خۆی لە پێناوی دەوڵەتدا) نموونـەی ئـەم پێناسانە ناشرین کردنی مانای ئازادییە لەبەرئەوەی ئەندازەیـەکی دیاریکراو لە دەستێوەردانی دەوڵەت شیاوە بەڵکو پێویستە بۆ پاراستنی مانی پراکتیکی ئازادی، بۆ نمونە پێویستە دەوڵەت دەست تێوەردان بکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی مافی خوێنـدن دابـین بکـات. هـەروەها گـرنگترین شـت لـە دیموکراسـیدا ئەوەیـە بـوار بـۆ هاوڵاتیان برەخسێنرێت کە فەرمانرەواکانیان بگۆرِن بـەبێ ئـەوەی پێویـستیان بـە بەکارهێنانی توندوتیژی هەبێت. لێرەوە وا پێناسەی دیموکراسی دەکرێت بەوەی پرۆسـەیەکی دامەزراندنەوەیـە کـە دەتوانێـت چارەسـەری ئـەو دوالیزمانـە بکـات کەلەگۆمەڵگەدا هەیـە لەچوارچێوەی وتووێـژێکی ئـەخلاقی نـەك بـەزۆرەملێ و توندوتیژی ئەگەرقەیرانی دیموکراسیش دەڵێن واقیعی پراکتیکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وتو وێژی ئـەخلاقی نابێتە فاکتەری یەکلاکەرەوە لەسیستەمی دیموکراسیدا، ئەوە پۆپەر بەوە وەڵامیان دەداتەوە کەدیموکراسی بواری وتووێژی ئەخلاقی دەرەخسێنێ، بەڵام گرەنتی بەدەست هێنانی پراکتیکی تەواو ناکات (٤٣).





پۆپەر بەرگری لە دیموکراسی ناکات بەوەی بالا ترین چاکەیە، بەڵکو بەوە وەسفی دەکات کە چاکەیەکی رێژەیە و لەوانی تر باشترە. ئازادیش هەروەکو دیموکراسی چاکەیەکی رەها نیە، بۆیە لەسەر دەوڵەتە دیسپلینی دیاریکراو دابنێت بۆ گرەنتێدان بە هاوتاییکردن، سەرەرای ئەمە دانانی دیسپلین لەرووی پراکتیکەوە واتە کەمکردنەوەی ئازادی. بەڵام پۆپەرو ادەبینێ کە رۆڵی دەوڵەت لەوە بەرجەستەبێت کە پارێزگاری لە ئازادی مرۆڤایەتی بکات، سەرەرای ئەوەی بوونی کەمکردنەوەی بەشێك لەئازادییە. بەڵام مرۆڤ وابەباشتر دەزانێت کە لەسایەی دەوڵەتدا بژیت، هەرچەندە ئازادیەکەشی کەمتر بێت. چونکە ئەو ئازادیەی کە بۆی دەمێنێتەوە پارێزگاری لێدەکات (٤٤) هەروەك چۆن پۆپەر ئازادی بەستۆتەوە بەلێبوردەییەوە. (٤٥) پۆپەریش وەکو جۆن لۆك وایە کە پێی وایە ئازادی بۆهەمووانە کە بەسادەیی بریتیە لە رەخساندنی بوار بۆ هێزەکان بۆئەوەی ئازادی لاوازەکان ببەزێنن بەوەش کە ئازادی هەرمرۆڤێك لە راستیدا بریتیە لە کۆت لەسەر ئازادی ئەوی تر. بەهەمان شێوە پرەنسیپی لێبوردەیی بریتیە لەوەی کەلێبوردە بیت لەگەڵ ئەوانەی کە لێبوردەنین. ئەوەشە کە بیرۆکەی لێبوردەیی لەبنەماوە دەروخێنێ لەگەڵ رووخانی نازیەتو فاشیەت ودارمانی یەکێتی سۆڤیەت زۆربەی بیرورِاکانی کارل پۆپەر هاتنەدی، لێرەوە ئەو ئەلتەرناتیڤەی کە ئەو بانگەشەی بۆدەکرد بوە جێگەی گرنگیدانێکی زۆر، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەی کەلەزۆربەی بۆنەو لەگۆڤارەکاندا دروست بوو ئەم ئەلتەرناتیڤەش ناوی نرا (دیموکراسی بەو پێیەی باشترین (عوالمم)ی مومکینە) (٤٦).

**٣- هانا ئارێنت: شرۆڤەی سیاسی بۆ سیستەمی تۆتالیتاری:**

لێکۆڵەوانو توێژەرەوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە چەمکی تۆتالیتاری بوەتە چەمکێکی سەنتەری لە بیری سیاسی هاوچەرخدا، ئەمەش بەهۆی هەوڵەکانی (هانا ئارێنت)ەوە کتێبەکەی کە لە سێ بەش پێکدێت (رِیشەکانی تۆتالیتارییەت) ئەوانیش:(لەبارەی‌دوژمنکاری سیاسی)و (ئیمپریالیەت)و (سیستەمی تۆتالیتاری)

(٤٨) دادەنرێت بەلێکۆڵینەوە قوڵەکان لەسەر دیاردەی تۆتالیتاری پرسیارە سیاسیو فەلسەفی (هانا ئارێنت) کە پێشکەشی کردوە لەسەرئەوە چڕ دەبێتەوە کە ناساندویەتی بەدیاردەکانی سەدەی بیستەم بەتایبەتی لەبارەی ئەوەی کە لە سیستەمی نازیدا ناسراوە بە(چارەسەری کۆتایی) کەنازییەکان دەیان ویست لە ساڵانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا بەدەستی بهێنن. لێرەوە پرسیارەکانی بەم شێوەیە کرد (ئەوە چیە روو دەدات، یان ئەوە چی روویداوە وە بەتەواوی بۆچی ئەمە روویدا چۆن ئەمە دەبوو ببێت) بەجەختکردنەوە لەسەر (سەربازگەکانی گرتن) کە (هیتلەر) دایمەزراندبوو (ئارێنت) رونیکردەوە کە تۆتالیتاری وەکو سیستەمێکی سیاسی شێوازێکی تازەیە کە بەشێوەیەکی ریشەیی جیاوازە لە سیستەمە شێوازەکانی فەرمانڕەوایدا کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە, کە بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان ناکرێت کورت بکرێتەوەیان بگەڕێنرێتەوە بۆ ستەمکاری. سیستەمی تۆتالیتاری پشت دەبەستێت بەوەی کەناسراوە بەیاسای سروشتی ئەگەر یاسای دانراوی گرتەوە. لێرەوە سیستەمی تۆتالیتاری پشت دەبەستێت بەزاڵبوون بەسەر هەموو گروپە جیاوازەکانو دژەکانیدا. هەروەها رێکخراو دادەمەزرێنێ کە شێوە تۆ ڤێنەرەکانی لە ستەمی (سەربازگەکانی گرتن)دا بەرجەستەببو، تاك لەم سیستەمەدا دەگۆڕێت هەروەکو دەڵێت: وێنەیەك یان ژمارەیەك لەناو کۆمەڵێك یان گروپێك ئەو لە نوێنەرێك زیاترنیە بۆ جۆرەکەی خۆی، وەکو هەموو ئاژەڵەکانی تر وایە. بەشێوەیەکی تایبەت دیاری ئەکرێت بەوەی خاڵیە لە هەموو مانایەکی سیاسی، تۆتالیتاریەت بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات، پشت دەبەستێت بە مێگەلو کۆبوونەوە نەك بەجەماوەر یان هاوڵاتیبوون. لێرەوە سروشتەکەی ئەوەیە کە رەتی دەکاتەوە هاوڵاتیان کاری سیاسی بکەن، تۆتالیتاریەت کار لەسەر (تزویر **atmisation**)ی کۆمەڵگەو هەڵوەشاندنی کۆمەڵگە دەکات، هەروەها لەهەوڵی کوژانەوەی پلەپلەی رای گشتیو هەستی گشتی دایە (**Lesbnscomman**) یان وەکو دەڵێن :(کوژانەوەی هۆشیاری بەوەی ژیان لەگەڵ ئەوانی تر لەفەزایەکی هاوبەشدا) (٤٩).





لێرەوە دەشێت بوترێت کە تۆتالیتاریەت بریتیە لە رەتکردنەوەی تەواوەتیو گشتگیری کاری سیاسی، بۆیە جیاوازی گەورەی تۆتالیتاری وەکو سیستەمێکی سیاسی بریتیە لەوەی کە سیستەمێکە لە دژی کاری سیاسیە.

ئەوەش کە (ئارێنت) رەهەندە سەرەکیەکانی لە بواری فەلسەفە بەگشتی و سیاسی بەتایبەتیدا جیادەکاتەوە، ئەوەیە (هەوڵەکانێتی بۆ تێگەیشتن لەدەلالەتیئەزمونی سیاسی زیاتر لەوەی مەعریفە کەڵەکە بکات یان تیۆرەکان بسەلمێنێت) (٥٠). هەروەکو چۆن گرنگیش لەوەدایە بەبەراورد بەشیکردنەوەکانیفۆکۆ)، کەدەڵێت ئەزموونی ئەوروپی لە چەرخی نوێدا وایکردووە کە تۆتالیتاری مومکین بێت. لەبەرئەوەی ئەوە ئیمپریالیەتە بزووتنەوە راسیزمیەکانی تیایدا لەدایك بوو، هەروەها ئیرادەی فراوانبوونی جیهانی لەهەمانکاتدا دروست کرد (٥١) قسەکانی لەگەڵ پۆپەر لەوەدا بەیەك دەگەن کەداوای پشت بەستن لەسەر بیرۆکەی کرانەوە دەکەن، ئەو بڕوای وایە کەئایندە کراوەیە، هەروەها توانای نوێبوونەوەی مرۆیی ئەوا دەبینێ، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وایە کەتاك ئازادە لەموومارەسەکردنی کاری سیاسی، کەناکرێت پێشبینی ئەم کارە بکرێت بە سەرنجدان لەکاریگەری ئاڵوگۆڕ کار لەنێوان زۆربەی تاکەکاندا) (٥٢) گومانی تیا نیە کەکتێبەکەی (ریشەکانی تۆتالیتاری) ئەوکتێبەیە کە سیستەمی سیاسی تۆتالیتاریو دیاردەی تۆتالیتاری لە سیاسەتی هاوچەرخدا دەست نیشان کردووە، زۆرینەی لێکۆڵەرانیش بەنیشانەیەکی جیاکەرەوەی دەزانن لە شیکردنەوەی سیستەمی تۆتالیتاریدا.

(هانا ئارێنت) دەڵێت (وادادەنێین کە خاڵی یەکلاکەرەوە لەوەدا خۆی شاردۆتەوە کە سیستەمی تۆتالیاری سیستەمێکی جیاوازە لە سیستەمە دیکتاتۆرەکانوجۆرەکانی فەرمانرەوای ستەمکاری، ئەوەش گرنگە لەلای ئێمە ئەوەیە کە ستەمکاری هەمووەکی دروستکەری سیستەمی تاکڕەویە کە پێکەوە

ژیان و هەڵکردن لەگەڵیدا مومکین نیە [٥٣] دەسەڵاتێکی ڕەهایە کە لەسەر (پەرستنی کەسایەتی) ڕاوەستاوە هەموو میکانیزمەکانی توندوتیژی قۆرخکردوە لەلای خۆی وپۆلیسی نهێنیش زاڵە بەسەر بەشی سەربازیدا، هەرچەندە ئارێنت بەپێی توانا هەوڵیداوە جیاوازی بکات لە نێوان هەریەك لە سیستەمی نازی و ستالینی بۆ ئەوەی بگات بەدیاردەی تۆتالیتاری هەروەکو وتویەتی: (ئەم کتێبە چارەسەری بنەماو ڕەگەزەکانی تۆتالیتاریەت دەکات، هەرچەندە پاشکۆکانی لە هەریەك لە ئەڵمانیاو ڕووسیا بە ئەندازەیەك بەلامانەوە گرنگە، جگەلەوەی ئەمانەوێت ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەوانەی پێشیان کەوتوون) [٥٤]

لە تێڕوانینی ئەودا ئەوەی تۆتالیتارییەت جیائەکاتەوە پشت بەستنی بەمێگەل و توانایەتی بۆ جەنگ : (نازیەکان متمانەیان بەوە هەبوو کە جەنگ لەم چەرخەدا مومارەسە دەکرێت وەکو هێزێکی ڕاکێشەری ڕازیکەر و جێگەی قبولکردن، لەم خاڵەدا پروپاگەندەی ڕووسیاو دەرەوەی ڕووسیا وەکو خاڵێکی هاوبەش وابوو لەسەر خاڵێك چڕکراونەتەوە کە بەلشەفیەکان دان بە پێوەری ئەخلاقی پشت پێ بەستراودا نانێن) [٥٥] هەروەکو چۆن کۆکردنەوەیان بە مێگەل سەلمێنراوە کە ناسراوە بەخراپەو تاوانکاری، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی کەلەناو بزوتنەوەی تۆتالیتاریدایە گوێ نادات بە تاوانکاری و خراپە، ڕێك بوونی کۆکردنەوەش لەسەر بنەمای بەرژەوندی تایبەتی نیە، هەروەکو چۆن لای پارتە سیاسیەکان وجودی هەیە، بەڵکو لەسەر (پرسی ئایدۆلۆژی یە کە شایەنی گرنگی پێدانی دەیەها ساڵەی و سەدەیە هەتاوەکو مرۆڤ پەی دەبات بەوەی کە لەهەوڵی کارێکی گەورەدایە) [٥٦] بۆیە بزوتنەوە تۆتالیتارییەکان دروست بوونە لە (ڕێکخستنی جەماوەری کە تاکی پەرش وبلاوو کەنارگرتو لە خۆی دەگرێت سیفەتی ڕۆشنیشی لەلای هەموو پارت و بزوتنەوەکانی تر خۆی لە پشتگیری بێ سنوردا شاردۆتەوە کە بێ مەرج و نائاڵوگۆڕیەکانە لەلایەن تاکی تێکۆشەرەوە بۆ بزوتنەوەکەی) [٥٧] هەرچەندە سیفەتێکی تری جیاکەرەوە کە جێگەی گرنگیە





ئەوەش بریتیە لە هاوپەیمانیەکی بەستراو لە نێوان مێگەل و دەستە بژێریدا، بەتایبەتی دەستە بژێری نابونگەرایی کە وێنەکانی بریتیە لە نیتشەو سوریل و باریتو وباکۆنین و ئەواتی تر.

ئەمەش لەبەرئەوەی (بانگەشە ڕونەکانی ئەوان بەوەی چەند مایەی لەبیرچونەوەیە کە بێزاربون داپۆشراوەو لە کۆمەڵگەدا بەکۆتایهێنانی ئایدۆلۆژی و ئەخلاقی بۆرژوازی گوزارشتی لێدەکرێت). [٥٨] ئەم هەوڵوێستە بەرجەستەکەری هەڵوێستی کارل پۆپەرو میشێل فۆکۆیە لە خوێندنەوەیاندا بۆ پەیوەندی فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخ بە دەوڵەت و سیاسەتەوە.

کاتێ ئارێنت ئەم تابلۆیەی لەهاوپەیمانی نێوان دەست بژێرە هاوپەیمانەکان لەگەڵ مێگەلدا پێشکەش کرد، جەختی کردە سەر ئەو ئارەزووە بۆ لە ناوچوون ولە ناوبردنی جیهانی ڕۆژئاوایی شێوێنراوو ژیانی شێوێنراو (ئەم ئارەزووە توندە بەشێوەیەك ئاشکراو دەنگ دانەوەی هەبوو کە هەموو هەوڵەکانی پێپێش خۆی تێپەڕاند کە لە هەوڵی بێوچاندابون بۆ (گواستنەوەی بەها) (هەوڵە نیتشەوییەکان) هەروەها بەرەو دووبارە ڕێك خستنەوەی ژیانی سیاسی (کتێبەکەی سوریل) بوژانەوەی ڕیشەی مرۆڤایەتی (باکونین) یان بە ڕێکردنی ژیان تا ئارەزو ئەمەش بەتێپەڕاندنی پاککردنەوەی سەرپێی سەرکێشیە نامۆییەکانی (ڕامبۆ) لە سەرتێك شکاندنی بەزەییانەو نا ئارامی و تێك دانی کوێرانەو بەهایەکان کە ڕیزی پێشەوەیان بەدەست هێناوە لە کۆمەڵگەدا) [٥٩] ئەمە هەمان هەڵوێستی کارڵ پۆپەرە لە دەستەبژێری ڕەشبین [٦٠] ئەم ڕوناکبیرە یان بەزمانی (ئارێنت) کاریگەرە بەجەنگی جیهانی یەکەم گۆڕا بۆ پاڵەوان، لێرەوە وتویەتی (جەنگەکە شەڕێنگێز تر بووە بەوەی بەگەورەترین کارێکی جەماوەری) ئەوەی کە هەموو جیاوازیە تاکیەکان ڕەش دەکاتەوەو ئەندازەی ئازارەکان لەگەڵ خۆیدا بێت بە بابەتێك بۆ هیرمۆنتیکا (میکانیزمی پەرەسەندنی مێژوویی). [٦١] بەزمانی پۆپەر ئەوە بریتیە لە نەمری جەنگ

هەروەها ڕۆڵی جەنگ لەدەرکەوتنی ڕەگەزپەرستی هەروەکو چۆن نازییەت بەپەنابردن بۆ تیرۆر جیادەکرێتەوە.[٦٢] (ئەوەی جوان بوو کە تیرۆر بووە بەجۆرێك لە فەلسەفەو ڕەنگدانەوەی دۆخی بێبەش بوونەو تووڕەبوونو خۆ خواردنەوەی کوێرانەوەیە جۆرێکە لە سیمای سیاسی کە خاوەنی سیستەمە بە تۆڕی بۆمبو تەقینەوە بە دەموچاوی ڕاگەیاندن چاودێری دەکاتو خۆ دەبەخشێت لە ڕێگەی کردارە نەمریەکانیەوە کە ئامادەیە ژیانی خۆی بکات بە قوربانی لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسایی دانی پیادەنێ) [٦٣] ئارێنت جیاوازی کردووە لە نێوان مێگەلو ئەوانەی لەهەڵپەی بزوتنەوەی تۆتالیتاریو ئەو جەماوەرەی کاریگەرە بەپروپاگەندەی تۆتالیتاری بڕواشی وایە کە ڕەگەزی تازە لە تۆتالیتاریەتدا سیمای توندوتیژیو تیرۆرییەکەی نیە لە شێوازە مادیەکەیدا، بەڵکو پاڵپشتیەتی بەپروپاگەندە بەشێوەیەکی ڕەها لێرەوە پەیوەندی دەستە بژێر بێ جگە لەوە لە چوارچێوەی پروپاگەندەی بەستراوە بە توندوتیژییەوە، هەروەها بەرواندنی زۆرەملێو شۆرینەوەی دەماغەوە هەیە. کاتێك دەڵێت (لەدەوڵەتە تۆتالیتاریەکاندا تیرۆر هەڵمەتی پروپاگەندە بەیەکەوە بەستراون تا ئەوەی وەکو دوو دیوی یەك دراون، ئەمە جگە لەوەی ئەمە بەشێکە لە حەقیقەت، کەواتە دەڵێت من تۆتالیتاریم چارەسەر کردو چاودێری یە ڕەهاکەم دامالێ، پروپاگەندەم گۆری بە چاندنی بیروڕای عەقیدەیی ڕەوامیدا بەبەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدەست خستنی بیرو باوەری ئایدۆلۆژی، هەروەها سەلماندنی بانگەشە پراکتیکیەکان)[٦٤]

هەرچەندە جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی تیرۆرو پروپاگەندە لەلایەن بزوتنەوە تۆتالیتارییەکانەوە، ئەمەش لە وتەکانیدا ڕوندەبێتەوە (ئەو هەڵمەتی پروپاگەندەیە بەشێکی دانەبراو بێت لە بزوتنەوە تۆتالیتاریەکان، ئەوە تیرۆر شتێکی ترە. چونکە سیستەمە تۆتالیتارییەکان هەتاوەکو دوای بەدەستهێنانی ئامانجە سایکۆلۆژیەکانیش مومارەسەی دەکەن مەترسی تیرۆری ڕاستەقینە





بریتیە کە وا لەهاوڵاتیان دەکات ملکەچی تەواویان هەبێت بۆ سیستەمەکە [٦٥] لەسەر ئەمەش کە نازییەت زیاتر پشتیان بە تیرۆر بەستوە لە شوعیەکان ئەمەش لە چوارچێوەی زنجیرەیەکی تەواو لە کاری کوشتن.

تۆتالیتاری بەوەش جیادەکرێتەوە کە زانستو زانایان بەکار دەهێنێ لە پێناوی بانگەشە بۆ کردنیدا، هەتاوەکو ئەوەی دەگات بە دەسەڵات، ئەوکاتە واز لەوپەراوێزە دەهێنێت کە لە بنەماوە بریتی بوو لە پرەنسیپی دەرچوون لە ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی، بەڵام شیوعیەت بە پێچەوانەی نازییەتەوە بەردەوامە لە بەکارهێنانی زانستو زانایان لە دەرەوەدا بە ئامانجی پروپاگەندە، نەك زانستی بانگەشەی ئایدۆلۆژیەت زانستی ئەو بانگەشەیەی کە میشیل فۆکۆ بەتوند لەوانەی یەکەمی کتێبەکەیدا(پێویستە بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت) ڕەخنەی لێگرتووە. [٦٦] ڕەوتی تۆتالیتاری لە دوژمنکاری بۆ ڕەگەزی سامشیدا بەدەرکەوت ئەوەی کەناسراوە بە نەخشەکێشان یان پلانی (پرۆتۆکۆڵی فەرمانڕەوایانی سەهیۆنی) بەتایبەتی پلانی جیهانی بەشێوەیەك نازیەکان کاریان دەکرد وەکو ئەوەی (جیهان بەهۆی ستەمی لێکردوە ئەمەش پێویستی بەپلانێکی ناوژد هەیە وەکو بەرگری لە خۆی) [٦٧] هەروەکو چۆن تۆتالیتاریەت پشت دەبەستێ بە (پرەنسیپی سەرۆك) بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنرێ کە ئەم پرەنسیپە (لەخودی خۆیدا تۆتالیتاری نیە بەڵکو لە ستەمکاریو دیکتاتۆریەتیەهەندێ تایبەتمەندی وەرگیراوە کە تارادەیەکی زۆر بەشداریکردووە لە لەناوبردنی دیاردەی تۆتالیتاری سەرەکیو کەمکردنەوەی ئەندازەکەی [٦٨] هەورەکو پارتی سەندیکایەتی پشت دەبەستێت بە کەمینەیەکی ڕێکخراو زۆرینەیەکی سۆزدار بۆ خۆی هەروەها پشت ئەستور بەدەزگای هەواڵگریو زیادکردنی گرنگیدان وگروپی نیمچە سەربازی کەلە ئەنجامی ئەوەوە دێت کە دامەزراندنیان بەگوزارشتی ئەوەی میکانیزمێکە بۆ ململانێی بزوتنەوەی ئایدۆلۆیەکان لە دژی ڕەوتی ئاشتی کە لە ئەوروپا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بڵاوبۆیەوە) [٦٩] دەرباز بوون لەم بزووتنەوە مت بوە دژ تۆتالیتاریەتە ترسناکە (ئارێنت) وادەبینێ کە

جەوهەری مرۆڤ یان ماهیەتی لە کرداریدا بەدەردەکەوێت، ئەمەش بەواتای (توانای سەر لە نوێ دەست پێدەکەنەوە یان وەکو وتویەتی (کردار تاکە چالاکیە کەخەڵك بەیەکەوە دەبەستێتەوە یان پەیوەندی لەنێوان مرۆڤدا دەبەستێت. ئەمەش تەبایە لەگەڵ مەرجی مرۆڤایەتیدا بۆ فرەیی) [٧٠] هەروەك جەختی لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە بیرۆکەی فرەیی یەکێکە لە مەرجەکانی بوونی مرۆیی. بەم پێیە (ئارێنت) پێش فەیلەسوفانی جیاوازی کەوتۆتەوە لە نیوەی شەستەکان لە فەرنسا[٧١]. لەروانگەی ئەوەوە ئێمە لەگەڵ ئەوانیتردا جیهان دابەش دەکەین کەبەیەکەوە جیهانێکی جیاوازو فرەییمان دروستکردووە. ئەم پێدراوە ئەزمونی یە بە ئەندازەی پێدراوێکی ئەنتولۆجیو سەرەکیە کە رابەرایەتی هزر دەکات، لێرەوە کرداری سیاسی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا دادەمەزرێنێ کە ئامانجی یەکبون نیە. چونکە ئەم ئەکتە هەرلە بنەماوە بەستراوە بە ئازادییەوە بە هەردووکیشیان فەزای سیاسیان پێك هێناوە، لێرەوە نزیکەیەکی گەورە لە نێوان ئارێنتو فۆکۆ دەبینین لەسەر چەمکی ئازادی، ئازادی بەوەسفی مومارەسەکردن ئارێنت کاری کردوە لە پێناو روونکردنەوەی دەلالەتە جیاوازەکانی ئازادی. [٧٢] رەنگە ئەمە لەسەر رێبازی هیدگەر بێت [٧٣] بە پێداگرتن لەسەر ئاستی سیاسی ئازادیو چۆنێتی سەلماندنیو جەخت کردنەوە لەسەر خودێتی مرۆڤ، لە تێروانییدا، ئازادی پێش ئەوەی پرسێکی فیکری بێت حەقێکی واقیعیە کە لەئەزموونی مرۆڤەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.

ئەمە روویەکی تری رەخنەی عەقڵی کرداریە لای کانت، ئازادی وەستاوەتە سەر کرداری خەڵك. هەروەها بەپشت بەستن بەشیکردنەوەی تێروانیی ئارێنتەوە وەکو ئەڵێ ئەو دۆخەی (هیرۆدۆت)ی تیابووە، بۆ نموونە کە ئەمەش لە کتێبەکەیدا لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی شۆرشەوە) رونکرێتەوە بریتیە لە (رێکخستنی سیاسی کە هاوڵاتیان بەیەکەوە دەژین، دور لەهەر پەیوەندیەکی هەژمونگەرا بەبێ جیابوونەوەی فەرمانرەوا لە فەرمانرەوایکراوان) [٧٤] گومانی





تیا نیە کە (ئارێنت) لێرەدا هەستاوە بە نموونەکردنی، بۆ نموونە یۆنانی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە دەکات بۆ یەکێك لەماناکانی ئازادی بریتیە لە (توانای کردار کرداری بەرجەستە لەناو ئەزمونی سیاسیدا ئازادی لە فەزای سیاسی بریتیە لە توانای بریاردان یان بریار وەرگرتن لە کاروباری سیاسی، ئەمەش بەشداریکردن لە فەرمانرەوایی لەفەزای گشتی یان کاروباری گشتی) [٧٥] ئەوەی کە چەمکی ئازادی لای ئارێنت جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دەڵێت ئازادی هۆکارە بۆ بوونی مرۆیی بەواتە خاوەنی سروشتێکی ئەنتۆلۆجی سیاسیە. واتە فەزایی سیاسی مەرجی ئازادیە لەمەشدا هاوراییەکی ئاشکرا لە نێوان ئارێنتو فۆکۆدا هەیە[٧٦] ئەم دیاریکردنە دەبێتە هۆی رەتکردنەوەی هەر پێناسەیەکی سیاسی بۆ سیستەمی تۆتالیتاری، هەروەکو چۆن لە هەمان کاتدا دەبێت بەرەخنە بۆ ئازادی لیبراڵیەت کە کورت کراوەتەوە لە ئازادی تاکەکان ئازادیە تایبەتیەکان. ئەمانەش چەند ئازادییەکن لە بیروبرِوای ئەودا گرەنتی بەدابەشکردنی دەسەڵات بۆ هاوڵاتیان ناکات.

گومانیشی تیادا نیە کە گفتوگۆکردنی بیروراکانی لەسەر پەیوەندی بەئازادیو دەسەڵاتو توندوتیژیو هێزو شۆرشەوە چەند پرسیارێکی گرنگن، هەرچەندە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بەم باسانەوە نیە سەرەرای گرنگیە فیکریو سیاسیەکەی بونیادی سیستەمی تۆتالیتاری رەگەزەکانو تایبەتمەندییەکانی شیکردنەوە، ئەوا ئەو پرسیارەی کە پێویستە بکرێت ئەوەیە تۆتالیتاری چۆن لە فکرو کۆمەڵگەی رۆژئاوایدا دەرکەوت؟ هەروەها باکگراوندی مێژوویيو سیاسی تۆتالیتاری لە چوارچێوەی مێژوییو رۆژئاوایدا چی یە؟ بروامان وایە کە میشل فۆکۆ ئەو فەیلەسوفەیە کە ئەو لایەنەی لەچوارچێوەی ئەوەدا روونکردۆتەوە کە ناسراوە بە (جینا لوجیا)ی دەسەڵاتی رۆژئاوایی.

**٣-میشیل فۆکۆو رەگ وریشەی (جینا لۆجیا)ی دەسەڵاتی رۆژئاوایی.** [٧٧]

میشل فۆکۆ وادەبینێ کە کێشەی دەسەڵات ئەو کێشەیە کە سەدەی بیستەمی

پێ جیادەکرێتەوە. لەبەرئەوەی سەدەی بیست ئەو سەدەیەیە کە تۆتالیتاری بەخۆوە بینی و تیادەرکەوت یان دوو سیستەمی سیاسی تۆقێنەری ناسی، ئەوانیش نازی و ستالینی بوون. ئەم دو سیستەمە بەستراون بەدو فەلسەفەی سەرەکیەوە ئەوانیش فەلسەفەی مارکس و نیتشە، ئەویتریان کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت بکرێت ئەوەیە، پەیوەندی فەلسەفە بە بەسیاسەتی دەسەڵاتو دەوڵەتەوە چی یە؟ فۆکۆ بڕوای وایە کە ئەم فەلسەفەیە تاوەکو سەدەی نوێ بەوەجیاکراوەتەوە دژ بە سیستەمی ستەمکاری و دیکتاتۆری بوو. ئەمەش لە یاساکانی (صولون) بەتەواوی دیارە، ئەو یاسایانەی کەلەسەر ئەوە وەستاوە دەسەڵاتی ستەمکاری کەم بکرێتەوە یان هەوڵەکانی ئەفلاتون بۆئەوەی پەروەردە کەری ستەمکاران بێت هەروەها کردارەکانی ئەرستۆی خوێندکاری لە هەردوو حاڵەتەکە هەوڵێکیدیارە بۆدابران وجیاکردنەوەی مەعریفەی فەلسەفی و مومارەسەی سیاسی هەروەها هەوڵدان بۆ دانانی کۆت بۆ دەسەڵاتو شوێنەوارە ستەمکاریەکان (٧٨) لەمەوە دیارە کە جیاوازیەکی ئاشکرای لەگەڵ پۆپەردا هەیە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە فەلسەفەی کلاسیکیەوەیە، بەڵام لەو رادەیەدا هاوبەشێتی کە پەیوەندی هەیە بە فەلسەفەی نۆیەوە، پەیوەندی دابران کە فەلسەفەی کلاسیکی پێدەناسرایەوە لە فەلسەفەی نوێدادەگۆڕێت تا دەبێت بە پەیوەندی پێکەوەگرێدان، پەیوەندی لە نێوان مەزهەبیە فەلسەفیەکان و دەوڵەت. ئەمەش لە پەیوەندی هیگڵ بە دەوڵەتی بروسی و نموونەکەی لە (بسمارك)دا بەرجەستە دەبێت و(شۆڕشی فەرەنسی) پەیوەندیان بەبیروئایدیای فەیلەسوفانی رۆشنگەری بەگشتی دیارو ئاشکرایە، بەتایبەتی روسۆو مارکس پاشان لینین و پەیوەندیان بە دەوڵەتی بەلشەفیەوە هەروەها نیشتەو پەیوەندی بە سیستەمی نازییەوە (٧٩) لەبەرئەوە ئەوەی لە سەدەی تازەدا روویداوە ئەوەیە کە دەکرێت بەبیروڕای فەیلەسوف ناوبنرێت بەدەوڵەتی فەلسەفی) (٨٠). ئەوەش کە دەکرێت بکرێت بەجیاوازی لای فەیلسوف ئەوەیە کە ئەم فەلسەفانە لەسەر پرەنسیپی ئازادی دامەزراون، بەڵام سیستەمی تۆتالیتاری دیکتاتۆری بیروکراسیان لەسەر دامەزراوە، چ بکرێت بەرامبەر ئەم جیاوازیانە ؟





فۆکۆ بڕوای وایە کە چارەسەر ئەوە نیە نمونەیەکی تازە پێشکەش بکرێت بەڵام پرسیارێکی مێژوویی هەیە لەبارەی ئەوەی دەسەڵات لە مێژووی ئەوورپا چۆن کاری پێکردووە هەروەها چۆن لە ئەوروپا دەرکەوتووە؟ لای فەیلەسوف ئیشکالیەتی دەسەڵاتی ناسیوە لە هەر پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕێکی ناوخۆیدا لە هەر جارێکدا هەوڵی داوە خوێندنەوەی تازە بۆ کارەکانی پێشکەش بکات، لێرەوە ئەوەی روونکردۆتەوە کە بیرۆکەیەك پێشکەش بکات لەسەر تیۆری دەسەڵات، یان تیۆرێکی گشتی لەسەر دەسەڵات بەتایبەت ئەوکاتەی شیکردنەوەکانی پێشکەش کرد لەبارەی (تۆتالیتارییەت)و (حەقیقەتو دەسەڵات یان مەعریفەت ودەسەڵات.[٨١] لەبەرئەوە پرسی دەسەڵات پرسێك بوو لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە خۆی پێشنیار کردبو لای ئەو ئەمەش لەژێر کاریگەری شوێنەوارەکانی ئەوکارەساتانەی کە سەدەی بیست بەخۆیەوە بینی لای نازیەتو ستالینیەت. ئەگەر پاشماوەی سەدەی نۆزدە هەژارو نەداریی بووبێت، ئەوا ئەوەی نازیەتو ستالینیەت پێشانیاندا بریتی بوو لە پرسی دەسەڵات هەتاوەکو پەنجاکان رووداوی سیاسی گەورەی لەگەڵدا بوو، بەتایبەتی لەوانە راپۆرتی (خرۆشۆف) و راپەڕینی مەجەروجەنگی ئازادکردنی جەزائیر. بۆیە وای دابینێ کە پەیوەندیەکانی دەسەڵاتو رووداوەکانی هەژمونگەرایی و مومارەسەکردنی مل کەچ پێکردن، تەنها تایبەت نیە بەسیستەمی تۆتالیتاری. بەڵکو ئەو کۆمەڵگایانەش دەگرێتەوە کە ناسراون بەدیموکراسی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەباس و لێکۆڵینەوە گرنگی پێدراوە. کەواتە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا تۆتالیتاریەکان و کۆمەڵگا دیموکراسیەکان چیە؟ لە چی شتێکدا لەیەك دەچن و لە چ شتێکدا جیاوازن، لەعەقلانیەتی سیاسی وبەکارهێنانی دەزگای تەکنەلۆژی یاندەسەڵاتداری گەورەدا؟

فۆکۆ وای دەبینی کە هەریەك لە نازیەت وستالینیەت تەکنەلۆژیای دەسەڵاتدا ڕێی وەکو یەکیان بەکارهێناوە، ئەویش لە مێژووی دەسەڵات مێژویی عەقلانیەتی سیاسی رۆژئاوا هەیە، وەکو سیاسەتی زیندوێتی کەکاری پێدەکرا

لەسەدەی هەژدەهەمدا لەلایەن پۆلیسی پزیشکیەوە هەروەها ئەوەی لەلایەن داروینی کۆمەڵایەتیەوە پشتی پێ بەستراوە هەروەها زانستی چاکردنی نەوە، هەروەها تیۆری پزیشکێتی شەرعی بۆماوەییو لەناوچوونی رەگەز. فۆکۆ بێ ئاگانیە لەوەی کەمارکس هەیەتی تایبەت بە پەیوەندی دەسەلات بە ئابوریەوە. تایبەت بە مەسەلەی دیسپلیپن وپەیوەندی بە ئابوریو دابەشکدرنی کارەوە، (فۆکۆ ئەوەی رونکردۆتەوە بەتایبەتی لەکتێبەکەی (چاودێریو سزادان) پەیوەندی نێوان ئابوریو جۆرەکانی دیسپلینی پراکتیك، ئەگەر هەژموون لای مارکس تەنها لەکارگەدا دەربکەوێتو لە شێوەی پەیوەندی ململانێ لەنێوان کرێکارو خاوەنکاردا، ئەم پەیوەندیە لە تێروانینی فۆکۆدا مومکین نیە بەبێ ئەوی پرۆسەی ملکەچ بوون لەوەو پێش بوونی نەبووبێت، بەواتایەکی تر بورژوازیەت لای فۆکۆ میکانیزمی ملکەچکردنی نەدۆزیوەتەوە یان بەزمانی فەیلەسوفەکان (الجاهزيات) نەدۆزیوەتەوە. بەڵکو لە دەسەڵاتەکانی پێشەوە بۆی ماوەتەوە بەکاری هێناوەو گشتاندویەتی، ئەوە کار نیە کە دیسپلین دروستی کردووە بەوپێیەی کە چەمکی مارکسی بەپێویستی زانیوە، بەڵکو دیسپلینو پێوەرەکان وایان کردووە کەکار بە تێگەیشتنی بۆرژوازی کارێکی شیاو بێت وەکو ئەوەی ڕێکخراوە لە ئابوری سەرمایەداریدا. دەکرێت هەمان شتیش دەربارەیسێکس بوترێت، لەسەدەی هەژدەوە لە بەریتانیا دەربارەی دەسەڵات لەبارەی ژیانەوە بەدوو شێواز دەرکەوتوە ئەوانیش: (لێکۆڵینەوەی سیاسی بۆ جەستەی مرۆڤ) هەروەهاسیاسەتی کاراو زیندووی دانیشتوان) لەبارەی ڕەگەزەوە. ئەم دوو شێوازە لە شێوازەکانی دەسەڵات جیاکراونەتەوە دیسپلینی جەستە، هەروەها زاڵبوون بەسەر دانیشتوان، ئەمەش لە کتێبەکەی(ئیرادەی زانین) [٨٢] لێکۆڵینەوەی لەبارەوەکردووە کە تیایدا گرنگی سێکسی رونکردۆتەوە بەومانایە تاکە گەنجینە ی نهێنیەکانو هەلگری راستەقینەی تاکەکانە، وەکو ئەوەی لای (فرۆید)ە، بەڵکو بەو مانایەی بارمتەیەکی سیاسیە لە نێوان پەیوەندیەکانی دسەڵاتێکی دیسپلینیو میکانیزمەکانی ئاسیکردنەوە، لە





سیاسەتی کارا یان دەسەڵاتی کارا یان زیندوویی ئەم دوو شێوازە لە شێوازەکانی دەسەلات گوزارشت لە دوو قۆناغەکەی بیرکردنەوە ناکات. لەلای فۆکۆ پرسی دەسەڵات، هەروەها ئەو تێویرەش نین تیۆری دەسەڵاتی دیسپلینی کراو تیوری دەسەڵاتی کارایی بەلام هەردووکیان دوو شێوازی بەیەکەوە بەستراون بۆ کارو بەڕێوەبدرنی مەعریفەو دەسەلات.

لەهەوڵەکانیدا بۆ گەڵاڵەکردنی بابەتی دەسەڵات وادەبینێ کەلە جێگەی روانینی تاك لەو روانگەیەی کەواز لە هەندێك لە مافەکانی دەهێنێ بۆ دەسەڵات وەکو ئەوەی هەیە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا پێویستە باس لەوەبکرێت کە چۆن پەیوندیەکانی کۆنترۆڵکردن تاك دروست دەکەن، لە جیاتی گەران بەدوای یەك شێوازیو خاڵی سەنتەری لەوەی کە هەموو شێوازەکانی دەسەڵاتی پێ جیائەکرێتەوە، پێویستە لەدەسەڵات بروابنرێت بە فرەجۆریو جیاوازیو تایبەتیەکانیەوە، بەواتایەکی تر پێویستە لێکۆڵینەوەی تیابکرێت بەوە پەیوەندی هێزی پچرپچرە یەکێك دەنێرێت بۆ یەکێکی ترو پەیوەندیەکانیشیان بەیەك دەگەیەنێ لە جیاتی گرنگیو بایەخی یەکەم بدرێت بەیاسا بەو مانایەی روویەکی سەرەکی دەسەڵاتە، پێویستە کۆی میکانیزمیەکانی زۆرەملێ دیاریبکرێ کە دەسەلاتی لەسەری وەستاوە. لەسەر ئەم بنەمایەی سەرەوە ئەگەر پێویست بێ دوورکەوینەوە لە شیکردنەوەی دەسەڵات لەسەر بنەمای نموونەی یاسایی بۆ سەرەوەری، وە ئەگەر پێویست بێت بیرکردنەوە لە دەسەڵات بەچەمکی پەیوەندی بەهێز بێت ئایا پێویستە وا شیبکەینەوە لە شێوەی شێوازی گشتی بۆ جەنگ؟ دەکرێت شیکردنەوەی پەیوەندیەکانی دەسەلات لەسەر بنەمای جەنگ بێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە فۆکۆ کردویەتی. واتە چۆن پەیمان بەوە برد کە جەنگ لەدوای ئاشتیەوەیە یان لەدوای سیمای گشتی جەنگەوەیە؟ ئەوە کێیە کە لەگەراندای بەدوای گەرمکردنی جەنگدا. هەروەها لەناو گەرمەی جەنگدا بەدوای پرنسیپی مەعقولیەتی سیستەمو و دامو دەزگا ومێژوودا وێڵە؟ کێ یەکەم کەسە بیری لەوە کردۆتەوە کە سیاسەت درێژەی پێدانی جەنگە بەمیکانیزمی تر. هەروەها جەنگ درێژ پێدەری سیاستە بە میکانیزمی تر؟ [٨٣]

مێشل فۆكۆ وادەبینێ لەگەڵ پەرەسەندنی دەوڵەت لەسەرە تاكانی سەدەی ناوەراست مومارەسەو دام ودەزگاكانی جەنگ پەرەسەندنێكی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی، لەلایەكەوە ئارەزوی كۆبوونەوەو سەنتەربونی وەكو ماف و میكانیزمی جەنگ وا بووە، لەلایەكی تریشەوە جەنگ بوە بە بەپیشەو تەكنەلۆجیای دامو دەزگای سەربازی دیاریكراو بەتوندو وردیش چاودێری دەكرا. بەكورتی قۆناغێكی راگوزارە لە كۆمەڵگەیەكی دەست تێوەردراو بە پەیوەندی جەنگ بەرەو دەوڵەتی ئامادەكراو بەدامو دەزگای سەربازی هاوكات لەگەڵ ئەم گۆرانە داجۆرێك لە گوتار بەدەركەوت، لەبارەی پەیوەندی كۆمەڵگە بەجەنگەوە. ئەمە گوتارێكی مێژوویی و سیاسیە تازەو دژ بە گوتاری فەلسەفەو یاسای رێكخراوە لە بارەی كێشەی سەروەرییەوە. ئەمە ئەو گوتارەیە كەوای لە جەنگ كردووە وەكو بنەمایەكی بەردەوام یان ناوەرۆكێكی بەردەوام وابێت بۆ هەموو دامو دەزگاكانی دەسەڵات. ئەم گوتارە دوای كەمێك لە كۆتای هاتنی (جەنگە ئاینیەكان)و سەرەتای ململانێ سیاسە گەورەكان لە ئینگلتەرا لە سەدەی حەڤدەدا بەدەركەوت بەپێی ئەم گوتارە كەلە بریتانیا (كوك و لیلبۆرن)و لە فەرەنسا (بولینفلی) پاشان دوای ئەو (بویت نانسی) نوێنەرایەتیان دەكرد. ئەوە جەنگ پێش لە دایك بونی دەوڵەتانە، بەڵام مەبەست بەشەری نموونەیی نیە ئەو شەرەی كە فەیلەسوفەكانو پێنا بیرو بیری لێئەكەنەوە بۆ دۆخی سروشتی، بەڵكو جەنگی واقیعی و گۆرەپانی پراكتیكی، یاساكان لەناو هەناو و ناوەندی جەنگ و داگیركاری و سوتانی شارەكانەو لە دایك بون لەناو میكانیزمەكانی دەسەلاتیشدا بەردەوام دەبێت یان بەلای كەمەوە دەبێت بە بزوێنەری نهێنی بۆدامو دەزگاو یاساكان و سیستەم.[٨٤] بەگشتی وادەبینی كەلەبەرامبەر گوتاری فەلسەفەی یاسایی كەلە رێكخسنی پێك هاتەی سەروەری یاسادایە گۆتارێكی تر هەیە، بەردەوامی جەنگ لەكۆمەڵگەدا دەردەخات ئەوش گوتاری مێژوویی سیاسیە. فۆكۆ لە ساڵی (١٩٧٥ – ١٩٧٦) بابەتێكی تەرخان كردبوو بۆ ئەم جۆرە لە شیكردنەوەی لێك





دانەووە یان چۆن جەنگ بەكارهاتووە لێكۆڵینەوەیەك بۆ مێژوەەروەها بە شێوەیەكی گشتی وەكو لێكدانەوەیەك بۆپەیوەندیەكانی دەسەڵات؟

ئەم گوتارە مێژووییە سیاسیە لەتێروانینی فۆكۆدا پەیوەندی نیە بەواتەی ملكەچبون، دەكرێت لەسەرەتادا وابوبێت بەوەی كە گوتاری گەل بوە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین كە خاوەنی بزوتنەوەو بلاوبوونەوەیەكی گەورەن، هەروەها خاوەنی جۆرێك لە فرەییە لە ستراتیژیەتدا، كە خزمەتی بەفیكری رادیكاڵی كردووە لە بەریتانیا لەكاتی شۆرشدا. بەڵام دوای چەند ساڵێكی كەم خزمەتی بە بزوتنەوەیەكی ناو دژ دەكات بۆ ئەرستۆكراتیەی فەرەنسی دژ بەدەسەڵاتی لویسی چواردەیەم هەروەكو چۆن پەیوەست بو بەپرۆژەی دوای شۆرش لەسەدەی نۆزدەدا.

كاتێك كە بابەتی راستەقینە گەلە، بەڵام دوای چەند ساڵێك بەكار دەهێنرێت بۆ پشت گوێ خستن و وەلا نانی چەوسانەوەی گەلانی داگیركراو یان كەمكردنەوەیان، بۆ نموونە وەكو ئەوەی كەلە جەزائیر روویدا.[٨٥] وشەی نەژاد لەسەرەتای ئەم گوتارە بە مانا بایەلۆژییەكەی بەكارنەهێنرا بەڵكو هەندێ جیابونەوەی سیاسی ـ مێژووی رون بوە، كە دوو گروپی نەژادی هەن كە خاوەنی بنەماو زمانو ئاینن. هەمان بەرژەوندی نین (دوو گروپە كە وەكو یەكەو گروپی سیاسی دروست نەبونە تەنها لەدوای جەنگو داگیركارییەوە نەبێت، هیچ پەیوەندیەكیشیان بەیەكەوە نەبووە تەنها لەدوای توندوتیژی جەنگەوە نەبێت [٨٦] گوتاری شۆرش جێگەی ئەم گوتارەی گرتەوە، فۆكۆ ئەڵێت (پێویستە لەبیرمان نەچێت كەلەپێش هەموو شتدا ماركس لە كۆتای ژیانیدا لە ساڵی (١٨٨٢) نوسینێكی بۆ ئەنگلز نوسیوە وتویەتی : بەڵام تۆ چاك دەزانی كە ململانێی چینایەتیمان لە كوێدا دانا لای بیریارە فەرەنسیەكان كاتێ كەململانێی رەگەزایەتیو نەژادی دەبینیەوە) [٨٧] ئەمە بەمانای ئەوەیە كە ناكرێت گوتاری شۆرشگێرانە لە گوتاری شەڕی نەژادەكان جیابكرێنەوە كەلەگەڵ گوتاری مانەوەو بەردەوامیدا یەكتر دەبرن

وناونراوە بەسەرووەری. لەنیوەی یەکەی سەدەی نۆزدەوە کاتێك کە ئەم گوتارە شۆڕشگێرانەیە لە دروستبوندابوو. ئەوە پەرەسەندنی تازەی بەخۆوە دەبینی، گوتاری جەنگی نەژادی بەشێوەیەکی تازەو بەمانایەکی پێچەوانە بەدەرکەوت، بەشێوەو مانایی بایەلۆجیو چینایەتی دەرکەوت بەواتە گوتاری راسیزمی بەدەرکەوت، نەژاد بەمانا بایەلۆجییەکەی بەدەرکەوت بەمانای ململانێش گۆڕانی بەسەردا هات، لەململانێی بەمانا جەنگیەکەی بۆ ململانێی بەمانا بایەلۆژیەکەی. وەکو جیاوازی جۆرەکان، مانەوە بۆ هێزەکان، هەڵبژاردنی سروشتی مانەوە بۆ ئەو رەگەزانەی کە زیاتر خۆ گونجێنن، هەروەها گۆران بەسەر چەکی کۆمەڵگەشدا هات لە کۆمەڵگەیەکی دوالیزمی دوانەیی کەلە دوو نەژاد درووست دەبێت بەرەو کۆمەڵگەیەکی تاك نەژاد بەمانا بایەلۆژیەکەی وەکو چۆن گۆران بەسەر چەمکی دەوڵەتو ئەرکەکانیدا دێت دەوڵەت میکانیزمی نەژادێك نیە دژ بەنەژادێکی تر بەڵکو بووە بەپارێزەی نەژادێك بەرزراگرتنی پاك راگرتنی، بەواتە لەجیاتی جەنگی نەژادەکان بریتیە لە تاك نەژادیو پاك راگرتنیەتی. لێرەوە گوتاری راسیزمی لەدایك دەبێت گۆرانێکی سەرەکیش روودەدات کە بریتیە لە ململانێی نەژادەکان بۆ رەگەز پەرستی، لەسەر ئەمەش دەتوانین بڵێین کە لەوکاتەی گوتاری شۆڕشگێڕانە بەدەردەکەوێت لەچوارچێوەی گوتاری جەنگی نەژادەکان هەرلەهەمان کاتداو لەسەر هەمان زەمینەی گوتاری راسیزمی بەدەردەکەوێت. ئەم گوتاری راسیسمیە لەسەدەی بیستەمدا لە تێروانینی فۆکۆدا دوو وەرچەرخانی گەورەی لێکەوتەوە وەرچەرخانی نازی کەوای لە دەوڵەت کرد کە پارێزەری رەگەزو نەژادە، هەروەها هەڵدەستی بەژیانەوەی ئەفسانەی میللی وەکو جەنگی نەژادی ئەڵمانی ملکەچ پێکە رو گەرانەوەی پاڵەوانو رۆژیی دوایی. هەروەها جۆری دووەم لە گوتاری راسیزمی لە جۆرو شێوازی گوتاری ستالینی کە وەستاوە لەسەر راوکاری پۆلیس کەکۆمەڵگەیەکی رێکخراو ئاراستەکراو لە خۆدەگرێت، پاشان دەبینێ کە دوژمنی چینایتی دەبێت بەمەترسیەکی زیندوو کەواتە لە جیاتی پەیمانێکی کۆمەلایەتی فۆکۆ دەڵێت کە بنەمایەکی جەنگاوی هەیە لەسەر دەسەلات





کەلەسەر پێداراوی مێژوی وەستاوە لەسەرو هەموویەوە بریتیە لە جەنگی نەژادەکان. لەمەشدا بەشێوەیەکی تەواوجیاوازە لە پۆپەرو هانا ئارێنت.

واش دەبینێ کە گوتاری جەنگی وەکو ئەمە گۆرانی بەسەردا هاتووە لەگرنگترینیان گوتاری دژ بەمێژووە، هەروەها گوتاری شۆڕش وگوتاری راسیزمی کە بوەهۆی دەرکەوتنی دوو گوتاری تری تۆتالیتاری یەکەمیان نازیەت دووەمیان ستالینی، بەمەش فۆکۆ بوەتە رونکەرەوەی مێژووی دەسەلاتی ئەوروپی. هەروەها پەیوەندی دەسەڵات وەکو چۆن لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا مومارەسە دەکرێت واتە پەیوەندی دەسەلات بەمیکانیزمەکانیەوە لە کۆمەڵگە توتالیتاریەکاندا. ئەگەر وێنا بیری فۆکۆ تا ئێستاو لەوکاتەشدا جیاوازیو رەخنەیو رژاندبێ ئەوە دیوەکەی تری بریتیە لە بەرگری. کەواتە دەبینی ئەوە لەهەموو دەسەلاتێکدا هەیە هەروەها دیاریکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی ئازادییەوە لە لای ئەو دەسەڵات لەسەر بنەمای ئارەزووی ئازادی یان مەرجدانانی ئازادی مومارەسەدەکرێت، لەمەشدا رێکەوتنێکی ناوەکی هەیە لەگەڵ پۆپەرو هانا ئارێنتدا. چونکە وا دادەنێ ئازادی بریتیە لە مومارەسە.

فۆکۆ هەوڵ نادات پێناسەی ئازادی بکات، بەڵکو دەیەوێت مومارەسەکردنی ئازادی لێکبداتەوە ئەم مومارەسەکردنە لەلای ئەو پلەیەکە ئازادی بون یان ئازادکردنی پێویستە، چونکە ئەم پرسە پەیوەست نیە بە ئازادیو حەقیقەتەوە بەڵکو بەئازادکردنی ئیرادەی مەعریفە یان حەقیقەت لە شێوازی هەژموندا، بۆیە وا دەبینێ ئازادبوون مەرجێکی سیاسی مێژووییە بۆ هەر مومارەسەیەکی ئازاد.(٨٨) ئەم مومارەسە کردنەی ئازادی لەبواری مۆراڵدا بەدەر دەکەوێت یان هەر بوارێکی تردا بێت هەروەکو ئەوەی نموونەی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی یۆنانی یان رۆمانیدا روونو ئاشکرایە، مۆراڵ دەبێت بە پێکهێنەری مومارەسەی ئازادی یان بە گوزارشتێکی وردتر مومارەسەیەکی هۆشیارانەیە لەسەرئازادی هەروەها بەدەست کەوتنی خود لە یۆناندا مەرجێك بۆ ئەم ئازادیە کە مەعریفەو

دەسەڵاتی دەخواست. لەهەمان کاتدا [٨٩] ئازادی وەکو مومارەسەکردن بەستراوە بە ئەویترەوە یان لە پەیوەندیکی راستەوخۆدایە لەگەڵ ئەوی تردا، لەبەرئەوە ناکرێت هەموو مومارەسەکردنێکی ئازاد بەهەر شێوەیەك لە شێوەکانی فەرمانڕەوایی یان هونەرێك لەهونەرەکانی فەرمانڕەوایی لەیەك جیابکرێتەوە [٩٠] ئەمەش دەبێتە هۆی پێشنیازکردنی هەر پرسێکی تاکی یان کۆمەڵایەتی لەهەر مومارەسەیەکی ئازادیدا. فۆکۆ ئەوە رەت دەکاتەوە کە جیاکردنەوەیەك هەبێت لەنێوان خودیو کۆمەڵایتیدا، بەتایبەت لە یۆنان ورۆمان. چونکە هەردوو لایەنە کە لە تێروانینی ئەودا تەواوکەری یەکترن. لێرەوە پرسی ئازادی لە غیابی گروپێکی نموونەیدا خۆی نەشاردۆتەوە کەهاوسەنگی دەکات لەنێوان ئازادی تاکی و کۆمەڵایەتیو دەبێتە نموونەیەك بۆ چاکەیەکی باڵاتر. بەڵکو مەسەلەکە لە جۆرێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە کە دەکرێت دروست بکرێت یان بونیاد بنرێت لەم سیاقەشدا وادەبینێ کەگروپی رەخنەیی لەبەرامبەر گروپی پێدراودا بەدەر دەکەوێت کاتێ کە سیستەمی یەکگرتوویی یان هاوشێوەی گەمارۆیی نادرێ. (٩٠)

گروپی پێدراو یان هاوشێوەیی یان کاری رۆشنبیری تۆتالیتاریو گەردونیە، لە کاتێکدا گروپی ڕەخنەیی لەگەڵ کاری رۆشنبیری تازە یان تایبەتدا دەگونجێ و لەوێوەیە کە رۆشنبیر رەخنەگر رێگە دەدات بەدەرکەوتنی توانای تازە لەم روانگەیەشەوە رێگە دەدات بەدەرکەوتنی خودی تازە یان تایبەت. ئەمەش ئەوەیە کە فۆکۆ کردویەتی کاتێ کە مێژووی خودی ناسیوە ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێت کە گروپی رەخنەیی وەکو گروپی ئازادی دابنرێت بەوەی بەردەوامی دەدا بەدروستکردنی بەمۆڕاڵی کۆن یان بە هونەری بونی کۆن.

**سێ یەم: گەرانەوە بۆ کانت یان ئازادی مەرجی رۆشنگەریی :فەلسەفەی کانت**

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا ئامادەبوونێکی چڕی هەیە، لەوە زیاتر هەڵگری راڤەو لێکۆڵینەوەی جیاوازە، گفتوگۆکان لە بارەی مۆدێرنەوەو پۆستو مۆدێرینە بەستراوانەتەوە بەکانتەوە [٩٢] هەروەکو چۆن ئەوە پەرەسەندانانەی لەفەلسەفەی





ئەخلاق لە سیاسەتدا پێویستی گەرانەوەی کانتیان سەپاندووە، ڕەنگە ئاماژەیەکی سادە بۆ هەندێ لە کارە فەلسەفیەکان بەس بێت بەئاماژە دان بە گرنگی ئەم کارانە وەکو کارەکانیلوك فیریو ئالان رینو)لە فەرەنساو (جۆن راولس) لە ئەمریکا (شارل تایلور) لەکەنەداو (هابر ماسو کارل اوتو ابل)لە ئەڵمانیا [٩٣] هەروەکو چۆن ئەو توێژە فەلسەفیەی کە هەڵوێستیان لەبارەی تۆتالیتاریو ئازادیەوە روونکردەوە، جەخت کردنەوەیەکی بەهێزە بۆ گەرانەوەی بۆلای کانت. ئامانجمان ئەوەنیە لەم رەگەزەدا بەدوورودرێژی ئەو مەسەلە گرنگە روونبکەینەوە، بەقەدەر ئەوەی دەمانەوێت پەیوەندی فەیلەسوفەکان بە بابەتی باسەکان بەکانتەوە رون بکەینەوە، هەروەها پەیوەندی ئازادی بە چەمکەکەیەوە هەروەك ئاماژەشمان بەوەکرد کە چارەسەری هەرسێ فەلسەفەکە لەوێدا لەگەڵ کانت یەك دەگرێتەوە کە کانت واسەیری ئازادی دەکات کە بریتی لە مومارەسەو کردار. هەروەکو چۆن هەر یەکەیان باسێکیان تەرخان کردووە لەبارەی کانتو پەیوەندی بە پرسی سیاسیو بەتایبەتی ئازادییەوە. فۆکۆ گفتوگۆی بابەتی رۆشنگەریو مێژووی کردوە لای کانت هانا ئارێنتیش گرنگی داوە بە کانت بەتایبەتی لە کتێبەکەیقەیرانی رۆشنبیری) و (مەرجی مرۆڤی هاوچەرخ)دا. بەتایبەتی باسەکەی ئازادی چی یە؟ کارل پۆپەر خۆی وا وەسفی کردوە لە کۆتایی ژیانیدا بەوەی لە دواهەمین رۆشنگەرەکان بوە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت کردووە لەبارەی پەیوەندی چی بوو بەکانتەوە گرنگی فەلسەفیو سیاسی چی یە بەتایبەتی لەسەر بابەتی ئازادی.

ناکرێت ئەو تایبەتمەندیە گشتیانەی ئازادی کە کارل پۆپەر باسی کردووە جیابکەینەوە لە کانت. ئەوەش کە شایەنی تێبینیە بریتیە لەوەی پۆپەر ئازادی پەیوەست کردووە بە زانستو ئەقڵەوە، هەروەها بە بزوتنەوەی رۆشنگەریو ئەخلاقیەتی رۆژئاوایی کەپاڵپشتیەکانی لای فەیلەسوف کانت دۆزیوەتەوە. پۆپەر دەڵێت لەبارەی ئەوەی من نوێنەرایەتی دواهەمین فەیلەسوفی ئەخلاقیو رۆشنگەری بکەم، ئەوە من بروام وایە خودی مرۆڤ لە رێگەی زانستەوە ئازاد



هەواڵنامەی کتێب

دەبێت، وەکو کانت دواهەمین فەیلەسوفی رۆشنگەریە وەکو بستالۆزی کە دوژمنایەتی هەژاری دەکرد (٩٤)

لێرەوە دژایەتی بۆ بزوتنەوەی رۆمانسی راگەیاند هەروەها رەخنەی لە نوێنەرەکانیان گرت لە فەلسەفەدا بەتایبەت هیگڵو نیچەو شلنج. پۆپەر لە زۆر ئاماژە وگەرانەوە شتی تایبەت کردووە بەکانت لە کتێبەکانیدا هەروەها لە وتارێکدا بە بۆنەی لێکۆڵینەوەکانی یادی پەنجا هەمین دواى مردنی بەسەد ساڵ بەناونیشانی (ئیمانو ئیل کانتو فەیلەسوفی رۆشنگەری) [٩٥] لەسەر ئەو بەڵگە سیمبولێیە وەستا بۆ تەرمەکەی کانت. هەروەها کە ئەو ئامادەبوونە جەماوەرییەی شاری (کینسبورغ) کە بەرێز دادەنرێت بۆ کانتی مامۆستای مافی مرۆڤو یەکسانی لەبەردەم یاساو هاوڵاتی بوونی جیهانیو ئاشتی لەسەر زەوی، هەورەها رەنگە لەوانەش گرنگتر ئەوە بێت ئازاد بوون لە چوارچێوەی مەعریفەوە [٩٦] پۆپەر هەوڵی داوە راڤەی هەڵوێستی رۆشنگەرانەی کانت لە سیاقی گشتیەوە بکات بۆ مەعریفیو زانستیو پەیوەندی کانت بەم مەعریفەیەوە. پاشان رەتکردنەوەی بەوەی خوێندکارەکانی ئەوە بقۆزنەوەو ببن بە میراتگری هەروەها پاڵنانی بەرەو رۆمانسیەت، لەبەرئەوە هەوڵیداوە لەباسە زانستی یان داهێنانە زانستیو تیرۆرە فەلسەفیەکانیەوە بخوێنێتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە کۆزمۆلۆجیاو کاریگەری هەیە لەسەر تیۆری مەعریفە، کە جەخت لەسەر ئەقڵو مەعریفە دەکاتەوە بەتایبەت ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت ئەقڵی ئێمە یاساکان لە سروشتەوە وەرناگرێت، بەڵکو یاساکانی دەسەپێنێ بەسەر سروشتدا. بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەو رۆڵەی کە چاودێر لێکۆڵەر تیۆرست دەیگێرێت دەتوانێت کانت سیمایەکی لا دروست بکات کە ناکرێت بسڕیتەوە. نەك تەنها لەسەر فەلسەفە بەڵکو لەسەر فیزیاو کۆزمۆلۆجیاو دروستکردنی دۆخێك لە هزر کە گرانە بەبێ تیۆرەکانی ئەنشتاین یان لۆهر دەرکەوێت بۆیە دەوترێت لە هەندێ بواردا ئیدنجتۆن زیاتر لە کانت کانتی





بوە) [٩٧] لەمە گرنگتر دارشتنەوە تازەکەی لەسەر چەمکی مرۆڤ، سەرەرای وتەزاکەی (کۆبیرنیك) کانت دەڵێت (کۆبیرنیك مرۆڤی لەو دۆخەی تەوەرییەی هەیبوو لە جیهانی فیزیکیدا روتکردەوە، شۆرشەکەی کانت وایکرد کەکارەکەی کۆبەرنیك کارێکی ئاسان بێت کەئەوەمان بۆ رون ئەکاتەوە کە کە شوێنمان لە گەردوونی مادیدا شتێکی ناپەیوەندی نیە (یان ناپەیوەندێتی) نیە، بەڵکو بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین کە گەردوون بەدەورماندا دەسورێتەوە، ئێمە خۆمان بەرهەمهێنەری ئەو سیستەمەین کەلە گەردووندا دەیدۆزینەوە، یان بەلای کەمەوە بەشێکین لەو سیستەمە خۆشمان مەعریفەی خۆمان لەبارەیەوە دروست دەکەین، خۆمان دۆزەرەوەین دۆزینەوەش هونەرێکی داهێنەرانەیە؟ [٩٨]
ئەوەش گرنگە بەلامانەوە ئەوەیە کە کانت لە روی مۆراڵیو سیاسیەو وای لە مرۆڤ کردووە ببێت بەیاسا دانەر، لەمەشەوە وەکو پۆپەر دەڵێت (کانت مۆرالیەتی بە مرۆڤی کرد وەکو چۆن زانستی بە مرۆڤی کرد) [٩٩] وەکو چۆن گرنگی سەربەخۆیی خودی نیشاندا. دەڵێت دەکرێت دەسەڵات تاواناکانی لە رێگەی فەرمانکردنەوە بەهێز جیابەجیا بکات، ئێمەش توانای بەرگریمان نەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی رێگیریەکی جەستەیی نیە کە بکرێت بەبێ ئەوەی خۆمان هەڵیبژێرین ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆی خۆمانە هەر بڕیارێك ئەگەر بیدەین کە ملکەچی فەرمانێك دەبین ئەو بڕیاری خۆمانە، ئەوە خۆمانین کە بریار دەدەین کە دەسەڵات قبوڵ دەکەین.[١٠٠] سەربەخۆی خودو بەرپرسیاریتیەکەی ئەبنە هۆی ئازادی، ئەوەیە کە پۆپەر پێی گەیشتووە. کاتێك دەڵێت (دەکرێت رۆحی مۆڕاڵیەتی کانت لەم ووشانەدا جوان بکەین ئازاد بەو مەترسێ، رێز لە ئازادی ئەوانی تر بگرە، لەسەر ئەم رێبازە تیۆرەکەی لەسەر دەوڵەتو سیستمی جیهان دامەزراندبوو بۆیە دەکرێت بەراورد بکرێت بە سوقرات، چونکە هەردوو کیان بەرگری لە ئازادی هزر دەکەن. ئازادی لای ئەوان مانای زیاتر لە غیابی زۆرە ملێە هەردوو کیان یەك رێچکەیان هەبو بۆ ژیان).[١٠١]
ئەوەش زیاتر گرنگی ئەم بیرۆکەیە لەسەر ئازادی زیاد دەکات بەوەی کە

مومارەسەو ڕێگەیە بۆ زیندەگیو ژیانو پەیوەستە بەکۆمەڵگەیەکی ئازاد، ئەمەش زیاتر بەستراوە بەوەی مرۆڤ لەسەریەتی ئازادبێت وەکو جۆن (جان پۆڵ سارتەر) وتویەتی یان چۆن پۆپەر گوزارشتی لێ کردووە بۆ ڕاڤەکردنی بیروڕای کانت کە وتویەتیهەموو مرۆڤێك ئازادە لەبەرئەوەی بەئازادی لەدایك بوە، لەمەش زیاتر کەلەدایك بووە ئەرکێکی لەسەرشانە بریتیە لە بڕیاری ئازادی)[١٠٢]. پۆپەر بەوە لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان یان بەلای کەمەوە لەو نموونەیەی کەباسمانکرد لەم باسەدا جیادەکرێتەوە کە ئەلتەرناتیفێکی تیۆری پێشکەش دەکات تایبەتمەندی تیایە لەوانە:پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا، ئەمەش لە ڕێگەی پێکهێنانی کۆمەڵێك دادوەر کەتەرخان بکرێن بۆ خزمەتی دەوڵەتی یاسا. دامەزراندنی بازاڕی ئازاد، بونیاد نرابێ لەسەر یاساو ڕێسا کە ڕێگە بدات بەدەست تێوەردانی گونجاوی دەوڵەت وپێداویستی کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی مومارەسەکردنی ئایدۆلۆژیا لەسەر سیاسیەت. . بەتایبەتی ئەو دابەشکردنە پەیمان پێدراوەی کەهەیەلەنێوان ڕاست ڕەو چەپ ڕەوەکاندا، گۆڕینی هەندێ کاری پێشینەی هاوبەش تیایدا لەوانە پێویستی دامەزراندنی ئاشتیەکی جیهانی لەزەمەنی جەنگی ئەتۆمی وچەکی کیشوەر بڕدا، هەروەها دانانی سنورێك بۆ گەشەی دیموگرافی، پارێزگاری ژینگەو کەرەستەی سروشتی، چونکە ناکرێت بە بێ دانانی سنورێك بۆ چڕیو زیادبوونی دانیشتوان کەگۆی زەوی بەخۆوە دەبینێ هەروەکو چۆن جەخت لەسەر ڕۆڵی پەروەردە دەکاتەوە لەسەر ناتوندو تیژی، کاتێ وادەبینێ کە گەورەترین مەیدان خوازی کەروبەڕومان دەبێتەوە بریتیە لەوەی بتوانین پەروەردەی مناڵەکانمان بدەین لەسەر ناتوندوتیژی، لەکاتێکدا لەجیهاندا توندوتیژی ڕوو لە زیادبوونە، بەتایبەت لەرێگەی میکانیزمەکانی ڕاگەیاندنەوە کە تەکنەلۆژیای لەزەمەنی جیهانگیریدا فەراهەمی کردووە. بۆیە پێیوایە دەبێت چاودێری بخرێتە سەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن، چونکە ئازادی بەبێ بەرپرسیارێتی وجودی نیە، دەوڵەتی یاساش لە پێش هەموو شتێکدا یەکەم کاری ئەوەیە زاڵبێت بەسەر توندوتیژیدا،





هەروەها بانگەشەی دان پیانانی پرەنسیپی ئازادی کلتوری کردووە بۆ سەرجەم هاوڵاتیان. ئەو ئازادییەی لەسەر پرەنسیپی ناتوندوتیژی وەستاوە لەگەڵ پێویستی پارێزگاری کەمینەکان لە ڕێی پارێزگاری زمانو کلتورو ئاینەکانیانەوە هەروەها ڕێزگرتن لە هەموو ئاینەکان هەرچۆنێکن. لەسەر ئەمانەوە ئەوە دروست دەبێت کەدیموکراسیەتی ڕۆئاوا باشترین دەسکەوتی مومکینە ئەگەر توندوتیژی تیانەبوایە، هەموو ئەم ڕگەزانە لە ڕاستیدا بنەما گشتیەکانی تیۆری لیبرالین کە بەردەوامی بەرگری لێکردووە[١٠٣]. ئەگەر پۆپەر سەرسوڕمانو کەموکوڕییەکی هەبوبێت بەئازادی ڕۆژئاواو نموونەکەی کە بریتیە لە دیموکراسی، ئەوە هانا ئارێنت وەکو چۆن لە پێشەوە روونمانکردەوە دیاردەی تۆتالیتاری لە چوارچێوەی مێژوویی ڕۆژائاوا شیکردۆتەوە، بە دیاریکراوی لە هەردوو پرسی راسیزمو تۆتالیتاریزم. بەڵام لە خوێندنەوەیدا بۆ ئازادی دەگەڕێتەوە لای کانت چونکە لە تێڕوانینی ئەودا کانت گەورەترین فەیلەسوفە کەهەستاوە بە ڕونکردنەوەی پرسی ئازادی بەوەی کە بریتیە لە مومارەسە[١٠٤] گەورەترین بەشداریش کەلەم بوارەدا کردبێتی بریتیە لەوەی کە ئەقڵی تیۆریو زانستی لەیەك جیاکرتۆتەوە، جەختیشی لەوە کردۆتەوە کە ئازادی حەقیقەتێکی واقعی ومومارەسە کردنێکی پراکتیکە، سەر بەعەقڵی زانستیە، بەمەش ئازادی رزگارکردووە لەدژ بەیەکەکانو واقیعە جیاوازەکان کە ڕووبەڕووی دەبنەوە چ لەسەر ئاستی فیکربن یان لەسەر ئاستی کردار بن[١٠٥] لەسەر ڕێچکەی خاوەن بیرۆکەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەکتێبەکەیدا (دۆخی مرۆڤی نوێ) ئارێنت جیاوازی کردووە لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت بواری گشتیو بواری تایبەتی[١٠٦] بۆ سەرکەوتن بۆ بواری تایبەت، چونکە یاسا لەتێڕوانینی ئەوا بەپلەی یەکەم گرنگی دەدا بەشارو بەبواری گشتی. بەمەش دەسەڵات دەبێت بە جۆرێك لە پێوری ڕەوایەتی، بەوەش کە ڕۆڵی بەرجەستە دەبێت لە پێکهاتەی جەستەی سیاسی لەبەرئەوەی هیچ شتێك شێوازی خۆی وەرناگرێت تەنها لەچوارچێوەی سنوری خۆیا نەبێت. کەواتە یاسا پشتێنەی جیاکەرەوەی نێوان

سروشتیو سیاسیە، یان لە نێوان جیهانی سروشتیو جیهانی سیاسی، مرۆڤیش بەپێی ئەوەی کائینێکی سروشتیە ئەوە پرۆسەی فیزیاییو بایەلۆژی بەسەریدا زاڵەو ملکەچە بۆ پێداویستی لەم حاڵەتەشدا خاوەنی هیچ مافێك نیە بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە جیاوازییەك هەیە لە تێروانینی ئارێنت بۆ دۆخی سروشتی. تێڕوانینی تیۆرستانی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ دۆخی سروشتی لای ئارێنت دۆخی سروشتی ڕیساو بنەماو بونی راستەقینەنیە، بەڵکو سروشت لەلای ئارێنت بەو پێناسەیە کە شوێنێکی نەبینراوە بۆ جیاوازی، چونکە ئەو مرۆڤەی کە ئینتیمای نیە بۆ هەر گروپێکی سیاسی دان بەهیچ مافێکی دا نانرێتو رووبەڕوی مەترسی تەجریدکردنی هەرمافێك دەبێت، دەڵێت ئەمەش بەپشت بەستن بەسروشتی مرۆڤ ئەمە لەسەربازگەی زیندانیەکان روودەدات هەروەکو چۆن لە گردبونەوەکادا روی داوە، یان لای منالە پەنا هەندەکانی یەهود تێبینی کراوە. ئەوەش کە ناسراوە ئەوەیە کە پەراوێز خراوەکان بەهیچ مافێکی سیاسیدا نانرێت وەکو فۆکۆ لە توێژنەوەیەدا بۆ شێتی کردویەتی، بەوەی کە کەسی شێت ڕوت دەکرێتەوە لە هەرمافێکی سیاسی. کەواتە لەسەر ئەم شیکردنەوەیە ئارێنت پاڵپشتی بیرۆکەییاسای سەرەکی مرۆڤە) نەك (مافەکانی سەرەکی مرۆڤ) لەبەرئەوەی یاسای سەرەکی مرۆڤ بەواتە لە یەکەم مانایدا ئینتیما بونە بۆ گروپی سیاسی، کە لە ئاستێکدا مافی مرۆڤ دەپارێزێت، لەمەش زیاتر فەزای سیاسی بەوەناسراو کە (زەمینەیەکی دیارکراوە بەپەیمانێکی ئاسۆیی) کە لەنێوان ئەندامگەلێکی یەکساندا روودەدات.[١٠٧] ئەمەش جیاوازە لە پەیمانی کۆمەڵایەتی بەوەی پەیمانێکی دەستەجەمعیە، هەروەکو چۆن ئارێنت جەخت لەسەر سیمای دامەزراندنی ئەم جۆرە پەیمانە دەکات، پاشان لە تێروانینی ئەودا میکانیزمێك نیە بۆ هەژمونو سەرکوتکردنو دادپەروی کۆمەلایەتی، بەڵکو رۆڵی یاسا لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە هاوسەنگی بپارێزی لە نێوان کۆنو تازەو بەردەوامی تازەگەریدا. بۆیە وا دەبینێ کە ئەلتەرناتیڤی مومکین بۆ تۆتالیتاریەت بەومانایەی سیستەمێکی ڕەتکراوەیە بۆ سیاسەت. بریتیە لەپرسیاری پێداویستی





لەومیکانیزمە فەراهەمکراوانەی کۆمەڵگە کە دەکرێت پارێزگاری لێ بکرێت دژ بە پاشاگەردانیو هەوڵەکانی تۆتالیتاری. ئەگەر تۆتالیتاری بەوە دیاریدەکرێت کە کاری سیاسی رەت دەکاتەوە ئەوە کاری یەکەم ئەوەیە دووبارە بواری سیاسی وکرداری سیاسی ئامادە بکرێتەوە. بۆیە بەتوندی ڕەخنە لەو جیاکردنەوەیە دەگرێت کە فەیلەسوفەکان کردویانە لەنێوان هزرو کردار هەروەها تیۆرو پراکتیكو تێروانینو مومارەسە. بانگەشەی پێویستی دامەزراندنی هەر ژیانێکی کارا دەکا، ئەمەش لەچوارچێوەی جیاکردنەوەی سێ ئاستی سەرەکی کە بریتین لە کارو کاریگەریو کردار. لە تێروانینی ئەودا کردار تاکە میکانیزمە کەتوانای رزگارکردنی مرۆڤایەتی هەیە، لەلەناوبردنو روخان، ئەگەرهاتو کاریش ئامانجی پاراستنی جۆربێت لەڕێگەی بەدەست هێنانی پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ. ئەمەش لەماوەیەکی کورتی وەکو ئەوەی بۆ نموونە کارکردن لە پێناو خواردن لە ماوەیەکی کورتدا. ئەگەر هاتوو شوێنەوار بە ڕێژەی لەماوەیەکی درێژدا ئەنجامدرا هەروەها شتی زۆری بەرهەهێناو بەردەوام دەبوو تاماوەیەکی درێژ، بۆ نموونە وەکو بونیادنانی باڵەخانە وە پردو داهێنانی کەرەسەکان... هتد ئەوە ئەوکردارە وا لە مرۆڤایەتی دەکات پەیوەندی پێکەوەیی لەنێوان مرۆڤەکاندا ببەسترێت. هەرچەندە دەست تێوەردانی مرۆڤ لە کاروباری شاردا بکرێت ئەوە هەست بە فرەیی دەکرێت ئەوەش بە گوزارشتی ئەو دەبێت بە ماهیەتی مرۆڤو دۆخی مرۆڤایەتی. هەروەکو چۆن وتویەتی (مرۆڤ هۆشیار دەبێتەوە بەوەی کە کائینە نەك مرۆڤ، ئەوانەی کەلەسەر زەوی دەژینو لە جیهاندا نیشتەجێن)[١٠٨] کردار بریتیە لە بەستنی پەیوەندیو دامەزراندنی بواری گشتی، کە خەڵك دەتوانن بەئازادی گفتوگۆ بکەنو ئەو کردارەش ئەنجام بدەن کە ڕێکەوتنی هاوبەشیان لەسەر کردووە، بەمەش گروپێکی یەکسان دادەمەزرێت کە هەموویان خاوەنی توانای کردار یان هەیە، بەتەنها لێرەوە بوار بۆ مرۆڤ دەرەخسێ جیهانێکی دور لە هەژمونو تونوتیژی دا بمەزرێنێ ئەمە جیهانی مرۆڤی راستەقینەیە کە بەتوانایە بۆ دروخستنەوەی مەترسی تۆتالیتاری. ئەم بوارە



هەواڵنامەی کتێب

بواری ئازادیه بەو وەسفەی مومارەسەیە، فۆکۆ ئەوەی پێشکەشی کردووە دەکرێت ناوبرێت تێپەراندن بە ئەلتەرناتیفی فەلسەفی بۆ واقعی هەژمونگەرایی بەگشتی‌و تۆتالیتاری بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەمەش لە چوارچێوەی وتووێژکردنی دەربارەی فەلسەفی کانت. گومانی تیانیە ئەمەش نامەیەکی تەواوکاری توێژینەوەی دکتۆراکەیەتی کە دەربارەی ئەنترو پۆلۆجیای کانت بووە وەکو چۆن لە لێکۆڵینەوەکەیدا باسی کردووە لە کتێبی (وشەکان‌و شتەکان)دا ئەوەی رون کردۆتەوە کە کانت دەروازەی کردنەوەی مۆدێرنتەی رۆژئاوایە، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لەوانەیەك لەوانەکانیدا بابەتێکی تەرخانکرد لە کۆلێژی (دی فرانس) لە ساڵی (١٩٨٢) ئەمەش بەخوێندنەوەی پرسیارێك دەربارەی رۆشنگەری. فۆکۆ وا دەبینێ دەقەکانی کانت چونەتە ناو مێژووی فەلسەفەی نوێ‌و هاوچەرخەوە، پرسارێك کە دەکرێت‌و هەوڵدەدرێت بەرێگەی جیاواز وەڵامی بدرێتەوە، ئەم پرسیارەش ئەوەیە. ئەو رووداوە چی کە ناوی دەنێن رۆشنگەری کە لانی کەم ئەوە دیاری دەکات کە ئێمە لەسەر چین‌و بیرلە چی دەکەینەوەو ئەمەش کە ئەمرۆ پێی هەڵدەستین؟ فۆکۆ بڕوای وایە کە فەلسەفەی نوێ‌و هاوچەرخ هیچ نیە جگە لەوەی لەهەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدایە. ناسراویشە کانت رۆشنگەری بە رێگەی سلبی دیاری دەکات کە پێیوایە دەرچوونە لە حاڵەتی کەموکورِی، واش لە کەموکورِی تێگەیشتووە کە جۆرێکە لە ئیرادەی ئێمە کە دەسەڵاتی ئەوی تر لەسەر خۆمان قبوڵ دەکاتو دەمان گەیەنێتە سێ مەیدان ئەوانەش: کاتێ کتێب دەبێت بەجێگرەوەی تێگەیشتن‌و عەقڵمان، کاتێك پیاوی ئاینی ئاراستەکەری ویژدانی ئەخلاقیمانی بەدەستەوەیە، کاتێکیش پزیشك بریار لەسەر سیستەمی تەندروستیمان دەدات. و ا لەم شیکردنەوە سەرەتاییە تێدەگەین کە دەرچونە لە دۆخی کەمو کورِی. بەپەیوەندی دۆخەکە بە ئیرادەو دەسەڵاتو بەکارهێنانی ئەقڵەوە. کانت دوو مەرج دادەنێ بۆ دەرچونی مرۆڤ لە حاڵەتی کەم وکورِی : مەرجێکی رۆحی‌و مەرجێکی دامو دەزگایی یان مەرجێکی ئەخلاقی‌و سیاسی. مەرجی یەکەم لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەوی سەر





بەملکەچیەو ئەوەش سەر بە بەکارهێنانی عەقڵە. لەلای کانت کەسی کەم‌وکورِ ئەو کەسەیە ملکەچە بە پێی ئەم گوزارشتەی ئەوەی کە ملکەچەو عەقڵ بەکارناهێنێ، ئەمەش لە حاڵەتی خزمەتی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسی‌و دەسەڵاتی ئایندا دەردەکەوێت. لە تێروانینی کانتدا مرۆڤایەتی ئەو کاتە بەتواناو پێگەیشتوو یان بارمتەیەکی لە سەرشانە بەمەش لە دۆخی کەموکورِی بارمتەداری دەردەچێت، ئەوکاتەی کەدەتوانێ بڵێت (ملکەچبە بەڵام دەتوانی عەقڵت بکەیتە سەر پشك هەرکات بتەوێ)، لێرەوە بەکارهێنانی عەقڵ تەنها لەپێناوی بەکارهێنانی عەقڵدایە. کانت نموونەیەك پێشکەش دەکات لەوانە دانی باج رێگە لە بیرکردنەوەی سیستەمی باجداری ناگرێت، سروشتیشە کە دەتوانی بڵێیت کە هیچ شتێکی تازە لەوەدانیە هەر لەسەرەتای سەدەی حەڤدەوە، بەواتە کارەکە پەیوەستە بەئازادی‌و ویژدانەوە، بەواتایەکی تر ماڤ خەڵك بەوەی چۆن دەیەوێت بیربکاتەوە هەروەها پێویستی گوێرایەڵی. بەڵام کانت جیاکارێکی تازەو گرنگی خستە نێو ئەم تێروانینەوە. ئەمەش بە بەکارهێنانی عەقڵ بەرێگەی گشتی‌و تایبەتی، پێویستە بەکارهێنانی عەقڵ ئازاد بێت لە شێوازە گشتیەکەیدا، هەروەها مەرجداربێت لەبواری تایبەتیدا. کاتێك بەشێکین لە گشت بۆ نموونە کاتێك دەبینە سەباز یان لە حاڵەتی دانی باجدا. یان بەرپرسیارێتی لەکاتی خواپەرستیدا یان فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی حکومیدا لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەو ئامانجانە پەیرەو بکات کە لەوەو پێش دیاریکراون، بەڵام ئەوە مانای گوێرایەڵی کوێرانە نیە، بەڵکو پێویستە لەسەرمان عەقڵمان بەکاربهێنن بەمەرجی دیاریکراو، بەواتە بەکارهێنانی تایبەتی بۆ عەقڵ. لەبەرامبەردا کاتێك کە بیردەکەینەوە بەو سیفەتەی کە کۆمەڵێك کائینی عاقڵین، کاتێ کە بیردەکەینەوە بەوپێیەی ئەندامین لەهەموو مرۆڤ کەچەمکی عاقڵدا لەو کاتەدا پێویستە عەقڵ ئازادو گشتی بێت بۆ شەنگەرشی لە تێروانینەکاندا کاتێك روودەدات کە مرۆڤ عەقڵی بەکاربهێنێت کە بەشێوەیەك جیهانی‌و ئازادی‌و گشتی فۆکۆ لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی دەکات لە دەقەکانی

کانت ئەوەش ئەوەیە ئێمە ئەزانین کە بەکارهێنانی جیهانی عەقڵ پرسێکە بەستراوە بەتاکەوە، چاکیش دەزانین ئەم بەکارهێنانە سلبیە لەکاتی غیابی هەر چاودێریانەیان نەبوونی پراکتیك، کەواتە چۆن دەکرێت زەمانەتی بەکارهێنانی گشتی عەقڵ بکەین. ؟ لێرەوە رۆشنگەری وەکو پرسێکی سیاسی دەردەکەوێت ئەمەش بریتیە لەمەیدانخوازی گەورە، بۆیەش کانت جۆرێك لە پەیمانی سیاسی پێشنیار دەکات بۆ(فردریکی دووەم) ئەمە ئەو پەیمانە ستەمکارە دادپەرەوەرەو ناوەڕۆکەکەیەتی (بەکارهێنانی عەقڵی گشتیو ئازادو سەربەخۆ باشترین گرەنتیە بۆملکەچیو گوێرایەڵی بەمەرجێ ئەو پرەنسیپە سیاسیە کە پێویستە گوێرایەڵی بکرێت بسازێت لەگەڵ عەقڵدا. لە تێروانینی فۆکۆ دا پێویست ئەو پەیوەندیە دەرخرێت لە دەقەکانی کانتدا، هەرچەندە پچووکیش بن، بەو سێ دەقە گەورە رەخنەیەی، چونکە دادەنرێت کە رەسەنی رۆشنگەری چرکەیەکە کە مرۆڤایەتی دەتوانێت عەقڵی بەکاربهێنێت، بەبێ ئەوەی گوێرایەڵی هیچ دەسەلاتێك بێت لەم چرکەیەدا بەوردیو پێویست رەخنە کاری خۆی بکات، و رەخنەش دەبێت بەکارێکی پێویست، چونکە ڕۆڵی دیاری کردنی رەوایەتی بەکارهێنانی عەقڵ دەبینێت. لە پێناو دیاریکردنی ئەوەی دەکرێت چی بکەین؟ چی پێویستە بیکەین؟ چی رێگەی پێدراوەبیری لێبکەینەوە؟ کەواتەعەقڵ دەبێتە دیوەکەی تری عەقڵ رۆشنگەریشی چەرخی رەخنەیە بەبێ ئازادیش رەخنە بەدەست نایەت. لەتێروانینی فۆکۆ دا دەقی کانت پشاندانی پرسی ئێستایە. بەواتە بیرکردنەوەی ئێستایە بەوەی جیاوازە لە رابردوو، هەروەها بەو وەسفەی ئەرکێکی فەلسەفەی تازەیە، لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئێمەلە پێناوی ئەم ئامانجەدا وا پێشنیارێکی میتۆدی لە ڕادە بەدەر گرنگ پێشەکەش دەکات، ئەوەش ئەوەیە ئەو هێڵەی دەمان بەستێتەوە بە ۆرشنگەریەوە بریتی نیە لە وەفاداری بۆ رەگەزەکانی تیۆری رۆشنگەری، بەڵکو بیریتیە لەدووبارە کاراکردنەوەی بەردەوام بۆ هەڵوێستی فەلسەفی کەبەدوو رێگەی نێگەتیڤو پۆزەتیڤ دیاری دەکرێت لەبواری نێگەتیڤ بەرەتکردنەوەی ئەوە دەبێت کەناوی نراوە لەزیادەرۆیی لە





بارەی رۆشنگەریەوە، راستە مەیدانێکی باشتری پێکهێناوە بۆ باسکردن هەروەها بەیەکەوە بەسترانی دروستکردوو لەنێوان پێشکەوتن بە حەقیقەتو مێژووی لەسەر ئازادیو هەروەها پرسێکی فەلسەفی پێشکەشی کردووە کە تا ئێستا ماوەتەوە. بەڵام هەموو ئەمانە ئەوەمان بەسەردا ئەسەپێنن لەگەڵ رۆشنگەریدا یان دژی بین، لای فۆکۆ پێویستە شیکردنەوەی خۆمان هەبێت بەو پێیەی کۆمەڵێك کائینی مێژوی دیاریکراوین، لە بەشێکماندا بۆ ڕۆشنگەری، کە لە تێروانینیشدا پێویستە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەین کە بەشێویەکی راستەوخۆ ئاراستەی ناوەرۆکی سەنتەری عەقڵ نەبێت، بەڵکو بەرەو لایەکانی بێت ئەمەش ئەوەیە کەلە زۆربەی کارەکانی دا کردویەتی، هەروەها دانان بە پرۆسەی رەخنەیی بەردەوام لە خودی خۆمان، هەروەها دوورکەوتنەوە لە مشتومڕی ساکاری نێوان رۆشنگەریو مرۆڤایەتی، پێویستە واسەیری رۆشنگەری بکرێت کە رووداوێکی ئاڵۆزە. بەڵام لەبواری پۆزەتیڤەوە پێویستە گرەنتی بدرێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە رۆشنگەری لەچوار چێوەی ئەوەی کەناسراوە بەئەنتۆ لۆجیای مێژووی خود. ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە بەرەخنە جیادەکرێتەوە، بەو پێیەی شیکردنەوەیەکە بۆ سنورو بیرکردنەوەشە لێی، ئەم رەخنەیە ئامانجی دامەزراندنی میتافیزیکانیە، بەڵکو بریتیە لەدامەزراندنی پێگەیەك بۆ کاری بێکۆتایی بۆئازادی. ئەم هەڵوێستە رەخنەیە بە دوو سیفەتی مێژوویو ئەزمونگەرای دەناسرێتەوە، ئەمەش بەپێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی کە پەیوەندی بە ئێستاوە هەبێت، هەرچەندە هەرکارێك سیمایەکی گشتی هەبێت، پێویستە خۆمان لە تیۆری گشتگیرو تۆتالیتاری رزگار بکەین، بەم شێوەیە پرۆژەکەی فۆکۆ دەچێتە ژێرخانەی رۆشنگەریەوە، ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت ئەوە ئەوەی فۆکۆ بەکانتەوە دەبەستێتەوە گرنگیدانێتی بە ئێستا، کە لێکینەوەکانی پێوەرگێڕاوەتە سەر باسی مێژووی رەخنەی، کە چڕبوونەتەوەلەسەر باسی مەعریفەو دەسەلات، لەپێناوی رزگارکردنیان لەهەژمونگەرایی، لەمەش زیاتر بەدەست هێنانی مومارەسەکردنی ئازادی. لێرەوە

ئازادی لای فۆکۆ ناوەرۆك نیە بەڵکو مومارەسەیەکە پەیوەستە بەتاکێتی مێژووییەوە، لەبەرئەوە پێویستە شێوازی تازەی تاك گەشەی پێ بدرێت کەرەتکەرەوەی شێوازی هاوشێوە یان سونەتی بێت. هەروەها دامەزراندنی شێوازێك لە جیاوازی فرەیی و کرانەوە. ئازادی وەك مومارەسە بریتیە لە ئەزمون بۆیە دەکرێت قسە لەسەر ئەزمونی ئازادی بکەین هەروەکو چۆن قسە لەسەر ئەزمونی چەوسانەوە ملکەچی وپێشێلکاری دەکرێت. بەم واتایە ناکرێت بوترێت ئازادی حاڵەتی کۆتاییە. بەڵکو مەرجە بۆکاری گرەنتی کراو لە ڕوی فکرو کردارو دۆزینەوەی خودەوە، ئەمەش کۆتایی دەسەڵات نیە، بەڵکوسنورێتی بۆئەوەی مومارەسەی دەسەڵاتی تیا بکات، لەبەرئەوەی لەنێوان چەند خودێکی کارادا دامەزراوە، لێرەوە مەرجی ئازادی بریتیە لە بەدەست هێنانی، بەمەش کارێکی گرنتی دراو نیە یان شتێك نیە گرنتی پێ بدات. ئازادی خەڵك هەرگیز بەمانای گرنتی بوونی نیە بە یاسا یان دام دەزگای تایبەت هەیە بەپاراستنیان بەڵکوتاکە گرنتی بۆ ئازاد بوون بریتیە لە ئازادی [١٠٩] ئەمەش میکانیزمێکە لە میکانیزمەکانی خود، چونکە مومارەسەو ئەزمونە، ئەگەرێکیشە بۆ ئازاد بوون و بەدەست هێنانی جیاوازی، لەبەرئەوە بەپێی جیاوازی میکانیزمەکان فرە جۆر دەبێت کە تاك دای دەهێنێت بەپێی مێژویان، هەروەها پێویستیان بەئازاد بون.

ئەگەر فۆکۆ پرسی بەئازادبوون بەرۆشنگەریەوە ببەستێتەوە سەرەرای ڕەخنەکانی لە ڕۆشنگەری.[١١٠] ئەو ناوەرۆکە کانتیەکەی پەیوەستە بەمومارەسەوە، هەروەها بە ئازاد بوون لە شێوازەکانی زۆرە ملێ و هەژموونیجیاواز، لەمەوە ئازادی بریتیە لە ڕێگەدان پێمان بۆئەوەی واقیع دیاری بکەین و شرۆڤەی گیروگازەکان بکەین و کۆسپەکان تێپەڕێنین. ئەمەش ئاسۆو توانای بونیادنانی کۆمەڵگەی ئازادمان بۆدەکاتەوە کەلەناو ڕۆکەکەی بریتیە لە مرۆڤی ئازاد کە پشت ئەستورە بە عەقڵ و ئیرادەو ویژدان. ئەمەش دەتوانێ جۆری تازە لە کۆبوونەوەو کلتور دابهێنێ کەگرەنتی ئازادی و دادپەروەری و ڕێزی مرۆڤە. لەمەوە چەمکی تۆتالیتاری لە تێروانینی ئێمەدا چەمکێکی سەنتراڵیە لە





شیکردنەوەی سیاسی هاوچەرخدا، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دۆزینەوەی تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانی سیستەمی سیاسی نوێ، هەروەکو چۆن ڕۆڵی هەیە لەتازەکردنەوەی بابەتی فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا ئەمەش چونکە پێشنیاری ئەو کێشانە دەکات کە پەیوەستە بە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی وبەهاکانی، بەتایبەتی بەهای ئازادی. بێگومان شیکردنەوەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکان زۆر لایەنی سیاسی و مەعریفی و مێژوویی تۆتالیتاریەتیان ڕونکردۆتەوە، ئەمەش چ وەکو واقعێکی مێژویی بێت یان سیستمێکی سیاسی بێت، کارل پۆپەر ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە شیکردنەوەی باکگراوندی فیکری و فەلسەفی تۆتالیتاریەت، هەروەها هانا ئارێنت ڕۆڵی پێشینەی بینی لە شیکردنەوەی بونیادو ڕەگەزەکانی سیستەمی تۆتالیتاری، پاشان فۆکۆ کاریگەری گرنگی هەبو لە شیکردنەوەی لایەنی مێژووی دەرکەوتنی تۆتالیتاری، بەڵام ئەم بابەتە تا ئێستا بابەتی گفتوگۆی فەلسەفی و سیاسیە لای ژمارەیەکی گرنگ لە فەیلەسوفەکان بەتایبەتی مارسال غوشیە [١١١] وەکلود لوفر [١١٢] وکورنیلیس کاستوربادیس[١١٣] و فەیلەسوفی تریش. بۆیە تائێستا لێکۆڵینەوەی تری دەوبێت لەبارەی ئەم چەمکە بۆ ئەوەی تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانی ڕون بکرێتەوە.

بۆیەش بابەتی تۆتالیتاری و ئازادیمان لەیەك جیانەکردۆتەوە، لەبەرئەوەی بابەتی ئازادی تائێستاش بابەتێکی سەنتەرییە لە هەموو بیرکردنەوەیەکی سیاسیدا. هەروەها تازەکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ بەشێوەیەکی زیندوو بەستراوە بە پرسی ئازادییەوە، کە چەند لقی لێدەبێتەوە بۆکێشەی هەمەجۆر بەتایبەتی لەزەمەنی ئێستادا وەکو کێشەی مافی مرۆڤ ودیموکراسی. لەتێروانینی ئێمەشدا گەڕانەوە بۆ پرسی ئازادی بەگەڕانەوەیەکی ڕەخنەیی دادەنرێت بەناوی پۆستەمۆدێرنتەوە [١١٤] بەرەو پرسیاری ڕۆشنگەری بەو پێیەی پرسیارێکە ئیشکالیەتی مرۆڤی خاوەن ئەقڵ وخاوەن تواناو ڕەخنە گر دەخاتەڕو.

## پەروێزەکانی باسەکە:


١_زارەوەی (تۆتالیتا ر)یمان بەوەرگێڕانی لەعەرە بیەوەبۆوشەی فەرەنسی touhitarisme)

٢_لێکۆلینەوەی زۆرهەیە سەبارەت بەپەیوەندی جیهانگیری بەتۆتالیتارییەوە، بۆنمونە سەیریی ئەم لێکۆلینەوە ئێمە دەکرێت :لێکۆلینەوە یان شیکردنەوە ی زمان لە فەلسەفەو سۆسیو لۆجیادا، بیاربوردبو وەکو نمونە لەگۆڤاری (أبداع)ژمارە یازدە. ن/٢٧-٣٩.

٣-yan martin. ledue derobe، coll. croireet comprender، p. ٤٣

٤-alain Renault. le renouveau dela politique، October ١٩٩٩، p. ٢٠p٢٨

٥-Ibid، p٢٢

٦-أنتونی دی کرسون، وکینی ینوج فەرهەنگی فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ. وەرگێڕانی‌و لێکۆلینەوەی د. نسار عبداللە دەزگای گشتی بۆکتێب، زنجیرەی هەزار کتێب، ژمارە ٦٠تاهرە (بدت)ل.٥.

٧-هەمان سەرچاوە، ٥٦٧

٨-هەمان سەرچاوە هەروەها سەیری ئەمە بکە

leo strauss، questceque la philosophie، ١٩٩٢، p١٧.

٩- francois furet، paris١٩٩٤.

١٠-- le livre noir du communisme، courtoisprefaceau، paris، ١٩٩٧.

١١-هەندێك لەتوێژەرەوان ئەیگەرێننەوە بۆبنە بنچەی لاتینی‌و ڕۆمانی، هەندجێکیشیان بەسەرە تایی بەکارهێنان دەکەن لەساڵی (١٩٢٣)دا ناسراویشە مۆسۆلینی لەکتێبە کەیدا دەربارەی (المتارحات میکاسییلی بەکاری هێناوە

١٢- BORISOUVARINE: BIOGRAPHIB DE STALINE. ED. MASPE REO، LG، ٥-٦. . کاتێك کەدەنوسێ دەڵێت (فەرهەنگی سیاسی کۆن ناتوانێت گوزارشت لە دیاردە مێژوییە تازەکان بکات، بۆیە پێویستە وشەی نوێ بدۆزرێتەوە، وشەکان وەکو بەلشەفی‌و نازی و ناکرێت بۆ دیاریی کردنی سیستەمی تۆتالیتاریدابنرێت. ل ١٢.

١٣-بۆنمونە سەیری ئەم گۆڤارە بکە.

le debat، ١٩٩٦، and esprit، ١٩٩٦.

١٤-denis pechansky. histoire politiquee scincesocialt

١٥-Denis peschanski، history politique، ١٩٩١.

١٦-Mechel promerat، le concept de totalitarisme، ٢٠٠٠.

١٧-Enzo traverso، le totalitsrisme، ٢٠٠١، p١٤٦.







١٨-raymond aron، democratiies et totalitarisme، ١٩٦٥

١٩-enzo travverso، le totalitarisme، op. cit، ٧٣١. p٧١٠.

٢٠-raymond aron، op. cit، p١٧٣.

٢١-Ibid، p١٨٢

٢٢-Enzotraveso، op. cit..

٢٣-Monique canto. sperbr، les reglesde laliberte، ٢٠٠٣.

٢٤-بۆنمونە سەیری کتێبی جیل دولۆزبکە :فەلسەفەی ڕەخنەی‌کانت، پێناسە، ئوسامە ألحاج، دەزگای زانکۆ بۆلێکۆلینەوە بلاّو کردنەوە چاپکردن، چاپی‌یەکەم، ١٩٩٧، ل، ٤٩ئەوانی دواتر، زەکەریا أبراهیم (کانت یان فەلسەفە ی ڕەخنەی ١)کتێبخانەی میسر، (د. ت)ل١٥٤و ئەوانی دواتر یان عبدلرحمان یروی، (ماتویل کاتن، دەزگای چاپکردن، ١٩٧٧، ل٢١٨ئەوانی دواتر.

٢٥- ANTANE HAT SEN BERGE R LA LIBRTE(TEXTES CGOISIE ET PRESENTES)، FIAMMARION، PARIS، ١٩٩٩، P١٢-١

٢٦-زەکەریا ئیبراهیم، کێشەی ئازادی‌و کتێبخانەی میسر (دزت)ل ٣-٤،

٢٧-أشعیابریین، چوار گوتا رلە بارەی ئازادییەوە، وەرگێڕانی، عبدلکریم محصوز، لە بلاّو کراوە کانی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و نوتەوەی، دیمەشق، ١٩٨٠، ل، ٢٩١و ئەوانی دواتر

٢٨– AN DRE CONTE SPONVILLE: PRESENTUTINS: DE LA PHILOSOPHIE"ED"ALBIN :MICHEI"PARISZOO"P٦G"٧٠"

٢٩- ANTOINE GATZAM BERGER"LA LIBERTE"LIBERTE"OP VIT"P ١٩"

٣٠-کارل پۆپەر فەیلەسوف لەساڵی ١٩٠٤ لەدایك بوەو ساڵی ١٩٩٤ مردوە لە بەناو بانگترین کارە کانی (مەنتقەی دۆزینەوەی زانستی، کۆمەڵەگەی کراوەو دوژمنە کانی) (نەزۆکی مەزهەبی مێژویی) (ژیان بەگشتی چارە سەری کێشە کان)هەروەها (ئەفسانەی چوار چێوە):هتد

٣١-انتۆنی کۆنیستۆن، سەبارەت بەفەرهەنگی فەلسەفەی سیاسی هاو چەرخ سەرچاوەی ئاماژە بۆکراو، ل ٧٣

٣٢-هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

٣٣-هەمان سەر چاوە، ل٧٤.

٣٤-سەیری وەرگێرانی عەرەبی هەدوو کتێبەکە بکە (کۆمەلگەی کراوە ودوژمنەکانی)وەرگێڕانی (السیدنقادی، بەشی یەکەم، خانەی ڕۆشنگەری ١٩٩٨، هەروەها بێ نەدایی ئایدۆلۆژیا، ڕەخنەی پرەنسیپی شێوازەکانی لەپەرەسەندنی تیژویدا، وەرگێڕانی، عبدلمجید سبرە، خانەی الساقی ١٩٩٢.

٣٥-هەمان سەرچاوە، ل٧٦.

٣٦-کارڵ پۆپەڕ:کۆمەلگەی کراوە دوژمنە کانی. وەرگێڕانەعەرەبیەکەی. بەشی یەکەم. خانەی

رۆشنگەری، ١٩٩٨، ل٩١ دوایی تر

٣٧-هەمان سەرچاوە، ل٥٠ئەوانەی بەدوایدا نێ

٣٨-هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

٣٩-هەمان سەرچاوە، ل ٧٧هەروەها کورتەی سەدە، وەرگێڕانی، د. الزواوی بغورەو، د. لخزر مزیوح ئەنجومەنی بالاّ بۆرۆشنبیری، قاهیرە میسر، ٢٠٠٣، ل٥٩ دواتر.

٤٠-بو پارە کورتە سەدە ئەو سەرچاویە کە لەپێشەوە باسمان کرد. ل٥٩،

٤١-کارل بوپەر گەڕا بەدوایی جیهانێکی باشتر، وەرگێڕانی ئەحمد ومیتحجیر، دەزگای گشتی میسر بۆ کتێب لەمیسر لەقاهیرە ٢٠٠١، ل١٩١. دواتر

٤٢هەمان سەرچاوە، ل ١٩١

٤٤-هەمان سەرچاوە، ل ١٩٦

٤٥—کارل پوپەر، لێبوردەیی‌و بەرپرسیارێتی فکری، لەبارەی لێبوردەیی لەنێوان ڕۆژهەلاّت‌و ڕۆژئاوادا.

لێکۆلینەوەلەبارەی پێکەوە ژیان قبولّ کردنی ئەوی تر کۆم لێك لەدانەران، وەرگێڕانی :ئیبراهیم العریس، دارا الساقی، ١٩٩٢، ل٧٥-١٠١.

٤٦-دیموکراسی باشترین مەخشەلّی ممکینە، هەوەها گۆرینی پرسیار دەتوانێت حکومەت لابەرێت بەبێ رژانی خوێن بانگەشە بۆ لیبرالیەتی گەوشەکردن بە گوێرەی مەزهەبی زانستی فەلسەفەیەکەی بەوتەی بەگەشەی مەعریفە بە کاریگەری بە دوانیەوە

**لەگرنترین بەشدارییە سەرەکییەکانی کارل پۆپەر دەکرێت لەم خالاّنەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە:**

١-دەبێت دەولّەت هەبێت، بەلاّم ناکرێت هێزی دەولّەت زیاتر لەهێزی خۆی پێویست‌و گەورە بکرێت بەمەش ناسراو پرەنسیپی سکنین لیبرالی لەسەر پێوەری سکنین أوکام.

٢-جیاوازی نێوان دیموکراسی‌و ستەمکاری ئەوەیە دەکرێ لەحکومەتی دیموکراسی ڕزگاربکرێت بەبێ ڕژانی خوێن، بەلاّم ئەمە لەژێر حکوموتی ستەمکاریدا ئەمە مومکین نیە.

٣-خودی دیموکراسی هیچ تایبەت مەندییەکی نیە لەسەر هاولاّتی دیمو کراسی تەنها چوارچێوە یە بۆ هاولاّتیا ن دروست دەکات کەتا کاربکەن بەشێوەیەکی یەکگرتوو ڕێکخراو.

٤-ئێمە دیموکراسی ئەمە لەبەر ئەوەنیە کەبەبەردەوامی زورینە لەسەر هەقە، بەلّکو لەبەر ئەوەیە کەڕێگەی دیموکراسی کەمترنیە ڕێگەی بۆتێگەیشتن تیایە لەناو ئەو ڕێگایانەدا کەئێمە ناسیو مانە. بەلاّم ئەگەر زۆرینەیان ڕای گشتی ویستی پشتگیری لەستەم کاری بکات لەسەر کەسەدیمکراز خوازەکە نیە کەتوشی ئیستواجییەتی ڕوانین بکات لەدونیا بینینی خۆیدا، بەلّکو لەسەرێتی کە پەی بەوەبەرێت کەدابونەرێتی دیمو کراسیەت لەولاّتەمەیدا زۆر بەهێزنیە.

٥-دامو دەزگا هەمیشە بەتەنها بەس نیە ئەگەر دابو نەریت پشتگیری نەکات، ئەو دابو نەریتە





خوازراوەی جۆرێك لەپەیوەندی دروست دەکات لەنێوان دامو دەزگاو هێزەکانی تاك پێوەرە کانیان.

٦-یۆتۆبیایی فیدالّی کەشتێی مومکین نیە، ئەوەش ئەو پرەنسیپەی ئیبرالّیە کەتا دواژادە لەگەلّی کەم کردنەوەی کەکۆتانەیە لەژیانی کۆمەلاّیەتیا دەیسەپێنێت بەسەر ئازادی تاکدا هەروەها تاکەکان یەکسان دەکات بەپێی تێڕوانینی فەیلەسەفی ئەلّمانی (کانت).

٧-دەکرێت واپێناسەی پرەنسیپی فیدرالّی بکەین، کەو پرەنسپانەیە کە هەلّسەنگاندنی ئەو دامو دەزگایانەی پێدەکرێت. یان گۆڕینی گواستنەوەیانە ئەگەر پێویستی کرد لە دامو دەزگایەکی تر. بۆیە دەکرێت واگوزارەشت لەمە بکرێت کەلیبرالّیەت ئەقیدەیەکی پێشکەوتنە نەك ئەقیدەیەکی شۆڕشگێڕانەیە و تەنها ئەگەر ڕوبەڕوی سییتەمێکی ستەمکاری ببێتەوە.

٨-لەنێوان ئەو نەریتانەی کەدەبێت بەگرنگ دایان بنێین ئەوەیە کەدەکرێت کەناوی بنێین بە (چوارچێوەی ئەخلاقی)بۆ کۆمەلّگا (چاویلکەی (چوارچێوەی یاسایی)بۆدامو دەزگاکان)ئەمەش هەستی سونەتی دەگرێتە خۆی لەلای کۆمەلّگا کەناسراوە بەدادپەروەری ویژدان، یان پلەی هەستیاری مۆرالّی کەدەکاتە پلەی (٠٠٠)شتێك نیە کەلە روخانی ئەو چوارچێوە سونەتە مەترسیدار تربێت کەنازییەکان بەمەبەست لەهەولّی ڕوخاندنیدا بوو. ڕوخانی دەبێتە هۆی کەدەمیەت‌و نامرۆیی بوون، واتا پشت گوێخستن‌و ڕوخانی هەموو بەها مرۆییەکان (لێرەدا بۆپەری پارێزگاریکار بەدەردەکەوێت).

٩-هەوەکوچۆن بانگەشەی ئەوەی دەکرت (تێۆریی لیبڕالّی) بۆئارکۆمییەتی ئازاد)کەلەسەر بنەمایەك وەستاوە (لیبرالّیەت خەون بەڕێکەوتنی تەواو لەڕاوبۆچون دا نابینێت، بەلّکولەهەولّی چاندنی ئالّوگۆڕکایدایە بۆئایدیاو بیرکردنەوە، ئەوەش کەبەدوای خۆیدا گەشەی بیرو ڕا لەدوایی خۆیدا دەهێنێت، تائەوەی کە کاتێك دەمانەوێت کێشەیەك بۆڕێك وتنی گشتی چارەسەر بکەین، ئەوە بەچارە سەر کردنی کێشەی نوێتر دەخولّقێنن کەلەسەر جیاوازی، ئەمە شتێکە جێگەی ئەوەنیە بیری ناخۆشی لێبکرێتەوە)ئەمەش لەمەقیدە زانستیە پێشنیار کراوەکەیدا بە پراکتیك شتێکی ناسراوە، ئەوەش ئەو ەلەسەرەتا بەکێشەکان دەست پێبکەین پاشان چارەسەری بۆبدۆزنەوە پاشان بەپێی پرەنسیپی درۆکردن گریمانە هەلّەکان دوربخەینەوە تادەگینە چارەسەرێکی گونجاو، پاشان ئەم چارەسەرە ئەگۆڕێت بۆ کێشە، ئەمەش بەگەشەی مەعریفەو پەرەسەندنی ناسنامە.

١٠-لە کۆتایدا، لیبڕالّیەت لە لەتێروانینی پۆپەردا بریتییە (ئەندازەگیریی ئازادی تاکە، کەپەی بەژیریە شاراوەکانی دەبرێت، لەهەمووێنەیەکی هێزوو دەسەلاّت، بۆنمونە سەیری ئەحمدسادق ئیبراهیم سادق بکە :فەلسەفەی سیاسی لای کارلّ پۆپەر (زافر بۆچاپکردن) ١٩٩٨، بەشی چوارەم، چەمکی دەولّەت‌و ئەرکەکانی لایی کارلّ پۆپەر، ل ١٦٥پەرەکانی تر. هەروەها کارلّ پۆپەر)باسکردن لەجیها نێکی باشتر، وەرگێڕانی :ئەحمدمستجیر، دەستەی گشتی میسری بۆکتێب، ٢٠٠١، ڕایی گشتی‌و پرنسیپەکانی لیبرالیەت، ل١٨٥لاپەرەکانی دوایی تر، هەوەها کارلّ پۆپەر، ژیان بەگشتی. . چارەسەری کێشەکانە ؟وەرگێڕانی، بەهادەرویش، دەزگایی بلاّوکردنەوەی دامەزراوەی مەعاریف، ئەسکەندەرییە، هەردوووتاری ٩-١٠،



هەواڵنامەی کتێب

٤٧-هانا ئارێنت لەساڵی ١٩٠٦لەشاری هانۆڤەری ئەڵمانیا لەدایك بووە، لاهوتو فەلسەفەی لەزانکۆیی پرەن مرلبورغ خوێندوە، وانەکانی لەسەر دەستی فەیلە سوفی وجودی کارڵ یاسپرسو ماتن هیدگەرترەو ەرگرتوە، هاوڕێی فەیلە سوف (هانس جوناز بووە)، لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتی ئەڵمانیا بەدەستی (هیتلەر)کۆچی کردوە بۆ فەرەنسا لەساڵی ١٩٤٣، دوایی چوە بۆئەمەریکا لەوێ ماوەتەوە تا کومردنی لەساڵی ١٩٧٥. لەگرنترین کارە کانی :بنەماکانی تۆتالیتاریەت، قەیرانی کلتوری، مەرجی مرۆیی هاوچەرخ، ژیانی فکریی.

٤٨-ئەوەی بەدەستمانەوە بێت تەنها وەرگێڕانە عەرەبیەکەی بەشی سێهەمە، کەلە (دارل ساقی)دەرچووە، بەناو نیشانی (بنەماکانی تۆتالیتارییەت)، وەرگێڕانی ئەنتوان ئەبوزەید، ١٩٩٣. بەگشتی لێکۆڵینەوە لەبارەی (هانا ئارێنت)خەریکە بوترێت هەرنیە، هیچ لێکۆڵنەوەیەکی ئەکادیمی بەزمانی عەرەبی لەسەر ئەم بابەتە نەکەوتۆتە بەردەستمان، هەوەها بەنسبەت بابەتی تۆتالیتەرتەوە، جگە لەهەندێ بابەتی ڕۆژنامەوانی کەئاماژەئەکات بۆتۆتالیتاریەت لەڕوانگەیی شی کردنەوەی سیستەمە عەرەبیەکان یان ڕۆژئاواییە کان، هیچ باسێکی ئەکادیمیمان لەسەر ئەو بابەتە نەخوێندۆتەوە

٤٩- HAMA AREND :CONDIBIAN DE TGOMANE :MODENME:ED CALMANN LEWG PAWIS ١H٨٣:PREFECE DE PAWLR:COEWR"

٥٠-کۆمەڵێك لەپسپۆڕان :فەرهەنگی هزری سیاسی، بەشی یەکەم، وەرگێڕانی، ئەنتۆنی حمسی، لەبلاٚو کراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبری سوریا، ١٩٩٤، ل٢٩

٥١-هەمان سەرچاوە، ل٢٠

٥٢- هعەمان سەرچاوە، ل٣٢___٣٣

٥٣-هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریەت، وەرگێڕانی، ئەنتوان أبوزەید دار ساقی، ١٩٩٣، ل١٢

٥٤-هەمان سەرچاوە، ل٢٥

٥٥-هەمان سەرچاوە، ل٣٣

٥٦-هەمان سەرچاوە، ل٤٤

٥٧هەمان سەر چاوە، ل٥٥

٥٨-هەمان سەرچاوە، ل ٦١

٥٩-هەمان سەرچاوە، ل٦٢

٦٠-سەیری ئازادی لێپرسراوێتی هزری بکات، وەرگێڕانی، الزاواوی بغورە، لە گۆڤاری دیالۆکی عەرەبی، ژمارە ٤، لە بلاٚوکراوە کانی (موخبر)بۆلێکۆلینەوەی مێژویی فەلسەفەی زانکۆیی منتۆری _قسنتینیە، ٢٠٠٣

٦١-هەمان سەرچاوە، ل، ٦٣

٦٢ HANA ARENDT:DWMENSONGEA LA VIOLENEE ESSAI DE POLITIQWE CONTEMPORAINE ED CALMANN"LEVG PARIS





١H٧٢ P١٧

٦٣-هانا ئارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریەت، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٦٦

٦٤-هەمان سەرچاوە، ل٧٩

٦٥-هەمان سەرچاوە، ل٨٢

٦٦-میشێل فۆکوڵ، (پێویستە بەرگریی لەکۆمەڵگە بکرێت)وەرگێڕانو پێشەکی، ئەلزەواوی بغورە، خانەی (تەلیعە)بۆچاپو بلاٚو کردنەوە، بەیروت _لوبنان، ٢٠٠٣

٦٧-هانائارێنت، بنەماکانی تۆتالیتاریەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦

٦٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩

٦٩-هەمان سەرچاوە، ل١١٦

٧٠. hana arendt، condition، op، cit، p، ١٥

٧١بۆ نمونە سەیری کارەکانی جیل دۆلۆز دەکرێت، دوبارەبونەوجیاوازی، هەروەها فرانسو لیوتارد، هەروەها فۆکۆ ئارکۆ اۆجیای مەعریفە.

٧٢. Hana arendt، ladelcaature، ١٩٧٢، p، ١٨٦

٧٣. ئارێنت بەوە ناسراوەخوێندکاری باسبرسو هاوڕێ هایدگەر بوە، هەروەها لە نێوانیاندا نامە گۆڕینەوە هەبوە بەلاٚم ئەمە بابەتی ئێمە نیە.

٧٤. Hana arendt، essai la revolation، ١٩٦٧، p، ٣٩.

٧٥.Ibid، p١٥٣

٧٦لەم باسەدا سەیری)شیکردنەوەی فۆکۆ بۆ دەسەلاٚتی مەرجدار بە ئازادی) بکە لە کتێبەکەماندا چەمکی گوتار لە فەلسەفەی میشیل فۆکۆدا، ئەنجومەنی بالاٚی کلتوری، قاهیرە، باسی چوارەم.

٧٧ ـمیشیل فوکۆ فەیلەسوفێکی فەڕەنسە لە ساڵی ١٩٢٦ لەدایك بوەو لەساڵی١٩٨٤ مردوە، کۆمەڵێك کاری گرنگی فەلسەفی گرنگی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە لەوانە : مێژوی شێتبون لەسەردەمی سونەتیدا، وشەکانو شتەکان، چاودێریو سزا،

٧٨ ـmechel foucoult، la philosophi، ١٩٩٤، p٥٣٥.

٧٩ پێویستە لێرەدا ئاماژە بەجیاوازی بەکارهێنانی نیتشە بکرێت لای نازییەتو هەڵوێستی فۆکۆ لەسەر نیتشە، ئەوەش ئاشکرایە کەئەم پرسە بە چڕی لە فەلسەفەی هاوچەرخدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بەتایبەتی لە نێوان قوتابخانەی فەڕەنسی بە ڕێبەرێتی دۆلۆزو فکۆو لیوتاردو دریداو قوتابخانەی ئەڵمانی بەڕێبەرێتی هابرماس، ب نمونە بگەڕێوەبۆ گۆڤاری : Magazine litterior، ٢٠٠١

٨٠ Mechel foucoult، la philosophi، p٥٣٧.

٨١ سەیری کتێبەکەی چاودێریو سزا بکە، وەرگێڕانی، علی مقلد، ١٩٩٠، یان بەشی چوارەم لە کتێبەکەمان، چنمکی گوتار، کەپێشتر ئاماژەم پێکرد.

٨٢ میشیل فۆکۆ، ئیرادە ی مەعریفە، وەرگێڕانی، جورج ابی صالح، ١٩٩٠.



هەواڵنامەی کتێب

٨٣ میشیل فۆکۆ، پێویستە بەرگری لەکۆمەڵگە بکرێت، سەرچاوەی پێشو، ل ٢١.

٨٤ ب زیاتر تێگەیشتن سەیری بەدواداچونەکانمان بکە لە گۆڤاری(العربیە) بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە ٧٨ بەهاری ٢٠٠٢.

٨٥ میشل فۆکۆ، پێویستە بەرگری لەکۆمەڵگە بکرێت، سەرچاوەی پێشو، ل ٨٧.

٨٦ هەمان سەرچاوە، ل ٩٨

٨٧ هەمان سەرچاوە، ل ١٢٢.

٨٨ Mechel foucoult، Ethique، ١٩٩٤، p٧١١.

٨٩ Ibid، p١٠٢

٩٠ پێویستە ئاژە بەوە بکرێتکەفەیلەسوف هەموارکردنی سەرەکی خستوّتە سەر چەمکی دەسەڵات، کاتێقسە لەسەر عەقڵی سیاسی دەکات، هەروەها لەسەر هونەری فەرمانڕەوایی جیاواز گوزارشتی بەوە کردوە ئەمەش بەچەمکی حەکیمانەبون.

٩١ John rajchman، erotique، ١٩٩٢، p١٣١.

٩٢ بۆ نمونە سەیری کارەکانی هەریەك لەلۆك فیری و ئالان رینو)بکە هەروەها گۆڤاری Magazine litterioue، n٣٠٩، ١٩٩٣.

٩٣ بۆ زیاتر ئاگادار بون سەیری بەدوادا چونەکانمان بکە بۆ کتێبی هزری مۆراڵی هاوچەرخ، گۆڤاری (العربیە) ژمارە ٨٤، ٢٠٠٣، ل ١٧٩.

٩٤ کارڵ پۆپەر، ژیان. . . بەتێکرا چارەسەرە بۆ کێشەکان ؟ وەرگێرانی د. بها درویش ل ١٦٦.

٩٥ کارڵ پۆپەر، ئیمانۆئیل کانت، فەیلەسوفی ڕۆشنگەری، (گەران بەدوای جیهانێکی باشتردا)، ل ١٥٦ لاپەڕەکانی تر.

٩٦ هەمان سەرچاوە، ل١٥٩

٩٧ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥

٩٨ هەمان سەرچاوە، ل١٦٦

٩٩ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦

١٠٠ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦- ١٦٧

١٠١ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧

١٠٢ هەمان سەرچاوە، ل١٦٧

١٠٣ کارڵ پۆپەر، کورتەی سەدە، سەرچاوەی پێشو، ل ٥٥.

١٠٤ hana arendt، quest، ١٩٧٢، p١٨٢.

١٠٥ Ibid، p١٨٨.

١٠٦ Hana arendt، condition، op. cit، p٧٠.

١٠٧ Hanaarendt، dumensonge، ١٩٧٢، p٩٣.

١٠٨ hanaarendt، condition، op. cit، p٩٢.





١٠٩ foucoult Mechel، quest، ١٩٩٤، p٦٨٦، ٦٨٧سەیری ئەو لێکۆڵینەوەیەمان بکە کەلە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد.

١١٠ میشیل فۆکۆ لەکتێبی چاودێری وسزادا لەو جیاوازیەی ڕۆشنگەری دواوە کە ئازادی دۆزیوەتەوەو بنەماکانی شێت بونی دامەزراندوە، سەیری لێکۆڵیینەوەکەی بکە کەلەوەو پێش ئاژەی بۆکراوە.

١١١ Marcel gauchet، le desenchantement، ١٩٨٥.

١١٢ Glaude lefort، essays sur politique، ١٩٨٦

١١٣ cornelius casteridis، linstitution، ١٩٧٥

١١٤ بزوتنەوەی پۆست مۆدێرنە لەسەر ئاستی فەلسەفی هەستاوە بەرەخنە گرتن لە بەهاکانی ڕەقڵو ڕۆشنگەری بەتایبەتی بەهاکانی عەقڵو زانستو ئازادیو پێشکەوتن، بەڵام جیاوازی زۆر هەیە لە سروشتی ئەم ڕەخنانە، لەرەخنەی ڕادیکاڵەوە بەهەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەڕۆشنگەریەوە هەیە تاوەکو ڕەخنەی مێژوی کەلایەنە ئیجابیو سلبیەکانی پرۆسەی ڕۆشنگەری روندەکاتەوە، دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر هەنوکە وەکو ئەلتەرناتیفێك بۆ مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە، لە گۆڤاری (پرسە هزرییەکان) پەرتوکی نۆزدەو بیست، ئۆکتۆبەری ١٩٩٩، قاهیرە.

١١٥ نوسینی ئەم بابەتە : دکتۆر زواوی البغورە، مامۆستای فەلسەفە یەلە کۆلێژی ئادابی زانکۆی کوێت. وەرگێرانی: ئومێد ڕەفیق، مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆیی سلێمانی.

سەرچاوە/ گۆڤاری (عالم الفکر)، بەرگی ٣٣، ساڵی ٢٠٠٥. گۆڤارێکی ناوبەناوە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کلتورو هونەرو ئاداب لە کوێت دەری دەکات.

هەوالنامەی کتێب

# سیاسەت

- ❖ پێگەی کورد ..لە سیستەمی نوێی جیهانیدا.
- ❖ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمەی شەڕی سارددا .
- ❖ روەو بنیادنانی حکومەتێکی مۆدێرن .

هەواڵنامەی کتێب

# پێگەی کورد
# لە سیستەمی نوێی جیهانیدا

د. کەیوان ئازاد ئەنوەر

## سەرەتا

کۆنفۆشیۆس بەر لە (٢٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا قسەیەکی هەیەو دەڵێت " ئەوەی بیەوێت سبەینێ بژی، ئەبێت ئەمڕۆوریا بێت، بۆ ئەوەی سبەینێیەکی گەش بۆخۆی دروست بکات ".

سەرەتا دەمەوێت لەوەوە دەست پێبکەم کە ئەم بابەتە ئەوەندی ئایندەییە ئەوەندە مێژوویی نییە. دیارە ئەمەش کارێکی قورسە، بەوەی من پسپۆڕی بواری مێژووبم‌و قسە لەسەر ئایندە بکەم. بە تایبەت ئایندەیەك کە هەنوکەش ئاڵۆزەو روون نییە، بۆیە زیاتر بۆچوونەکان پشت بەستنە بە کۆمەڵێك رەهەندو فاکتەری مێژوویی، چونکە لەوێوە ئەتوانین ئایندە ببینین‌و بۆ ئایندە بڕوانین. لەمەوە هەوڵ ئەدەم زیاتر بابەتەکەم لەچوارچێوەیەکدا کۆبکەمەوە ئەویش رۆڵ‌و پێگەی کوردە لەم سیستەمە نوێیەدا، لەگەڵ دیاریکردنی ئەوئایندەیەی کە ئایا بەرەوە کوێ دەڕوات ؟ بەر لەوەش بێمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەو پێگەی کورد لە سیستەمی نوێی جیهانیدا، باشترە پێناسەیەکی کورتی (کورد) بکەم.

(کورد) ناوی نەتەوەیەکی گەلێکە لە باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا. یەکێکیشە لەو گەلانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە فاکتەری یەکێك بوە لە نائارامییەکانی ناوچەکە بەوەی لە پێناوبەدیهێنانی مافەکانیدا بەردەوام لە





راپەڕین‌و شۆڕشدا بوەو رووبەرووی دوژمنەکانی‌وەستاوە کە نەتەوە زلهێزەکانی ناوچەکە بوون. لەمەوە نابێت پێگەی کورد لەم سیستەمە نوێیەدا فەرامۆش بکرێت. هەر لەبەر ئەوەش ئەم بابەتە ئامادە کراوە.

سیستەمی نوێی جیهانی رووداوەکانی دوای جەنگی سارد هێنای. دروشمەکانی (دیموکراتیەت‌و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین) ی لەگەڵ خۆی بەرزکردوە. کاریشی بۆ ئەوە کرد سنورە دەستکردەکان بە شێوازێکی نوێ بگۆڕدرێت. سەرباری ئەوەش کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی سیاسی‌و فیکری‌و هەروەها ئابووری لەگەڵ خۆی هێناو بەردەوامیشە لە هێنانی. ئەوگۆڕانکاریانەش لایەنی زاڵ لەگەڵ خۆی هێناوەو دەیدەهێنێ‌و درێژەیان پێدەدات. بەشێکی ئەوگۆڕانکاریانەش ئەنجامیان بەدەست هاتوە، بەڵام هەندێکیشیان ماوە بەدەست بهێنرێت، بۆیە ئێمەی کورد لەم پێگە سیاسیەدا ناتوانین لەرێی بریارە سیاسیەکانی ئەوقەوارە سیاسییەوە رۆڵی خۆمان لە ئایندەی سیاسیی جیهان‌و ناوچەکەیدا دیاری بکەین تا بەم خاڵانە ئاشنا نەبین :-

*ئێمەی کورد نە خاوەنی زمانێکی سەرتاسەری گەورەین ! تا ببێت بە زمانێکی جیهانی‌و بتوانێت کار لە دەیان‌وڵاتو گەل‌و نەتەوەو دەوڵەتی سیاسی بکەین بۆ زمانەکەی خۆمان رایان بکێشین !

*ئێمە نە خاوەنی دەیان کارگەو کۆمپانیاو سەرمایەداری گەورەین ! تا لە رێی کارگەکان‌و کۆمپانیاکانمانەوە، بتوانین فشار بخەینە سەر ئەووڵاتانەی کە مافەکانی ئێمە ناناسن‌و ئێمە نابینن!

*ئێمە نە خاوەنی ئاینێکی گەورەین‌و پەیرەوێکی ئاینی گەورەین ! تا لەرێی ئاینەکەمانەوە هەزارەها نەتەوە بۆلای خۆمان بگێڕینەوەو هەزارەها کۆمەڵ‌و خەڵکی ئەم دنیایە بۆلای خۆمان کێش بکەین.



هەواڵنامەی کتێب

*ئێمە نەخاوەنی دراوێکی بەهێزین ! تا لەرێی ئەودراوە بەهێزەوە کە ئەبێتە بنەمایەکی سەرەکی ئابووری، بتوانین کار لە بنەما بازاڕییەکانی جیهان بکەین‌و بتوانین دەیان دەوڵەتی سیاسی جیهان بۆ ناوسیاسەتەکانی خۆمان رابکێشین!

*ئێمە نە خاوەنی دۆستانی گەورەین ! تا لەگەڵماندا ستراتیجیەتی ئایندە بەیەکەوە دیاری بکەین !

ئێمە لەم زەمینە (سیاسییە - ئابوورییە – کۆمەڵایەتی) یەوە چووینە نێوئەم سیستەمە نوییە جیهانیەوە، بۆیە میللەتو گەل‌و کۆمەڵێك لەم پێگەیەدا بژی‌و ئەمەواقعی ژیانی بێت ؟ ئەبێت چۆن لەم سیستەمەدا پێبگات ؟ لە کاتێکدا بە پێی هەمووبنەما ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەکان ئەبوا ئەم میللەتە بتوێتەوە نەمێنێت ! بەڵام بەوپێیەی لە مێژوودا چەندین رووداوی ئاوها شازو تایبەت روویان داوەو گوزەریان کردوە، بۆیە پێموایە ئەمجارەشیان لەگەڵ کەمترین دەسکەوتو نەبوونی پێگەی سیاسیماندا ناتوێینەوەو نافەوتێن.

### دەرکەوتنی سیستەمەکە

بەر لەوەی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی سارد جیهان بەرەو ئەو ئاراستەیەی ئێستا بهێنێت، دووبلۆکی گەورەی (سوشیالیستی‌و سەرمایەداری) کە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیست دووهێزی سەرەکی دژ بەیەك بوون، یەکیان هەڵوەشایەوە. ئەوهێزەش بلۆکی (سۆشیالیستی - خۆرهەڵاتی) بووکە (یەکیەتی سۆڤیەت) رابەرایەتی کرد. بەوەش سەرەتاکانی سەردەمێکی نوێ هاتە ئارا. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بلۆکی سەرمایەداری بوە سەردەستەی جیهان‌ووەك سەردەمەکەی پێشوورابەرایەتیەکەی بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا برا. بەوەش سیستەمێکی گەورەی جیهانی لەگەڵ خۆی هێنا کە بنەماکانی لەسەر





(بازاڕی ئازادو دیمکراتیەت‌و مافی نەتەوەکان) دامەزرا. لەگەڵ خۆشیدا کرانەوەیەکی نوێی هێناو جیهانی بۆ گوندێك بچوك کردوە. سەرباری ئەوەش چاوی کەوتە سەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە سەردەمانێکە بە (دڵی جیهان) ناسراوە. لێرەشەوە (کورد)وەك یەکێك لە نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌ووەك یەکێك لەونەتەوانەی کە لە (هەشتا) ساڵی رابردووبەسەر (شەش)ولاتدا دابەشکراوە کەوتە نێوناوان، بەڵام بە پێچەوانەی دوێنێ (سەرکێش‌و یاخی نا)، بەڵك‌و(ماف خوراوو چەوساوە). بەوەی لە لایەك لە نێوان‌ولاتانی (عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا، ئازەربایجان، ئەرمەنستان) دابەشکراوە. لە لایەکی تر لەهەر یەك لەوولاتانەدا هاولاتی پلە (دوو) بوە. لێرەوەش پرسیاری هەنوکەیی ئەوەیە کە ئایا کورد چۆن خۆی دەبینێتەوە ؟ بەرەوکوێ هەنگاودەنێت ؟ چی چاوەڕوانی دەکات ؟

### رۆڵی کورد لەم سیستەمە نوێیەدا

(ونستۆن چەرچڵ) سەردەمانێکەو بەر لە (٨٠) ساڵ پێش ئێستاوتویەتی " لە جیهاندا سیاسەتی هاوبەش نییە، بەڵكوبەرژەوەندی هاوبەش هەیە ". ئەمە ئەوخاڵەیە کە لە هەمووڕووداوێکی سیاسیداو لە هەمووگۆڕانکاری‌و بەرەوپێش چوونی ئایندەیەکی تازەدا، سیاسییەکان کاری لەسەر دەکەن.واتا ئامانجیانە کە بەرژەوەندییەکان بەیەکەوە گرێ بدەن. بەوپێیەشی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مەزندەی زۆربەی جوگرافیاناس‌و کوردو بیانییەکان بەر لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق (٦٤ ملیۆن) کەس بوە. رووبەری خاکە دابەشکراوەکەش (٥٦٤٢٦٤ کم٢) ە، بۆیە ناکرێت لەم سیستەمە نوێیەدا رۆڵ‌و پێگەی نەبێت. بە تایبەت لە نێوان ئەم پێگە جوگرافییەو ئەم ژمارەیەی گەلی کورد نابێت رۆڵی کوردی کوردستانی باشوورو پێگە جوگرافییەکەی کە سەردەمانێکە بە (کوردستانی عێراق) ناسراوە لە یاد بکرێت، چونکە دەروازەی سەرەکی گۆڕانکارییەکان‌و چەسپاندنی سیستەمی نوێی جیهانییە کە ئەیەوێت خۆی تێدا بدۆزێتەوە. ئەم خاکەش کە روبەرەرەکەی (٨٧١١٧کم٢) یەو ژمارەی

دانیشتوانەکەشی بە پێی دوایەمین ئاماری ڕێکخراوی (WFP) بە (٣٥٠٠٠٠٠) کەسە، جێگایەکی ستراتیجی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گرتەوە. ئەم ئامارەش هەر (سێ) پارێزگای (سلێمانیو هەولێرو دهۆك) ی گرتۆتەوە، بە بێ پارێزگای کەرکوكو ناوچەکانی موسڵو خانەقیو مەندەلیو ناوچە کوردنشینەکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەروازەیەکە بە رووی کوردی پارچەکانی تری کوردستانی (ئێرانو تورکیاو سوریاو ئازەربایجانو ئەرمەنستان). ئەوەشی لێرەدا بۆ مێژووگرنگەو ئەمانەوێت سەرنجی بخەینە پاڵ، ئەوەیە کەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ چەسپاندنی ئەوبەرنامانەی بۆ ئەوسیستەمە نوێیەی دوای جەنگی سارد دایڕشتوە، بەر قەرار بوونو چەسپاندنی ئاسایشی ئەم هەرێمەیە. ئەوەشی بە دووقۆناغ جێبەجێکردوە :

١. دوای جەنگی یەکەمی کەنداولە ساڵی (١٩٩١ز)،واتە دوای دەرکردنی عێراق لە کوێت، توانی بەهۆی دامەزراندنی بنکەی (ئەنجەرلیك) لە تورکیا بەشێك لە هەرێمەکە کە بە هێڵی (٣٦) دیاریکرا، بپارێزێت.

٢. بە گرتنی عێراقو رووخانی رژێمی سەدام حسین لە بەهاری ساڵی (٢٠٠٣ز)و بە تایبەت دوای گیرانی شاری بەغدادی پایتەخت لە (٩ی نیسانی٢٠٠٤ز) هەرێمەکەی لە مەترسی رژێمی فاشستی بەعس پاراست.

ئالێرەوە ئەچمە سەر ئەوخاڵەی کە کورد لەم هەلو مەرجەدا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی هاوچەرخی خۆیدا بچێتە ناوبەرەیەکی هاوپەیمانییەوە کەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا رابەرایەتی دەکەن.واتە کورد کاتێك بەرەوسیستەمەکە رۆیشت بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکاندا یەك بوو.واتا لەگەڵ بەرژەوەندیوڵاتە براوەکاندا هەنگاوی نا. لەم لایەنە سیاسییەشدا کورد لەگەڵ گۆڕانکاریەکانە، لەگەڵ گۆڕینی سنورە دەستکردەکانە. ئەوسنوورانەی دەرئەنجامەکانی رووداوێکی ناوچەیی یان جیهانی دروستیان کردوە. لێرەشدا دەمەوێت (سێ) خاڵ بخەمە روو:





١. یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمەی کورد کاتێك دەمانەوێت بچینە ناوسیستەمی نوێێ جیهانییەوە، ئەزموونێکی سیاسیمان نییە.واتە دەوڵەتمان نییەو ئەزموونەکانی دەوڵەتمان تاقینەکردۆتەوە، بۆیە کاتێك دەمانەوێت بەرەوئەم سیستەمە نوێیە جیهانییە بڕۆین، لە بەرنامە سیاسیەکانی خۆماندا، توشی ئاستەنگی گەورە ئەبین، چونکە ئێمە لە نێوان ساڵانی (١٩٩١ - ٢٠٠٣) دووچاری هەڵەی گەورە بووین کە خراپ بەسەرماندا شکاوەیەوە.

٢. ئێمەی کورد لەم سیستەمە نوێیەی جیهانو لەم هاوپەیمانییەدا پێویستمان بەوە هەیە کە بەواقیعی لە ئاستی رووداوە ناوچەییو جیهانییەکاندا بڕیاری بوێرانە بدەین، چونکە رەوتەکە ڕێگای خۆی گرتووەو دەڕواتو ناگەڕێتەوە.

٣. خاڵێکی تر کە دەمەوێت بیخەمەڕو ئەوەیە ئێمەی کورد لەم هەرێمەماندا هەنوکەش هێشتا یەك هێزی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوریو ئابووری کارانین کە بتوانین کار لە دەوروبەرمان بکەین.

ئێمە بەم (سێ) خاڵەوە لەگەڵولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانایەوە چووینە جەنگەوە. جەنگێك دژی تیرۆرو تیرۆرستان. بەوهیوایەی لە دەرئەنجامەکانی بەشی خۆمانوەرگرینو سوودمەند بین، چونکە مەنتقی سیاسیوایە کاتێك دووکەس یان دووهێز دەچن بەگژی یەکتردا، براوە بەشی دۆڕاو دەخوات.واتە سەرکەوتوودواو فرمان بەسەر لایەنی شکستدا دەسەپێنێت. ئێمەی کوردیش بەومەنتقەی (سەدام حسێن)و رژێمەکەی رووخانو رۆڵمان لە گۆڕینی عێراقدا هەبوو.واتا ئێمە بووینە فاکتەرێك لە گۆڕانکارییەکانی عێراقداو ئامادە بووین لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا لە هەر شوێنێکی ئەم عێراقە تیرۆر هەبێت، هاوکاری بکەین، ئاساییە داوای بەشی خۆمان لەوبەرەیە بکەین کە لەگەڵیدا چوینە بەرەکەیەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە لەم گۆڕانکارییانەوەك پێویست سوودمەند نەبین، دەبێت لە

(دوو) ساڵی رابردوودی بەر لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی عێراقواتە ساڵانی (۲۰۰۳ - ۲۰۰۵ز) وورد بینەوە. بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمە چەند کارێکی گرنگمان لەبەر دەستدا بوو، دەبوایە بمانکردایەو نەمانکرد، لەبەرامبەردا پێچەوانەکەیمان ئەنجامدا ! کاتێکیش پرسیار لە سیاسییەکان ئەکەین کە بۆوایانکرد ؟ لەوەڵامدا دەڵێن : ئەزموونی دەوڵەتمان نەبووە! خۆی لە خۆیدا ئەمە تا رادەیەك راستو گرنگە، چونکە ئەوان کە بوونە بەرپرسانی ئێمە رابەرایەتی ئێمەیان کەوتە دەست هاتنە سەروڵاتێکیوێران. دیارە کۆمەڵو گەلو نەتەوەیەك کاتێك دەیانەوێت بە سیستەمێکی نوێ بگەن، دەبێت زمانو خاكو دەوڵەتو دراوو بنەمای بەهێزیان هەبێت، بۆیە دەبێت ئێمە لەم گۆڕانکاریانەداووریاو بەئیرادە بین، چونکەوڵاتانی زلهێز ئامادەنین خۆیان بکەن بە قوربانی هەڵەکانی ئێمە. لەم بوارەدا ئێمەی کوردی ئەم هەرێمە دەبوا چەند هەڵەیەکی سیاسی گەورە نەکەین‌وەك لە ساڵانی رابردوودا کردمان ئەوانیش :

۱. ئەبوایە بەر لەوەی شەپۆلی گۆڕانکارییەکە روولە عێراق بکات هەردووئیدارەکەی (سلێمانی – هەولێر) ببوونایەتەوە بەیەك ئیدارە. راستە هەردووئیدارەکە و هەردووسەرۆکی پارتی باڵا دەستی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە رووداوو گۆڕرانکاریەکاندا شەپۆلەکەدا یەك هەڵوێستو یەك مەبەستیان هەبووبەرامبەر بە هاتنی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، لەبەرامبەر گۆڕانکاری عێراق، بەڵام بە دوودەسەڵاتو دووئیدارەی جیاواز. راستە هەرێمی کوردستانی عێراق بە یەك پێگەی سیاسی دەروازەکانی بۆ هاوپەیمانانواڵا کرد تا رژێمی بەعسی پێ لەناوبەرن، دوای ئەوەی نە کۆماری تورکیاو نە کۆماری سوریا رێگەیان نەدا سوپای هاوپەیمانان بێنە عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەك ئیدارەیی لەم قۆناغە مێژووییە، ئەوەی بۆ ئێمە دەسەلماند کە ئێمە لە تواناماندا هەیە هەرێمەکەی خۆمان بەیەك ئیدارە رێبەری بکەین. لە بەرامبەردا ئەوخاڵە





لاوازەمان نەئەدا بە (۲۳) دەوڵەتی عەرەبیو (۳۵) وڵاتی ئیسلامی کە بڵێن کورد لەناوخۆیاندا ناکۆکن ! یا کوردەکان (دوو) ئیدارەی بۆناکرێتەوە بەیەك ! ئێستا چۆن داوای فیدراڵی بۆ هەرێمێك دەکات کە پێی رەوابببینرێت.

۲. بەر لەوەشی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا گۆڕانکاری لە عێراقدا بکات، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە واشنتۆن میوانداری کرا. ئەومیوانداریە بەر لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق بەرێوە چوو. لەم میوانداریەشدا، زۆربەی خاڵە سەرەکیو نهێنیەکان باس کرا. تێیدا رێگەکانی گۆڕانکاریەکانی عێراق باسی لێوە کرا کە لە کوێوە رژێمەکە دەروخێننو کۆتایی پێدێنن، بەڵام ئەوە باس نەکرا عێراق بە چ شێوەیەك دەروخێنرێتو ئەرکو مافەکانی کوردی ئەم هەرێمە چۆنو چەند دەبێت ؟وە ئەوماوەیەی بۆ رووخانی عێراق دیاریکراوە چەندە ؟ دیارە زۆر لە سیاسییەکانی خۆمان ئەڵێن ئەوە نابێتە کێشە لەبەردەم ئەم سیستەمە نوێیەی جیهانیدا، چونکە ئەوەتا عەرەبەکان (۲۳) دەوڵەتیان هەیەو تورکو تورکمانەکان (۹) دەوڵەتیان لە ئاسیای ناوەڕاست بە تورکیاو بە قوبرسی تورکیاشەوە هەیە. ئەمەوجگە لە چەندین نەتەوەو هێزی تورکمان لە دەرەوەووڵاتەکەیان لە ئەوروپا. دیارە ئەوانەی ئەوراستیانەیان خستۆتەڕووبۆ ئەوە نەگەڕاونەتەوە کەواقیعیەتی سیاسی ئێمە لەگەڵ ئەوانیتر جیاوازترە.

۳. ئێمە لە دوانزە ساڵی رابردوودا (۱۹۹۱ - ۲۰۰۳ز) چەندین خاڵی لاوازمان لەم ناوچەیەی خۆمان هەبوو، لەوانە دابەشکردنی هەرێمەکە بۆ دووکەلتوورو پەروەردەو فیکری جیا، کە نە ئەبوایە بمانکردایە.

۴. هەڵەیەکی مێژوویی تر کە نەمانزانی چۆن رووبەڕوی بوەستینو بەرنامەمان بۆکاروبارەکان نەبوو! ئەوە بووکاتێك کە عێراق لە ژێر چاودێری هاوپەیمانەکاندا دامەزراو دروست بووەو ئەنجومەنی حوکم دامەزراو دەست بەکار بوو، ئەوە بووکە ئەبوایە هەردووبەڕێزان (مام جەلالو مەسعود بارزانی)

نەچوونایەتە ئەنجومەنی حوکمەوە. من پێوایە ئەودووبەرێزە لە ئەنجومەنی حوکم گەورەتر بوون، چونکە دووکەسایەتی دیاری نێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوون. دووبەرهەڵستکاری ئۆپۆزسیۆنیواقیعی بوون نەك ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەو ئوتێلو راگەیانەکان، بۆیە پێموابووئەنجومەنەکە لەوان لاوازتر بوو. راستە بەشداریمان لە ئەنجومەنەکەو لە بنیاتنانەوەی عێراقدا کردو هەوڵی دروستکردنەوەی عێراقێکی هەڵوەشاوەماندا، بەڵام نەمانتوانی هیچ لە رەوتەکە بگۆرین.

٥. ئێمە لە خۆ رێبەریکردنی خۆمانو ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا کەوتینە هەڵەیەکی ترەوە کە بەسەر خۆماندا تێمانپەڕاند. ئەویش ئەوە بووکە لە کەرکوکداوەك مەڵبەندی پارێزگایەك کێشەیەکی خراپمان خوڵقاند. بۆنمونە بە پێی بریارێکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە لە (٢٤ی تەمموزی١٩٩٢ز) دەرچووهەرێمی کوردستانی عێراق بۆ (چوار) پارێزگای ( دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك) دابەشکرا. دواتر لەسەر رەزامەندی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان) ، بەرێوەبردنی (دوو) پارێزگای (دهۆك، هەولێر) بۆپارتی دانرا. ئەوەش لەسەر ئەوباوەرەی کە (پارێزگای دهۆك شاخوێنبەرێکی سەرەکی ئابووریو سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق بووبەرەوکۆماری تورکیاو کیشوەری ئەوروپاو لەوێوە بەرووی جیهاندا. (هەولێر) پیشوەك پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق بوو. لە بەرامبەردا هەردووپرێزگای (سلیمانیو کەرکوك) بۆ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) دانرا. ئەوکاتەش شاری کەرکوكو بەشێکی گەورەی سنووری کارگێری پارێزگاکە، لە بن دەستی رژێمی بەعسدا بووەو ئازاد نەکرا بوو.واتە خۆی لە خۆیدا پارێزگایەك نەبووبەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا سەپێنرا. ئەویش لەسەر باری دارایییەکی دارماوەوەو لەسەر کوردستانێکی کاولەوە پارێزگاکەی بنیاتنا. کاتێکیش لە بەهاری ساڵی (٢٠٠٣ ز) کەرکوك ئازاد کرا خێرا هەردوودووئیدارەی (سلێمانیو هەولێر) چوونەوە کەرکوك. دیارە لەرووی یاسای پەرلەمانی





کوردستانەوە بۆ یەکێتی بوو، بەڵام ئەم کارە لای بەرامبەرەکە کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بووقبوڵ نەکرا، بۆیە بەهۆیەوە بارێکی سیاسیو ئابووریو نائاسایشی خراپمان بۆ ئەوشارەو خودی پارێزگاکە دروستکرد. راستە ئەگەر گوشاریویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبوایە (عەبدولرەحمان مستەفا) ی کوردو خەڵکی شاری کەرکوك نەئەکرا بە پارێزگاری کەرکوك. بەهەرحاڵ ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێك بوولەوخاڵانەی کە شارێك چەند ساڵ بووخەباتمان بۆ دەکردو هەزارەها قوربانیمان بۆ داو ئایندەیەکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەکرین، کردمانە قوربانی هەڵەی سیاسیو ململانێی سەقەتی خۆمان !

٦. سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم هەرێمە چەندین کاری لابەلاوهەڵەی لەگەڵ گۆرانکارییەکانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کرد،وەك دامەزراندنی (٤٥ هەزار) هاولاتی کورد لەسەر میلاکی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش. ئەمەش بەواتای ئەوەی (٤٥ هەزار) جوتیارو کرێکارو شاگردو دارتاشووەستاو......) وازیان لە ئیشەکەیان هێنا و بوون بە (پۆلیسو ئاسایش). سەرئەنجام میللەتەکەمان کرد بە میللەتێکی سەربازی (بخۆر – موستەهلیك) و لە (بەرهەمێنەر- منتج) دامان بری. بەوپێیەشی ئەم میللەتەی ئێمە چەندین ساڵ لە بارێکی دارایی خراپو نەهامەتیدا دەژیاو بە قەدەر سکی خۆی نان نەخواردبوو! سەرکردایەتی سیاسی کوردویستی ئاهێکی بەبەردا بێتەوە ! بەڵام چ ئاهێك ؟ ئاهێك لەسەر ئابووریو ئاسودەیی ئایندەی خۆی ؟ ئاهێك لە ئایندەیەکی بەختیار دابیبرێت ! ئەمانەوایانکرد لای ئێمە کرێکارو جوتیارو دەستی ئیشکەر نەمێنێت. بەوەش شوێنەوارەکەیمان بینی کە چۆن نرخی کاڵاکان بەرزبوونەوە ؟ تەنانەت کەمیو نەبوونی کەوتە نێوکەرەسەکانی خواردەمەنیو ئەوانی تر.

## ئایندەی کورد لە وسیستەمەدا

لەگەڵ ئەوهەمووهەڵەو کەمو کورپیانەشدا خۆشبەختی کورد لەوەدایە کە

هاوپەیمانان لەسەر بەرنامەکانی کاری خۆیان ماون‌و ڕەوتە جیهانییەکەو گۆڕانکارییەکان بەردەوامن. هەر لێرەشدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، هەتا ئەمڕۆش بۆ چارەنووسی مێژووی ئێمە دەوڵەتانی داگیرکەری ئێمە چاویان لە ئاست ڕوداوەکاندا بەواتایەکی بازاڕی (کوێر) بووە.

ئەوەشی لێرەدا بۆ ئەم پێگە ستراتیجیە لەواتا سیاسییەکەیەوە گرنگە، ئەوەیە کە بەرژەوەندیویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا ماوەو دەمێنێت، بەڵام ئەوەش گرنگە کێ ئەم بەرژەوەندیانە دەپارێزێت ؟ بۆوەڵامی ئەم پرسیارەش نموونەیەکی مێژوویی گرنگ دەهێنمەوە. ئەویش ئەوەیە کە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، پاش ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق دامەزراو (فەیسەڵی کوڕی حسێن) کرا بە پادشای عێراق لە (٢٣ی ئابی ١٩٢١ز) لە کوردستانی باشوور دەسەڵاتێکی تا ڕادە سیاسی هەبوو. ئەوەش بەوەی کە (شێخ مەحمودی نەمر) لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩ز) لە سلێمانی مەلیکی کوردستانی باشور بوو.واتە دوای (سێ) ساڵ (فەیسەڵی کوڕی حسێن) حیجازی عەرەبی سوننەوەك پادشای عێراق دیاریکرا. ئەوەش بۆوڵاتێك کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە بوون.

ئەورۆژگارە حکومەتی بەریتانیا کە بڕیار بەدەستی ئایندەی عێراق‌و کوردستانی باشوور بووتا ساڵی (١٩٢٤ز) چاوەڕوانی هەریەك لە (شێخ مەحمودو فەیسەڵی کوڕی حسێن) بووکە کامیان بەرژەوەندی ئینگلیز لەعێراقدا ڕادەگرن ؟ سەرئەنجام بۆ ئینگلیز دەرکەوت کە (فەیسەڵ) بەرژەوەندییەکانی ڕادەگرێت و (شێخ مەحمود) بەرژەوەندییەکانی دەخاتە مەترسییەوە. ئەوەش لەسەر ئەوراستییەی کە (شێخ مەحمود) لە ماوەی حوکمرانی خۆی لە ناوچەی سلێمانی، پەیوەندی بە نوێنەری تورکەکان لە ڕەواندوزو ڕوسەکان لەورمێ کردوە، تا هاوکاری بکەن‌و ئینگلزەکان لە ناوچەکە دەربکەن ! لێرەوەش ئەوە بۆ ئینگلیزەکان دەرکەوت کە (شێخ مەحمود) ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی لە





ناوچەکەدا ڕابگرێت. تەنانەت ناتوانێت کۆنترۆڵی هەمووهۆزە کوردییەکانی هەرێمەکە بکات‌و سنوری دەسەڵاتی بگەیەنێتە ناوچەکانی (کۆیەو پشدەرو هەولێرو بادینان). لە کاتێکدا ( فەیسەلی حیجازی) ئەوکارەی لە سنووری دەسەڵاتی خۆی بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوو گرەوەکەی بردەوە. ئەوەش دوای ئەوەی لە (شێخ مەحموود)و حکومەتەکەی دراو (فەیسەڵی کوڕی حسێن)وەك پادشای عێراق مایەوە. تەنانەت لە ساڵی (١٩٢٥ز)ویلایەتی موسڵی لکاند بەودەوڵەتە تازە دامەزراوەوە کە کوردستانی باشوور بەشێکی گەورە بوولێی. لەم نموونەیەش‌و لەوئەزموونە مێژوویەش، مەبەستم ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە جیهانییەی ئەمڕۆش، کە پێگەی کوردی تێدا دیاریکراوەو کورد لە رووی ستراتیجییەوە لەگەڵ ئەم ڕەوتە ئەڕوات‌و هەمووئاماژەکان تا ڕادەیەك لە قازانجی کوردن، بەڵام لەگەڵ هەمووئەمانەشدا ئەم پرسیارە گرنگە کە ئایا لەم ڕۆژگارەدا کورد ئەتوانێت ئەم بەرژەوەندیانە ڕابگرێت ؟ کورد ئەتوانێت لەگەڵ ئەم ڕەوتە جیهانییەدا گوزەر بکات‌و بڕوات ؟

لەوەڵامدا دەکرێت بڵێین کە کورد لە قۆناغی ئەمڕۆدا، بەم بیرەو توانستەو بەرنامەیەی ئەمڕۆ هەیەتی دوور لە ڕەوتەکە هەنگاودەنێت. ئەمەوجگە لەوەی دووچاری چەندین کۆسپ‌و تەگەرەی گەورە ئەبێت، بۆیە پێویستە بەدەر لە هەڵەکانی خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان ئامادە بکات. گرنگتر لەوانەش بۆ ئەوەی لە ڕەوتەکە بەجێ نەمێنێت، پێویستە خۆی بۆ (چوار) ئەرکی گرنگ ئامادە بکات ئەوانیش :

١. لە هەمووشتێك گرنگتر بۆ ئەمڕۆ ئەوەیە کە کار بۆ پرۆسەیەکی پەروەردەیی گەورە لە سەرتاسەری کوردستان بە ناوچە ئازادکراوەکانیشەوە بکەین.واتە داڕشتنی بەرنامەیەکی نوێی پەروەردەیی‌و لابردنی ئەوجیاوازیانەی لە نێوان پەروەردەکانی (سلیمانی، هەولێر، کەرکوك‌و ناوچەکانی تر) دا هەیە. ئەمەوا دەکات هەر لە ئێستاوە بنەمایەکی بەهێز بۆنەوەیەکی تازە دروست بکەین.

٢. بەلامەوە زۆر گرنگەو پێشم‌وایە خاڵێکی چارەنووس سازە کە ئەبێت لەم قۆناغە مێژووییەدا هەمووهێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەندێك بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان رابگرن‌و بیکەنە قوربانی بەرژەوەندی گشتی کورد. دیارە لە قۆناغی ئێستادا فرە حیزبی‌و ئازادی‌و فیدراڵی هەیە، بەڵام کار بۆ هەندێك بەرنامەی تایبەتی حیزبی دەکرێت کە لە قۆناغی ئێستادا زیانەکانی لە سوودەکانی زۆرترن.

٣. پێویستە ئێمەی کورد لە کوردستانی باشووری ناسراوبە کوردستانی عێراق، قورسایی خۆمان لە تێکڕای هەرێمەکە بە ناوچە ئازادکراوەکانیشەوە بچەسپێنین. بەوپێیەشی لە بەغدادیش سەرۆکی عێراق کە بەڕێز (مام جەلال) ە کوردە، ئەتوانین لە بەغدادیش دەروازەیەکی‌والاّ بە رووی هەموودنیادا بکەینەوە. ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە.

٤. بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم قۆناغە سیاسییە بڕۆین، کورد ناتوانێت لەیەك کاتدا هاوپەیمانی ئەمەریکاش بێت‌و هاوپەیمانی ئێرانیش ! هی ئەمەریکا بێت‌و هی تورکیاش ! هی ئەمەریکا بێت‌و هی سوریاش ! ئەمەریکایەك بیەوێت ئەم هێزانە بگۆڕێت، ئێمە ئەتوانین تەنها دۆستایەتیان بکەین ؟ نەك هاوپەیمانێتیەکی ستراتیجی، چونکە کە رەوتەکە ئەوانی راماڵی ئێمەشی پێوە رائەماڵێت. ئەوەش لەسەر ئەوراستییەی لەدنیای سیاسەتدا بەژەوەندی پێش هەمووشتێکە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم جارەیان لەگەڵ رەوتەکەدا بەسەرکەوتوویی بڕۆین‌و بەجێ نەمێنین. ئەمجارەشیان بە هەڵەکانی خۆمان دوچاری شکست نەبین‌و دواتر بڵێین :

ئەمجارەشیان:

’’ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی درۆیان لەگەڵدا کردین! کوردیان فرۆشت‌و کوردیان دا کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان !!!‘‘





## سەرچاوەکان:-

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:-

أ. به زمانی کوردی :-

١. ئاشوری ، داریوش‌و دیگران : فەرهەنگی نوێ،وەرگێڕانی : بورهان قانیع، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٥ز.

٢. ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سیکوچکەی بەعسیان، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩ ز.

٣. پۆلێك پسپۆڕ: گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت،وەرگێڕانی:م.گۆمەیی، چاپە یەکەم، سوید، ١٩٩٨ز.

٤. جەزا تۆفیق تالیب : بایەخی جیۆپۆلتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز.

٥. حکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) : شۆڕشی کوردستان‌و گۆڕانکارییەکانی سەردەم ، چاپی سێیەم، هەولێر، ١٩٩٤ز.

٦. کۆزاد : جوگرافیای کوردستان ، چاپی یەکەم، ١٩٩٧ز

٧. جەلیلی گادانی : پەنجا ساڵ خەبات ، چاپی یەکەم، هەولێر، بەرگی یەکەم - ١٩٩٥ز، بەرگی دووەم، ٢٠٠٥ز.

٨. مەحمود مەلا عززەت : بازنەی ململانێ‌و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩ز.

٩. میکاڤیللی، نیکولای : میر،وەرگێڕانی : حسین عارف، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٠ز.

١٠. نەبەز، جەمال : بێدەسەلاتە کوردەکان‌و برا موسڵمانەکانیان ،وەرگێڕانی : تایەر حەمە ئەمین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز.

١٢. نەوشیروان مستەفا ئەمین : پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن ، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨ز.

١٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین : لە کەناری دانوبەرە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٧ز.

ب. بە زمانی عەرەبی:-

١- داروين، چارلس : اصل الانواع ، ترجمة : اسماعيل مظهر، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٧م.

٢- البعلبكي، منير : المورد- قاموس (عربي- انكليزي)، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٠م.

٣- شامي، صلاح الدين : دراسات في الجغرافية السياسية، الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٨٢م.

٤- المجموعة الاحصائية السنوية: الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٤م.

المجموعة الاحصائية لمنظمة WFP لسنة ١٩٩٦

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

## لە سەردەمەی شەڕی سارددا

یوسف محەمەد سادق

ڕەنگە لە گرنگترین دەرەنجامەکانی شەڕی جیهانیی دووەهەم، ئەو گۆڕانکارییە دیاروئاشکرایەبێت کە بەسەر ڕێژەی دەوڵەتە زلهێزەکاندا هات. ئەوەش کە دەلالەت لەسەر جەوهەری ئەم گۆڕانکارییە دەکات ئەوەیە کە هێشتا شەر بە تەواوی کۆتایی پێنەهاتبوو، بە ڕوونیوئاشکرایی ئەوە دەرکەوت کە چارەنووسی جیهانی پاش شەڕ پەیوەست دەبێت بە پەیوەندیی دوو زلهێزی زەبەلاحی گەورە کە سەرکەوتووی یەکەمی شەڕ بوون. ئەوانیش بریتی بوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاویەکێتی سۆڤییەت. ئەم دوو وڵاتە کەمتر لە وڵاتە سەرکەوتووکانی دیکە وەك (فەرەنساوبەریتانیا) زەرەرمەند بووبوون لە کارەساتەکانی شەڕ. هەروەها جیهان بە شێوەیەکی گەورە دابەش بوو بەسەر دوو سەربازگەدا، یەکێکیان ڕۆژاوایی بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد ئەوی دیشیان ڕۆژهەڵاتی بووویەکێتی سۆڤییەت لە لوتکەکەیدا بوو.

ئەو دەرکەوتنەی ئەمریکاوسۆڤییەت بووبە ئەڵقەی گرنگی پێکهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی لە قۆناغی پاش شەڕ. ئەم دوو زلهێزە سەرەڕای توانای ماددیی گەورە، خاوەنی هێزی ڕاکێشانی هزریوسیاسیش بوون کە یارمەتییدان بۆ سەرکردایەتی کردنی جیهان، ئەمەش بووبە هۆی هاتنە ئارای ململانێ لە نێوانیاندا کە دژایەتییەکی ئایدۆلۆژیی قووڵ پەرەیپێدا و لە ڕەفتاری





هەریەکەیاندا بەرامبەر بەوی تر ڕەنگی دایەوە.

ئەگەر نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە توندوتیژی بناسرێتەوە، ئەوا گرنگترین شت کە نیوەی دووهەمی ئەم سەدەیەی پێدەناسرێتەوە بریتیە لە بەکارنەهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە دژ بەیەك. هەروەها بەوە جیادەکرێتەوە کە دژایەتییەکی گەورە هەبوو لە نێوان ئەمریکا (USA)ویەکێتی سۆڤییەت (USSR)، بەشێوەیەك کە زۆر لە نوسەران پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە شەڕێکی چەکداری لە نێوانیاندا ڕووبدات. هەرچەندە ئەم پێشبینییە ڕاست دەرنەچوو، بەڵام ململانێی چەکداری لە پەراوێزولە ئاستە خوارووەکانی ئەم ململانێیەدا ڕوویدا.

لێرەدا شەڕی سارد بەوە لێکدرایەوە کە ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەیە کە سروشتی کارلێکەکانی ماوەیەکی دیاریکراوی نێوان دوو دەوڵەت دەیهێنێتە کایەوە، کە پەیوەندییەکانیان بە دژیەکی بەرژەوەندییەکانیان و، یەکتربڕین لە ئایدۆلۆژیا و، جیاوازی (إدراك) و، گشتگیری بەکارهێنانی هۆکارەکانی ململانێ جگە لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی دژ بەیەك، دەناسرێتەوە و بە درێژایی کاتی ئەم شەڕە (حاڵەتێك لە نائارامی توند لە پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە ململانێکەرەکاندا دێتە کایەوە بە شێوەیەك کە هەر لایەکیان هەست بەوە دەکات کە هەڕەشەی ئەگەری دەستدرێژیی چەکداری لایەنی بەرامبەری لەسەرەوئەمەش وادەکات کە هەموو توانا سەربازییەکانی بخاتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە).

سەبارەت بە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم شەڕە، ڕاوبیروباوەڕی جیاجیا هەن، هەندێك پێیان وایە کە هەر لە ساڵی ١٩١٧ دەستی پێکرد، واتە بەهاتنە سەرکاری بەلشەفییەکان لە دەسەڵاتی سیاسی ڕوسیادا. بەڵام هەندێکی دی پێیان وایە (کە ئەمە ڕای زۆرینەیە) کە ئەم شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانیی دووهەم. هەندێکی دیکە پێیان وایە کە شەڕی سارد لە ساڵی (١٩٤٧



هەواڵنامەی کتێب

دەستی پێکرد. ئەم جیاوازی بیروڕایە سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی سارد بۆ ڕاڤە کردنی هۆکارەکانی ئەم شەڕەش هەر ڕاستە و دەکرێت بووترێت کە لەم بوارەشدا سێ میتۆد بۆ شرۆڤە کردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە لە ئارادایە. کلاسیکییەکان پێیان وایە کە یەکێتی سۆڤییەت ئەم شەڕەی دەستپێکرد ئەوکاتەی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی فەرامۆش کرد و، سوپایەکی گەورەی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا هێشتەوە و، هەستا بە دروست کردنی (کۆمنفۆرم) واتە نووسینگەی ڕاگەیاندن لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ دروست کردنی بەرەیەکی دژ بە ڕۆژاوا.

ئاراستەی دووهەم کە جۆزیف نای ناویان لێدەنێت ڕاستکەرەوەکان (التعديليون)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرهەڵدانی ئەم شەڕە تاوانبار دەکەن، نەك فراوانخوازییەکانی سۆڤییەت. ئەمانە پێیان وایە کە یەکێتی سۆڤییەت لەوە لاوازتر بوو کە بچێتە تولە ڕێکانی ململانێیەکی نوێوە لە پاش شەڕی جیهانیی دووهەم و ئەوە ئابووری ئەمیرکا بوو کە پێویستی بە فراوانخوازی هەبووو، ویلایەتە یەکگرتووەکان نەخشەی بۆ جیهانێکی ئارام دەکێشا نەك لە پێناو بەرقەرار کردنی دیموکراسیدا بەڵکو لە پێناوی سەرمایەداریدا. ئەمانە پێیان وایە کە ڕەواج دان بە هەژموونی ئابووری ئەمریکا مەیسەر نەدەبوو بە بوونی وڵاتێك تەنها وڵاتێك کە بیەوێت ناوچەیەکی ئابووری سەربەخۆ ڕێکبخات.

بەڵام لایەنگرانی ڕای سێهەم پێیان وایە کە کەس بەرپرسیاری دەستپێکردنی شەڕ نییە. بەڵکو سەرهەڵدانی شەڕی سارد حەتمیەتێکی مێژووی بوو بەهۆی دژایەتییەکی ئایدۆلۆژی لە نێوان هەردوو هێزەکەدا. هەروەك بەهۆی سروشتی دوانەیی هاوسەنگی هێز لە قۆناغی پاش شەڕی جیهانی دووهەم. هەردوو لا پێیان وابوو کە فراوانخوازی زامنی دەستەبەر کردنی ئامانجەکانوئاسایشیان دەکات. بەهۆی ئەم هۆکارانەشەوە دوژمنایەتییەکی گەورە بەردەوام لە نێوان هەردوو لادا زیادیدەکرد، هەر بۆیەش هەڵوێستە توندەکان لەلایەن دەوڵەتێکیانەوە دەبووە هۆی هاتنەئارای هەڵوێستی توندی دژ لەلایەن





دەوڵەتەکەی دیکەوە، هەربۆیەش شتێکی بەدیهی بوو کە بچنە ململانێوە. جۆزیف نای هێڵکارییەکی ڕوونکردنەوەی دەخاتە ڕوو کە بە هۆیەوە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی سارد لێکدەداتەوە. (سەیری هێڵکاری ژمارە ١ بکە).

لێرەوە دەکرێت بڵێین چەند هۆکارێك بوونە هۆی ئەوەی کە شەڕی سارد بێتە واقعێکی حەتمی، لەوانەش دژیەکی ئایدۆلۆژیوخراپی (أدراك). شەڕی سارد لە یەکێك لە ڕەهەندەکانیدا بریتی بوو لە ململانێیەکی ئایدۆلۆژی توند لە نێوان دوو سیستمی کۆمەڵایەتی جیاواز کە هەر یەکەیان بە ئایدۆلۆژیایەکی دژی ئەوەی بەرامبەر بەستبوو کە بریتی بوون لە ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمی سۆڤێتیوسەرمایەداری خۆراوایی.

یەکێتی سۆڤییەتوسەربازگەی خۆرهەڵاتی ململانێیان لەگەڵ ڕۆژاوا بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە ئەمەی دووای سروشتێکی شەرەنگێزیوفراوانخوازی ئایدۆلۆژی هەیە، سەرمایەداریش بەڕای سۆشیالیزمەکان هەمیشە ئایدۆلۆژیایەکی هەڵپەرستولە هەوڵی بەتاڵانبردنی ناوچە دەوڵەمەندەکان بە ماددە خاوەکانودەیانخاتە ژێر هەژموونی سیستمی سەرمایەداریی جیهانیوگەلان بێ بەش دەکات لە مومارەسە کردنی سەربەخۆیی نیشتمانییان. یەکێتی سۆڤێت پێیوابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پلانێکی هەیە بۆ لەباربردنی ئەزمونی سۆشیالیزمی کە لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە دروست کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

هێڵکاری (USSR) : تیۆرە شرۆڤەکەرەکانی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی سارد








لە بەرامبەردا سەبازگەی خۆراوا پێیوابوو کە "دەستدرێژی شیوعی هۆکاری سەرەکی ململانێ جیهانێکانە، چونکە فراوانخوازی سۆڤێت لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو، سەپاندنی حکومەتە شیوعیە لایەنگرەکانی خۆی بەسەر گەلانی ئەم ناوچەیەدا، بەرهەمی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستین و هۆکاریش بوون بۆ سەرهەڵدان وتوند بوونی ململانێکانی سەردەمی شەڕی سارد".

سەرەڕی ئەمانەش ولایەتە یەکگرتووەکان پێیوابوو کە گوتاری سیاسی یەکێتی سۆڤێت، هاندانی گەلە ئاسیایی وئەفریقییەکان لەخۆ دەگرێت بۆ باوەڕ هێنان بە ئایدۆلۆژیاکەی بە بیانووی بەرەنگار بوونەوەی ئیمپریالیزم. لێرەوە سۆڤێت دەیەوێت لە بەراییدا ئایدۆلۆژیاکەی خۆی لەم ناوچەیەدا پەرەپێبدات بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ئەم ناوچانەدا، دەوڵەتەکانی بکاتە پاشکۆی نفوزی خۆی وسیستمی سۆشیالیزمی خۆرهەڵاتیودژبە ئەمریکاوبەرەی ڕۆژاوا.

لێرەوە ترس لە سەرکەوتنی لایەنی بەرامبەر لە بەرفراوانکردنی ناوچەکانی جێ نفوزی خۆی لەسەر حسابی ئەم، هۆکارێکی تری کەوتنەوەی شەڕی سارد بوو. هەریەکێك لە هەردوو هێزەکە وای بۆ دەچوو کە سەپاندنی هەژموونی سیاسی وئابووری خۆی بەسەر چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لە جیهاندا، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی سەنگیان لەسەر ئاستی جیهاندا و بەشێك لە پێداویستییەکانی زامن کردنی ئاسایشی نەتەوەییان بۆ دەستەبەر دەکات. هەربۆیەش زۆر زەحمەت بوو کە هیچ یەکێکیان لە ناوچە ستراتیژییەکانی دونیا دور بخرێنەوە، بەهۆی جەختکردنەوەی هەردوولایان لە بوونیان لەو ناوچانەدا لەلایەك و ترسیان لە هەڵایسانی ڕووبەڕووبوونەوەی ناوکی لە نێوانیاندا.

هەریەکێك لەم دوو جەمسەرە هەوڵی دەدا ئەو بۆشایی و هێزە پڕ بکاتەوە کە لەپاش شەڕی جیهانی دووەم لە ئەورووپاوئاسیا هاتبووە کایەوە و، ترسی

هەر یەکەیان لە هەوڵی ئەوی تریان لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لەسەر حسابی ئەم و سود وەرگرتن لەم حاڵەتە لە بزاوتە ستراتیژییەکانی لایەنی بەرامبەر وای لێدەکردن کە بە توندیوبەشێوەیەکی وەها لە پێشتر لە مێژوودا وێنەی نەبووبێت، ململانێی یەکتر بکەن. هەربۆیەش ئەم ململانێیە کۆتایی بەو هاوکارییە هێنا کە لە نێوان ئەمریکاوسۆڤێت لەکاتی شەڕی جیهانی دووهەم تا ساڵی ١٩٤٧ هاتبووە ئاراوە.

دەرئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوە ڕوون بوویەوە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوسۆڤێت وەك دوو هێڵی ڕاستەوانەی ئاراستە پێچەوانە بوون کە هەرگیز بەیەك ناگەن. ئەمەش ئەو گوتەزایە بەدرۆ دەخاتەوە کە دەیگوت ڕەگەزی متمانەیەك نەبوون هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو هێزەکەوکاردانەوە جیهانییەکانی نەبووە.

چونکە بێمتمانەیی بەرامبەر لایەنەکەی تروبەخراپ خوێندنەوەی مەرامەکانی یەکێکی تر بوو لە هۆکارەکانی شەڕی سارد، هەردوولا جوڵەکانی یەکتریان لە ڕوانگەی بێمتمانەیی بەلاکەی تر شرۆڤە دەکرد و، ئەمەش وایدەکرد کە کارلێکەکانی نێوانیان ببێتە زنجیرەیەکی دانەخراو لە کاروکاردانەوە.

لێرەوە شەڕی سارد بریتی بوو لە دەرەنجامێکی حەتمی هەندێك لەو دەرەنجامانەش شەڕی جیهانی دووهەمی هێنان. سەرەڕای هەندێك ڕاستی بابەتیوخودیی هەردوولا کە بوویە هۆی بەرفراوان بوونی بۆشایی نێوان ڕۆژهەڵاتوڕۆژاوا بەشێوەیەکی گشتی و، یەکێتی سۆڤێتوویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی تایبەت، تا ئەو کاتەی بوونە دوو دوژمنی سەر سەختی یەکتر کە ململانێی نێوانیان بریتی بوو لە جۆری سفری لە زۆربەی حاڵەتەکاندا. ئەمەش بوویە هۆی زیادبوونی گومانودوژمنایەتیی بەرامبەر بەیەکتر. لێرەوە هەردوولایان پەنایان بردە بەر هەموو توانا ماددیومرۆییەکانیان لە ململانێیاندا دژی یەکتر.





ئیدی هەموو ئەمانە بوونە هۆی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سیستمی نێودەوڵەتی لە پاش شەڕی جیهانی دووهەم لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز لە نێوان دوو جەمسەردا کە هەر یەکە لە ئەمریکاوسۆڤێت ڕێبەرایەتیان دەکردن. بەڵام ئەو هاوسەنگی هێزەی لە سەردەمی شەڕی سارددا هاتە کایەوە جیاواز بوو لەو سیستەمەی هاوسەنگی هێزەی لە سەدەی نۆزدەدا بەرقەرا بوو. چونکە هاوسەنگی جەمسەرەکان لە شەڕی ساردا بریتی بوو لە ئامانجێکی لاوەکی دەوڵەتە ململانێ کەرەکانو، ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە چوونە نێو هاوپەیمانیەکەوە کە هێزێکی زیاتری هەبێت بە پێچەوانەی هاوسەنگی باوی سەدەی نۆزدە کە ئامانجی سەرەکی دەوڵەتان بریتی بوو لە ڕێگری کردن لە زیادبوونی هێزی هەردەوڵەتێك بە شێوەیەك کە بێتە هۆی هەڕەشە دروستکردن بۆ سەر هاوسەنگی هێزو هەڕەشە دروستکردن بۆ سەر دەوڵەتانی تر.

لەلایەکی دیکەوە سیستمی هاوسەنگی جەمسەرەکان سیستمێکی پۆڵاییینی جێگر بوو بە پێچەوانەی سەدەی نۆزدە. بە شێوەیەك کە هیچ دەوڵەتێك نەیدەتوانی ڕۆڵی هاوسەنگکەر ببینێت، بە تایبەت کە دەوڵەتە گەورەکان چونە نێو هاوپەیمانییە ئایدۆلۆژیوسیاسیو ئابووریوسەربازییە پۆڵایینەکان لە ماوەی شەڕی سارددا کە ئەمەش ڕێگر بوو لەبەردەم ئاڵوگۆڕ پێکردن لە هاوپەیمانییەکاندا.

### قۆناغەکانی شەڕی سارد

شەڕی سارد بە درێژایی چلوچوار ساڵ (١٩٤٧-١٩٩١)، هاوکات بوو لەگەڵ شێوازی جۆراوجۆری کارلێك لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاویەکێتی سۆڤێتوئەم کارلێکانە لە ناوەڕۆکدا بە پێی پلەی دوژمنایەتی نێوانیانولە کاتە جیاوازەکاندا لە گۆڕاندا بوو.

ئەگەر پلەی توندی دوژمنایەتیوجدییەتی بکەینە پێوەری قۆناغ بەندی،

ئەوا دەکرێت شەڕی سارد بکەینە پێنج قۆناغی سەرەکییەوە کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی جیاکەرەوەی خۆی هەبووو، ئەمانەن : قۆناغی ڕووبەڕوو بوونەوە، قۆناغی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، قۆناغی هاوسازی (وفاق)، قۆناغی شکستی هاوسازی، کۆتایی هاتنی شەڕی سارد.

**یەکەم : قۆناغی ڕووبەڕوو بوونەوە ( ١٩٤٧-١٩٥٣ )**

ئەم قۆناغە بە گرنگترین‌وترسناکترین قۆناغەکانی شەڕی سارد دادەنرێت چونکە چەندین ڕووداوی لەخۆ گرت کە لەگەڵ کەڵەکەبوونی ڕووداوەکانی پێش ئەم قۆناغە بوونە هۆی هاتنە کایەی ململانێیەکی توند لە نێوان هەردوو دەوڵەتە زلهێزەکەدا. درێژبوونەوەی ئەم ململانێیە بۆ ناوچە جیا جیاکانی جیهان‌وهاتنە کایەی دۆخێک کە هەست نەکردن بە ئاسایش تایبەتمەندی سەرەکی بوو.

ئەم ململانێیە سەرەتا لە ئەوروپادا کاریگەری دانا، بەڵام دواتر گوازرایەوە بۆ ئاسیاش. لە ئەوروپادا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئازاری ١٩٤٧دا بنەمای ترومانی ڕاگەیاند کە بە پێی ئەم بنەمایە USA بەڵێنیدا کە یارمەتی سیستەمە سیاسییەکانی ئەوروپا بدات دژ بە هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی کە لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە هان بدرێت. USA بەهۆی ئەم بنەمایەوە لەلایەکەوە ویستی پاشکەوتنی ڕۆڵی بەریتانیا لە ئەوروپا لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەیەویست پەرەسەندنی نفوزی یەکێتی سۆڤێت لە ئەوروپادا بوەستێنێت.

هەر لە پێناوی ئەم ئامانجەی دوایی USA سیاسەتی تەوقکردنی (الأحتواء)ی گرتەبەرکە لەلایەن (جۆرج کینان)ی دیبلۆماتی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی مۆسکۆ پێشنیاز کرابوو. دەوترێت ئەم سیاسەتە پەرچە کردارێك بوو بۆ وتارە بەناوبانگەکەی ستالین لە شوباتی ١٩٤٦ کە تێیدا جەختی لەسەر حەتمییەتی ململانێی نێوان هێزە سەرمایەداری‌وشیوعییەکان کردبوو. بۆ پاڵپشتی کردنی





سیاسەتیتەوقکردن، USA لە حوزەیرانی ١٩٤٧ پرۆژەی مارشاڵی ڕاگەیاند کە بەڵێنی (USA) لە خۆ دەگرت بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی بۆ دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە پێناو ژیانەوەی ئابوورییەکانیاندا. بەڵام USSR ڕەدی کردەوە کە ئەم پرۆژەیە ئەوروپای ڕۆژهەلات بگرێتەوە، بۆیە ئەم پرۆژەیە (١٦) دەوڵەتی ئەوروپای ڕۆژاوای گرتەوە کە ١٣,١٥٠ ملیار دۆلاری گرتەخۆی کە لە شێوەی یارمەتی ئابووری‌وسەربازییەوە بەخشرایە دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژاوا.

**ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆژەی مارشاڵ بریتی بوون لە :-**

١. کۆتایی هێنان بە بارودۆخی ناهەمواری ئابووری دەوڵەتە ئەوروپاییەکان.

٢. سنووردار کردن‌وکەنارخستنی بزووتنەوە شۆڕگێڕە نزیکەکان لە (USSR)ەوە کە دەیانویست حکومەت گەلی هاوسۆز لەگەڵ USSR لە ئەوروپا بهێننە سەرکار.

٣. گرێدانی ئەوروپا بە ئابووری ئەمریکاوە و ئامادە سازی بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی ئەوروپا لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییە ئەمریکییەکانەوە.

٤. هەر لە پاییزی ١٩٤٧دا USSR دامەزراندنی (کۆمنفۆرم)ی ڕاگەیاند کە ئامانج لێی بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلاتو بەستنەوەیان بە USSRوپاراستنیان لە هەژموونی USA بوو.

ناکۆکییەکانی نێوان هاوپەیمانی پێشووی شەڕی جیهانی دووهەم کاریگەری لەسەر کێشەی ئەڵمانیاش دانا. لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە USA سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەم وڵاتە گۆڕی‌ولە هەوڵی یەکپێگرتنەوەی پارچە داگیرکراوەکانی ئەڵمانیادا بوو تا ئەوەی لە نیسانی ١٩٤٩دا هەر سێ وڵاتی USAوبەریتانیاوفەرەنسا لە کۆنفرانسی واشنتۆندا بڕیاریاندا کە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ دروست بکەن. بەڵام USSR ئەم بڕیارەی ڕەدکردەوەو، وەك پەرچەکردارێکیش لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لەو ناوچانەی داگیری کردبوون کۆماری ئەڵمانیای



هەواڵنامەی کتێب

دیموکراتی ڕاگەیاند کە ڕۆژاواش ڕەدیانکردەوە دان بەم کۆمارەدا بنێنبە پێکهاتنی هەردوو کۆمارە ئەڵمانییەکە کە هەریەکەیان سەر بە یەکێك لە جەمسەرەکان بوو، ئیدی دابەش کدنی سیاسی ئەوروپا لەلایەن هەردوو جەمسەرەکەوە کۆتایی پێهات کە بەدوایدا دابەش بوونی سەربازیش هات پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٩ پەیمانی باکوری ئەتڵەسی‌ولە (١٩٥٥)شدا پەیمانی وارشۆ دروست کران.

پاش ئەم دابەش بوونە سیاسی‌وئابووری‌وئایدۆلۆژی‌وسەربازییە کۆنکرێتییەی ئەوروپا بەسەر ناوچەکانی نفوزی هەردوو جەمسەرەکەدا، ئیدی دەستێوەردانی هەریەکێك لە دوو زلهێزەکە لە کاروباری یەکێك لە دەوڵەتانی ژێر نفوزی زلهێزەکەی تر بە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەی دوایی دەژمێردرا و هەموو ڕێگایەك دەگیرایەبەر بۆ بەرەنگار بوونەوەی.

هەر لە ساڵی ١٩٤٩دا پەرەسەندنێکی جۆرایەتی تر ڕوویدا کە ئەویش بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بوو لەلایەن (USSR)ەوە، ئیدی لێرە بەدواوە چەکی ئەتۆمی ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە خۆپارێزیی هەردوو جەمسەرەکە لە گواستنەوەی ململانێکانیان بۆ ئاستی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا. هەر بۆ نمونە لە کاتی شەڕی کۆریادا لە ساڵی ١٩٥٠ ماك ئارسەر (سەرکردەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا) پێشنیاری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کرد دژ بە سوپای چین بۆ تەفروتوناکردنی. بەڵام جەنەراڵ ئایزنهاوەر لە ترسی پەرچەکرداری USSR ئەم پێشنیارەی ڕەدکردەوە. لێرەوە خاوەنداریێتی هەردوولا بۆ چەکی ئەتۆمی نەك تەنها بوویە هۆی لاوازکردنی بەکارهێنانی، بەڵکو بوویە هۆی ئەوەی کە تۆقین (رعب)ی ناوکی هاوبەرامبەر ببێتە پایەیەکی گرنگی شەڕی سارد تا کۆتاییەکەشی‌وتا ئەمڕۆش.

لە پاڵ ئەوروپادا، گۆڕانکارییەکانی ئاسیاش کاریگەرییان لەسەر توندبوونی ململانێکانی شەڕی سارد هەبوو. USA پێیوابوو USSR لە پشت بڵاوبوونەوەی





شۆڕشە نیشتمانییەکان‌وشەڕە ڕزگاری خوازەکان‌وهاتنە سەرکاری سیستەمە سۆسیالیستییەکاندایە لەم ناوچەیەدا.

**ئەم ترسەی USA دەرەنجامی هەندێك لە ڕووداوەکانی ئاسیابوو لەو کاتەدا کە لە نێوانیاندا ئەمانە گرنگترینیانن :-**

١. سەرکەوتنی شۆڕشی چینی لە ساڵی ١٩٤٩.
٢. پاشەکشەی فەرەنسا لە هیندی چین (ڤێتنامی ئێستا) لە ساڵی ١٩٥٤ بەهۆی شکستی لە بەرامبەر بزوتنەوەی یاخیبوونی ڤێتنامی.
٣. شەڕی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٠.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی توندبوونی ململانێکانی هەردوو جەمسەرەکەوهاوپەیمانەکانیان لە ئاسیاوبە تایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم قاڕەیەدا. بەڵام سروشتی ململانێکان لەم ناوچەیەدا جیاواز بوو لە ململانێکان لە قاڕەی ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەی ئەوروپا لە حاڵەتی قەڵەقی ئاسایشی بەردەوامدا دەژیا بەهۆی ترس لە پەرەسەندنی ململانێکانی نێوان USAوUSSRوگواستنەوەی بۆ ئاستی شەڕ، بەڵام خاوەندارێتی هەردوولا بۆ چەکی ئەتۆمی‌وحسابکردنیان بۆ ئاسەوارەکانی بەکارهێنانی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، بوویە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ لەم قاڕەیەدا.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئاسیا بوویە مەیانی شەڕە سنووردارەکان‌وشەڕە بە وەکالەتەکان. هەروەکوو ئەوروپا، ئەمریکا هەوڵیدا کۆمەڵێك هاوپەیمانی لە ئاسیادا بۆ تەوق کردنی نفوزی USSR دروست بکات، وەك هاوپەیمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ١٩٥٥ و، ڕێککەوتننامە سەربازییە دوانەیی‌وفرەلایەنییەکان، کە بە هەموو یانەوە نزیکەی ٤٥ دەوڵەتی ئەم قاڕەیەی گرتەوە سەرەڕای هاوپەیمانیی بەغداد ساڵی ١٩٥٤ (کەدواتر گۆڕا بۆ هاوپەیمانیی ناوەندی پاش

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٨ لە عێراق). لەلایەکی دیکەوە بە درێژایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو قارەی ئاسیا چەندین شەڕی ڕزگاریخوازیی لە ئیستعمار بە خۆیەوە بینی کە هەندێك لەم شەڕانە وەك ڤێتنام بوویە مەیدانی ململانێی هەردوو جەمسەرەکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ.

**دووهەم : قۆناغی پێکەوەژیانی ئاشتییانە (١٩٥٣-١٩٦٩)**

بە پێچەوانەی قۆناغی پێشوو، لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییەکی گرنگ ڕویدا کە بریتی بوو لە گرتنەبەری ئاڕاستەیەکی نوێ لەلایەن USAوUSSR بۆ وتووێژ کردن لەسەر هاودژییەکانیان ویەکلاکردنەوەیان لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانیان.

**ئەم گۆڕانکارییە دەرەنجامی کاریگەریی چەند پێدراوێکی گرنگ بوو کە گرنگترینیان ئەمانەن :**

١. هاوسونگی تۆقاندن (رعب).

لە ساڵی ١٩٤٩ یەکێتی سۆڤێت توانی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و، لە ساڵی ١٩٥٣ بۆمبی هایدرۆجینی بەرهەمهێنا. بەهۆی ئەمانەشەوە توانی ڕەگەزێکی هێزی زۆرگرنگی دیکە بۆخۆی زیاد بکات سەرەڕای توانا سەربازییە تەقلیدییەکانی کە لەم ئاستەشدا زۆر بەهێز بوو.

ئەمە نەك تەنها بوویە هۆی شکاندنی ئیحتیکاری ئەمریکا بۆ چەکی ناوکی تا هەتایە، بەڵکو بوویە هۆی ئەوەی هاوسەنگی تۆقاندن جێگەی هاوسەنگی هێزی جاران بگرێتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی USSR توانی هۆکارەکانی گواستنەوەی توانا ئەتۆمیوناوکییەکەی پێشبخات ولە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم موشەکی قارەبڕی خۆی تاقیکردەوە و یەکەم مانگی دەستکردیش (سبوتنك) لە کانونی یەکەمی ١٩٥٧ بنێرێتە بۆشایی ئاسمان. لێرەوە ترسێکی هاوبەش لەلایەن هەردوولاوە





سەبارەت بە هێزی ناوکی یەکتر سەریهەڵدا وە ئەمەش بوویە بناغە بۆ تۆقینێکی ناوکی هاوبەرامبەر کە بوویە هۆی ئەوەی هەردولا کار بۆ ئەوە بکەن کە پەیوەندی نێوانیان پابەندبێت لە بنەمایگەمەی ئەتۆمیونەبەزاندنی، چونکە مەترسی چەکی ناوکی مەترسییەکی ڕاستەقینە بوو.

٢. کۆچی دوایی جۆزێف ستالین ١٩٥٣.

پاش ستالین قۆناغێکی نوێ لە مێژووی USSR دەستی پێکرد کە گرنگترین دەرکەوتەکانی بریتی بوون لە ئاشتەوایی لە نێوان USSRویۆگۆسلافیا و، پاشەکشەی لەناکاوی USSR لە نەمساودانانان پێی وەك دەوڵەتێکی بێلایەن.

بەڵام ڕوکارەکانی ئەم قۆناغە بە تەواوی دەرنەکەوت تا ئەوکاتەی کە نێکیتا خرۆشۆف لە ساڵی ١٩٥٦ بوویە سەرۆکی USSR و ڕاگەیاندنی بۆ پەیرەوکردنی سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە (هەروەك پێشتر لینین لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بانگەشەی بۆ کردبوو) لە کۆنگرەی بیستی حیزبی شیوعی هەر لەو ساڵەدا. ئەم سیاسەتەش بەدیل بوو بۆ سیاسەتی جەنگوبانگەشە بۆ حەتمییەتی شەڕی نێوان هەردوو سەربازگەی ڕۆژاواوڕۆژهەڵات کە هەمیشە ستالین جەختی لەسەر دەکردەوە.

**گرتنەبەری سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە سەرەڕای کاریگەریی هاوسەنگی تۆقاندن لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی، بەرهەمی کاریگەریی بیروباوەڕەکانی ئەم سەرۆکەش بوو کە گرنگترینیان ئەمانەن :**

أ- توانای سەربازی وڵاتەکەی لەڕووی چۆنایەتیوجۆرایەتییەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ سەرجەم توانا ڕۆژاواییەکان.

ب- بەرپا بوونی شەڕ، بەتایبەت شەڕی ناوکی، دەبێتە هۆی هاتنەکایەی دەرەنجامی ئەوتۆ کە دەکرێت بە کارەساتی نەتەوەیی ناوزەندبکرێت.

ج- تێگەیشتنی خرۆشۆف بە کاریگەری کارایی ناوخۆیی لەسەر کارایی



هەواڵنامەی کتێب

دەرەکی. لێرەوە خرۆشۆف پێیوابوو کە سەرنج ڕاکێشەر کردنی شێوازی ژیانی سۆڤێتی پێویستی بە دەستەبەرکردنی باڵادەستیی ئابووریوپێشخستنی ئاستی ڕۆشنبیریوکۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەی.

د- گرنگیدانی بە جیهانی سێهەموپشتیوانی کردنی لە ڕووی ئابووریوسیاسیوسەربازیوقۆستنەوەی بۆ پشتیوانی کردنی بزووتنەوەی سۆڤێتیی جیهانی.

**لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش گۆڕانکاریی هاوشێوە هاتەکایەوە بە تایبەتی پاش هاتنە سەرکاری جۆن کینیدی کە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ مامەڵەی لەگەڵ سیاسەتەکانی خرۆشۆف کرد. لێرەوە ئاراستەیەکی هاوکاری کردنی لە نێوان هەردوولادا هاتە کایەوە کە چوار بواری گرتەوە :-**

أ- دەستپێکردنەوە بە کۆنگرەکانی لوتکە بە کۆنگرەی جنێڤ ساڵی ١٩٥٥.

ب- بەستنی چەند ڕێکەوتننامەیەکی ئابووریوتەکنیکیوتەکنەلۆجی سەرەڕای سنووردانان بۆ پێشبڕکێی چەك.

ج- دوورکەوتنەوەی دەستێوەردانی کردەیی لە ناوچەکانی نفوزی ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ڕەخساو بۆ پێکەوەژیان.

د- هەوڵدانی هەردوولایان بۆ یەکلاکردنەوەی تەنگژەکانی نێوانیان بە شێوەی ئاشتییانە، وەك تەنگژەی کوبا ساڵی ١٩٦٢ لە پێناو ڕێگری کردن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا.

هەموو ئەم بارودۆخە ئیجابییە بە مانای ئەوە نییە کە ململانێکانی نێوان ئەم دوو زلهێزە کۆتاییان پێهات، بەڵکو کردارو پەرچەکردارەکانی هەردوولا بەردەوام بوون چ لە ئەوروپاوچ لە ئاسیاشدا. لە ئەوروپادا یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٥ (هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا) پەیمانی وارشۆی دروست کرد وەك پەرچەکردارێك بۆ پێکهێنانی پەیمانی ناتۆودووبارە چەکدارکردنەوەی ئەڵمانیا





بەپێی ڕێککەوتننامەی لەندەن لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٤ووەرگرتنی لە ناتۆ لە هەمان مانگدا. جگە لەمە سوپای سووری USSR لە ئابی ١٩٦٨ چووە نێو چیکۆسلۆڤاکیاوە بۆ پارێزگاری لە سیستمی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە.

بەڵام لە ئاسیا USA بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی سنووردار کردنی USSR لە ڕێگەی پەیماننامەوهاوپەیمانییە بەکۆمەڵودوانەییەکانوتەنانەت لەگەڵ چیندا، ئەمە جگە لە دەستێوەردانی (USA) لە ڤێتنام ١٩٦٨. لە بەرامبەردا USSR ڕێککەوتننامەیەکی پشتیوانیی لەگەڵ ژین لە ساڵی ١٩٥٤ ئیمزاکرد سەرەڕای پەرەدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانی سێ.

لە ئەمریکای لاتینیشدا تەنگژەی کوبا لە ساڵی ١٩٦٢دا خەریك بوو ببێتە دروست بوونی شەڕێکی ناوکی لە نێوان هەردوو زلهێزەکەدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خاوبوونەوەی ڕێژەیی توندیی ململانێکانی نێوان هەردوو جەمسەرەکە، بوویە هۆی دروست بوونی پەراوێزێك بۆ جووڵەی دەوڵەتانی تری دونیا چ لە ناو هاوپەیمانییەکانی ڕۆژهەڵاتوڕۆژاواوچ لە دەرەوەی ئەم هاوپەیمانییانەدا. لەم بوارەدا لە ساڵی ١٩٦١ ڕێکخراوی دەوڵەتانی بێلایەن دروست کرا. هەروەها هەلی باش بۆ هەریەکە لە فەرەنساوچین ڕەخسا کە ڕۆڵێکی تارادەیەك سەربەخۆیانە لە هەردوو جەمسەرەکە بگێڕن. خاوەنداریێتی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٠وچین لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ چەکی ناوکی هۆکارێکی یاریدەدەر بوو بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە سەربەخۆیە. هەروەها ئەوروپا بەگشتی زیاتر بەڕووی USSR دا کرایەوە و، لە بەرامبەریشدا چین بەسەر USA بەتایبەتیوڕۆژاوا بە گشتی کرایەوە.

هەر لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە کۆلۆنیاڵ کراوەکان لە جیهانی سێدا سەربەخۆیی سیاسییان وەرگرت. بۆیە دەیەی شەستەکانی سەدەی

ڕابردوو بە سەردەمی سەربەخۆیی دەوڵەتانی جیهانی سێ دەژمێردرێت. هەر بۆ نموونە لە ماوەی نێوان ١٩٥٧-١٩٦٧ دا ٤٠ دەوڵەتی ئەفریقی سەربەخۆییان وەرگرت.

هەر لەم قۆناغەدا کەم بوونەوەی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن هەردوولاوەولێکتێگەیشتنی نێوانیان بوویە هۆی کارا بوونی ڕۆڵی UN لە ململانێ وکێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

**سێهەم : قۆناغی هاوسازی ١٩٦٩-١٩٧٦**

دەکرێت سیاسەتی هاوسازی لەسەردەمی شەڕی ساردا بەوە پێناسە بکەین کە بریتیە لە گواستنەوە لە سیاسەتی شەڕی ساردوپشت بەستن بە هێزەوە بۆ پەیوەندی سروشتی لە نێوان دەوڵەتانو، هێنانە کایەی پەیوەندی هاوکاری هاوتا لە نێوان دەوڵەتانی هەر دوو سیستەمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکەی سەردەمی شەڕی سارد. بە واتایەکی دیکە ئەم سیاسەتە بریتیە لە تێپەڕینی دەوڵەتان لە دۆخی ترس ودڵەڕاوکێ وکرداروپەرچە کردارەوە بۆ دۆخی ئارامی وهاوکاری ودروست کردنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی نوێ لەسەر بنەمای پەرەپێدانی هاوکاری لە نێوان سیستەمە جیاوازەکان ولە بواری جۆراوجۆری وەک ئابووری وزانستی وڕۆشنبیری وپەروەردەو... تاد. بەم شێوەیە ئەم سیاسەتە (هاوسازی) دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی دەوڵەتان لە شەڕ لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانیاندا.

**گرنگترین هۆکارەکانی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن هەردوو زلهێزەکەوە بریتی بوون لە :**

١. تێگەیشتنی هەریەکە لە USA وUSSR بۆ هاوسازی.

لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بیروڕای زاڵ لە نێو ناوەندەکانی دروست کردنی بڕیاری ئەمریکیدا بریتی بوو لەوەی کۆنفرانسی سیستەمی حیزبی شیوعی سۆڤێتی لە ساڵی ١٩٥٦ بە سەرەتای گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە





سیاسەتی دەرەوەی USSR دادەنراو، ئەمەش وای دەخواست کە لە بەرامبەردا USA سیاسەتێکی نەرم بەرامبەر USSR پەیڕەو بکات بۆ هاندانی بەوەی بەردەوام بێت لە کرانەوەی بەسەر ڕۆژئاوادا بە گشتی وئەمەش دواجار لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی USA دا بوو.

سەرۆکی پێشووی USA دیجارد نیکسۆن وڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وپاشان وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی هینری کیسنجر ئەم سیاسەتەیان بەرامبەر USSR پەیڕەو کردو، پاشانیش سەرۆك کارتەروبریجنسکین (ڕاوێژکاری) بەردەوام بوون لەسەر ئەم سیاسەتە لێرەوە بە درێژایی دەیی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئیدارە یەك لەدوایەکەکانی USA سیاسەتێکی نوێیان بەرامبەر USSR پەیڕەو کرد، کە پشت ئەستور بوو بە گرتنەبەری سیاسەتی وتووێژکردن لە چوارچێوەی بەردەوام بوونی ململانێکاندا لەبری سیاسەتی بەرەنگار بوونەوە.

لە بەرامبەریشدا سەرۆکی ئەوکاتی USSR (بریجنین) ئەم سیاسەتەی (هاوسازی)ی گرتەبەروهەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندی هاوکاری دەدا لەگەڵ USA. بەڵام هاوسازی بریجنین بریتی نەبوو لە وازهێنان لە ململانێتی چینایەتی یان وازهێنان لە ململانێتی هزری یان کۆتایی هێنان بە ناکۆکی سیاسیی نێوان هەردوو جەمسەرەکە.

٢. پێویستی هەردوو لا بە هاوسازی.

هەردوولا بە شێوەی هاوبەش وبەجیاش پێویستیان بە ڕەخساندنی کەش وهەوای لەبار بۆ هاوسازی هەبوو.

ترسی هەردوولا لە هەڵایسانی شەری ناوکی، هۆکاری سەرەکیی گرتنەبەری سیاسەتی هاوسازی بوو لەلایەن هەردوو جەمسەرەکەوە.

لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هاوسانییەکی ڕێژەیی لە بواری چەکی ئەتۆمی وناوکی لە نێوان هەردوولادا هاتە ئاراوە، گەیشتبونە ئاستێك کە

هەریەکەیان توانای ئەوەی هەبێت بە هێرشی یەکەم هێزی ناوکی بەرامبەر بە تەواوی یان لانی کەم زۆرینەی هەرەزۆری لەکار بخاتولەناوی بەرێت. ئەمەش وایکرد کە هەردوولا هەوڵ بدەن کە بەهەر شێوەیەك بگونجێت خۆیان ببوێرن لە شەڕ لە نێوانیانداو بیرلە هۆکاری پێکەوەژیانوهاوکاریی نێوانیان بکەنەوە.

لەگەڵ ئەم پێداویستییە هاوبەشەی هەردوولا بۆ هاوسازی هەریەکە لە دوو جەمسەرەکەش پێداویستی تایبەت بەخۆی هانی دەدا بۆ ڕووکردنوبەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی هاوسازی لە نێوانیاندا.لەسەر ئاستی USA نیکسۆن هەوڵی کۆتایی پێهێنانی شەڕی ڤێتنامی دەدا چونکە لە ڕووی ئابووریوسیاسییەوە باجی گەورەی دەویستولە ڕووی سەربازیشەوە سەرکەوتن تیایدا مەحاڵ بوو. لێرەشەوە پێویستی بە هاوکاری USSR هەبوو بۆ فشار خستنە سەر ڤێتنامی باکور.

لە بەرامبەردا USSR دەیویست لە ڕێی گرتنەبەری سیاسەتی هاوسازییەوە سێ ئامانجی سەرەکی بەدیبهێنێت. سەرەتا بۆ پاڵپشتیکردنی بزاوتی لە بەرامبەر چیندا پاش ئەوەی ململانێی ستراتیژیوئایدۆلۆژیی نێوانیان بە تەواوی پەرەیسەندبوو وە هەردوولایان بەرامبەری بە دوژمنی یەکەمی خۆی دەزانی. بەردەوام بوونی هاتنی وەبەرهێنانی داراییوپارمەتی تەکنەلۆژیوخواردن لە لایەن USAوڕۆژئاواوە، ئامانجێکی دیکەی USSR بوو لە گرتنەبەری سیاسەتی هاوسازیدا. هەروەها USSR دەیەویست هانی USA بدات کە بەردەوام بێت بەسەر سیاسەتی سنووردانانی بۆ پێشبڕکێی چەك لە نێوانیاندا لە پێناو کەمکردنەوەی خەرجییە زەبەندەکانی بواری بەرگری سۆڤێتی، بە تایبەت پاش ئەوەی USSR توانی توانا سەربازییە نا تەقلیدییەکانی بە شێوەیەك پەرەپێبدات کە بتوانێت مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی USA دروست بکات.

بەهۆی ئەو هۆکاروپێداویستیانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، پەیوەندیی نێوان USAوUSSR گۆڕانکاریی بنچینەیی بە خۆیەوە بینی و پەیوەندی نێوان لە





جۆری گەمەی سفری (سەردەمی تووند بوونی ململانێی نێوانیانوبەرپابوونی شەڕی سارد)ەوە گۆڕا بۆ جۆری گەمەی نا سفری Non-Zero-Sum Game واتە یەکسانی بردنەوەو دۆڕاندنەکانی هەردوولا.

لێرەوە هەردوولا توانییان کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراوی نێوانیانوهەروەها هەندێك کێشەی نێودەوڵەتی یەکلابکەنەوە. وەك یەکلاکردنەوەی کێشەی بەرلینودابەشکردنی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٧٢ و بەستنی چەند ڕێککەوتننامەیەك لە بواری سنووردانان بۆ پێشبڕکێ چەکی نێوانیان وەك پەیماننامەی ساڵت یەك ١٩٧٢وساڵت دوو ١٩٧٤. هەروەها کۆنفرانسی گشتی ئاسایشوهاوکاریی ئەوروپی کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە هلسنکی بەسترا، بە هەنگاوێکی گۆنگی تر دادەنرێت لە پێناو بەهێزکردنی هاوسازیی نێودەوڵەتیو، تیایدا بۆ یەکەم جار دانرا بە شەرعییەتی باروودۆخی جوگرافی ئەورووپاو پەیماندرا کە سنووری ئیقلیمی هیچ یەکێك لە دەوڵەتانی ئەوروپا نەبەزێنرێت.

گرتنەبەری سیاسەتی هاوسازی بووە هۆی فراوان بوونی پەراوێزی جووڵەی دەوڵەتانی تری جیهان چ لەناو بلۆك بەندییەکانی شەڕی ساردوچ لەدەرەوەی ئەم بلۆك بەندییەدا. لێرەشەوە هەریەکە لە فەرەنساوچین سیاسەتێکی جیاوازیان لە USAو USSR گرتە بەر. ئەم دوو وڵاتە (چینوفەرەنسا) بەردەوام بوون لەسەر کرانەوە بەسەر دەوڵەتانی جەمسەروهاوبەندیی بەرامبەر و، زیاد لەمەش دژ بە هەندێك لە سیاسەتەکانی هەردوو زلهێزەکە USAوUSSR دەوەستانەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سیاسەتێکی نوێی ڕاگەیاند کە ناوی لێنرا "ئیستراتیژیی کرانەوە بەسەر ڕۆژهەڵات"وبە پێی ئەم سیاسەتە هەوڵی نزیك بوونەوەولێکتێگەیشتنوهاوکاریی دا لەگەڵ USSRودەوڵەتانی تری بلۆکی ڕۆژهەڵات. هەروەها یۆنان لە ساڵی ١٩٧٤ بە هەمان ڕێکەی فەرەنسا لە ناتۆ کشایەوەو، یابانیش گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی خۆیدا کرد بە شێوەیەك کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییە بالاکانیدا بگونجێت لەم پێناوەشدا هەوڵی

لێکنزیك بوونەوەوپەرەپێدانی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ چین.

لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتیشدا ململانێی نێوان چینوUSSR تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەندودواجار بووبەهۆی دابڕانێکی نیمچە گشتگیر لە نێوانیانداوسەرەنجامیش هاتنەکایەی کرداروپەرچەکردار لە نێوانیان و، ڕەنگدانەوەی ئەمە بەسەر حیزبە سۆسیالیستییەکانودابەش بوونیان. لێرەوە سەربازگەی سۆسیالیستی دابەش بوو بەسەر دوو چەمسەری شیوعیی دژ بەیەك : یەکێکیان ئەورووپی بوووUSSR سەرۆکایەتی دەکردوبە سۆسیالیستی دەوڵەمەندەکان ناوزەد دەکراو، ئەوی تریشیان ئاسیایی بوو چین سەرۆکایەتی دەکردو، دەربڕی سۆسیالیستی هەژارەکان بوو.

فراوان بوونی پەراوێزی بڕیاری سەربەخۆودژ وەستانەوەی هەردوو زلهێزەکە ناوچەکانی نفوزی ئەم دوو زلهێزەی تێپەڕاندو دەوڵەتانی جیهانی سێش هەوڵی زیادکردنی ڕۆڵی خۆیان دەدا لە سەرئاستی نێودەوڵەتی چ لە ناو UNوچ لە دەرەوەیدا لێرەش گروپی ٧٧ لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهات. هەروەها بۆ یەکەم جار و بۆ دواجاریش (تائێستا) لە ساڵی ١٩٧٤ هەستان بە بەکارهێنانی نەوت وەك چەکێك لە بواری سیاسیداوگەمارۆی نەوتیان خستە سەر هەندێك دەوڵەت کە یارمەتی ئیسرائیلیان دابوو لە شەڕی ساڵی ١٩٧٣ی نێوان عەرەبوئیسرائیل دا.

### چوارەم : قۆناغی شکستهێنانی هاوسازی ١٩٧٦-١٩٨٥

لە نیوەی دووهەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی نێوان USAوUSSR هێدی هێدی بەرەو دۆخی نائارامی توند گەڕایەوە بۆیە جارێکی دیکە پەیوەندییەکانیان بەرەو دۆخی زاڵ بوونی ململانێکان بەسەر هاوکاری گەڕایەوە. بە تایبەت پاش هاتنە سەرکاری ڕۆناڵد ریگان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی USA. ئەم پێیوابوو هاوسازی حەفتاکان بە ڕێگایەك کۆتایی هات کە ڕاڕەوێکی





تاك ئاراستە بوو کە ڕێگەی دا بە یەکێتیی سۆڤێت درێژەبدات بە سیاسەتەکانی لە پێناو دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی. هەروەها ریگان پێیوابوو کە " USSR سەرچاوەی خراپەیە لە جیهانی نوێدا". دەرەنجامی ئەمەش سیاسەتی تەوق کردنی ئاشکرای (USSR)ی گرتەبەر لە پێناو "گێڕانەوەی گەورەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا".

ئەم سیاسەتەی ریگان دەرەنجامی دوو گۆڕاوی سەرەکی ناوخۆیی بوون، یەکەمیان پەیوەندی بە کەسایەتی ریگانوبیروباوەڕەکانیوشێوازی ڕوانینی بۆ USSR هەبوو. ریگان سەر بەو جۆرە گەسایەتییانە بوو کە لە ناوەندەکانی بڕیاری USAدا بە هەڵۆکان ناسراون، واتە ئەوانەی لەڕووی سایککولۆژییەوە هەمیشە بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئامرازەکانی دیکە بە باشتر دەزانن. هەروەها لە هەمان کاتدا کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئیدارەکەی سەر بە پارێزکارەکان (کە ئێستا پارێزکارە نوێیەکانیان پێ دەوترێت) بوون کە داوای مامەڵەی توندیان لەگەڵ USSR دا دەکرد.

گۆڕاوی دووەم بریتی بوو لە کاریگەری دەرەنجامەکانی سیاسەتەکانی هەردوو ئیدارەکەی نیسکۆنوکارتەر. شکست لە ڤێتنام (١٩٧٥)و، ئابڕووچوونی ووترگەیتودەست لەکارکێشانەوەی نیکسۆن بە هۆیەوە لە ساڵی (١٩٧٤)و، میزاجی بوونی کارتەرو، شکستهێنانی پرۆسەی ڕزگارکردنی بارمتە ئەمریکییەکان لە ئێران (١٩٨٠). هەروەها دەستەهەڵگرتن لە هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ئێرانوتایوانونیکاراگوا، هەموو ئەمانە کاریگەری قووڵیان لەسەر ناوخۆی ئەمریکا بەجێهێشتوبوو بەهۆی نەمانی پشتگیریی ناوخۆیی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاولەدەرەوەش بوونە هۆی لاواز بوونی ڕۆڵی ئەمریکا لە ئاراستەی ڕەتی ڕووداووململانێکاندا.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە دەستتێوەردانی USSR لە



هەواڵنامەی کتێب

ئەفغانستان (١٩٧٩) هۆکارێکی دیکەی شکستهێنانی هاوسازی بو. چونکە ئەمە یەکەم دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی USSR بوو لە دەرەوەی ناوچەکانی نفوزی خۆی لە ئەورووپای ڕۆژهەلات. USA ئەم دەستێوەردانەی بە هەوڵێکی USSR دەزانی بۆ کۆنترۆڵ کردنی کەنداو کە بەسەرچاوەی سەرەکی نەوتی جیهان ئەژمار دەکرێت. هەر بۆیەش سەرۆکی ئەمریکی پێشوو کارتەر ئەمەی بە گەورەترین تەحەددای ستراتیژی USSR زانیی لە سەرەتای شەڕی ساردەوە. دەرەنجامی ئەمەش لە کانوونی دووهەمی ١٩٨٠ ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادەیە هەموو ئامرازێکی شیاو بە بەکارهێنانی هێزی سەربازیشەوە بەکاربهێنێت دژ هەر هەوڵێك لەلایەن هەر دەوڵەتێکەوە لە پێناو کۆنترۆڵ کردنی ناوچەی کەنداوی فارس بدرێتو، ئەم ڕاگەیاندنەش دواتر ناوی لێنرا "بنەمای کارتەر".

دەرەنجامی کارلێکی گۆڕاوەکانی سەر ئاستی ناوخۆودەرەوە، ریگان لە ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا سیاسەتی ترساندنوفشار خستنەسەر (USSR) ی گرتەبەر لەڕێی سەپاندنی هەندێك ئابلۆقەی ئابووریوسەپاندنی ڕێگریی بازرگانیودارایی بە سەریدا. هەروەها (USSR)ی ناچار کرد بچێتە نێو پێشبڕکێیەکی چەکی پرخەرج، کە ئەویش بریتی بوو لە "شەڕی ئەستێرەکان". سەرەڕای ئەمانە USA لە سەردەمی سەرۆکایەتی ریگاندا هەوڵیدا کە گەشەسەندنی پەیوەندییە سۆڤێتی-ئورووپاییەکان بوەستێنێت. هەروەها USA پەیماننامەی ساڵت دووی ڕاوەستاند کە پێشتر ئیمزایان کردبوو لە پێناو بەکارنەهێنانی لە لایەن USSR بۆ پارێزگاریکردن لە باڵادەستییە سەربازییەکەیوەرگێڕانی ئەمەش بۆ دەستکەوتی سیاسی.

شکستهێنانی سیاسەتی هاوسازی تەنها کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی USAوUSSR نەبوو بەڵکو جیهانی سێوئەورووپایشی گرتەوە. لەم قۆناغەدا جارێکی دیکە جیهانی سێوبەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە مەیدانی سەرەکیی ململانێوشەڕەکانو، بە پێی ئامارێك لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە ٢٥٠ جار هێزی





سەربازی لە جیهانی سێدا بەکارهێنراوە کە لە ٩٢٪ ی حاڵەتەکانیش شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی ئەم جیهانەن. هۆکاری سەرەکی ئەمەش جگە لە پاشکەوتوویی کۆمەلایەتیوئابووریوسیاسیورۆشنبیریی ئەم دەوڵەتانە ململانێی نێوان زلهێزەکان بووە لە پێناو بەدەستهێنانی ماددەی خامو کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی ئەم ماددانە لە بەرژەوەندیی خۆ و لە هەمانکاتدا وەستاندنی چوونی ئەم ماددانە بۆ زلهێزی بەرامبەر و، بەکارهێنانی ئەمە بۆ فشارخستنەسەر بەرامبەر بۆ (تنازل) کردن.

ململانێ لەسەر جیهانی سێو لە پانتاییەکانیدا نەك هەر بوویە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەم جیهانە هەست بە نەبوونی ئاسایش بکەنودەرەنجامیش رووبکەنە خۆپرچەککردنێکی بەربڵاو بە هاندانی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی چەك، بەڵکو لە هەمان کاتدا بوویە هۆی سنووردار کردنی پرۆسەی گەشەسەندن لەم وڵاتانەدا. هەربۆیەش پیتەر تایلۆر پێیوایە کە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم زەرەرمەندی سەرەکیی شکستهێنانی سیاسەتی هاوسازی بوون.

لە ئەورووپاشدا، سەرەڕای ئەوەی هاتنەسەرکاری هەندێك حکومەتی پارێزکار لەوڵاتانی ئەورووپا بوویە هۆی ڕێکردنی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بە دوای سیاسەتەکانی ریگانی سەرۆکی ئەمریکی، بەڵام ئەمە ڕێگرنەبوو لەبەردەم جیاوازیی سیاسەتی ئەورووپییەکان بەرامبەر بە شکستهێنانی هاوسازی. بە تایبەت فەرەنساوئەڵمانیا پاشەکشەی سیاسەتی هاوسازییان بە هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوتە ئاسایشیوبازرگانییەکانیان دەزانی کە بەهۆی باڵادەستی سیاسەتەکانی هاوسازییەوە بەدەستیان هێنابوو.

لەسەر ئاستی ئاسایش ئەم دەوڵەتانە پێیان وابوو کە خراپ بوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو جەمسەرەکەوبەرەو شەڕ چوونی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەورووپا ببێتەوە بە مەیدانی ماملانێ یان شەڕ. هەر بۆیەش کاریان دەکرد بۆ سنوردار

کردنی ململانێکان. لەسەر ئاستی بازرگانیش پێیان وابوو کە ئەمە دەبێتە هۆی وەستاندنی گەشەسەندنی ئابووریی ئەوروپا، بەتایبەت کە هەناردە کردنی ئەوروپا بۆ USSR زیاتر بوو لە هەناردەی USA بۆی. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٩دا هەناردەی ئەوروپا بۆ USSR بایی نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار بوو لە بەرامبەر ٣,٤ مایلر دۆلاری هەناردەی ئەمریکا بۆ USSR.

بەڵام پێچەوانەی هەڵوێستی فەرەنساوئەڵمانیا، بەریتانیا لەسەردەمی تاچەردا، بە تەواوی شوێن سیاسەتەکانی ئەمریکا کەوت بە تایبەت لە هەڵوێستیدا بەرامبەر USSR. ئەم پاشکۆیەتییەی بەریتانیا بۆ USA بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەریتانیا دەیویست(دەیەوێت) ڕۆڵی کاریگەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بگێڕێت، بەڵام توانا خودییەکانی بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە سنووردار بوو. هەر بۆیەش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمە پەنای بردە بەر پشتگیری کردنی سیاسەتی ئەمریکی لە بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی.

جیاوازی هەڵوێستی ئەوروپاییەکان بەرامبەر بە USA لە قۆناغی شکستی هاوسازیدا نابێتە هۆی سڕینەوەی دوو مەسەلەی گرنگ کە ئەوانیش سەرەتا بریتین لەوەی پەیوەندییە ئەمریکی و ئەوروپییەکان لەم قۆناغەدا ناوەڕۆکێکی جیاوازیان بەخۆگرت لە قۆناغەکانی ڕابردووی شەڕی سارد کە دەکرێت بە کێبڕکێی ڕاستەوخۆوناڕاستەوخۆوئاشکراونائاشکرا وەسف بکرێت، کە ئەم کێبڕکێیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا زیاتر ئاشکرا دەبێت. خاڵی دووەم بریتییە لەوەی بە هۆی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاودەوڵەتە ئەوروپییەکان، USA لەم پەیوەندییانەدا زیاتر کاریگەر بوو و، ئەم کاریگەرییەش لە دوا قۆناغی شەڕی سارددا زیاتر دەبێت (دواتر ئاماژەی پێدەدەین).

دوای مردنی برجینیف (١٩٨٤) دوو پیر سەرۆکایەتیی (USSR) یان یەک لەدوای یەک گرتە دەست. کە بریتی بوون لە ئەندریۆفوچیرنینکۆ کە





تایبەتمەندیی دیاریان بریتی بوو لە بێتوانایی‌ونەبوونی ئەزموون لە ئیدارەکردنی ململانێی نێودەوڵەتی، سەرەڕای کورتی ماوەی سەرۆکایەتی هەریەکەیان. هەر ئەمەش خۆی ڕێگا خۆشکەربوو بۆ دەرکەوتنی سەرەتای داڕووخانی USSRوکۆتایی هلتنی شەری سارد.

## پێنجەم : کۆتایی هاتنی شەڕی سارد "١٩٨٥-١٩٩١"

لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنی پاریس لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠داوبە واژۆی (٣٤) دەوڵەت لە نێوانیشیاندا USAوUSSRودەوڵەتانی پەیمانی ناتۆووارشۆ، بەڕەسمی کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ڕاگەیەندرا، بەڵام لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی USSR لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ بە کۆتایی ڕاستەقینەی شەڕی سارد دادەنرێت.

لەگەڵ ئەوەی سیاسەتەکانی USA ڕۆڵی کاریگەریان بینی لەم لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی بلۆکی سۆسیالیستی‌وپاشانیش یەکێتی سۆڤێت. بەڵام بارودۆخی خراپی ناوخۆیی USSR ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لەم مەسەلەیەدا بینی. ئەزموونی مێژووییش ئەوە دەردەخات کە زۆرێك لە دەوڵەتان لە دەرەوە ڕا ناڕووخێن، بەڵکو لە ناوەوە دادەڕمێن.

لەبەریەکهەڵوەشانەوەی USSR پرۆسەیەکی ڕیشەداربوو کە تەنها بەسەردەمی گۆرباتچۆڤی سەرۆکی ئەوکاتی USA (١٩٨٥-١٩٩١) سنوردار ناکرێت (سەرەڕای ئەوەی سیاسەتەکانی ئەم پیاوە ڕۆڵی گرنگی بینی لە شکستهێنانی USSR) بەڵام ئەم شکستە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەیەکی دووروردرێژتر کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنەسەرکاری گۆرباتچۆڤ. هەندێك کەس پێیان وایە کە سەرەتاکانی بەرەو قەیران چوونی USSR دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومی بریجنیف (١٩٦٤-١٩٨٤)وپاشانیش نا کارابوونی ئەو دوو سەرۆکەی بەدوای ئەمدا هاتن.

لەم سەردەمەدا بە کارلێك کردنی هەندێك هۆکاری ناوخۆیی‌وهی تری



هەواڵنامەی کتێب

دەرەکی گەشەسەندنی ئابووری USSR بەرەو داشکان چوو. بە پێچەوانەی ماوەی نێوان ١٩٥٤-١٩٧٠ کە ئابووری USSR گەشەسەندنی گەورەی بە خۆیەوە بینیوگەیشتە ٥,٣٪، بەڵام ئەم گەشەسەندنە لە ساڵی ١٩٨٠ دابەزی بۆ ٢,٦٪وبەردەوام بوو لە داشکان تا لە ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە خوار سفرو٦٪ بە سالبی.

بەڵام هۆکارە ئابوورییەکان تەنها هۆکاری داڕووخانی زلهێزێکی گەورەی وەك یەکێتی سۆڤێت نەبوون، بەڵکو کێشە کۆمەڵایەتیوسیاسییەکانیش هۆکارێکی دیکەی ئەم هەرەسە بوون. بە تایبەت پاش هاتنە سەرکاری گۆرباچۆڤ لە ئازاری ١٩٨٥وخستنەرووی بیروڕاوبەرنامە چاکسازییە بەناوبانگەکەی (بیرۆسترۆیکا) لە کتێبی "بنیاتنانەوەوبیرکردنەوەی نوێ بۆ ئێمەوجیهان.

بیروباوەڕەکانی گۆرباتچۆڤ لەسەر هەردوو بنەمای ناوخۆییودەرەکی بنیات نراون. لەسەر ئاستی ناوخۆ بیروڕاکانی گۆرباتچۆڤ لەسەر بنەمای بنیات نانەوە (بیرۆسترویکا)وئاشکرا کردن (گلاسنۆست) دامەزرابوو. لە ڕێگەی ئەم دوو بنەمایەوە گۆرباتچۆڤ دەیەویست بگاتە ئامانجێکی کۆتایی کە بەرای ئەو بریتی بوو لە "پێکەوە گرێدانی سۆسیالیزم بە دیموکراسیودووبارە زیندووکردنەوەی چەمکی لینینی بۆ سۆسیالیزم چ لە ڕووی تیۆریوچ لە ڕووی پراکتیکییەوە." جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لەسەر ئەرزی واقیع لە بواری کرداریدا بووبەهۆی هەندێك سیاسەتوکردار کە دژ دەوەستانەوە لەگەڵ ئەوەی کە بۆ نزیکەی (٦٠)ساڵ بوو خەڵکی لەسەر گۆشکراووڕاهێنرابوونوئەمەش بوویە هۆی حاڵەتێکی ناوخۆیی ئێجگار نەرێنی و، بڵاوبوونەوەی فەوزای ئیداری و، دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنانو، زیاد بوونی کەمتەرخەمی لە بوارە ژیانییەکاندا و، ڕەواج دان بە شێوە ژیانی ئەمریکا لەسەر حسابی شێوەژیانی سۆسیالیزمی.

لێرەوە پرۆسەی بنیاتنانەوەوخۆنوێکردنەوە گۆڕا بۆ تەنگەژەیەکی سیاسیوئابووریوکۆمەڵایەتیوئایدۆلۆژیی قووڵودواجار بوویە کودەتایەکی





ڕیشەیی دژ بە سۆسیالیزم کە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێکردو بە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەوهەرەسی USSR کۆتایی هات. بۆیە هەندێك پێیان وایە کە (بیرۆسترۆیکا) بیاتنانەوە لە ئاستی کرداریدا بوویە (بنیاتڕووخاندن).

لەگەڵ ئەوەی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت (کە بە یەکێك لە ڕووداوە گەورەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت) دەرەنجامی هەندێك گۆڕاوی ناوخۆیی بوو کە پرۆسەی چاکسازیی درەنگ وەخت بوویە هۆی کاراتر کردنی ئەو گۆڕانە، بەڵام ڕەفتاری سیاسیی دەرەکی USSR بەتایبەت بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هۆکارێکی گرنگی دیکەی ئەم داڕووخانەبوو.

ئەم ڕەفتارە بنەمای دووهەمی بیروباوەڕەکانی گۆرباتچۆڤی پێك دەهێناو، بانگەشە بۆ بنیاتنانەوەی هەیکەلی سیاسیی نێودەوڵەتیی لە خۆگرتبوو لەسەر بنەمای نوێو"بەپێی پێوەری مرۆییوئەخلاقییەکانومرۆیی کردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان".

بەم پێیەش داوای دەکرد کە پشت بە هاوکاری نێودەوڵەتی و هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکانووتووێژوریالیزم ببەسترێت. لە بری ململانێوهاوسەنگیی هێزەکان شەڕوئایدۆلۆژی کردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان سیاسەتی ناوخۆودەرەکی هەیە، هەر بۆیەش توندبوونی داڕووخانە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی USSR دا ڕەنگیدایەوە. لێرەوە بۆ سنوردانان بۆ داڕووخانی ئابووری وڵاتەکەیولاوازبوونی پێگەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، گۆرباتچۆڤ ناچار بوو سیاسەتی نوێ بەرامبەر USA بگرێتەبەر. هەر بۆیەش نەك هەر وەك هاوپەیمانێکی ئەمریکا ڕەفتاری دەکرد، بەڵکو وەك هاوپەیمانێکی گوێڕایەڵی ئەو وڵاتە خۆی دەنواند.

لێرەوە کۆتایی بە پشتگیری وڵاتەکەی بۆ کووبا هێناولەئەفغانستان کشایەوە و خەرجییە سەربازییەکانی کەمکردەوە و، بەردەوام بوو لەسەر ڕازی بوون لەسەر

هەندێك ڕێككەوتننامەی دامالینی چەكی ناوكی و، چاوی پۆشی لە هەرەسهێنانی ناوچەی نفوزی USSR لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتوبەرەو سەرمایەدار چوونی وڵاتانی ئەم ناوچەیە و، دارمانی ڕەمزەكانی شەری سارد وەك دیواری بەرلین و، ڕازی بوون لەسەر یەكگرتنەوەی ئەڵمانیا و، دواجاریش چاوپۆشین لە شەڕی گەنداوی دووەم.

ئەم سیاسەتە دەرەكیانەی USSR كۆمەڵێك سیاسەتی دژی لەلایەن USA بەدوای خۆیدا هێنا. هەروەك لیكسۆن دەڵێت لە پێناوی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی سیستمی سۆسیالیزمی، سیاسەتی دەرەكی USA هەندێك میكانزمی ئەوتۆی گرتەبەر كە ببنەهۆی قوڵ كردنەوەی زیاتری تەنگژەكانی نێوخۆی USSR. هەروەك چەن ئیدارەكەی سەرۆك كارتەر فشارە ئابوورییەكانی بۆسەر USSR زیاد كرد تا گەیشتە شەڕی ئابووری، ئیدارەكەی ریگان (USSR)ی خستە نێو پێشبڕكێیەكی چەكی جۆری بۆ ڕەتاندن‌وماندووكردن‌وخێراتركردنی هەرەسهێنانی، كە ئەویش بریتی بوو لە بەرنامەی چەكسازیی سەربازی فەزاییو ئەوەی پێی وترا "شەڕی ئەستێرەكان".

لە كاتێكدا یەكێتی سۆڤێت ئەم مەسەلەیەی بە جددی وەرگرتبوووبە ململانێ لە پێناوی مانەوەدا دایدەنا، ڕۆژانی دواتر ئەوەیان سەلماند كە "شەڕی ئەستێرەكان" یارییەكی خەیاڵی‌وسەرابێك بوو ئەمریكا بۆ ڕماندنی ئابووری USSR بەكاریهێنا. لە هەمان كاتدا ئیدارەی بۆشی باوك هاوكارییە ئابوورییەكانی بەكارهێنا لە پێناو چۆكدادانی زیاتری USSR.

دواجار لە دەرەنجامی كارلێكی هەموو ئەو هۆكارانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا حكومەتە سۆسیالیستییەكانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەهۆی شۆڕشی جەماوەرییەوە لەسەر كار لابران‌وڕووداوەكان پەرەیانسەند تا ئەو ڕادەیەی بوونە هۆی هەرەسی ڕەسمی یەكێتی سۆڤێت لە كۆنفرانسی مینیسك-بیلۆرووسیا لە ٢٠ی كانوونی یەكەمی ١٩٩١ و، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤێتی





جاران و، پاش (٥) ڕۆژیش میخائیل گۆرباچۆڤ دەستلەكاركێشانەوەی لە پۆستی سەرۆكی USSR ڕاگەیاندوبە ڕەسمی هەرەسهێنانی دەوڵەتەكەی ڕاگەیاند.

بەمشێوەیەش ئەو سەردەمە لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان كۆتایی هات كە پێی وترا "شەڕی سارد"وبە بوونی دووكارەكتەری سەرەكی دەناسرایەوە لە كارلێكە نێودەوڵەتییەكاندا و سروشتی پەیوەندیی نێوانیان كاریگەر بوو لەسەر زۆرینەی ئەو كارلێكە نێودەوڵەتیانەی لەم سەردەمەدا ڕوویاندا. لەگەڵ ئەمەشدا پەراوێزێكی ئازادی‌وجووڵە هەبوو بۆ دەوڵەتانی بەشداربوو لە هاوپەیمانی‌وبلۆكبەندییەكانی ئەم سەردەمە كە لەلایەن ئەو دوو زلهێزە سەرەكییەوە دروست‌وسەرۆكایەتی دەكران، ئەم پەراوێزە دەوڵەتانی دەرەوەی ئەم هاوپەیمانییانەی دەگرتەوە، بە پێی قۆناغەكانی شەڕی سارد لە هەڵكشان‌وداكشاندا بوو. بەڵام بە هەرەسهێنانی یەكێك لەم دوو زلهێزە، ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەش هەرەسی هێنا كە لەسەر جەمسەرگیریی دوانەیی USAوUSSR دامەزرابوو و، قۆناغێكی نوێی ڕاگوزەر سەری هەڵدا كە بە قۆناغی جیهانی پاش شەڕی سارد ناوزەد دەكرێت.

**(د. مازن الرمضاني)* چەند پەندووانەیەك سەبارەت بە داڕووخانی بلۆكی سۆسیالیستی‌ولەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی USSR بە گرنگی دەزانین لێرەدا ئاماژەیان پێبكەین :**

١. مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵتییەكان بەردەوام هاوكاتە لەگەڵ یاسایەكدا كە بە تێبەڕبوونی كات خۆی دووبارە دەكاتەوە كە ئەویش بریتییە لەوەی زلهێزەكانیش بەدوورنین لە هەرەس هێنان سەرەڕای هەوڵیان بۆ ڕێگری كردن لەم دەرەنجامە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە مێژوو بەردەوام لە جووڵەدایە و، هەوڵدان بۆ كۆنترۆڵ كردنی جووڵەی، وەك

هەواڵنامەی کتێب

هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی جووڵەی (با) وایە کە تا ئێستا مرۆڤ پێی نەگەیشتووە.

٢. هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت مانای کۆتایی هاتنی مێژوو نییە، هەر وەك چۆن مێژوو بە سەرهەڵدانی USSR دەستی پێنەکرد ئەوا بە هەرەسهێنانیشی کۆتایی نایەت هەروەها فرانسیس فۆکۆیاما وای بۆچوو (لە کتێبەکەیدا کۆتایی مێژوو)، نموونەیەکی دیاری تریش بۆ ئەمە نەگۆڕانی بزاوتی مێژووە بە کۆنترۆڵ کردنی جیهان لەلایەن ئەوروپاوە لە سەدەی نۆزدە و کۆتایی نەهاتنیشی بە لاوازبوونی ڕۆڵی ئەوروپا پاش شەڕی جیهانی دووهەم.

٣. ئەزموونی هەرەسهێنانی USSR ئەوە دووپات دەکاتەوە کە چەند ڕۆڵی سەرکردەی سیاسی لە دروست کردنی مێژووی وڵاتەکەی کاریگەرە، جا چ بە شێوەی پۆزەتیف یان نێگەتیف بێت. ئەمەش وادەکات کە ئەو وتەیەی دەڵێت "بزاوتی مێژوو، چ ڕووداووچ گۆڕانکارییەکان، بە دوور نییە لە ڕۆڵی مرۆڤ" وتەیەك بێت زۆر قووڵونزیك لە ڕاستی بێت.

******************

## سەرچاوەکان


١. د. علي عودة العقابي، العلاقات السياسية الدولية، دار الجماهيرية، سرت-ليبيا، ١٩٩٦.

٢. روبرت كانتور، السياسة الدولية المعاصرة، ترجمة : احمد طاهر، مركز الكتب الأردنى، عمان، ١٩٨٩.

٣. د. طه بدوي، مدخل الى علم العلاقات الدولية، دار النهضة للطباعةءالنشر، بيروت، ١٩٧١.

٤. د. عبدالخالق عبدالله، العلم المعاصرءالصراعات الدولية، المجلس الوطن للثقافةءالفنونءالآداب، الكويت، ١٩٨٩.

٥. د. محمد احسان، الصراعات الدولية في القرن العشرين، مؤسسة آراس للنشر، اربيل، ٢٠٠١.

٦. د. ابراهيم أبوخزام، العربءتوازن القوى في قرن الحاديءالعشرين، مكتبة طرابلس العالمية، ١٩٩٧.

٧. محمد عبدالله راضي الصايح، تطور ظاهرة الصراع الدوليءآفاقها في القرن الحادىءالعشرون، رسالة ماجستر غير منشورة. جامعة نهرين/ كلية العلوم السياسة، بغداد، ٢٠٠٥.







٨. ريتشارد نيكسون، امريكاالفرصة التاريخية، ترجمة : محمد زكريا إسماعيل، مكتبة بيسان، بيروت، ١٩٩٢.

٩. د. مازن إسماعيل الرمضاني، الأمن القومي العربيءالصراع الدولي، مجلة العلوم السياسة، العدد USA، ١٩٨٨.

١٠. كولن باولءبيتر موني، من الحرب الباردة حتى الوفاق، ترجمة : صادق إبراهيم، دار الشروق للنشرءالتوزيع، عمان، ١٩٩٥.

١١. عبدالواحد الناصر، النظام العالمي الجديد الخصائصءالمشكلات الهيكلية، دار حطين للطباعةءالنشرءالتوزيع، الرباط، ١٩٩٦.

١٢. دانيال كولار، العلاقات الدولية، ترجمة : خضر خضر، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٥.

١٣. أسماعيل صبري مقلد، الاستراتيجيةءالسياسة الدولية، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٥.

١٤. د. إسماعيل صبري مقلد، تحركات العملاقين على طريق الوفاق، مجلة سياسة الدولية، العدد ٨٣، نيسان، ١٩٨٥.

١٥. د. كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، جامعة بغداد/ كلية علوم السياسة، بغداد، ١٩٨٧.

١٦. بول كينيدي، نشوءءسقوط القوى العظمى، ترجمة : محمد عبدالقادرءغازي مسعود، دار الشروق للنشرءالتوزيع، عمان، ١٩٩٣.

١٧. كي جي هالستي، مبانى تحليل سياست بين الملل، ترجمة : بهرام مستقيميءمسعود طارم سرى، مؤسسه چاپءإنتشارات وزارات امور خاجه-ايران، تهرات، ١٣٧٣ ه.ش..

١٨. والتر جونز، منطق روابط بين الملل، ترجمة : داود حيدرى، مؤسسه چاپءإنتشارات وزارات امور خاجه-ايران، تهرات، ١٣٧٣ ه.ش..

١٩. Charles W. Kegeley ،World Politics : trend and Transmornation، ٥th ed. ،Martin Press ،new york ،١٩٩٥.

٢٠. Joceph J.Nye ،Understanding International Conflicts an Introduction to Theory and History ،LONGMAN ،Third Edition، ٢٠٠٠


* د. مازن ڕەمەزان ئەم پەندانە لەو نامەی دکتۆرایەدا باس دەکات کە بە ناوی (عدى)ی کوڕی دیکتاتۆری پێشووی عێراقەوە بڵاوکرایەوە بە ناوی (عالم ما بعد الحرب الباردة)و، پلەی دکتۆرای بەهۆیەوە وەرگرت. د مازن خۆی چەند ڕوونکردنەوەیەکی لەم بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە عەرەبییەکان داوە کە دەکرێت بڕواننە یەکێك لەو ڕونکردنەوانە لە :

www.alwatan.com.sa/daily/٢٠٠٤-٠٩-٠٢/first_page/ first_page٠٢.htm

# رووەو بنیادنانی حکومەتێکی مۆدێرن

عەلی کەریم

(( سەرکەوتن هەزار باوکی هەیە بەڵام شکست بەردەوام هەتیوە))

پەندێکی ئەمریکی

## بابەتێك بۆ دایەلۆگ

سەرکەوتووترین سیاسەت سیاسەتێکە کەبواری بەشداری بۆ هەموان دەرەخسێنێ تا ئەم بەشداریە پەرەپێدان دروستبکات ودواتریش ئەم سێکوچکەیە : ئازادی وبەشداری وپەرەپێدان شارستانیەت دروستبکەن. حکومەتیش لەسەر هەرسێ ئاستەکە شتێکی جەوهەری ویەکلاکەرەوەیە چونکە میکانیزمی بەکردەوە بوون وئاراستەکەری هەرسێ رەگەزەکەی شارستانیەتە. ئەم بەشداریەش رەنگە قسەیەك بێت تادەگاتە وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی وڵات. لێرەوە قسە کردن لەسەر بنیادنانی حکومەتێکی مۆدێرن، کاراوکارامە لە کۆمەڵگەدا قسەکردنە لەسەر دوێنێ و ئەمرۆ وسبەی کۆمەڵگا. قسەکردنە لەسەر دواکوتوویی وپێشکەوتووی. دووانە لەسەر گرنگترین هۆکاری بەختەوەری تاکەکان..

حکومەت وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن وبەڵکو وەك گرنگترین بەشی دەسەڵاتی سیاسی پشکی شێری لە زانستی سیاسیدا هەیەوگەران بەدوای باشترین نمونەی حکومەتکردندا زورترین هەوڵی ئاین وبیریار وفەیلەسەفانی سیاسەت وقوتابخانە فکریەکانی بردوە. لەقولایی مێژووەوە تا ئێستا، کە دوامۆدیلی حکومەت (حکومەتی چاك)ە کە حکومەتێکە دەتوانێت پەرەپێدان لە کۆمەڵگا دەستەبەربکات.





لەلایەکی ترەوە بۆ چارەسەری گرفتێکی ئایندەکوژی وەك ناکارایی وناکارامەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە چوار کوچکەی ئیدارەوحکومەت دەستکاری وگۆڕانی تێدابکرێت. بەڵام هەرچواریان بەیەکەوە ئەگینا چارەسەرەکان بەس وەك خەونی ئایدۆلۆژی یان قسەی تیۆری دەمێننەوە. چونکە هەر هەموویان بە پەیوەندیەکی ئۆرگانی بەیەکەوە پەیوەستن کە ئەوانیش : - ئەوانەی بڕیاردەدەن یا دروستدەکەن (بەرپرسان)، ئەوانەی بڕیار جێبەجێدەکەن (فەرمانبەران — ئەوانەی نێوان بەرپرسان وخەڵك) ئەوەی سروشتی ومیکانیزمی پەیوەندی نێوان خەڵك وحکومەت دیاریدەکات(یاسا)، سیستەمی سیاسی لەووڵاتوئەو رۆڵ وپێگەیەی بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدرێت، ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین چارەسەرەکانمان بۆ هەر چوار ئاستەکە بێت.

لەم گۆشەیەوە هەوڵ دەدەین بەشێوەی پرۆژەیەکی چاکسازی دایەلۆگێکی هێمنانە لەسەر گرفتی ناکاراییبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین. وە دواجار ئەمە نامەیەکی کراوەیە لە روناکبیرێکی لاواوە بۆ دەسەڵاتێك کەلەهەرکات زیاتر پێویستی بە چاکسازی، بەڵکو بەگۆڕانی جدی ویەکلایکەرەوە هەیە. ئامانجی سەرەکیشم بەشداریەکی متەوازعانەی دیکەیە لە دروستکردنی حکومەتێکی نمونەیی کەشایەنی گەلی کوردستانە.

**بۆ ئەمەش بەپێویست دەبێت قسەکانمان لەم تەوەرانەدا چر بێتەوە :** –

**یەکەم** : قەیرانی ناکارایی وناکارامەیی حکومەتی هەرێم چیە؟ وەبەر لەئەویش ئاماژەکانی قەیراندراری وبەڵگەکانی کۆنی حکومەتی ئێمە کامانەن؟ وە چۆن پێناسەیەك بدەینە گرفتەکە وبزانین ناوەرۆکی چیەوقورسایی چەندە وسنوری تاکوێیەوپێکێنەرو رەگەزە بنەرەتیەکانی ئەو گرفتە ئایندە کوژە کامانەن؟



هەواڵنامەی کتێب

**دووەم** : هۆکارەکانی ئەم قەیرانە کامانەن؟ لەسەر ئاستی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی‌وکلتوری چی وادەکات حکومەتی ئێمە حکومەتی ناکاراوناکارامە بێت؟ هەروەها لەسەرئاستی خودی‌وبابەتی یاخود لەسەر ئاستی ناوخۆودەرەوە بنیادە رزیوەکانی بەرهەمهێنەری ئەم دیاردەیە کامانەن؟

**سێهەم** : جێکەوت‌وشوێنەوارە بەدەکانی ئەمدیاردەیە لە سەر ژیانی کۆمەڵگا چ وەك تاكوچ وەك کۆ لەسەر هەموو ئاستەکان چیە؟ وەئەگەر ئەم ناکارایی‌وناکارامەییەی حکومەت بەردەوام بێت بەرەو چ هەڵدێرێك دەڕۆین؟

**چوارەم** : چارەسەرە پراکتیکیەکانی ئەم قەیرانە ئایندە کوژە چین؟ نوێترین مۆدیلی حکومەت چیە لەدنیای پێشکەوتووکراوەدا؟وە ئێمە چون دەتوانین حکومەتێکی کاراوکارامە بنیاد بنێین لەکوردستان؟حکومەتێك کە پەرەپێدانی راستەقینە دەکاتە ناسنامەی کۆمەڵگا. حکومەتێك کەهەموو رۆژێك‌ولەهەموو بوارێکدا بەردەوام تازە دەبێتەوە.

لەراستیشدا ئەمگرفتەش پەیوەست‌وهاوشێوەی گرفتی رۆتینە کەپێشترولەووتارێکی تردا قسەمان لەسەرکرد. بۆیە لەزۆر شوێندا بەکورتی قسەمان کردووەونەمانخواستوە ئەوەی پێشتر بڵێینەوە.

دەبێت لێرەوە بەجدی بیر لەحکومەتێکی نوێ‌ونوێگەر بکەینەوە، کەدەتوانێت لانی کەمی ماف‌وبەرژوەندی‌وبەختەوەریەکانی گەلی کوردستان دابین بکات.

دوپاتیشی دەکەمەوە کەبەلامەوە گرنگ نیە کێ حوکم دەکات بەڵکو بەلامەوە گرنگە چۆن حوکم دەکات.





## قەیرانی جەوهەری حکومەتی هەرێم لە کوێدایە

بەپێی ستاندەرە جیهانیەکان سێ پێوەر هەیە بۆ دیاریکردنی پێشکەوتوویی‌ودواکەوتووی یا باشی‌وخراپی حکومەتێك : یان ئەوەتا بە حکومەتێکی تر بەراورد دەکرێت، یان بەو توانا ماددی مرۆییی‌وماوەیەی لەبەردەستیەتی وئەوەی کردویەتی حوکمی لەسەر دەدرێت، یان لەسەر پابەندبوون بەو بەرنامەیەی کە بۆ هەڵبژاردن رایگەیاندبوو، حوکمی لەسەر دەدرێت. ئێمە لێرەدا هەرسێ پێوەرەکە بەکاردێنین ئینجا دەڵێن حکومەتی ئێمە حکومەتێکی کۆن‌وناکاراو ناکامەیە.

لێرەدا دەبێت پێناسەیەك بدەینە گرفتداری حکومەتی کوردستان‌ولەماهیەتی ئەو گرفتەش بگەین. مەبەستیشم لەحکومەت دەسەڵاتی راپەراندنە بەتێکرایی هەرلە سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستانەوە تابچوکترین دەزگاو فەرمانگەی رەسمی سەر بەو حکومەتە.

**ئەگەر بەزمانی خاڵ قسە بکەین من گرنگترین گرفتە جەوهەریەکانی حکومەتی هەرێم یان ناکارایی‌وناکارامەیی حکومەتی کوردستان لەمخاڵانەی لای خوارەوە دا دەبینم :**

١- ناکارایی بوونی حکومەتی کوردستان لەراپەراندنی کارەکانیدا. بەڵکو حکومەتێکی سست کە کارێکی کەم بەکات‌وتێچونێکی ماددی ومرۆیی زۆر دەکات.

٢- نغرۆبوون لەرۆتینێکی کوشندەدا لەسەر هەموو ئاستەکان. بەشێوەیەك کە بەشێکی زۆری تەمەنی هاوولاتی لە کارێکی زۆر بچوك‌وئاسایی لەدەزگاکانی حکومەتدا بەفیرۆدەروات.

٣- کەمی تواناولێهاتنی مرۆیی لە کارمەندانی حکومەتی هەرێم. هەم لەرووی



هەواڵنامەی کتێب

پسپۆری زانستی لەبوارەکان‌وهەم لەرووی ئەزموونی تازەی کارکردن‌وئیدارەی نوێ.

٤- لاوازی توانا ی بەرپرسەکان‌وبریاربەدەستەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ئاستێك کەمترین بەرپرس دەبینیەوە کەسەرکردەبێت لە بواروەدەزگاووەزارەتەکەی خۆیدا.

٥- کەمی هەستی بەرپرسیارێتی لای بەرپرس‌و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌ودارمانی رەوشتی پیشەیی.

٦- رۆچون لەگەندەڵیەکی سەرسەختدا بەهەموو شێوەکانی گەندەڵی دارایی‌وکارگێری هەرلە واستەوبەرتیل‌وخزمخزمێنەو بەکارهێنانی ناو پۆستەگشتیەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەت‌ونەگونجاو تا دەگاتە بێلایەن نەبوونی حکومەت بەرامبەر ململانێ سیاسی‌وکۆمەلایەتی‌وئابووریەکان‌وحزباندنی حکومەت...

٧- لاوازی حکومەتی کوردستان لە دەستخستنی خۆشەویستی خەڵك‌وئاوێتەکردنیان بەکاروچالاکی‌وپرۆژەکانی وەك هاوکاروتەواو کارێکی جددی. راستە خەڵك ئەم حکومەتەی هەڵبژاردوە بەلاّ م بێبەدیلی بووە لای هەندێك‌وخۆشەویستی بۆ حیزبە سەرەکیەکان بووە لەلایەکی تر بێلەبەرچاوگرتنی تواناوسروشت‌وپێکهاتەوجەوهەری ئەو حکومەتەی دروستی دەکەن.

٨- نەبوونی دیموکراسیەت لەکاری ئیدارەوبوونی ئیدارەیەکی توندومەرکەزی لەحکومەتی کوردستاندا، بەشێوەیەك هەموو بریارو دواقسەکان دەبێت بچنەوە لای چەند کەسێك‌ودەزگایەکی دیاریکراو.

بەهەمان شێوە کەمتواناتربوون لە خۆنوێکردنەوەوگۆڕانکاری لەبەرپرسەکان‌ولە دەزگاو پێکهاتەی حکومەتدا. هەربۆیە حکومەتێکی خاڵیە لە دەست لەکارکێشانەوەودەست پێلەکارکێشانەوە (اقالەواستقالە) سەرەرای ئەو





هەموو گرفتە گەورانەی حکومەت‌وگازندەی هاولاّتیان.

٩- بوونی بیرۆکراسیەتێکی کوشندەوئیدارەیەکی سێگۆشەیی کەبەرپرسەکە لە لوتکەوئەوانی تریش لەخوار ئەوەوەن، بەمەش هەرگیز نەئەوان بەو دەگەن‌ونەهاولاّتیانیش دەتوانن ببیبنن. بۆیە بەردەوام ئەو بەرپرسە نەدەتوانێ وەك سەرکردە لەگەڵ فەرمانبەرو هاوکارەکانی وەك یەك تیم کاربکات وە بەردەوامیش لە هاوولاّتی دابراوە.

١٠- لاوازی باری ئابووریی حکومەتی هەرێم، یان خراپ بەکارهێنانی ئەو برە داراییەی کەبۆ حکومەت تەرخان دەکرێت.

١٢- کارکردن لەسەر سیستەمێکی کۆن‌ونمونەی حکومەت لەساڵی بیستەکاندا. هەر لە گەورەیی حکومەت‌و زۆری وەزارەت‌ودەزگاوفەرمانبەرانەوە تاکۆنی یاسا کارپێکراوەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا تا رادەیەك دەکرێ بڵێین کە مردووەکان حوکمی زیندووەکان دەکەن.

١٣- پەشێوی وپەرتەوازەیی دەزگاکانی حکومەت‌ونەبوونی تەنسیق‌وهاوکاری‌وئاگالێکبوون لەنێوان وەزارەتەکان‌ودەزگاکانی حکومەت، تارادەی هەرکەس بۆخۆی کاردەکات وزور جار دژایەتی دروست دەبێت‌وزۆرجاریش هەموویان خۆیان لەبەرپرسیارێتی دەدزنەوە.

ئەمانەوچەندەها گرفتی تریش کەلەداهاتودا لەسەریان دەوەستین ماهیەتی گرفتی دواکەوتویی حکومەتی کوردستانن.

حکومەتێکیش ناتوانێت ببێتە حکومەتێکی مۆدێرن، کە یان گرفت‌ورووە ناشیرنەکانی خۆی نابینێ، یان ئیرادەو ئومێدی ئەو رووە ناشیرنانەی نیە.

ئەمانە بۆ؟هۆکارەکانی پشت دروست بوونی ئەم حالاّتە ڤیزەونانە چیە؟

هەواڵنامەی کتێب

## هۆکارەکانی ناکارایی‌وناکارامەیی حکومەتی کوردستان

دوای ئەوەی دڵنیا بووین لەنەخۆشی‌ودواکەوتوویی حکومەتی کوردستان‌ودواتریش کە زانیمان ناوەرۆك‌وجەوهەری ئەو نەخۆشی‌وناکۆکیە چیەوبەزمانی خاڵ ئاماژەمان پێدا. ئێستا دەبێت کەمێك قوڵتر لە پرسەکە بروانین‌وبەدوای ئەو هۆکارە جەوهەریانەدا بگەڕێین کە بەرهەمهێنەری کۆنی خکومەتی کوردستانن. بەبڕوای من گرنگترین هۆکارەکان ئەم خاڵانەی لای خوارەوەن :

١. کارنەکردن بەسیستەم‌وبەهاکانی ئیدارەی نوێ‌وکۆنی بنیادی کارگێری لە حکومەتی کوردستاندا.

٢. پشت نەبەستن بەتەکنەلۆژیا لە بەڕێوە بردنی کاروباری هاوڵاتیان‌وبەکارهێنانی کاغەز لەهەموو ئاستەکان‌وبۆ هەموو کارەکان.

٣. دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی لەسەر هەموو ئاستەکان، کە دواجار دواکەوتوویی حکومەت دەستەبەر دەکات.

٤. پشت بەستن بەرۆتین‌ونەبوونی متمانە لەنیوان خەڵك‌ودەسەڵات‌وکۆنی یاسا کارپێکراوەکان.

٥. نەبوونی یان دەگمەنی خول‌و کۆرس‌و وەرشەی کارو خوێندنی تایبەت لەبوارە جۆراو جۆرەکان بۆ فەرمانبەرانی حکومەت.

دانانی کەسی نەشیاو لە جێگای گرنگ‌وشیاو‌وحیساب نەکردن بۆ کارامەیی‌وکارایی بەڵکو اعتباری حیزبی کردن بە سەرەکیترین پێودانگ‌وبەڵکو زۆربەی جاریش بەتەنها پێوەر.





٦. لاوازبوونی رەوشتی پیشەیی‌وقوڵبوونەوەی بەهاکانی بەرژەوەندی خوازی‌و قۆستنەوە.

٧. نەبوونی لێپرسینەوەوچاودێری‌وبەدواداچوون‌وبەڵکو نەبوونی دادگای کارگێری‌وهیچ دەزگایەکی یاسایی بۆلێپرسینەوەی فەرمانبەران‌و بەرپرسەکان.

٨. بڵاوبوونەوەی گەندەڵیەکی سەرسەخت‌وزۆرجار بەیاسایی کراوونەبوونی شەفافیەت لە کاروباری حکومەتی کوردستاندا.

٩. ئیعتبار دانەنان بۆ چەمکی هاووڵاتی‌وبێنرخ سەیرکردنی خەڵك‌وبێمنەت بوون بەرامبەر خواستەکانیان‌و وەڵام نەدانەوەیان.

١٠. نەمانی ئینتما بۆ نەتەوەونیشتمان.

١١. حیزباندنێکی جەبریانەی حکومەت‌ودابڕاو لە زۆرینە. بۆنمونە لەسەرتاسەری هەرێم نەکارمەندێکی ئاسایش‌ونەبەڕێوەبەری باخچەیەکی ساوایان‌ونەفوتابخانەیەکی سەرەتایی نادۆزیتەوە، کەسەر بە حیزبی دەسەڵاتدار نەبێت.

١٢. لاوازی پەیوەندی حکومەت لەگەڵ پەرلەمان‌و ئاگانەبوون لەیەکتر بەڵکو لێك جیا نەکردنەوەی کردنی هەرسێ دەسەڵاتی داد وەری‌وجێبەجێکردن‌ویاسادانان لەیەکتری.

١٣. بێئەزموونی کورد لەحوکم‌ولەئیدارەدا.

١٤. نا ئارامی دۆخی گشتی عێراق‌وسنورەکانی هەرێم‌وبەهەڵواسراوەیی مانەوەی سنوری کوردستان وپێگەی کورد لەعێراقدا. هەروەها پەیوەستبوونی سەرچاوەی دارایی حکومەتی هەرێم بەبەغداوەونەبوونی سەرچاوەی بەدیل‌وخۆژیێنەری دیکە بۆ حکومەتی کوردستان.

١٥. نادیموکراسیەت لەکاروئیدارەدا وەك بەرەنجامی ئیشکالیەتی دیموکراسیەت لەکاری حیزبی لەپێکهاتەوپەیرەوخەیالگەی ناو حیزبەکان. بەمەش کەس بەقەرز ناترسێتو کەسیش برِوای بەدۆران نیەودۆران قبولْ ناکات.

١٦. نەبوونی دەستوور لەهەرێمی کوردستان.

١٧. لاوازی میدیای ئازاد، میدیایەك کە چاودێری دەسەلاّتوبەتایبەت حکومەت دەکاتوکەشفی رووە بەدەکانی وەك خۆی دەکات.

١٨. بێباکیوبێدەنگی زانکۆکانوپسپۆرە زانستیەکان تا پرۆژەی بەردەوامو پێشنیاروبەرچاو روونی بدەنە حکومەت.

١٩. لاوازی رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لەکوردستان، تا فشار بخاتە سەر حکومەت لە پێناو کاراوکارامە بوون.

٢٠. نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان، تاچاودێری حکومەت بکاتوبەلکو حکومەتی سێبەر دروست بکات. بەمەش تا حکومەت بەردەوام هەست بە چاودێریوترس بکاتو لە خزمەتوخۆنوێکردنەوەی بەردەوامدا بێت.

ئەمانەوچەندین هۆکاری تر، جەوهەریترین هۆکارەکانی ناکارایی‌وناکارامەیی حکومەتی کوردستانن‌وئەو نمونەیەیان لەحکومەت بەرهەمهێناوە کە بەهەموو مانایەك نەخۆش‌وکۆنە.

دیارە ئەبێت بیر لەچارەسەر بکەینەوە، هەرچەندە باجی ئەو چارەسەرەش زۆر قورس‌وگران بێت لەسەر دوو حیزبە دەسەلاّت دارەکەوبەرژەوەندیە حیزبیەکانیان. ئەی چۆن بیر لە چارەسەر بکەینەوە ولەکوێوە دە ستپێبکەین؟





## جێکەوتەکانی ئەم قەیرانی ناکارابوونەی حکومەتی کوردستان

کاریگەری‌وئاسەوارە خراپەکانی ئەم قەیرانە دوورمەدایە ئەو واقعە دژوارو کارەساتبارەیە کە ئەمرۆ تاکی ئێمە پێوەی دەنالێنێ، ئەوەندە لەسەر ئەو واقعە قسە کراوە کە هەرچی بلێین هەر دوبارەیە، بەلکووخوێنەر خۆی با بیر بکاتەوەوحوکم بداتوبیر لە چارەسەر بکاتەوە.

## ئاسۆکانی چارەسەر

دوای ئەوەی لەبەشەکانی پێشودا بەزمانی خاڵ‌وکۆبەندی قسەمان لە ماهیەتی ئیشکالیەتی ناکارایی‌وناکارامەیی حکومەتی کوردستان‌وهۆکارەکانی‌وجێکەوت‌وکاریگەریەکانی کرد، لەم تەوەرەیەدا هەندێ سەرەتای چارەسەر دەخەینە روو. بەهەموومانایەکیش مەبەستم وورووژاندن‌وپرسیاردروستکردنە لەرای گشتی‌ولە زەینی خوێنەردا لەسەر ئەو پرسانە.

ئیستا هەموو خەلك رەخنە دەگرێت‌وزۆربەشی چارەسەر دەخاتە روو (بەپێچەوانەی قسەی بەرپرسان)بەلاّم ئیشکالیەتی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە چارەسەرەکان لاستیکین‌وخاڵی دەستپێك‌وکۆتاییان نیە. واتە چارەسەری واقعی نین بەلکو یان کۆمەلە چارەسەرێکی تیۆری یان ئایدیۆلۆژی ئامادەن کەلەتوانادا نیە دابەزێنرێنە سەر ئەرزی واقع یان ئەوەندە کرچ‌وکالْن کە کەم جیاوازی بەدیبکەیت لەنێوان چارەسەری بەرپرسێك‌وپەرلەمانتارێك‌وپسپۆرێك لەگەلْ کەسێکی ئاسایی کۆمەلگە. بەبروای من گرنگترین هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی گرفتێکی ئایندەکوژی وەك ناکارایی‌وناکارامەیی حکومەتی هەرێم لێرەوە دەستپێدەکەن :

**یەکەم// ممارەسەکردن‌وچەسپاندنی دیموکراسیەتی راستەقینە لە سیاسەت‌وحکومەت‌وئیدارەدا.**



هەواڵنامەی کتێب

بە کورتی واتە لەسەر ئەم ئاستانەی خوارەوە : -

١. دانانی دەستورێکی دیموکراتی قسە لەسەر کراو، کە هاوکۆك بێت لەگەڵ کۆی ستاندەرە جیهانیەکانی ماف‌وئازادیەکانی مرۆڤ.

٢. لێکجیاکردنەوەی حیزب‌وحکومەت لەسەر هەموو ئاستەکان‌وگێرانەوەی ئیعتباری گشتی بوون بۆحکومەت، کەموڵکی هەمووانەو دەبێت بێلایەنانە خزمەتکارو پارێزەری بەرژەوەندی‌ومافەکانی هەموو هاوڵاتیان بێت. ئەم لێکجیاکردنەوەیەش لە بەدیموکراتیزەکردنی خودی حیزبو لەبڕیارێکی بوێرانەودڵسۆزانەی پارتی‌ویەکێتی‌وپابەندبوون پێیەوە دەستپێدەکات.

٣. لیکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان‌وجێبەجێکردن‌ودادوەری، بەهەموو مانایەك‌ولەسەر ئەرزی واقع. تاهەریەکەیان بەکاری خۆی هەڵبستێ.

٤. چەسپاندنی سەربەخۆیی دادگاوکاراکردنی دەزگای داواکاری گشتی‌ودامەزراندنی دادگای کارگێری.

٥. دانانی یاسای نوێ بۆ هەمو بوارەکان بەپێی پێداویستیەکانی سەردەم‌ولەهەمان کاتیشدا نەهێشتنی هەموو ئەو یاسا کۆنانەی کەرێگرن لەبەردەم تازەگەری‌وکارابوون‌وکارامەبوونی حکومەتی کوردستان.

٦. دانانی کەسی شیاو لەشوێنی شیاو. دوای ڕەزامەندی ئەوانەی کاری لەگەڵ دەکەن بەپێی بوونی چوارگۆشەی مەرجەکانی بەرپرس کە (لێهاتوویی‌وزیرەکی ، ئەزمونی پراکتیکی ، بڕوانامە، ڕەزامەندی خەڵك)ن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتمای سیاسی‌ونەتەوەیی‌وئاینی‌ومەزهەبی ئەوکەسە.

٧. دروستکردن‌وگەشەپێدانی پرەنسیپەکانی دەست لەکار کێشانەوەودەستپێکێشانەوە لە حکومەتدا (أقالە – استقالە)وگۆڕانی بەردەوام‌وبەپێی نەخشە لە کاری ئیدارەدا.





٨. چەسپاندن‌وبەهێزکردنی بەهاکانی شەفافیەت‌ولێپرسینەوە لە حکومەتدا. بەم هەنگاوانە بەرپرسەکان دەترسن بە قەرزوئەوکاتە بەکردار بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن. ئەو کاتە خۆیان لە یاسا بە بچوکتر دەزانن.

٩. سەر لەنوێ دروستکردنەوەی پەیکەری ئیدارەوبنیادنانی ئیدارەی بازنەیی لە ڕێنمایی‌وبڕیاروکاردا.

ئێمە پێویستیمان نە بە ئیدارەی سێگۆشەیی یە کە بەرپرسەکان لە فەرمانگەکان لە لوتکە بن‌ولە ژوورێکدا تەنیا ئیمزا بکەن، نە بە بیرۆکراسیەتە کە ئیدارەیەکی مەرکەزی توند بێت‌وفەرمانبەرەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت تا کاری هاوڵاتیان یاساییانە رایی بکەن. بەڵکو پێویستیمان بە ئیدارەی بازنەیی یە کە بەرپرسەکان سەرکردە (Leader) لە چەقدا بن‌ولە ئاست فەرمانبەرەکان بن‌ووەك یەك تیم‌وگروپ کاربکەن لە مەیداندا.

**دووەم // گەشەپێدانی تواناولێهاتنەکانی کارمەندان**

**نەوکارمەندەی شتێک زیاد نەکات لەحکومەت خۆی زیادەیە.**

دوای ئەوەی لە خاڵی یەکەمدا باسمان لە دیموکراتیزەکردنی سیاسەت‌وحکومەت‌وئیدارە کرد، وا لەم بەشەدا باس لە پەرەپێدانی تواناولێهاتنەکانی کارمەندان دەکەین. بەبڕوای من ئێمە پێویستمان بەکارمەندێکە کە حکومەت هەڵدەگرێ‌وهەست بەلێپرسراوێتی دەکات، نەك حکومەت هەڵیبگرێ‌وببێتە بارگرانی بەسەر حکومەتەوە لە هەموو روویەکەوە. (دیارە مەبەستیشم لەرووی کارەوە نەك مافەکانی کارمەند)واتە کارمەندێکی کاراوکارامە گرەنتی حکومەتێکی کاراو کارامەیەو بە پێچەوانەشەوە. ئەگەر بەزمانی خاڵ قسە بکەین ئەوا حکومەتی ئێمە پێویستی بەم هەنگاوانە هەیە بۆ گەشەپێانی کارامەییو تواناکانی کارمەندانی :

هەواڵنامەی کتێب

١. پێویسته سیستەمێکی تازه بۆ وەرگرتنی کارمەندان‌ودابرینیان‌وخانەنشینکردنیان دابرێژین بەشێوەیەك کەبروات بە بەپرەنسیپەکانی ئیدارەی نوێ. هەرگیز نابێت دەرگای وەرگرتن‌ودامەزراندن لەحکومەت دابخەین. بەڵام ئەبێت بەپێی لێهاتووی‌ومەرجی زانستی‌وپێدویستی دەزگاکان بێت نەك شتێکی تر.

٢. ئەبێت فەرمانبەران بەشێوەکی تازەو سەرلەنوێ دابەش بکەینەوە بەسەردەزگاکان‌وبەسەرکارەکاندا بەپێی زیرەکی‌وئارەزووو‌پێویستی فەرمانگەکان.

٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە ئیدارەدا : ئەبێت فەرمانبەران لەرێگەی‌خول -وەرشەی‌کار- کۆرس‌وسیمیناری تایبەت‌وگشتی فێری بەکارهێنانی کۆمبیوتەرو ئینتەرنێت ببن لە کارگێڕیدا وبۆکاری هاوڵاتیان بەکاری بێنن. ئەوکاتە کارەکان زۆرخێراترو ئاسانترو پوختەتر دەبن.

٤. پەرەپێدانی تواناوپسپۆری : ئەبێت لەرێگەی خولی تایبەت‌وکۆرس‌ووەرشەی کارو سیمینارولەهەمانکاتدا خوێندنی زانکۆیی‌وئەکادیمیا وە گەشە بە تواناوپسپۆری کارمەندان بدرێت. ئەبێت لانی کەم کارمەند لەبوارەکەی خۆیدا مانگی خولێکی کورت یا وەرشەی کارێك یا سیمینارێك ببینێ. ئەبێت لەزانکۆکاندا کورسی بەپێی پلانی زانستی بە خوێندنی باڵاشەوە بۆ کارمەندانی حکومەت دابینبکرێت.

٥. ڕەوشتی پیشەیی : ئەبێ بەهەموو شێوازە جۆراو جۆرەکانی سەرەوە گەشە بە ڕەوشتی پیشەیی‌ومۆراڵی کار لای کارمەندان بدرێ هەرلە هەستکردن بەلێپرسراوێتی‌ودەستپاکی‌ودڵسۆزیەوە تادەگاتە پابەندبوون بەکات‌ودەوام‌وڕێزگرتنی بەرامبەر چ کارمەندوچ هاووڵاتی‌و... هتد.





٦. ئەبێت بەرووی ئەزموونە سەرکەوتوەکانی ئیدارەی نوێدا بکرێینەوە. ئەبێت هەم کارمەندان بەپلان‌وبەپێی پێویستی‌وپسپۆری بنێرینە دەرەوە بۆ خوێندن‌وپسپۆربوون یان خول وکۆرسی تایبەتمەند . وە لەهەمانکاتدا هەوڵبدەین کە پسپۆری جۆراو جۆر لەرێگای دەزگا نێودەوڵەتیەکانەوە بێنینە کوردستان‌وکارمەندانمان بەتایبەت لەبواری ئیدارەی نوێدا پەرە پێبدەن.

٧. پێدانی بەرپرسیارێتی : لەپێناو ڕێزگرتنی لێهاتوویی‌وپسپۆری وبروانامەی کارمەندان‌وهاندانیان ڕووەوسود بینین لەو بەهرانە لەکاردا پێویستە، کە بە پێویست ئەوەی بەرپرسیارێتی وەردەگرێت لەبەرێوەبەرە گشتیەکانەوە تا خوارە بەپێی سێگۆشەی مەرجەکانی سەرکەوتوویی بێت ئەوانیش (زیرەکی‌وکارامەیی – ئەزموونی پراکتیکی -بڕوانامە ی زانستی)ن.

٨. زمانی ئینگلیزی : دەبیت بەشێوازی جۆراو جۆر کارمەندان فێری زمانی ئینگلیزی بکرێن، کەزمانی شارستانیەتی سەردەمەو بەبێ زانینی ئەو زمانە ناتوانیت نە لە دنیای نوێ وەك خۆی تێبگەیت‌ونە دەشبێتە کارمەندێکی کارامەوکاراوبەکارهێنەرێکی سەرکردانەی تەکنەلۆژیای ئیدارە. ئەمڕۆ لەزۆر وولاتی نا ئینگلیز، زمانی ئینگلیزی مەرجی دامەزراندنە لە حکومەت، ئەگەر سادەترین پۆستیش بێت. وەك رووسیای سپی –تورکمانستان- تاجیکستان‌وهیندوهتد.

ئەبێت کارمەندی ئێمە بیسەلمێنێت کەبوون‌ونەبوونی لەیەکتر جیاوازن بۆ حکومەت. ئەبێت ببێتە کارمەندێکی مۆدێرن وەك گرەنتی حکومەتێکی مۆدێرن.

لەپێناو حکومەتێکی نوێ‌وشایەن بە کوردستانێکی نوێ، دوای چارەسەرەکانی پێشوو، بە کۆبەندی چارەسەرە جەوهەریەکانی دیکەی قەیرانی ناکارایی‌وناکارامەیی حکومەتی کوردستان ئەم خاڵانەی لای خوارەوەن :

★ لێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی زانستی بەردەوام (هەم تیۆری‌وهەم پراکتیکی) دەربارەی حکومەتی هەرێم‌وڕەوشی گشتی ئەو حکومەتەوگرفتەکانی بەردەمی‌وچارەسەرەکانی، کە ئەمەش پێویستی بە دروست کردنی دەزگاوسەنتەرێکی زانستی بە بەشداری تواناوعەقڵە ئەکادیمی‌وپرۆفیشناڵە گەورە کانی کوردستان دەکاتە پێویستیەکی حەتمی.

★ دامەزراندنی ئەو سەنتەرە کە دەبێتە عەقڵی زانستی حکومەت، لەهەمان کاتدا تەواوکەری عەقڵی یاسایی حکومەت. دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان بکات‌وبەردەوام باشترین خیاری پێکهاتەوجوڵەوپرۆژەوبڕیار بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

★ دەبێت هەموو ئەو یاسا کۆنانەی کە پێشتر کاریان پێکراوەوبەرهەمی کەلتورێکی دواکەوتوون‌وکەلتورێکی دواکەوتوو بەرهەم دێنن نەمێنن، حکومەتێکی نوێ، یاسایەکی نوێ هەبێت بۆ کارکردن.

★ دەبێت پەرلەمان پەیوەندیەکی ڕوون‌وسەرپەرشتی کارانە لەگەڵ حکومەت دروست بکات.

★ دەبێت میدیایەکی ئازادوئازاوبەرپرس دروست بکەین کە چاودێری وردی حکومەت بکات‌وکەشفی کەم‌وکوڕی یەکانی بکات.

★ دەبێت دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکاریەکی جدی بن لەسەر گەشەپێدانی حکومەتی کوردستان، هەم لە ڕووی یاساکان، هەم کارمەندەکان، هەم لە ڕووی ئەوانەی بڕیار دروست دەکەن‌وهەم لە ڕووی هاوڵاتیان.

★ دەبێت بکرێینەوە بە ڕووی ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتان لە ڕووی





حوکم‌وحکومەتەوە. بەمەش بوێربین لەهەنگاو بۆ گۆڕان‌وئەزموون کردنی فۆرم‌وشێوازی جۆراوجۆری حکومەت، تا دەگەینە باشترین نمونەی حکومەت یان دەچینە سەر سکەی تازەگەریەکی بەردەوام لە حکومکردندا.

★ پێویستە حکومەت بەپێی ستاندەرە جیهانیە مۆدێرنەکان دروستبکەین.

نوێترین نمونەی حکومەتیش لەدنیادا حکومەتێکە پێی دەوترێت حکومەتی عەقلانی‌و(الحكم الصالح)وئەم مەرجە یەکلاکەرەوانەی تێدایە :

★ حکومەتێکە پەرەپێدان بهێنێتە کایەوە، پەرەپێدانی مرۆیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌وکلتووری پەرەپێدان لەسەر ئاستی نیشتمانی.

★ حکومەتێکە شەفاف بێت. حکومەتێك لەشوشەی دروستکرا بێت تا لەهەر گۆشەیەکەوە بۆی بڕوانی دیاربێت. واتە حوکمی کراوە ممارەسە بکرێت.

★حکومەتی مۆدێرن حکومەتێکە شەرعیەتی سیاسی بەمانا تازەکەی ممارەسەدەکات. واتە بەردەوام بۆراوسەرنجی خەڵك دەگەڕێتەوە. نەك تەنها ڕۆژی هەڵبژاردن. بەڵکو بەوەفایە بەرامبەر بەرنامەی راگەیەنراوی بۆ هەڵبژاردن. وەلە هەر بریارو جوڵەیەکی کەمێك هەستیاریشدا راستەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ خەڵك.

★ حکومەتێکی ئازایە. ئازایە لە داننان بەشکست‌وهەڵەو خۆتازەکردنەوەودەستلەکارکێشانەوەودەستپێکێشانەوە.

★ حکومەتی مۆدێرن حکومەتێکە عەقڵ‌و ویستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هەیە بەتایبەت ئەلکترۆنی. بۆیە زۆر جار پێی دەووترێت حکومەتی ئەلکترۆنی.

★ حکومەتێکە بچکۆلەوکەم فەرمانبەرو کەم ئۆفیس‌وکەم ئەرك. بەڵکو ڕۆڵێکی زۆری بەکەرتی تایبەت‌ومیدیاکان‌ورێکخراوە ناحکومیەکان داوە تا لەبری ئەو بیکەن.

★ حکومەتێکە کاراوکارامە

گەورەترین گۆڕانەکانی مێژووش لە ئیمان بە گۆڕان‌وئیرادەی گۆڕانەوە دەست پێ دەکات.. حکومەتێکی کارامەوکاراش مەرجی بەختەوەری گەلی کوردستانە.

Farhang٢٠١٥@gmail. com

هەواڵنامەی کتێب

## سۆسیۆلۆجیا

❖ ڕامانێك له سیستمی خێڵایەتی و

سیستمی خێڵایەتی له كوردستاندا.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕامانێك لە سیستمی خێڵایەتی و سیستمی خێڵایەتی لە كوردستاندا

كامەران محەممەد

شرۆڤەكردنی نەتەوەیەك بە شێوەیەكی گشتی كارێكی ساناوئاسان نیە، بەڵكو لای لێكۆڵیاران بە ئاڵۆزترین كار دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئەم شرۆڤەكردنە لەسەر بنەڕەتی كۆكردنەوەی زانستوزانیاری زۆر دەوەستێت، ئەم زانیارایانەش پێویستیان بە (شیكردنەوە)و(ئەبستراكت)و(گشتاندن) هەیە.

زۆر لە زانایانی سایكۆلۆجیاوئەنثرۆپۆلۆجیا كە باس لە كەسایەتی بنەڕەتی نەتەوە دەكەن ئەم شێوەیە پێناسەی دەكەن : "كۆمەڵە سیفەتێكی هاوبەشە - بەشێوەیەكی ڕێژەیی- كەوا تاكە گەورەكانی نەتەوەی پێدەناسرێ لە كاتی ئێستادا، واتە لەوكاتەی لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێت". ئەو كەسایەتیە بنەڕەتیە واتای كەسایەتی سەرجەم تاكەكان ناگەیەنێت! بەڵكو واتای ئاراستە سایكۆلۆجیوبەهاوپێوەرە بنەڕەتیەكان لە كەسێتی ئەو تاكانەدا دەگەیەنێت.[١]

(ڤۆلتێر) دەربارەی تایبەتمەندییەكانی نەتەوە دەڵێت : "تایبەتمەندییەكانی نەتەوە خۆی لە سروشتوخووبەهرە سەرەكیەكانی تاكەكاندا حەشارداوە، تەنانەت لەسەرفكراوەكانیان (المباذل) كە لە گەلێكی تر جیای دەكاتەوە".[٢]

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە نەستی گشتی (اللاشعور الجمعي) بكەین، چونكە لە لێكۆڵینەوەكەماندا پێویستمان دەبێت. (نەستی گشتی)یش دەچێتە نێو ئەو





چوارچێوەیەی كە پێی دەوترێت نەست (اللاشعور)، تێكڕای پاشماوەكانی پێشووە كە بریتین لە پاشماوە زەینییەكانولە پێشینەكانەوە بۆیان ماوەتەوە. جا ئەو پێشینانەش چ باوكە نزیكەكان بێت، یاخود باپیرە دوورەكانی بێت، ڕەنگە ئەمە یارمەتیمان بدات بۆ ڕاڤەكردنی نەستی گشتی كە زانای سایكۆلۆجی (یونج) ئەم ناوەی لێناوە. ئەمەش ڕاڤەی ئەو لێكچوونەمان بۆ دەكات كە لە نێوان بەرهەمە عەقلیەكانمانوئەو پاشماوانە -بەبێ بینینوهەستپێكردن- ی كەلای پێشینەكانمان باوبووە.[٣]

## یەكەم : سیستمی خێڵایەتی

### چەمكی خێڵ :

خێڵ (tribe) گەورەترین یەكەی خزمایەتیە كە پشت بەیەك نەژاد دەبەستێتولە كۆمەڵە هۆزێك پێكدێتولە هەرێمگەلێكی نزیك لە یەكترەوە ژیان دەگوزەرێنونڕەنگە هەندێكیشیان لە هەرێمگەلێكی دووردا –بەشێوەی ڕێژەیی- ژیان بەسەر بەرن. خێڵ بە یەكگرتوویی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو هۆزانەی پێكیان هێناوە، لە یەك بونیادی خزمایەتی خوێن دا ڕێكدەخرێن كە لەیەك نەژادی هاوبەشەوە هەڵقولاوە.[٤]

واتە خێڵ كۆمەڵێكن لە لایەنی كۆمەڵایەتیوسیاسیەوە وابەستەن، بە شێوەیەكی كرداری یاخود گریمانەیی بۆیەك پێشینە (سلف)ی گشتی دەگەڕێتەوە، وەك هاوشێوەكانی بە شارستانێتیەكی گونجاو و ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی جیا دەكرێتەوە و, لە هەرێمێكی دیاریكراودانیشتەجێ دەبێت، كە بانگەشەی موڵكدارێتییەكەی دەكات و بە زمانێك یاخود شێوەزارێكی تایبەت بەخۆی دەدوێت. هەروەها دەشێت خێڵ دەسەڵاتێكی سیاسی ناوەندی هەبێت. خێڵ كۆمەڵەیەكن بەزۆری لە نێو خۆدا هاوسەرداری ئەنجامدەدەن. ئەگەر گەورەش بوو بۆ چەند هۆزێك دابەشدەبێت، بە یەكسانی یاخود لە هەرێمی جیاوازدا دەژین، لە هەردوو بارەكەدا پێكەوە بەستراون، سەرەڕای وابەستەی

خزمایەتی بە وابەستە کۆمەڵایەتیوئابوورییەکانیشەوە بەستراونەتەوە، تاکەکانیشی هەست بە ڕۆحی کۆمەڵ دەکەنوتێڕوانینێکی یەکگرتوویان بۆ جیهانی دەرەکی هەیە.[٥]

بەڵام هۆز (clan) کۆمەڵەیەکی خزمی یەك نەژادن، هێڵە خزمایەتیەکانیشیان یا لە ڕێگەی باوکەوەیە یاخود لە ڕێگەی دایکەوەیە، ئەو هێڵە لە هەر ڕێگەیەکەوە بوو، ئەوا هێڵەکەی تریان فەرامۆشدەکرێت. پەیوەندییەکانی نێو هۆز زیاتر پێکەوە لکاوو بەتینو پابەندترە لەچاو ئەو پەیوەندییانەی لە نێو خێڵدا هەن، بەڵام ئەگەر بە پەیوەندییەکانی خێزان بەراورد بکرێت ئەوا لاوازترە.[٦]

بەمشێوەیە خێڵ باڵاترین دامەزراوی کۆمەڵایەتیە کە زۆرترین ژمارەی لێکۆدەبێتەوە یاخود پەیوەستن پێی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە دوو هۆکاری سەرەکی ئەو پەیوەستبوونە دروستدەکەن "ئەوانیش پەیوەندی خوێنوپەیوەندی دەمارگیرییە".[٧]

واتە خێڵ ئەو یەکە خاوەن خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەیە کە خاوەنی کەسێتی کۆمەڵایەتیوئابووری جوگرافیومینووکی خۆیەتی، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێکهاتەیەکی داخراوەوتێکڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لە سنووری خۆیدا جێبەجێدەکات. لەوانەش پەیوەندی ژنوژنخوازی، هاتووچۆوپەیوەندی ئابوورییەوە وەك یەکەیەکی سەربەخۆودابڕاو لەدەوروبەر ئیش دەکات، خاوەنی موڵكوسامانولەوەڕگاوئاژەڵی خۆیەتی و سنووری جوگرافیای دیاریکراوی خۆی هەیەوبە هەموو شێوەیەکیش دەیپارێزێت.[٨]

(ئیبن خەلدوون) دەڵێت : "ئەو مەبەستەی کە دەمارگیری لەدوای دەڕوات موڵکەوموڵکیش مەبەستێکی سروشتییە بۆ خێڵوئەوەش شتێك نیە بە ئارەزوو بەدوایدا بڕوات، بەڵکو وەك پێویستی یەکبوون ڕێکخستنی خێڵ دەگەیەنێت".[٩]





**مەرجەکانی دروستبوونی خێڵ :**

١. پابەندبوونێکی تەواو بە یاسای یەك نەژادییەوە : واتە ئەگەر ئەم یاسایە نەبێت ئەوا خێڵ سەرهەڵنادات. چونکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خەملێنی یەکێتی خزمایەتی خوێن لە نێو ئەندامەکانیداودواتر ڕێگە نادات بە پێگەیشتنی وابەستەبوونە کۆمەڵایەتییە چاوەڕوانکراوەکان.[١٠]

٢. نیشتەجێبوونی هاوبەش : سیستمی نیشتەجێبوونی یەکیی (الاحادي) مەرجێکی زیندوی ترەودەبێت بۆ دروستبوونی خێڵ لە ئارادابێت. خێڵ بە توندی دەستی بەوەوەگرتووە، تا ڕۆڵەکانی (نێر یاخود مێ) پابەندبکات بەو ناوچەیەی کە خزمەکانی خوێنیان لەسەر نیشتەجێ ببن لەدوای هاوسەرگیرییان، بەمەش ژمارەی دانیشتوانوئەو نەوانەی کە خێڵەکەیان پێکهێناوە زیاد دەکات. ئەگەر وامان دانا کە ڕۆڵەکان ئازادی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی شوێنی خێڵەکە هەبێت، وەك ئەوەی لە شارەکاندا باوە، ئەوا لە ئەنجامدا دەبووە هۆی پوکانەوەی خێڵوتەنانەت خێزانی دڕێژیش.[١١]

٣. هاریکاری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە : واتە ئەندامانی خێڵ هاوکاریو وابەستەبوونیان لە هەموو بوارەکاندا بۆ یەك دەردەخەن، بە چاو پۆشین لەوەی کە ئەو هاریکارییە تووشی سود یاخود زیانیان بکات، ئاشکراشە لە واقیعی کرداریدا خێڵ لە باری لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتیوزاڵبوونی ڕۆحی تاکگەرێتیدا پێکنایەت، کە ئەوە دۆخێکە هەرەشە لە گیانی پابەندبوونو وابەستەیی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ دروستبوون و بەردەوامبوونی خێڵ. ئەو هاریکارییەش ئەستەمە فەراهەم بکرێت، ئەگەر سۆزێکی دەستە جەمعیانە پاڵ بە ئەندامەکانیەوە نەنێت بۆ کارکردنی ئیجابی هاوبەش لە تەواوی بوارە بەرپرسیارێتییەکاندا.[١٢]



هەواڵنامەی کتێب

**چەمکی خزمایەتی :**

خزمایەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەستبوونێکی دانپێدانراوە، ئەوەش لەسەر بنەمای خوێن‌وڕەچەڵەک لە نێوان باوک‌ودایک‌ونەوەکان‌وبراو خوشکیشدا دەوەستێت. هەروەها دەبێتە پەیوەستبوونێکی گریمانکراویش وەك ئەو حاڵەتەی لە نێوان تاکە کەسانی کۆمەڵەی خزمانی گەورەدا نمونەی خێڵ‌وهۆز بەدیدەکرێت.

بۆیە خزمایەتی وەك چەمکێکی کۆمەڵگەرایی بەهایەکی دانپێدانراوە بۆ سەلماندنی شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی گروپێکی مرۆیی سنووردار لە ڕووی ژمارەوشوێنەوە. ئەمە سەبارەت بە خزمایەتیەك کە لەسەر بنەمایەکی بایلۆژیانە دامەزرابێت، کە لە نترۆپۆلۆژیا بە خزمایەتی یەکەمین یا پلە یەك یا سەرەکی ناسراوە، بەڵام کاتێك دەستەواژەی (خزم) کەسانێکی زۆر دەگرێتەوە بەدەر لە سنورداریتی کات‌وشوێن‌ونەوە، ئیدی ئەوە خزمایەتیەکە لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمایەکی خەیاڵی‌و وێناندنەوە بونیادنراوە، ئەمەش جۆری دووەمی خزمایەتیە کە خزمی پلە دوو دەگرێتەوە. بەمانایەکی تر خزمایەتیەکی لاوەکیە. وەك گوتمان ئەوە بە پێچەوانەی جۆری یەکەم مەودایەکی بەرفراوان لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتی‌وژیانیەکان داگیر دەکات، بۆ نمونە ئەم وێنەیە لە خزمایەتی تەوەرەی سەرەکی ژیانی تایفەوتیرەوخێڵ پێکدێنێت.[١٣]

خزمایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باوە بە شێوەیەکی جیاواز لە گشت کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا بوونی هەیە، بەڵام ئەو دیاردەیە زیاتر لە نێو کۆمەڵگا تەقلیدی‌ودواکەوتووەکاندا لە ڕووی کردارەکانیەوە هەست بە ئامادەبوونی دەکرێت، لەبەر ئەوەی لەوێدا لەسایەی چەندین هۆکاری مێژوویی‌وکەلتوورییەوە، دواجار خزمایەتی بووەتە باوەڕێکی کۆمەڵیانەی بەهێزوخاوەن دەسەڵاتێکی ڕەمزی بە شێوەیەك فورسایی بەسەر بوارەکانی ژیانی مرۆڤەوە دەبێت، بەهۆی ئەوەی لە سەرەتاوە بەشێکی گەورەی وشیاری





ئەندامانی کۆمەڵگەی پێکهێناوە، تا ئەو ڕادەیەی بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جێگیر، لەبەرئەوە لەو جوگرافیایانەدا سیستمی خزمایەتی سەرباری کۆنترۆڵکردنی سەرجەم پانتاییە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوا ناڕاستەوخۆ کاریگەری بە سەر بواری ئابووری‌وسیاسی‌ولایەنەکانی تری ژیان بەجێدێڵێت.[١٤]

**وردتر دەتوانین گرنگترین ئەو واتایانە کە چەمکی خزمایەتی لە خۆی دەگرێت لە دووتوێی ئەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو :**

١. پەیوەندی خزمایەتی ئەو پەیوەندیانەن کە لەسەر کارلێکردنی ڕاستەوخۆ ڕادەوەستێت، واتە تاکەکان ڕووبەڕوو بەبێ بوونی میانیگەرێك لەگەڵ یەکتریدا مامەڵە دەکەن.

٢. ئەو پەیوەندیانە بە ئامانج دادەنرێت نەك ئامراز. واتە خزمایەتی لە نێو خۆیاندا بە چاوێك دەڕواننە یەکتری کە سامانێکی هێندە گەورەن‌وباڵ بەسەر تەواوی سامانەکانی تردا دەکێشێت،لە بەرانبەریشیاندا پێش هەموو پابەندییەك، بە ئەرکەکانیان بەرانبەر بە ئەوان پابەندن. ئەم ڕاستیەش زۆر بە ڕوونی لە کۆمەڵگە سەرەتایی‌وخێڵەکیەکاندا دەردەکەوێت کە نمونەیەکی نمونەیی هێزی خزمایەتی بەرجەستە دەکات.

٣. پەیوەندییە خزمایەتیەکان لە کۆمەڵگە سادەودواکەوتووەکاندا بۆ بوارە بنەڕەتیەکانی ژیان درێژ دەبێتەوە، بە تایبەت بواری ئابووری‌وسیاسی‌وهاوسەرداری‌وبیروباوەڕی‌وتەنانەت خۆشگوزەرانیەکانیش.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین بواری پەیوەندییە خزمایەتیەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ژیان بە هەموو مەوداکانیەوە لەخۆ دەگرێت. ئەوەش وا لە ئەرکەکەی دەکات لە واقعی ئەو کۆمەڵانەدا ئەرکێکی ئێکجار ئاڵۆزبێت.

٤. خزمایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا هەمیشە بۆ چەندەها جۆر پۆلین

دەكرێت، بۆ نمونە خزمایەتی خوێن‌وخزمایەتی ژن‌وژنخوازی‌وخزمایەتی سروتی یاخود خێڵەكی كە پشت بە ئیعتباراتی بیروباوەڕی‌وئەفسانەیی دەبەستێت. هەروەها لە بیروباوەڕی هەندێ كۆمەڵی ئوستورالیە كۆنەكاندا چەسپیوە كە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئاژەڵان.[١٥]

٥. خزمایەتی لە كۆمەڵگە سەرەتاییی‌وخێڵەكیەكاندا كاریگەرییەكی (ضبطی) گەورە دەنوێنێت لە تەواوی بوارە جیاوازەكاندا، بەو پێیەی ئەندامانی ئەم پۆلەی كۆمەڵگەكان ژیانی تایبەتی‌وژیانی ڕۆڵەكانیان لە ژیانی خزمەكانیان جیاناكەنەوە. ئەمەش مافی دەستخستنە نێو كاروبار وسەرپەرشتیاری هەموو ئەوەی پەیوەندی بە كێشەكانیان‌وكێشەی خێزانەكانیانەوە هەیە، بەڕەوا دەبینێت. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە كە منداڵ بەتەنها ئاراستەكاری پەروەردەیی لە دایك‌وباوكیەوە وەرناگرێت، بەڵكو لە خزمەكانی باوكیەوەولەسەر ئاستی پاداشت‌وسزاوڕەزامەندی سۆزی‌وفێركردنی فیكری وەردەگرێت.

٦. لەبەر ئەوەی نەژاد كێشێكی قورسی لە تەواوی ژیانە سەرەتاییی‌وخێڵەكیەكاندا هەیە، بۆیە پەیوەستبوونە خزمایەتیەكان پشت بە پاشماوە گەلێكی وابەستەبوو بە ڕابردوو ڕووداوە جیاوازەكانی ئەو ڕابردووە دەبەستێت، كە وادەكات پشكی ڕابردوو لە هەموو بیركردنەوەوسروت‌وهەڵوێستە كۆمەڵایەتی‌وهەڵوێستەئیعتبارییەكاندا لە پشكی ئێستاوداهاتوو گەورەتربێت.

٧. بەهۆی دەمارگیری توندی پەیوەستبوونە خزمایەتییەكانی كۆمەڵگە سەرەتاییەكان بوونەتە كۆمەڵگەگەلێكی داخراو، كە ئەستەمە نامۆكان بتوانن تێیدا تێكەڵاو ببن یاخود لە ڕێكخستنە كۆمەڵایەتیەكەیدا شوێنێكی بەرز بەدەست بهێنن، یاخود هەندێ ناوەندی كۆمەڵایەتی پڕبكەنەوە كە مەرجە خزمایەتیە خوێنیەكان بنەڕەتی پڕ كردنەوەین.

٨. خزمایەتی سەرەتایی خاوەن مۆركی غەیبییە، سنووری زیندووەكان بۆ





مردووەكان تێدەپەڕێنێت، ئەم لایەنەش لەو ڕۆڵانە (الادوار)دا ڕووندەبێتەوە كە پشت بە مردووی خزمەكان دەبەستێت لە ژیانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەكە بە هەردوو شێوە ئیجابی‌وسلبییەكەیەوە. لە زۆرینەی كۆمەڵە ئەفریقییەكان‌وئۆقیانوسیا باپیرە مردووەكان بەشداری لە (ضبط)ی كۆمەڵایەتیدا دەكەن، بەوپێیەی خەڵكی لەسزا ڕۆحانیەكانیان دەترسن كاتێك لە ڕێسا كۆمەڵایەتیە كارپێكراوەكان لادەدەن.[١٦]

**دەمارگیری خێڵایەتی :**

چەمكی دەمارگیری لە بنەڕەتە ئەوروپییەكەیەوەولە ناوی لاتینی "بڕیاری پێش وەخت – praejudicium" داتاشراوە. ئەو چەمكەش تا گەیشتووەتە ئەو واتایەی ئەمڕۆ چەندەها گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانكاریانەش لە سێ قۆناغدا خۆ دەنوێنن كە بریتین لە :

١. واتای كۆن : بڕیاری پێشوەختە، كە لەسەر بنەڕەتی بڕیاروشارەزاییە كردارییەكان دادەمەزرێت.

٢. دواتر لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو چەمكە واتای بڕیارێكی دەگەیاند كە دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو دەردەكرا پێش ئەوەی ڕاستیەكانی ئەو بابەتە تاقیبكرێتەوە یاخود بپشكنرێت. واتە لێرەدا وەك بڕیارێكی خێراو نەبەكام premature وایە.

٣. دواتر ئەو چەمكە خەسڵەتی هەڵچوونی ئێستای بەدەستهێنا، جا بە باشێتی بێت یاخود بە خراپی. كە هاوڕێ بوو لەگەڵ بڕیاری پێشینە كە هیچ بەڵگەیەك نەبوو پشت ئەستووری لێبكات.[١٧]

ئەمە ئەو سێ قۆناغە مێژوویەیە كە چەمكی دەمارگیری پێیدا تێپەر بووە، پێدەچێت پێناسەكە لە قۆناغی كۆتایی نزیكتربێت لەو وێنەیەیەی لەكاتی ئێستادا دەیبەخشێت.

(ئولبـــوورت) پێیوایـــە كـــورتترین پێناســـە بـــۆ دەمـــارگیری بریتییـــە لـــە : "بیركردنەوەیـەكی خـراپ دەربـارەی ئـەوانی تـر بـە بـێ بـوونی بەڵگەگـەلێكی تەواو". (ئیرلیك – H. Ehrlick) لەگەڵ ئەو پێناسەیە دەڕوات‌وئاماژە بـەوە دەدات كـە "دەمـــارگیری ئاراســـتەیەكی نەژادییـــەو بەنـــەبوونی چـــاكێتی پێیـــدا دەناسـرێتەوە" . هـەروەها (كریتش‌وهاوڕێكـانی) بەمـشێوەیە پێناسـەی دەكـەن : "ئاراستەیەكە بـە خـراپ ڕوانـین بـۆ بابـەتێكی دیاریكراو دەناسـرێتەوەوكۆمەڵە قـاڵبێكی شـێوەیی تونـدی گـشتی لـەخۆ دەگرێـت كـە ئەسـتەمە بگۆردرێـت، دوای فەراهەمبوونی زانیاریگەلێكی جیاواز لە ئەو".

هـەروەها (مـاردن)و(مـایر)- Marden & Mayer) یـەكران لەسـەر ئـەوەی دەمـارگیری ئاراسـتەیەكە بـە خراپـی نوانـدن دژ بـە كۆمـەڵێكی دیـاریكراو دەناسرێتەوە كە لە تواناوتوانای هەموو ئەندامەكانی كەمدەكاتەوە).

بـە هـەمان شـێوە (ڕوز – A.Rose) جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە ئاراستەیەكی سلبییە بەرانبەر كۆمەڵێكی نەژادی یاخود ئاینی یان نەتەوەیی).[١٨]

بـەلای (ئـیبن خەلـدون)یـشەوە دەمارگیری لـە گـرنگترین ئـەو خاڵانەیـە كـە دەشتەكێتی (البداوة) لە شارستانێتی (الحضارة) جیا دەكاتەوە. چونكە لـە دەشـتدا مرۆڤەكان توندوتیژوبەسەرخۆدا داخراون (نـەژادەكانیان بەڕاشكاوی پـارێزراون). بەڵام لە شاردا ئەو توندوتیژی‌وداخرانە زەروری نین، لێـرەوە "تێكـڕای نـەژادەكان گەنـدەڵ دەبـن یـاخود تێـك دەچـن، بۆیـە دەمارگییەكـەش ئـاوا دەبێـت‌ودواتر خێڵایەتیش پەرش‌وبڵاو و بەبێ وابەستەیی دەمێنێتەوە".[١٩]

خێـڵ لـە كۆچـەرێتیدا لـە جێگـەی دەوڵەتـە. تـاك ئاسایش‌وهێمنی‌وچاودێری تێدا دەستدەكەوێت، لەو تێڕوانینـەدا هەركەسـێك سەر بـە خێڵێـك نـەبێت، خۆی هەرچەندە بەهێزوئازاش بێت، كۆتاییەكەی لەناوچوونە.





تاكی خێڵەكی زۆر پشت بـە ئازایـەتی‌وهێزی تایبـەتی خـۆی دەبەسـتێت، بـەڵام هەندێجار دەبینی ئەوە بە تـەنها بـەس نییـە، چونكە كاتێـك ڕووبـەڕووی هەنـدێ مەترسـی دەبێتـەوە، بـە تـەنها نـاتوانێ لێـی دەرباز بێـت، خێڵـی بـەهێز زۆرجـار پارێزگاری ڕۆڵەكانی دەكات، بۆ هەرشوێنێك بچن و، هەڕەشـەی تۆڵەسـەندنەوە لـە هـەر كەسـێك دەكـات كـە بیـەوێت دەسـتیان بـۆ درێـژ بكـات. ئەگـەر یـەكێكیان بەدەسـتی یـەكێك لـە خێڵێكـی تـر بكوژرێـت، هـەموو خێڵەكـە هەڵدەكوتنـە سـەریان‌وداوای خوێنەكـەی دەكـەن، ئەگـەر نـەتوانن بكوژەكە بكوژنـەوە، ئـەوا لـە بری ئەو هەركەسێك بێت ئەیكوژنـەوە، شایەنی باسـە ئەوەنـدەی تـاك چاوەڕوانی پارێزگارییـــە لـــە خێڵەكـــەی، هێنـــدەش خێڵەكـــەی چـــاوەڕوانی قوربانی‌وفیداكاری‌وگوێڕایـەڵی ئـەوە. خێڵەكـە بـە پەلـە پارێزگاری دەكات‌وتۆڵەی دەسێنێت، هەروا تاكیش بە پەلـە بـە هانایـەوە دەچێت‌ولە تەنگانـەدا قوربـانی لـە پێناویدا دەدات. بەرژەوەنـدی هاوبـەش لـە نێوانیانـدا هەیـە، ئـەم بـە خێـڵ پشت ئەستوورە و، خێڵیش بەوەوە پشت ئەستوور دەبێت.[٢٠]

بـەهاناوە چـوونی ڕەهـا، خوییـەكی خێڵەكییـە و، نـاتوانن دەسـتبەرداری بـن. ئەگەر خێڵەكە داوای فریاكەوتنی لـە تـاك كـرد. بـۆی نییـە بپرسـێت یـان دوودڵـی بكات، بەپەلـە دەسـت دەداتـە چـەكەكەی‌وبەدوای هـەر ئامانجێكـدا ڕادەكـات كـە بەرەوڕووی دێت. هەروەها خێڵەكەش نابێ بپرسـێت یـاخود دوودڵـی بكـات ئەگـەر یەكێك لە ڕۆڵەكانی هانای بۆ هێنا.

### دووەم : سیستمی خێڵایەتی لە كوردستاندا

"سروشتی كوردەكان لە هەزار ساڵ پێش لە دایكبوونی مەسیحەوە تـا سـاڵی (١٩٠٠) گـۆڕانێكـی نـەوتۆی بەسـەردا نـەهاتووە. نـەوان (واتـە كوردەكـان) گـەلێكی بەهێزوبـەهرەدارن، مامەڵـەی جـوان دەكـەن، لەگەڵ ئەوەشدا كەموكورتیەكیان هەیە كە بە گەلێكی دواكەوتوو دەیانهێڵێتەوە، ئەویش ئەوەیە كە تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان لـە ژیـانی خێڵەكـی ڕزگاربكـەن" (وگرام)



هەواڵنامەی كتێب

بونیادی کۆمەڵایەتی باو لە کۆمەڵگەی کوردیدا بونیادی خێڵەکیە، سیستمی خێڵایەتی لە مێژوویەکی دێرینەوە باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشاوە. بۆیە مێژووی خێڵ بەشی شێری مێژووی کوردی پێکهێناوەوخێڵایەتیش بەناخی مێژووی کورددا ڕۆچووە! هەرچەندە کوردەکان هەموویان خێڵەکی نین، لەگەلەك جێ ئەوانەی سەر بە هیچ خێڵێك نیین، زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن. بەڵام هەروەك (مارتین فان برونەسن) دەڵێت : "نا خێڵەکیەکان نێزیکە لە گشت سەردەمێکدا، (لایەنی کەم تا ئەم سەروەختە) لە ڕووی سیاسیوئابوورییەوە پەیوەستەوپێبەندی کوردە خێڵەکییەکان بوون، واتە دیاردەی فیۆدالیزم بەسەر شیرازەی خێڵدا زاڵە".[٢١]

خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەنی خەسڵەتوتایبەتمەندێتی تایبەتی خۆیەتی کە لە خێڵی کۆمەلگاکانی تری جیا دەکاتەوە. جا هەر خێڵێك خۆی بەیەکەیەکی سەربەخۆی جیاواز لە خێڵوبەشەکانی تری کۆمەلگا دەزانێتوخاوەنی سنوری تایبەتی خۆیەتیوهیچ خێڵێکی تر بۆی نییە لەسەر پانتایی جوگرافیای ئەو هیچ چالاکیەکی ماکیومینۆکی "ماددیومەعنەوی" خۆی جێبەجێبکات.[٢٢]

تەنانەت لە لایەنی سیاسیشەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، چونکە خێڵ لە هەموو ڕەوشتێکی سیاسیدا ئامادەیە، ئامادەگی تەواوی لە ناو وشیاریوئاگایی تاکەکاندا هەیەوڕاستەوخۆ سەر لەبەری پەیوەنییەکانیشی ئاراستە دەکات.[٢٣]

کۆمەلگای خێڵەکی کوردی بە بەردەوامی ڕۆشنبیرییەکەی ماوەتەوەوجێگیربووە، ئەو ڕۆشنبیریەی کە شێوەیەکی دیاریکراوی لەخۆ گرتووەولە نێو هەموو خێڵەکاندا بڵاوبووەتەوە، بە شێوەیەك کە یەکێتییەکی کۆمەلایەتیو وابەستە بوونێکی پتەوی پێکهێناوە کە لە تێکڕای کۆمەلگاکانی تر





جیای دەکاتەوە. لەبەر ئەوە کەسایەتی کورد لە کاتی دروست بوونیدا شێوەیەکی دیاریکراوی لەخۆ گرتووە کە لەگەڵ شێوە ڕۆشنبیریە باوەکەی کۆمەڵگەی کوردیدا گونجاوە.

لەبەر ئەوەی کەسێتی ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری باوە، کەسێتی کوردیش مۆرکێکی تایبەتی لەخۆ گرتووە کە لە غەیری خۆی جیای دەکاتەوە. لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانداولەگەڵ گۆڕانی کاتوبارودۆخەکاندا مۆرکێکی نەگۆڕ "عدم التغییر"ی هەیە. ئەم کەسێتیەش هەندێ جار بارودۆخ لاوازوهەندێ جاریش بەهێزی دەکات. لە هەندێ ماوەدا دەوروژێنرێتولە هەندێکی تردا هێور دەبێتەوەو، وەڵامدانەوەی بۆ ژیاروشارستانیەتە جۆراوجۆرەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرکە جیامەند "ممیز"ییەکەی خۆی لەدەست نادات. لەکاتی ئاڵوگۆڕوهەلگەڕانەوە "تقلبات"ی بارودۆخەکاندا مۆرکە گشتیەکەی بەهێزوجیامەندەوبە چەندەها قەیرانی نالەباردا تێپەڕیوەوتوانیویەتی خۆی لەبەردەم نوشوستیە توندەکاندا ڕابگرێت.[٢٤]

ڕیشەی دروست بوونی کەسێتی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بناغەی یەکەم.. بۆ خێڵە کوردییە جیاوازەکان "خاوەنی یەك نەژاد" کەوا بە هۆی ژنوژنخوازیوبیرەباوەڕی ئاینیوهاوشێوەیی خوونەریتەکانیان. ئەم بنەمایانە تا ئەندازەیەکی زۆر چەسپاوە لە کەسێتی کورددا، کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەردەکەوێت لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکاندا.

لەگەڵ ئەو قاڵبە نیمچە چەسپاوانەدا، چەند سیفاتێکی ناوەندی هەن کە توانای ئاڵوێروگۆڕانیان هەیە لە ئەنجامی کارتێکەرە ژینگەیی و پەروەردەییەکاندا"المؤثرات البیئیةوالتربویة".[٢٥]

بەڵام زۆر بە کەمی ئەم سیفەتە ناوەندیانە لە خێڵی کوردیدا بەدی دەکرێن!

لەبەر ئەوەی کارتێکەرە ژینگەیی‌وبارودۆخە گشتیەکان‌وتێکرای هۆکارە جیاوازەکان لەسەر یەك میتۆد "منهج" بە شێوەیەکی نیمچە نەگۆڕی بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکان ماونەتەوە.

گۆڕان لە کەسێتی تاکی کوردیدا بە تایبەتی لە کاتی تەنگژە خێڵەکیەکاندا ڕوودەدات، ڕەفتار "سلوك" وبیروباوەڕوسروشتی کتوپڕ دەگۆڕێت. بەڵام ئەم گۆڕانە بەردەوام نابێت‌ودرێژخایەن نابێت. هەر لەبەر ئەمەیە زۆر جار کەسێتی کوردی بەهەڵەشەیی‌ودڕندەیی وەسف دەکرێت، ئاشکرایە ئەم ڕەفتارە بەرەنجامی هۆکارێکی کاتیە! زۆر جار دەبینین کە مرۆڤێکی هێمن‌و لەسەرخۆ لە ژیانی ئاساییدا دەگۆڕێت بۆ کەسێکی دڵ ڕەقی چەك هەڵگروبە توندی حوکم بەسەر هاوسێکەیدا دەداتو، هەوڵ دەدات سزایەکی سەختی بدات لە بەرامبەر ڕەفتارێکی ئەو هاوسێیە کە ئەنجامیداوە لەکاتی ئەو تەنگژانەی کە باسمان لێوەکرد.[٢٦]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە دیاریکردن‌وبەرجەستە بوونی شێوەیەکی تایبەتی بۆ خێڵە کوردییەکان، ئەویش تۆبۆگرافیای کوردستانە، لەبەر ئەوەی ڕێگای دروست بوونی داموەدەزگای خێڵایەتی بە -شێوەیەکی سروشتی- نەداوە، چونکە زەوی لەباروەدەشت کەم بووە، ئەمیش بووەتە هۆی نیشتەجێ نەبوونێکی هەمیشەیی‌وبەرفراوان، کە بتوانرێت بناغەی شاری لێوە بنیات بنرێت، بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی داموەدەزگای خێڵایەتی بەرجەستە نەبووە. بارودۆخ بەو شێوە خێڵکیە ماوەتەوەوگۆڕانێکی بەرەو باشتروبۆ ئاستێکی باڵاتری بەسەردا نەهاتووە.

تەنانەت زۆری بەربەستە سروشتییەکان زۆرجار خێڵەکانی لەناو خۆیاندا لە یەکتر جیا کردووەتەوەوپەرتەوازەی کردون. ئەویش لە ئەنجامی زیادبوون‌وفراوانبوونی خێڵ ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی هاوسەنگی ناو یەك خێڵ یاخود خێڵە جیاوازەکانی تێکداوە. ئەمە چ لە ڕووی کەمی موڵك‌وزەوی خێڵەوە بێت





یاخود لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەتی خێڵەوە بێت.

هەموو بنەماڵەوتیرەیەك لە بنەماڵەوتیرەکانی خێڵ پاش ئەوەی گەشە دەکەن‌وژمارەی تاکەکان‌ورووبەری زیاد دەکات، هەوڵی پاراستن‌وپارێزگاری ئەو ئاستەی کە پێی گەیشتووە دەدات. ئەم دیاردەیە لە دەروونی سەرکردەوئەندامانی خێزانی فەرمانڕەواکاندا منێتی "أنانیة"یەکی دروست کردوەو، گیانی ڕقوکینەی لە ناخیاندا تۆخ کردووەتەوە.

سەرەڕای ئەوەش جگە لەو سنورە دیاریکراوەی کە پێی گەیشتوون، هیچ ئاسۆیەکی تر لەودیووی ئەو سنوورەوە نابینن، یاخود بەنامۆ تەماشای دەکەن. ئەمەش بووەتە هۆیەك بۆ ئەوەی تاکەکانی خێڵ بیر لە بەرژەوەندی گشتی "نەتەوە" نەکەنەوە، بێگومان ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆ کردنی گەورەترین تاوان کە زیان لە خۆیان‌وکۆمەڵگاکەیان دەدات بە شێوەیەکی گشتی‌ودەیانخاتە دۆخێکی دۆگما بوونەوە! دۆگمابونیش ئەگەر چووە ناو هەر کۆمەڵگایەکەوە ئەوا بەسیەتی بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێت.

بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە سیستمی خێڵایەتی لەناو کوردا بە درێژایی چەندەها سەدە بمێنێتەوە، هەروەکو "وگرام" باسی لێوە دەکات مانەوەی خێڵیش ڕێگر بووە لەبەردەم گەشەکردنی تاك‌وگەشەپێدانی بەهرەکانی، بە واتایەکی تر تاکی لەنێو بۆتەی خێڵایەتیدا تواندووەتەوە!

لەبەر ئەوەی کەسایەتی مرۆڤ "الشخصیة الانسانیة" بەرهەمی تەفاعولی نێوان سروشتی مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتیە "البیئة الاجتماعیة"، سروشتی مرۆڤیش ڕەگەزێکی تاڕادەیەك نەگۆڕە، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕەگەزێکی گۆڕاوگەشەکردوو بووە.[٢٧] ژینگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ئاستێکی نزمی گەشە کردندا بووەوبە شێوەیەکی نیمچە دۆگمایی ماوەتەوە، کە ڕێگای نەداوە

ھەواڵنامەی کتێب

به تاکی کوردی بەهرەوتوانا سروشتییەکانی بخاتە گەڕوسوودیان لێ ببینێت. بۆیە کەسایەتی تاك لە ناو خێڵدا لە ئاستێکدا ماوەتەوە و گەشەیەکی وای نەکردووە، واتا توانای بەهرەکانی تاك بەهەدەر چوون ولە خزمەتی تایبەتی خێڵدا بوون. جا ڕژێمە ڕامیاری وئابوری وپەیوەندییەکانی نێوان خەڵك بەبێ گەشەکردن ماونەتەوە.

ئەم پەیوەست بوون وپەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە، کەوا بەرژەوەندی تاك وکۆمەڵ لەناو خێڵدا دابین دەبێت! بەسەر هەستی تاکەکاندا زاڵ بووە. تاك لەناو خێڵی کوردیدا هەستی وەکو ئەندامێك لە خێڵەکەیدا لە پێش هەموو هەستێکی تر و، تاك پابەندبوون و ئیلتزاماتەکانی لەگەڵ خێڵەکەیدا بەهێزترە لە هەموو پابەد بوونێکی تر، لەبەر ئەوەی خێڵی کوردی خۆی بە "خاوەن"و"زاڵ" دادەنێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە خێڵدا و، وە ئەو پارچە زەوییە جوگرافیە تەسکەی کە خێڵەکە ژیانی تیادا بەسەر دەبات بە "نیشتمانی گەورەی"ی خۆی دەزانێت. ئەوەش هۆکارێکی لاواز بوونی هەستی پیرۆزی "نیشتمان پەروەری" بووە, لەهەمان کاتدا هەستێك بووە کە باڵی بەسەر هەستی دروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتووی کوردیدا کێشاوەو نەیهێشتووە تاکی کورد ئەو هەستەی دەربکەوێت و بخەملێت.[28]

لەبەر ئەوەی ژینگەی کۆمەلایەتی کۆمەلگای کوردی بەبێ توانایی و"مقومات"ێك ماوەتەوە، بۆیە نەیتوانیوە یارمەتی تاکی کوردی بدات بۆ گەشەکردنی کەسایەتی وبەرز کردنەوەی ئاکارەکانی، لەبەر ئەوە "خەفە بوون وکپ بوون" بووەتە کۆتی گەردنی مرۆڤی کورد، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە زۆر جار لابدات وبە مەبەستی دەربازبوون لەوکۆتانە هەڵەی گەورە بکات! بەمەش زیان لە کۆمەلگای کوردی -بەشێوەیەکی گشتی- بدات. کپ بوونی تاکەکان هەر لەو چاوگەوە سەرهەڵدەدات کە تاکی خێڵەکی لە ژێر سایەی خێڵدا پەروەردە دەبێت، و "بەها"و"خوونەریت"ەکانی لەوەوە وەردەگرێت.

بەمشێوەیە تاکی کوردی لە ئامانج وبنەما وشێوازەکانی بیرکردنەوەوژیان تێیدا،





پەیوەنداریێتی "إنتماء"ی بۆ خێڵ دەبێت ولەگەڵیدا کۆك دەبێت، لەبەر ئەوەی دەوروبەر ڕێگای جوڵەی پێنادات، وە ئامرازەکانی پێشکەوتن وگەشەکردنی بۆ ئامادە ناکات وگەشەی کەسایەتیەکان سنوردار دەکات! بۆیە تاکی کوردی هەست بە کپی ومەحرومی دەکات.

مرۆڤی کورد ئەگەر پێداویسی و"مقومات"ە فێرخوازی وڕۆشنبیرییەکانی بۆ دابین بکرێت، ئەوا ڕۆشنبیرییەکەی گەشە دەسەنێت وئاسۆی بیری فراوان دەبێت و بۆ خۆی چەند ئامانجێك دیاری دەکات کەوا لەگەڵ ئامانجی تاکە خێڵێکدا ڕێناکەوێت. بەمەش کەسێتییەکەی پەرە دەسەنێت وکۆتەکانی دۆگما بوون دەشکێنێت.[29]

بەلام خێڵ لە واقعی کۆمەلگای کوردیدا -وەکو باسمان کرد- ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لە مراندنی تواناکانی مرۆڤی کوردوپوکانەوەی عەقڵیەتی داهێنەر ودواکەوتنی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

بۆیە پێویستە ئەو ڕاستیە فەرامۆش نەکەین کەوا سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا، کە لە پابەندبوونێکی بەهێز بە خوونەریتەکانی خێڵ وجۆرە داخراوییەك -کە زۆر جار بووەتە قەڵغانێك لەبەردەم شاڵاوی بەردەوامی دڕندانەی داگیرکەران- خۆی دەنوێنێت، کە ویستویانە کورد لە نێو بۆتەی نەتەوەیی خۆیاندا بتوێننەوەوبوونی کورد لەسەر سەکۆی کوردستان بسڕنەوە!

پارێزگاریکردنی خێڵ لە خێڵێتی خۆی لە هەمان کاتدا پارێزگاریکردنێکی نەتەوەیی کوردی بووە، کە بوونی خۆی لە سیستمی خێڵایەتی لە کوردستاندا بەرجەستە کردووە. بۆیە لەم لایەنەوە خێڵی کوردی ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی کاریگەری بینیووە! بەرچاوترین نمونەش لە مێژووی نوێدا هەوڵە شۆڤێنیەکانی حکومەتی تورکیا بوو, بۆ سڕینەوەونەهێشتنی مەشخەڵی تەقلیدوفۆلکلۆر لە کوردستانی باکور، کە بە توندی هەرەسی هێنا.

خاڵێکی تری گرنگ لە کۆمەڵایەتی کوردا ژیانی ڕەوەندوکۆچەرییە، لەبەر ئەوەی ژیانی کۆچەریو ڕەوەندیو گەرمیانو کوێستان لە کوردستاندا باو بووە، ئەمەش چ لە ئەنجامی خۆپاراستن بێت لە هێرشی داگیرکەران کە بەرەو چیاکان هەڵکشاون، پاش کشانەوەی داگیرکەران دابەزیونەتە خوارەوە، دیارە کوردستانێکی پڕ شەڕوشۆڕش ئەم بارە چەندجارە دەکاتەوەوماوەی نیشتەجێبوونێکی بەردەوام نادات.

یاخود لە ئەنجامی وشکیوکەمی باران بارین گەرمیانوکوێستان لە کوردستانداتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش هەر درێژەی هەبووە. بێگومان ئەم هۆکارەبووە کەوا نەیهێشتووە دامودەزگای بەڕێوەبردن لە کوردستاندا بە شێوە سادەکەی نەبێت نەیەتە بوون! چونکە دامودەزگا بەرەنجامی نیشتەجێ بوونە، بۆیە زیاتر لەلای تاکی کورد ئەوەندەی پشت بەستن بە "عورف"و"عادات" باو بووە، ئەوەندە پشت بەستوو نەبوون بە یاسایەکی نوسراوەوە، ئەوەشی بەنوسراو هەیە زیاتر هاوردەی دەرەوە بووە نەك گەلاڵەبووی ناوخۆ.[30]

بەردەوام بوونی ئەم کۆچ کردنە وای لە خێڵە ڕەوەندەکان کردووە کە لە زەوییەکی دیاریکراووتایبەت بەخۆیان نیشتەجێ نەبن، ئەمەش بووەتە هۆیەك کە نەتوانن وەکو پێویست هەست بە پەیوەست بوونی خۆیان بە نیشتمانەکەیانەوە بکەن، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی لاوازبوونی هەستی نیشتمان پەروەری بووە!

تەنانەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کە دەوڵەتە شۆڤێنیەکانی تورکیاوئێرانوعێراق خەریکی بەهێزکردنی دەسەڵاتوچەسپاندنی پایەکانی حکومەتەکانیان بوون.. خێڵی جاف -کە گورەترینوبلاوترین خێڵی کوردە- دانی بە سنوری نێوان عێراقوئێراندا نەدەنا! لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەم داننانە "اعتراف" کوردستانەکەیان بەش بەش دەکات! بەڵکو لەبەر ئەوەی لە گەرمیانوکوێستانیان دەکات. لە یەکێك لەو دوو وڵاتەدا نیشتەجێیان دەکات! واتە هەستێکی کورت بین بوو! ڕەهەندەکانی ئەودیو سنورەکانیان نەدەبینی !!





## سەرچاوەکان


[١] هاشم طه عقراوی : الاسس النفسية والاجتماعية للقبائل الكردية، كركوك، ١٩٧١، ل٣٠.
[٢] باسيل نيگيتين : الاكراد، دار الروائع، بيروت، ١٩٦٧، ل٥٠.
[٣] هاشم طه عقراوی : سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.
[٤] قيس النوری : المدخل الی علم الانسان، وزارة التعليم العالی والبحث العلمي، ل٢٠٣.
[٥] شاكر مصطفى : قاموس انثروبولوجيا (انكليزي - عربي)، جامعة الكويت، ١٩٨١، ل٩٨٩.
[٦] قيس النوري : سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.
[٧] عەتا قەرەداخی : بنەما مێژووییەکانی کێشەی نێوان یەکێتیوپارتی دەمارگیری (خوێن - نەسەب)وتەریقەت، گۆڤاری سەراب، ژمارە ٣-٤، هەولێر، زستانی ١٩٩٦، ل١٢.
[٨] هەمان سەرچاوە، ل١٢،١٣.
[٩] ابن خلدون : مقدمه ابن خلدون، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٨، ل١٣٩،١٤٠.
[١٠] قيس النوري : سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.
[١١] هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.
[١٢] هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.
[١٣] ڕێبین ڕەسول اسماعیلودیارعەزیز شەریف: ئەنترۆپۆلۆژیا(لێکۆڵینەوەی تیۆری،دەزگای چاپوپەخشی ڕێبین، چاپی یەکەم،٢٠٠٤، ل٢٥٣.
[١٤] هەمان سەرچاوەولاپەڕەی پێشوو.
[١٥] قيس النوري : سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.
[١٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.
[١٧] اتجاهات التعصبية.
[١٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل
[١٩] صائب عبدالحميد : فلسفة التأريخ في الفكر الاسلامي، دار الهادي، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٧، ل٣٥١.
[٢٠] عەلی وەردی : کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەك دەربارەی سروشتی ئێراق، (وەرگێڕانی : خەبات مەحمود فەتاح)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ل٨٩،٩٠.
[٢١] ئاغاوشێخودەوڵەت، (وەرگێڕانی : کوردۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٨.
[٢٢] عەتا قەرەداخی : بنەما مێژووییەکانی کێشەی نێوان.........، گۆڤاری سەراب، ل١٣.
[٢٣] ڕەشاد میرانی : سیماکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا (چەند سەرنجێکی تیۆری مەیدانی)، گۆڤاری زانکۆ، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر- ژمارە ٣، ١٩٩٨، ل٥٦.
[٢٤] هاشم طه عقراوي : الاسس النفسيه........ ل٣٠-٣١.
[٢٥] هاشم عقراوي : الاسس النفسيه.... ل٣١.
[٢٦] هەمان سەرچاوەوهەمان لاپەڕە.
[٢٧] هاشم عقراوي : الاسس النفسيه.... ل١٠.
[٢٨] عەتا قەرەداغی : ڕۆڵی سروشتی جوگرافیوتۆبۆگرافیا لە شێواندنی مێژوودا، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە ٨، هەولێر، ل١٧.
[٢٩] هاشم عقراوي : الاسس النفسيه.... ل١١.
[٣٠] عەبدولڕەحمان سدیق : خوێندنەوەیەکی ئیکۆلۆژیانە بۆ کەسێتی کوردی، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژمارە ٥١، هەولێر، نیسانی ١٩٩٨، ل١٠١.

هەواڵنامەی کتێب

## مـــــێژوو

❖ جینۆسایدی کورد لە باکوری کوردستان

لە ماوەی سەدەیەکدا.

❖ هێرشی ناپلیۆن بـۆ ســـــەر میســر و

لەدەستگرتنی دەسەڵاتی فەرەنسا.

# جینۆسایدی کورد لە باکوری کوردستان لە ماوەی سەدەیەکدا

خ. سەلام عەبدولکەریم

"خوێندنەوەولێدوان لەسەر کتێبی یاسا دەستورییەکانی تورکیاوکورد لە سەردەمی نوێدا"

## بۆ مەرگی حەسرەتیان

بە داخێکی زۆرەوە ڕۆژهەڵاتناسوکوردناسی گەورەی سۆڤیەتی (م. ئە. حەسرەتیان) لە مانگی (٢٠٠٨/٣) کۆچی دوایی کرد. لە ڕاستیدا نوسەری ئەم کتێبە خزمەتێکی بێ وێنەی بەرامبەر بە کورد لە مێژووی ژیانی زانستی خۆیدا کردووە، بە جۆرێك نزیکەی (٥٠) لێکۆڵینەوەوکتێبی دەربارەی مێژووی کورد نوسیوە، کە ئەم کتێبەیان (یاسا دەستورییەکانی تورکیاوکورد لە سەردەمی نوێدا) یەکێکە لەو شاکارە گرنگانەی ناوبراو کە لەلایەن بە ڕێز (د. دلێر ئەحمەد)ەوە لە ڕوسیەوە کراوە بە کوردیوکەلێنێکی زۆر گەورە لە مێژووی کورد لە باکوری کوردستان پڕدەکاتەوەودەتوانم بڵێم کتێبێکی دۆکیۆمێنتارییە سەبارەت بە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە ماوەی سەدەیەکدا (لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم) دژ بە کوردی باکوری کوردستان دەرکراونو، سەرجەمیان گوزارشتن لە جینۆساید کردنی ئەو نەتەوەیە لە تورکیا. بۆیە بەر لەوەی ئەم کتێبە هەڵبسەنگێنین جێگەی خۆیەتی ڕێز لە ماندووبوونوتێکۆشانی حەسرەتیان بگرینوهەرگیز لە یادی نەکەین. بەوەی خزمەتێکی گەورەی بە ئێمە کردووە.





## پێشەکی

کێشەی کورد چ لە ڕابردوو، چ لە ئێستاشدا، یەکێکە لە کێشە بنەڕەتیەکانی تورکیا بەجۆرێك سەرجەمی شۆڕشوڕاپەڕینەکانی کوردی باکوری کوردستان، خەباتوتێکۆشان بووە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی کوردوهەوڵدان بۆ سڕینەوەی کۆتایی هێنان بە سیاسەتی جینۆساید کردنی کورد، کە لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی تورکەوە پیادەکراوە.

بێگومان تورك بۆ پیادە کردنی سیاسەتوهەڵسوکەوتی شۆڤێنیانەی خۆیان چەندین شێوازیان گرتۆتەبەر، بە تایبەت لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە بە سەرۆکایەتی (مستەفا کەمال ئەتاتورك). ئەم جینۆساید کردنەش لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیوتەنانەت نێودەوڵەتیش پراکتیك کراوە. لە هەموو گرنگتر جینۆساید کردنی کورد بووە بە یاساولە ڕێگەی ماددە یاساییەکانی نێودەستورە جیاوازەکانی تورکیاوە بە جۆرێك گیانی تۆرانچێتیوکەمالیزم تا ئێستاش لە لە دەستوورومادده یاساییەکانی وڵاتی تورکیا دەچۆڕێت.

بۆیە گرنگە خوێنەری کورد لە میانەی ئەم کتێبەوە هەموو ئەو ماددەوبەندە یاساییانە بزانێت کە تورکیا لە ماوەی کەمتر لە سەدەیەکدا بۆ قڕکردنی کوردی باکوری کوردستان دەریکردووەودایناوە. لێرەوە لێدوانوخوێندنەوەی خۆمان بۆ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەخەینە ڕوو.

## دەربارەی پێشەکیەکەی د. ڕەفیق سابیر

ئەم کتێبە لە لایەن بە ڕێز (د. ڕەفیق سابیر)ەوە پێشەکی بۆ نوسراوەولە ڕاستیدا ئەم پێشەکیە سەرەتایەکی جوانە بۆ چوونە نێو کتێبەکەوە، هەرچەندە بەش بەحاڵی خۆم تێبینیم لەسەری هەیە، بۆیە ناونیشانی پێشەکیەکەی



هەواڵنامەی کتێب

د. ڕەفیق بەناوی (دەستوری ئایدۆلۆجیاوئایدۆلۆجیای دەستور)ە، کە سەرجەم مادده یاساییەکانی لەسەر دامەزراوەوبەڕای د. ڕەفیق دەستوری تورکیا کەمترین سیمای دەستوری دیموکراسی پێوە دیارەوئەوەی پاڵنەری پشتەوەی دەستوری تورکیایە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئایدۆلۆجیا بووە، بە شێوەیەك بریتیە لە ئایدۆلۆجیای پانتۆرانیزم‌وکەمالیزم‌وزۆر گران بوو لە تورکیا کە چەندین نەتەوەوکولتوروزمان‌وئیشی جیاوازی جگە لە تورك تێدا پەیڕەو بکرێت، بەڵام تورك توانی هەموو ئەوانە بخاتە خزمەتی خۆیەوەوپەیڕەوی لێکرد.

د. ڕەفیق لەم پێشەکیەدا باس لە (تیۆری باخچە) دەکات، کە هەر لە سەرەتاوە تورکەکان کاریان لەسەر کردووە، ئەویش ئەوە بوو، کە تورك پێی وابوو نەتەوەی خۆیان وەك باخچەیەکی گەورەوفراوانەوپێویستە بۆ هێشتنەوەی ئەم باخچەیە گژوگیا بێ کەڵك‌وبێ فەڕەکان لەناو ببرێن‌وهەڵکەنرێن، تاوەکو نەبنە بەهۆی ڕاوەستانی گەشەکردنی باخچەکە. دیارە مەبەست لە گژوگیای بێ کەڵك هەموو نەتەوەوزمان‌وکولتورەکانی تری دەرەوەی نەتەوەوکولتوری تورکە. بۆیە زۆر گرنگە لە دۆخی سیاسی تورکیا تێبگەین لە ڕێگەی تیۆری باخچەوە کە تا ئەم ساتەوەختەش کاری لەسەر دەکرێ‌وئامادە نیە ڕاستگۆیانە دان بە بوونی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا بنێت کە نزیکەی (٢٠) ملیۆن مرۆڤی کوردی تێدا نیشتەجێیە.

(کولتورساید). مەبەستی لەوەیە کە تورکیا بۆ سڕینەوەوجینۆساید کردنی نەتەوەی کورد یەکێك لەو کایەوبوارانەی کاری تێدا کردووە، بریتی بووە لە بواری کولتوری کوردوزمان‌وقسەکردن، کە چەندین یاسا دەرکراوە لە تورکیا بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی‌وسەپاندنی زمانی تورکی، کە بە ئێستاشەوە خوێندن لە ناوچە کوردستانیەکاندا بە زمانی تورکیەوزمانی کوردی بە هەموو جۆرێك قەدەغەیەوئەمەش بریتیە لە (کولتورساید)وقڕ کردنی کولتوری نەتەوەیەك بە یەکجاری.





هەروەها هەر لە پێشەکیدا د. ڕەفیق باسی لەوە کردووە کە تەنانەت تورکیا تیری ڕەگەزپەرستی دژ بە کورد پراکتیك کردووە، بە جۆرێك ئەم تیۆرە ڕەگەزپەرستیەی تورك بووە بە بناغەیەك بۆ هەر یەکە لە تیۆرەکانی فاشیزم‌ونازیزم لە ئەڵمانیاوئیتالیا. کە مەگەر خودا بزانێت چ تراژیدیایەکیان لە مێژوودا دروستکردووە؟!

بۆیە لە جینۆساید کردنی کورددا، تورکیا پەنای بۆ هەموو ئامرازەکان بردووەودووودڵیش نەبووە لە بەکار هێنانیان. هەروەها د. ڕەفیق باس لە قەیرانی شوناس‌وناسنامە دەکات لە تورکیا بە درێژایی چەندین ساڵ. بێگومان ئەمە ڕاستە، بۆیە خەباتی کورد چ لە باکوری کوردستان‌وچ لە باشوری کوردستان‌وهەموو پارچەکانی تری کوردستان، خەباتە لە پێناوی پاراستنی ناسنامەوبەدەست هێنانی مافی ناسنامەدا. چونکە دوژمنانی کورد قبوڵیان بووەوئێستا قبوڵیانە کورد ئیسلامی بێ یان مارکسی‌ولیبراڵ‌وچەپ‌وکۆنەپەرست‌وشیعەوسوننەوهەر شتێکی تربێت، بەڵام وەك نەتەوە ئامادە نەبێ کوردبێت، واتە کورد بەدرێژایی مێژوو کێشەی نەتەوایەتی هەبووە، نەك هیچ کێشەیەکی تر. ئێستاش لەگەڵدا بێت کورد بەبێ بەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی‌وبەبێ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بە هیچ شتێکی تر ناتوانێ ئاسودە بژی‌وخواستەکانی بێنێتەدی.

بەڵام ئەوەی وەك سەرنج‌وتێبینی لەسەر کۆتایی قسەکانی د.ڕەفیق سابیر لەو پێشەکیەدا هەیە. ئەوەیە کە ئەو پێیوایە ئەم حزبە نوێیەی لەسەر تەختی دەسەڵاتن (دادوگەشەپێدان) ڕەنگە بتوانێ باشتر مامەڵە لەگەڵ کێشەی کوردا بکات، بەو حکومەی دەرچوونی دووبارەی ئەم حزبە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ئەم دواییەی تورکیادا ئاماژەیەك بوون بۆ بێزاری میللەتی تورك لە کەمالیزم‌وشێوەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی. بەڵام پێشتروبەر لەم جەنگەی دوایی تورکیاو بەزاندنی سنوری هەرێمی کوردستان‌وبە ئێستاشەوە بۆ چوونم

وایە نە دادوگەشەپێدانونە هیچ پارتێکی سیاسی تر لە تورکیا بە خواستی خۆی ئامادە نییە کێشەی کورد چارەسەر بکات و نەمافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەستەبەر بکات. بەتایبەتیش دادوگەشەپێدان کە نەرمی دەنوێنێ، ڕاستە ڕوانینێکی کراوەترودیموکراسیتریان هەیە لە ئاست کێشەکانی تورکیادا، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە ئەم حزبە لەسەر هەڵەوسیاسەتە شکستخواردووەکانی پارتەکانی پێش خۆیان کاردەکەن، بۆیە هەوڵەکانیان عەقڵانیتروداناییانەترەولای جەماوەی تورکیاش قبولکراوە.

من بڕوام وایە ئەوە فشاری یەکێتی ئەوروپاوسەختی پێوەرەکانی بەئەندام بوونی تورکیایە لە یەکێتی ئەوروپا، بۆیە دادوگەشەپێدان لەسەر هەموو ئاستەکان باشتر دێنە پێشەوە، نەك خواستی تورك خۆی. هەروەك بڕواشم وایە ئەوە قورسایی خەباتی کوردوشۆڕشی بەردەوامە چ لەسەر ئاستی سەربازیوچ لەسەر ئاستی جەماوەری ناو تورکیاودەرەوە بە تایبەت لە ئەوروپا وایکردووە تورکیا ناچار بکات کراوەتر لە بەرامبەر کێشەی کورددا ڕەفتار بکات. هەرچەندە هێشتا سوپاوجەنراڵەکانی سوپا خۆیان بە پارێزەری تورکیاوسیستەمی کەمالیزم دەزانن. بەڵام لە سیاسەتیشدا یاریکردنوگەمەوئاڵوگۆڕ هەیە. بەتایبەتی ئەم شەڕەی دوایی تورکیا هەندێ لە لێکۆڵەرەوان پێیانوابوو گۆڕینەوەی لەچكوحیجاب بوو بەرامبەر بەشەڕی کورد. بەجۆرێك ئێستا دادوگەشەپێدان دەستوری خۆیان ئامادە کردووەو وردە وردە دەیانەوێت جێبەجێی بکەن، بێگومان دەستورەکەی ئەوان زۆرترین سیمای ئیسلامی پێوەیەویەکێك لەو گۆڕانکارییانەی بە دەستورکردنیان مەسەلەی ڕێگەدان بوو بە پۆشینی لەچكوجلوبەرگی ئیسلامی لە زانکۆکانی تورکیادا. کەباس لەوە دەکرێ سوپا کاتێك لەسەر ئەم گۆڕانکاریە ڕازیبووە، کە لە بەرامبەردا حکومەت ڕازی بێت لەسەر لەشکرکێشیوبودجەی پێویستی بۆ دابین بکات.

بە هەر حاڵ پێشەکیەکەی د. ڕەفیق لە شوێنی خۆیدایەتیوسەرەتایەکە بۆ ناساندنی ناوەڕۆکی کێشەکە بە خوێنەران.





## دەربارەی پێشەکیەکەی حەسرەتیان

کوردناسی گەورە حەسرەتیان لە پێشەکی ئەم کتێبەدا هەندێ زانیاری گرنگی خستۆتە ڕوو، دەربارەی حەقیقەتی کێشەی کورد لە تورکیا گومانی تێدا نیە بەدرێژایی مێژووی سیاسی تورکیا لە دامەزراندنی کۆمارەوە تا وەکو چرکەساتی ئێستا حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا دەیانەوێت نکوڵی لە بوونی کێشەیەك بە ناوی کێشەی کوردەوە بکەن لەو وڵاتە. بۆیە لە سەردانەکەی ئۆردوگان بۆ ئیسپانیا نکوڵی لە کێشەی کورد کردوئەوەی ڕاگەیاند کە هاووڵاتیانی ناوچە کورد نشینەکانی تورکیا هەمان مافوئیمتیازاتیان هەیە کە تورکێك هەیەتیوئەمە لە کاتێکدایە کە بە ئاشکرا نکوڵی لە نەتەوەیەك بە زمانوکولتوروشارستانیەتیەوە دەکرێت. بۆیە حەسرەتیان ئەوە دەڵێت کە تورکیا بەردەوام پێدادەگرێت لەسەر بوونی کێشەی کوردونکوڵی لێدەکات. هاوکات حەسرەتیان باس لەوەش دەکات کە لە ئامارەکانی سەرژمێر کردنی دانیشتوانی تورکیادا لە فۆرمدا لە بری ئینتمای نەتەوەیی، زمانی دایکیان نوسیوە. ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر عەقڵیەتی شۆڤێنستانەی تورك بێگومان زمانی دایکیش لای تورکیا بریتیە لە زمانی تورکیوسەرجەمی ماددە یاساییەکانی نێو دەستوری تورکیاش جەخت لەسەر زمانی تورکیوڕەگەزی تورکی دەکاتەوە، وەك زمانوڕەگەزی دایك.

هاوکات حەسرەتیان لە پێشەکیەکەیدا ئاماژە بە سەرژمێریەکانی تورکیا دەکات، بەتایبەت سەرژمێری ساڵی (١٩٢٧) کە هێشتا بە گوێرەی ئەو سەرژمێرییە ژمارەی کوردی تورکیا دەگاتە (٢٧٪) بەمەرجێ سەرژمێریەکی وردوبابەتیش نیە، بە حوکمی ئەو زوڵم زۆرەی کە لە دانیشتوانی ناتورکەکان بەگشتیولە دانیشتوانە کوردەکان کراوە بۆ نەوتنی حەقیقەتی ئینتمای نەتەوەیی خۆیان

## سەرنجوتێبینیەکان لەسەر بەشی یەکەم :

**(یاسا دەستوریەکانی تورکیاوڕەوشی کورد لە ساڵانی بیستەکانوسیەکاندا):**

بە حوکمی ئەوەی کۆماری تورکیا تازە دامەزرابوو، هاوکات چەند شۆڕشوڕاپەڕینێکیش دژ بە سیاسەتی تورکەکان بەرپا ببوو، وەك شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانوشۆڕشی ئارارات. بەڵام پێش وەخت بەهۆی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، لە لە ساڵانی بیستەکانوسیەکاندا. لەم قۆناغەدا توندوتیژترین سیاسەتی گرتۆتە بەر لە سەرجەمی ئەو سیاسەتانە بۆ جینۆسایدکردنوقڕکردنی نەتەوەیی کورد بوو لە باکوری کوردستان. بۆ ئەوەی باشتر هەڵوێستی سیاسی تورکیا بزانین بە باشمان زانی قۆناغ بە قۆناغ شێوازوئامرازەکانی سەرکوتکردنوجینۆسایدکردنی کورد لە لایەن حکومەتەکانی تورکیاوە باس بکەین، چونکە هەر سەردەموقۆناغێك لەگەڵ جۆری حکومەتودەستورەکەشیدا، پاشان ئاستوقەبارەی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کورد لە یەکتری جیاوازن.

بەر لەوەی قسە لەسەر ناوەڕۆکی کێشەکە بکەین، بڕوام وایە ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا دەبوو ناونیشانەکەی بریتی بووایە لە (جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد لە باکوری کوردستان لە سەدەیەکدا). وەك بۆخۆشتان پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆتان ڕوون دەبێتەوە.

## شێوازومیکانیزمەکانی جینۆسایدکردنوسەرکوتکردنی کورد لە باکوری کوردستان

١. **لەسەر ئاستی فیکر** / بێگومان کاتێك مستەفا کەمال ئەتاتورك هەستی بە شکستی دەوڵەتی عوسمانی کرد لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کەوتە خۆی بۆ ئەوەی بتوانێت هیچ نەبێت قەوارەیەکی سیاسی بۆ تورکەکان بهێڵێتەوە. بۆیە





لەو قۆناغەدا باشترین میکانیزموشێواز بۆ کۆکردنەوەی نفوزولایەنگر بۆ خۆی بریتی بوو لە شێوازی فیکری، لە ڕێگەی جوڵاندنی هەستی ئاینیوبیرۆکەی پان ئیسلامیزمەوە. بەو حوکمەی زۆرێك لە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیوبەتایبەتی کورد موسڵمانبوونوبە ئاسانی دەتوانرا لەو ڕێگەیەوە سودیان لێوەربگیرێ. بۆیە کەمال ئەتاتورك لە کۆنگرەی ئەرزروم لە ڕۆژی (١٥-١٩١٩/٧/٢٣) بەڕێوەچوو. زمانی کۆنگرەکە بە ناوی ئایینوپاراستنی خاکی موسڵمانەوە دەدویوپرەنسیپی برایەتی ئیسلامی کراوە بە میکانیزمێك بۆ ئەوەی باس لە سەربەخۆیی باکوری کوردستانوتەنانەت ڕۆژئاوای ئەرمینیاش نەکرێت. بۆ نموونە لە بەیاننامەی کۆنگرەکەدا هاتووە : "مسوڵمانان کە لەسەر ئەم خاکە دەژینولە گروپونەتەوەی جیاجیا پێکهاتوونوخاوەن تایبەتمەندی جیاوازن، بەگشتی هەموو ئەو ماکوڕەگەزە ئیسلامیانە بە جۆرێك تەماشا دەکرێن، وەك برای یەکترولەیەك خێزان لە دایك بووبن."ل (١٨). بۆیە بەهیچ شێوەیەك باس لە مافە نەتەوایەتیەکانی کورد نەکراووفەرامۆشکراوە.

هاوکات لە کۆنگرەی (سیواس)یشدا کە لە ڕۆژی (١٩١٩/٩/١١) بەسترا دیسان بیرۆکەی پان ئیسلامیزم شێوازێکی دیکەی تورکەکان بوو، لەلایەك بۆ فریودانی کوردونەتەوە نا تورکەکانی تر، لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆ دزینەوە لە حەقیقەتی ڕەوایەتی مافەکانی ئەو نەتەوانە. چونکە هەر لەم کۆنگرەیەشدا باس لە پاراستنی ڕووبەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەك خاکی مسوڵمانان کراوەونابێ بەهیچ بیانووهۆکارێك پارچە پارچە بکرێت. بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەی ئەرزرومو‌سیواس بوونە بناغەیەك بۆ ئەنجومەنی نەتەوەیی کەلە ساڵی (١٩٢٠) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە دامەزراومادەکانیشی دژی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردی بوون.

٢. **لەسەر ئاستی کولتور** / کاتێك حکومەتی کۆماری تورکیا دامەزرا یەکێك لەو کایەوبوارانەی کە دەیویست سیاسەتەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، بریتی بوو لە بواری کولتوری، واتە لەناوبردنوسڕینەوەی کولتوری کوردی. ئەوەی کە

(د. ڕەفیق سابیر) ناوی دەنێت (کولتورساید). هیچ گومانی تێدا نییە تورکیا لە هەوڵەکانیدا ئامانجی کولتورسایدکردنی کورد بووە لە باکوری کوردستان‌وبۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بەم سیاسەتەی خۆی بدات، لە ڕێگەی ماددە یاسایی‌ودەستورییەکانەوە هەوڵی لە ناوبردنی کولتوری کوردی دراوەودروشمی یەکێتی ئاین‌وکولتور پەیڕەوکراوە. تەنانەت باشترین بەڵگە بۆ کولتورسایدکردنی کورد هەندێ لە ماددەکانی دەستوری تورکیایە لە ساڵانی بیستەکاندا. بۆ نموونە ماددەی (٦٨) دەڵێ : "هەموو تورکێك بە ئازادی لەدایك دەبێت". هەروەها ماددەی (٦٩) دەڵێ : "هەموو تورکەکان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن" بڕوانە لا(٣٢). ماددەی (٨٨) دەڵێ : "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئاینی‌ونەژاد گشتیان تورکن".لا(٢٢).

٣. **لەسەر ئاستی چەمك و زاراوەکان** / کاتێك تورکیا هەستی بە بەردەوامی جوڵانەوەی ڕوگاریخوازی کوردی دەکرد. هەوڵیدا هەر لەڕێگەی ماددەکانی دەستورەوەولەژێر هەندێ چەمك‌وزاراوەدا جوڵانەوەی نیشتمانی کورد لە سکەی سروشتی خۆی دەربکات‌وبیخاتە ژێر ئەو چەمك‌وزاراوانەوە کە بە گوێرەی دەستور مافی گرتنەبەری ڕێ‌وشوێنی یاسایی‌وسەربازییان پێدرابوو. بۆ نموونە زاراوەی (باند)و(چەتەگەری) بەکارهێناوەوتەنها مەبەستیشی خەباتگێڕانی کوردبوو. بۆیە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٣) ئەنجومەنی باڵای تورکیا یاسای ژمارە (٣٥٦) بۆ لەناو بردنی باندنیزم (چەتەگەری) تەرخان دەکات‌وپەسەندی دەکات.

٤. **لەسەر ئاستی چوارچێوە یاساییەکان** / یەکێکی تر لەو شێوازانەی کە تورکیا پاش دامەزراندنی کۆماروبەدرێژایی ساڵانی بیست‌وسیەکانی سەدەی بیستەم گرتیەبەر بۆ لەناوبردنی کوردوکولتوروشارستانیەتەکەی بریتی بوو لە چوارچێوە یاساییەکان، بە جۆرێك لە ڕێگەی ئەو یاسایانەوچوارچێوەکانیەوە تورکیا هەوڵی دەدا نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیەکی تر بکات لە وولاتەکەیان، لانی





کەم ناچار کردنی نەتەوەکانی تر بۆ ئەوەی خۆیان بە تورك دابنێن. لەم بارەیەوە سوێند خواردنی سەرۆك کۆمار پاش هەڵبژاردنی بەڵگەیە لەسەر ئەم شێوازومیکانیزمەی تری جینۆسایدکردنی کورد. دەستوری یەکەمی کۆماری تورکیا کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا لە (١٩٢٤/٤/٢٠) پەسەند کرابوو تیایدا هاتبوو : "هەر تورکێك چ ژن یان پیاو تەمەنی بگاتە (٣٠) ساڵی دەتوانێ خۆی کاندید بکات "ماددەی (١٠). دوای ئەوەی سەرۆك کۆماری تورکیا هەڵدەبژێردرێت دەبێ بەم جۆرە سوێندی یاسایی بخوات : "بەڵێن دەدەم بە شەرەفم کە تا لە پۆستی سەرۆك کۆماریدابم یاساوبنەماکانی کۆماری‌وئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی لەبەرچاو بگرم‌وداکۆکیان لێ بکەمو بە ویژدانێکی ئاسودەووبە هەموو هێزمەوە لە پێناو بەختەوەری نەتەوەی تورکدا کاربکەم". لا(٢١). یان ماددەی (٢) لە دەستوری یەکەمی تورکیا دەڵێت : "زمانی تورکی بە زمانی دەوڵەت دادەنرێت". لا(٢١).

٥. **لەسەر ئاستی نەتەوە** / مەرامی سەرەکی تورکیا لە سەرەتاوە تا کۆتایی جینۆساید کردنی نەتەوەیی بووە، واتە سڕینەوەی هەموو سیماو خاسیەت‌وبوونێکی نەتەوەیی کورد لەو وڵاتە. بۆیە هەر لە ڕێگەی ماددە یاساییەکانەوە گەورەترین جینۆسایدی نەتەوەیی کوردیان پەیڕەو کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە لە گوتارولێدوانی سەرۆك‌وسەرکردەووەزیرەکانیشیاندا بەهیچ شێوەیەك دانیان بە بوونی نەتەوەیی کورددا نەدەنا، بۆ نموونە (عیسمەت پاشا) بە بۆنەی کردنەوەی ڕێگەی ئاسنینی سیواس لە ڕۆژی (١٩٣٠/٨/٣٠) دەڵێ : "تەنیا نەتەوەی تورك مافی داواکردنی نەتەوەیی‌ونەژادی لەم وڵاتەدا هەیە، هیچ توخم‌وڕەگەزێکی تر بۆیان نییە ئەو مافە داوا بکەن". لا(٣٨). لەمە ڕوونتر (مەحمود عزەت بەگ) دەڵێ : "ئێمە لە تورکیا دەژین، ئازادترین وڵاتی دونیایە... تورك گەورەیە، تاکە خاوەن ماڵی وڵاتە، ئەوەی بە ڕەگەز تورکێکی خاوێن‌وپاك نەبێ تەنیا یەك مافی لەم وڵاتەدا هەیە ئەویش ببێتە کۆیلەوببێتە خزمەتکار...". لا(٣٩).

*یان ماددەی (٦٨) دەڵێ : " هەموو تورکێك بە ئازادی لەدایك دەبێت" .هەروەها ماددەی (٦٩) : " هەموو تورکەکان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن"*

**٦.لەسەر ئاستی فیزیکیو جەستەیی** / حکومەتی تورکیا دوودڵ نەبووە لە گرتنەبەری رێوشوێنی سەربازی بۆ سەرکوتکردنوکوشتنی هاوڵاتیانی کورد لە باکوری کوردستان. بۆئەم مەبەستەش چەندین یاسا دەرکراون کە رێگە دەدات بە کوشتنی هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداری لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورددیدا دەکەن. بۆیە کوشتنی هاوڵاتیانی کورد یەکێکە لەو شێوازانەی حکومەتی تورکیا لە ساڵانی بیستوسیەکاندا. بۆ نموونە پرۆژە یاسای ژمارە (٦٨٩) پەسەندکرا کە بە گوێرەی ئەو یاسایە گوللەبارانکردنی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەخاتە مەترسیەوە. هەوەها لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیرانوشۆڕگێڕانی تر بەڵگەیەکی تری ئەم شێوازەی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردە لە تورکیا، جگە لەوەی دژی شۆڕشی ئاراراتوشۆڕشی سەید رەزای دەرسیم بەکار هات. بۆیە حکومەت تورکیا بە سەدان شۆڕگێڕوسەرکردەی کوردی لە سێدارە داوەوگوللەبارانکردووە.

**٧.لەسەر ئاستی شێواندنی دیموگرافی** / یەکێکی تر لە شێوازوسیاسەتە نا مرۆڤانەکانی حکومەتی تورکیا لە ساڵانی بیستوسیەکانی سەدەی بیستەمدا، بریتی بووە لە شێواندنی دیموگرافی دانیشتوانی باکوری کوردستان لە رێگەی راگواستنیانودوور خستنەوەیان لە شوێنی بنەرەتی خۆیان. بۆ نموونە لە رۆژی (١٩٢٥/٥/١٠) ئەنجومەنی تورکیا یاسای ژمارە (١٠٩٧)ی پەسەندکرد کە بە گوێرەی ئەم یاسایە دەستکرا بە راگواستنی کورد لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بەرەو ویلایەتەکانی رۆژئاوا. لا(٢٨).

هەر لەمبارەیەوە کوردناسی فەرەنسی (باسیل نیکیتن) شاهیدی لەسەر راگواستنی کورد دەداتودەڵێ : "لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦-١٩٢٧) دەسەڵاتدارانی





تورکیا نزیکەی یەك ملیۆن پیاو منداڵوژنی کوردیان ئاوارەی رۆژئاوای ئەنادۆڵ کرد" لا(٢٩).

هەروەها لە میانەی شێواندنی دیموگرافیای باکوری کوردستان حکومەتی تورکیا لە رێگەی سەرژمێرییەوە کاریکردووە بۆ کەمکردنەوەی دانیشتوانی کورد. بۆ نموونە لە ناوچەی دەرسیم رێژەی کورد زۆر بەکەمی خراوەتە روو. لەگەڵ زۆر ناوچەی تریش.

**٨.لەسەر ئاستی دەزگاو دامەزراوەکان** / لەگەڵ گرتنەبەری شێوازەکانی تری جینۆسایدکردنی کورددا، حکومەتی تورکیا لە درێژەی سیاسەتەکانی خۆیدا کۆمەڵێك دامودەزگاودامەزراوەی دروستکرد، کە ئامانج لێیان ئەوەبوو کە لەرێگەی ئەو دەزگاودامەزراوە درێژە بە سیاسەتی سەرکوتکردنوجینۆسایدکردنی کورد بدات. یەکێك لەو دەزگایانە کە لە ساڵانی بیستوسیەکاندا دامەزرا لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، بریتی بوو لە دەزگای چاودێری گشتی. حکومەتی تورکیا لەرۆژی (٢٥) حوزەیرانی (١٩٢٧)دا لە رێگەی پەرلەمانەوە یاسای ژمارە (١١٦٤)ی پەسەند کردوبەهۆیەوە دەزگاری چاودێری مەدەنی لە ویلایەتەکاندا دامەزرا. گەر سەیری سەلاحیاتەکانی ئەم دەزگایە بکەین سەرمان سوڕ دەمێنێت. چونکە هێندە سەلاحیاتەکانی بەرفراوانوزۆر بوون کە وێنای حکومەتێکی پچوکیان دەکرد، بە جۆرێك هەموو دەسەڵاتێکی یاساداناوچاودێریوجێبەجێکردنیان پێ بەخشرابوو، تەنیا لە پێناوی سەرکوتکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردیدا.

**٩.لەسەر ئاستی ئابووریو کشتوکاڵی** / حکومەتی تورکیا لە بەهاری (١٩٢٧)دا، پرۆژە یاسای لەبارەی دابەشکردنی زەوی ئاغاودەرەبەگەکان بەسەر جوتیارانی هەژاروبێ زەویدا ئامادە دەکات. بۆیە ئامانجی تورکیا دروست کردنی دووبەرەکیوئاژاوە نانەوە بوو لەنێوان چینەکانی کۆمەڵی کوردی لە باکوری

کوردستان، نەك خزمەتکردنی جوتیاران. چونکە هەموو لایەك دەزانین کەس ئامادە نییە واز لە زەوی خۆی بهێنێ. بە گوێرەی سەرچاوە ڕەسمیەکان حکومەتی تورکیا تا مانگی حوزەیران نزیکەی (٨٩) هەزار خێزان کە نزیکەی (٣٠٠) هەزار دۆنم لەو زەوییانەی کە موڵکی دەرەبەگ‌وئاغاکانە دەستیان بەسەردا دەگیرێ‌ودابەش دەکرێ بەسەریاندا. لا(٣٥،٣٦،٥٨)

**١٠. لەسەر ئاستی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە ئیقلیمی‌ونێودەوڵەتیەکان /**

لەگەڵ ئەوەدا تورکیا هەموو ڕێ‌وشوێنێ دەگرێتەبەر بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردوجینۆسایدکردنی کورد بەتەنها، هاوکات بەردەوام بوو لەسەر بەستنی چەندین ڕێکەوتننامەوپەیماننامەی ئیقلیمی‌ونێودەوڵەتی دژی کورد. بۆ نموونە ڕێکەوتننامەی (تورکیاوئێران) لە مانگی (١٩٢٦/٤)، ڕێکەتننامەی (تورکیاوفەرەنسا)لە ڕۆژی (١٩٢٦/٥/٣٠). ڕێکەوتننامەی (تورکیاوسوریا) لە (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٩). هەروەها ڕێکەوتننامەی سەعد ئابادی ساڵی (١٩٣٧) لە نێوان (تورکیا، عێراق، ئێران). کە سەرجەمی ناوەڕۆکی هەموو ئەو پەیماننامەوڕێکەوتننامانە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە لە باکوری کوردستان بە تایبەتی و دواتریش لە ڕۆژهەڵات‌وباشوری کوردستان. بۆیە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنامانە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ لا(٤٠-٤١، ٤٢، ٦١).

## سەرنج‌وتێبینیەکان لەسەر بەشی دووەم

**یاسا دەستورییەکانی تورکیاوکورد لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی /**

لەم قۆناغەدا تورکەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کوردا دەکەن. چونکە بە هۆی کاریگەری کۆماری کوردستانەوە لە مەهاباد جوڵانەوەی کوردی لە باکوری کوردستان پەرەدەسێنێ، بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەسەڵاتدارانی تورکیا بەردەوامن لەسەر سیاسەتەکانی خۆیان بۆ پاکتاوکردنی کورد. بۆیە دەست دەکەن بە ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە سنورییەکان لە نێوان





تورکیاوعێراق‌وتورکیاوئێراندا. هاوکات لەم قۆناغەدا بەهۆی سەرهەڵدانی فرە پارتایەتی لە تورکیاوە، ئەمجارە حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی بایەخدان بە شێخ‌وئاغاودەرەبەگەکانەوە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەوەستێ‌وپێگەی ئەوان بەهێزدەکات‌وبەرژەوەندی گەورەیان پێدەبەخشێ. بۆیە لەو ماوەیەدا چینی ئاغاوشێخ‌ودەرەبەگی کورد هێندە پاڵپشتی پارتە سیاسیەکانی تورکیا بوون، هێندە لە خەمی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردیدا نەبوون. ئەمەش قوڵایی سیاسەتی تورکیا دەردەخات.

هەر لەم قۆناغەدا کورد دەنگ دەداتە پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی جەلال بەیاروعەدنان مەندەرێس. بەڵام ئەمانیش تەنیا ئامانجی پاڵپشتی سیاسیە. ئەگینا هیچ هەوڵێکی کردارییان نەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد. تەنانەت حیزبی دیموکرات کە دەسەڵاتی گرتە دەست چووە نێو هاوپەیمانێتی بەغداوە لە ساڵی (١٩٥٥) لەگەڵ هەریەکە لە بەریتانیاوعێراق‌وئێران‌وئەمریکا. ئەم هاوپەیمانێتیەش مەترسی زۆری لەسەر جوڵانەوەی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە گشتی‌وباکوری کوردستان دانا. بۆ ڕۆشنبیروسیاسەتمەداری کورد (عیسمەت شەریف وانلی) چەندین نامەی لەمەڕ مەترسی ئەو هاوپەیمانێتیە لە بەرامبەر کێشەی ڕەوای کورددا ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا، شۆڕشی (١٤)تەموزی (١٩٥٨)ی عێراق کاریگەری گەورەی لەسەر باکوری کوردستان دادەنێت. بۆیە لەلایەن حزبی دیموکراتی دەسەڵاتدارەوە لە ڕۆژی (١٩٥٩/١٢/١٧) چەند ڕۆشنبیروخوێندەواری کورد دەگیرێ‌ودەخرێنە زیندانەکانەوەوتۆمەتی فیکری کۆمۆنیستی دەخرێتە پاڵیان. بۆیە ئەم قۆناغە سەردەمێکی تربووە لە جینۆساید کردنی کورد لە تورکیا.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەوشی کورد لە دوای کودەتای سەربازی ١٩٦٠

پاش ئەوەی جەنەڕاڵەکانی سوپا ساڵی (١٩٦٠) کودەتایان کرد وە دەسەڵاتیان گرتە دەست. چەندین ڕێوشوێنیان بۆ سەرکوت کردنی کورد گرتەبەر کە ئەمانەی خوارەوە دیار ترینیانە :

١. پێکهێنانی کۆمیتەی نەتەوەیی تورکیاوگرتنەبەری سیاسەتی ڕەشبگیری خەڵکی کوردستان.

٢. دەرکردنی یاسای نوێ بۆ ڕاگواستنی کورد لە شوێنی خۆیان‌ونیشتەجێ کردنیان لە ناوچە تورك نشینەکان.

٣. گرتنەبەری سیاسەتی دورخستنەوەونەفیکردنی نیشتمانپەروەرانی کورد. هەروەك سەرانی کودەتا دژی ئاغاوشێخ‌ودەرەبەگەکان وەستانەوەولەمەشدا ئامانجی سیاسیان هەبوو.

٤. گرتنەبەری دەرکردنی مامۆستایانی زانکۆ، ئەوانەی کە کورد بوون لە زانکۆکانی تورکیا.

٥. هەر لەم سەردەمەدا کێشە لە شاری ماردین سەری هەڵداوبە ئاگروئاسن دایان مرکاندەوە. ئەوەی لە هەمووی مەترسیدارتر بوو سەرانی کودەتا، دەستوری ساڵی (١٩٦١) داناولە چەند شوێنێکدا دژی جوڵانەوەی کوردی بوو لەوانەش :

أ. بەکارهێنانی چەمکی هاوڵاتی لەبری هەموو (تورکێك)وتەفسیرکردنی وشەی تورك، بەڵام هێشتا تورکچێتی لە مادەکانی دەستوردا ڕەنگی دابۆوە، بۆ نموونە مادەکانی (٤، ٦٨، ٧٢) لا(٧٨).

ب. ڕێگەدان بە پێکهێنانی پارت‌وگروپی سیاسی بەمەرجێك لەگەڵ پرەنسیپی یەکپارچەیی دەوڵەت‌ونەتەوەی تورکدا بگونجێت. ماددەی (٥٧) لا(٧٨).

٦. بەردەوام بوونی تورکیا لەسەر هەوڵە دیبلۆماسیەکانی دژ بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی نیسانی (١٩٦٣) لە بەغدا





نوێنەرانی هەریەکە لە وڵاتانی تورکیا، عێراق، ئێران، کۆبونەوە دەکەن وتیایدا باس لە پلانی سەربازی فراوان دەکرێ دژی جوڵانەوەی کورد. لا(٧٩-٨٠)

هەر لەم قۆناغەدا لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا بزوتنەوەی رزگاریخوازی شێوازی نوێ لە خۆدەگرێت، بە شێوەیەك لە ڕێگەی کۆبونەوەی جەماوەری‌وئاهەنگ گێڕانەوە درێژە بە خەباتی سیاسی دەدەن.

٧. گرتنە بەری سیاسەتی نوێ قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی‌وڕۆشنبیری، بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٦٧) یاسای ژمارە (٧٦٣٥/٦)ی تایبەت بە قەدەغەکردنی هێنان‌وبڵاوکردنەوەی هەر جۆرە کاسێت‌وبڵاوکراوەیەکی کوردیان لە ناو تورکیا (چاپەمەنی‌وقەوان) پەسەندکرد.

٨. کوشندەترین سیاسەت کە تورکیا پەیڕەوی کردبێت لەم ماوەیەدا، لە ڕێگەی پەروەردەوخوێندنەوە بوو کە تورکیا هەستا بە کردنەوەی چەند قوتابخانەیەك لە ویلایەتە کوردستانیەکانی ڕۆژهەلاتدا. ئەمەش تەنیا مەبەستی تورکیا ئەوە بوو لە ڕێگەی پەروەردەوە درێژە بە سیاسەتی تورکچێتی خۆی بدات‌ومێشکی منداڵی کورد دابشۆرێت.

بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧١) لە تورکیا لە کۆی (٥٧) قوتابخانە، نزیکەی (٥١) قوتابخانەیان لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوو، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، لە کاتێکدا تەنیا (٨) قوتابخانە لە ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا هەبوون کە دانیشتوانەکەی تورك بوون.بۆیە ئەمەش یەکێکی تر لەو شێوازانەی جینۆسایدکردنی نەتەوی کورد بوو لەو ساڵانەدا. لا(٨٣).

٩. گرتنەبەری سیاسەتی بەلادان بردنی جوڵانەوەی کوردی‌وکێشەی کورد، بۆ نموونە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە شاری دیاربەکر لە ڕۆژی (١٣/٤/١٩٦٩) کۆبونەوەیەکی جەماوەری ڕێك دەخەن‌وتیایدا لافیتەودروژم دژی کۆلۆنیالیزم‌وبابەتی لەمجۆرە بەرز دەکەنەوە، بۆ ئەوەی وای دەربخەن کە کێشەی کورد کێشەی دەستی کۆلۆنیالیزمەولەخۆیانی دووربخەنەوە. لا(٨٤).

بە هەر حاڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانیەکانی تورکیا دێتە پێشەوەوهەموو پارتەکانی تورکیا سیاسەتی فریودانی کورد دەگرنەبەر لە ڕێگەی بەڵێن پێدان. بەڵام وەك دەردەکەوێت هەموویان دواتر پەشیمان دەبنەوە. هاوکات لە ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیادا نزیکەی (٨٠-٩٠) نوێنەری بەڕەگەز کورد هەبوون، بەڵام ئەوانە گزارشتیان لە بەرژەوەندی ئاغاودەرەبەگەکان دەکرد نەك بەرژەوەندی کورد.

### هەڵبژاردنەکانی (١٩٧٣)وڕەوشی مەسەلەی کورد

پاش ئەوەی هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیا ئەنجام دراوحکومەتێکی تێکەڵاو بە سەرۆکایەتی (بلند ئەجەوید) دامەزرا لە نێوان هەردوو پارتی گەلی کۆماریوپارتی ڕەفاهی نیشتمانی. دیارترین سیاسەتەکانی ئەم حکومەتە بەرامبەر بە کورد لەم خاڵانەدا خۆی دەنوێند :

١. هەرچەندە حکومەت لێبوردنی گشتی دەرکردوهەندێ گۆڕانکاری هاتە ئاراوەوچالاکی ڕێکخراوەییوسیاسی فراوان بوو. بەڵام حکومەتەکەی ئەجەوید خراپترین سیاسەتی دژی جوڵانەوەی کوردی کرتەبەر. کە بریتی بوو لە سیاسەتی مەزهەبیوئاژاوەی تایفەگەری بە جۆرێك لە نێوان دانیشتوانە کورد نشینەکانی سوننەوشیعە مەزهەبدا کێشەی دروستکرد. بۆ دروستکردنی کەلێنوبۆشایی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیداوئەم سیاسەتەش ئاکاموکاریگەری خراپی هەبوو چونکە وایلێهات کورد نشینە سوننەکان نەیاندەوێرا بچنە ناوچە کوردنشینە شیعەکان. لا(٩٦)

٢. هاوکات یەکێکی تر لە سیاسەتە خراپەکانی حکومەتەکەی ئەجەوید لە بواری سوپادا بوو. بە شێوەیەك هیچ کوردێك بەشداری پێنەدەکرا لە کاروبارە سەربازییەکانداوپلەی بەرزی سەربازیشی پێنەدەبەخشراوله هەندێ کاری سادەوساکاری سەربازیدا بەشداریان پێدەکردن.





### دیارترین سیاسەتەکانی تورکیا لە ساڵانی هەشتاکاندا

دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٠) بە سەرکردایەتی (کەنعان ئیڤرین) کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا ئەنجامدراوخۆی بوو بە دەسەڵاتداروئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دروستکردوچەند سیاسەتێکی بۆ جینۆسایدکردنی کوردوسەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد گرتەبەر کە گرنگترینیان :

١. بەردەوام لەسەر سیاسەتەکانی پێشووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا دژای کورد.

٢. دروستکردنی هەرێمی ئەمنی لە ناوچە کوردییەکاندا بە قووڵایی (١٠-٢٠کم)، بە تایبەت لە ناوچە سنورییەکانی نێوان (تورکیاوعێراق، تورکیاوسوریا، تورکیاوئێران).

٣. داخستنی ڕۆژنامەوگۆڤارە کوردییەکان وەك (ڕۆژهەڵات، ڕێگەی ئازادی، ژیانو،...... تاد). کە لەلایەن کوردە ڕۆشنبیرەکانەوە دەردەچوون.

٤. لە ساڵی (١٩٨٣) حکومەتی تورکیا بە مەبەستی ڕاوەدونانی چەکدارانی پەکەکەوسەرکوتکردنی جوڵانەوەی کورد بەدرێژایی (٣٠کم) سنوری کوردستانی عێراقی بەزاند، هەروەك ئەو ناوچانەی کە سوپای تورکیا هاتە نێوییەوە، بنکەوبارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی لێبووە. لا(١٠٥).

٥. لە ساڵی (١٩٨١) کاتێك دەستور دانرا، گەورەترین جینۆسایدی نەتەوەیی لە تورکیا دژ بە کولتوروشارستانیەتی کورد درێژەی‌پێدرا، بە جۆرێك بە تەواوەتی لە هەموو ماددەوبەندە دەستوریەکاندا بەتەواوەتی پشتگوێ خراو سەرجەمیان بە دەستەواژەی (هەموو هاوڵاتیەکی تورك) لەبری ئەوەی بنوسرێ (هاوڵاتی تورکیا). لا(١٠٨-١١٤).

### لە سیاسەتەکانی حکومەتەکەی تورکۆن ئۆزال بەرامبەر بە کورد

لە مێژووی سیاسەتی تورکیا زۆر باس لە تۆرکۆن ئۆزال دەکرێووا دەناسرێ کە کەسێکی باشبووەودانی ناوە بە بوونی کێشەی کورد لە

تورکیاداوسیاسەتەکانی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا بوون. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەم دیدوڕوانینەداجیاوازموڕاموایە هەموو ئەو سیاسەتانەی ئۆزال جگە لەوەی فشاری جوڵانەوەی کوردییان لەسەر بووە، هاوکات جۆرێکیش لە کات بەسەر بردنوتاکتیکی مەرحەلی بوون. چونکە چەندین سیاسەت گیرانەبەر لەلایەن خودی ئۆزالەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەی سەرەوەن کە باسمانکرد، بۆیە لە ڕۆژی (۱۹/۱۲/۱۹۸۳) بەرنامەی حکومەتەکەی ئۆزال خوێندرانەوەودیارترین هەڵوێستوسیاسەتەکانیشی بەرامبەر کێشەی کورد ئەمانە بوون :

